www.pertwk.com

# دەربارەی دیموکراسی

نووسینی
ڕۆبەرت داڵ

وەرگێڕانی لەفارسییەوە
ئامانج عەزیز کەندی

سلێمانی/2003

**ناونیشانی کتێبەکە بەفارسی**

درباره دموکراسی
نوسینده: رابرت دال
مترجم: حسن فشارکی
لیتوگرافی: کوثر
چاپ و صحافی: فاروس
چاپ اول: 1378
تعداد: 2200
شابك: 946-6578-50-0    ISBM 946-6578-50-0

تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com


**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**

. orgy hnbiri

khanaywarg yahoo.com

- ناوی کتێب: دەربارەی دیموکراسی
- نووسینی: رۆبرت داڵ
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئامانج عەزیز کەندی
- تایپ: جیهان محمد
- مۆنتاژی کۆمپیوتەری: مەهدی ئەحمەد
- نەخشەی بەرگ: ستار قادر
- ژمارەی سپاردنی (209)ی ساڵی 2003ی وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ
- زنجیرە: 16
- تیراژ:1000
- چاپ: چاپخانەی رەنج
- چاپی یەکەم2003 سلێمانی


تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

# بەشی (1)

# ئایا بەڕاستی پێویستمان بەرێنمایی هەیە؟

لەنیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا جیهان ئاڵوگۆڕێکی سیاسی گەورەو بێهاوتای بەخۆیەوە بینی هەموو بەدیلە سەرەکییەکانی دیموکراسی بزر بوون, یان خرانە پەراوێزەوە, یان لە گۆڕەپاندا نەمان و لە دوایین سەنگەرەکانی خۆیان دا پەنایان گرت. لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا, دوژمنانی پێش بڵاوبوونەوەی دیموکراسی نوێ– پادشایەتی سەقامگیر, دەرەبەگی و ئاغایەتی خانەدانیی,(oligarchy[1]–ئۆلیگاریەشی) کە لەسەر قۆرخکردنی مافیڕادەربڕین بۆ کەسانێکی کەم داڕێژرابوو لەلای زۆربەی خەڵك متمانەی خۆیان لە دەست دابوو. گەورەترین ڕژێمە دژە دیموکراتییەکانی سەدەی بیستەم–کۆمۆنیزم,فاشیزم نازیسم لەناو کەلاوەی شەڕە ماڵوێران کەرەکاندا ون بوون, یان وەك یەکێتی سۆڤیەت,لە ناخەوە هەرەسیان هێنا. دیکتاتۆرە نیزامیەکان, بەتایبەت لەئەمەریکای لاتین, بەهۆی شکستیەکانیان بەگشتی باوەڕی خۆیان لەدەست داو ئەوانەش کەتوانیان خۆڕاگرن زۆربەیان ڕواڵەتی شێوە دیموکراسیەتیان بەخۆوەگرت. بەلاّم ئایا دەکرێ بڵێی سەرەنجام دیموکراسی سەرنج و لایەنگیری خەڵکی دونیای بەلای خۆیدا ڕاکێشا؟ بەدڵنیاییەوە نا. بیرو بۆچوون و بزوتنەوە دژە دیموکراتیەکان, زۆر جاران هاوڕێ لەگەڵ بونیادخوازی دەمارگرژانەی نەتەوەپەرستی و مەزهەبی, هەروا درێژەی بووە. حکومەتە دیموکراتیەکان(بە ڕادەی جیاوازی"دیموکراسی"یەوە) تەنیا کەمتر

---

[1] حکومەتێکی بەر تەسك, پێك هاتووە لە دەوڵەمەندو سەرمایەداران.



لەنیوەی وڵاتەکانی دونیا بوونیان هەیە, کە کەمتر لەنیوەی کۆمەڵگای جیهانیان لەخۆگرتووە. یەك لەسەر پێنجی خەڵکی دونیا لەچین دەژین کە بەدرێژی مێژووی پرشنگداری چوار هەزارساڵەی, هەرگیز حکومەتێکی دیموکراتێکی بەخۆیەوە نەدیووە. ڕووسیاکە لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیست دا پێینایە ناو مەیدانی حکومەتێکی دیموکراسیەوە, دیموکراسی لەوێ ویستێکی لاوازو کەم لایەنگرە. تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کەدیموکراسی لەساڵانی پێشووترەوە تییاندا سەقامگیر بووو دڵنیاتر دەهاتە بەرچاو, هێشتا هیندێك خاوەن بیروڕا پێیان وایە کەلەم وڵاتانەدا, دیموکراسی تووشی قەیران هاتووە, یان لایەنی کەم متمانەی هاوڵاتیان دابەزیوە سەبارەت بەڕابەرو حیزب و لێپرسراوی حکومەتەکانیان, ئەو دابەزینەش ترسە لە ئەگەری نەتوانینی چارکردنی عادیلانەو سەرکەتووانەی گیروگرفتی بێکاری هەمیشەیی,هەژاری, تاوانکاری, بەرنامەی ئاسایش و خۆش گوزەرانی کۆچکردن, باج وەرگرتن و گەندەڵی ناو دەزگا دەوڵەتییەکان, بەوهۆیانەوە دیموکراسی بەتەواوی داڕزاوە.

بابڵێین کەئەم دوسەد وڵاتەی دونیا بکەینە سێبەش. ئەو وڵاتانەی کە نادیموکراتین, ئەو وڵاتانەی کەخاوەنی حکومەتێکی دیموکراتین, وڵاتێك کەخاوەنی حکومەتی دیموکراتیکن بەئەزموون و بناغەیەکی پتەوەوە. هەڵبەت هەر بەشێك لەم بەشانەش خاوەنی کۆمەڵێك وڵاتی جۆراو جۆرە. بەلاّم دابەش کردنی سادەکراوەی ئەم سێبەشە یارمەتی ئێمە دەدا کەبڕوانین لەڕوانگەی دیموکراتیەوە, هەر کۆمەڵێك لەگەڵ چ ململانێیەکی جیاواز بەرەو ڕوویە. ململانێی وڵاتە نادیموکراتیەکان ئەوەیە کە ئایا دەتوانن تێپەڕن بۆ دیموکراسی بەڕێوەی بەرن یان نا؟ ئەگەر دەتوانن چۆن؟ ململانێی وڵاتە تازە دیموکراتیەکان ئەوەیە کە ئایا دەتوانن کردەوەو نیهادە نوێ دیموکراتیەکان بەهێز بکەن,یان بە وتەی هێندێك لەسیاسەت مەداران, تۆکمەو پتەوی بکەن, بەشێوەیەکی واکە بتوانن لە ئەزموونەکانی سەردەم, ململانێی سیاسی و قەیران, سەربەرزانە بێنەدەر؟ هەروەها ململانێی دیموکراسییە لە مێژینەکانیش ئەوەیە کە, دیموکراسی خۆیان کامڵ ترو قووڵتر بکەن.

بەلاّم ڕەنگە لێرەدا ئێوە بەدروستی بپرسن: مەبەستی ئێمە لەدیموکراسی چیە؟ چ شتێك حکوومەتی دیموکراتیك لەحکومەتی نادیموکراتیك جیا دەکاتەوە؟ ئەگەر وڵاتێکی



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

نادیموكراتیك بكەوێتە هەل‌و مەرجی "تێپەڕین[1]" بۆ دیموكراسی, ئاست‌و هەل‌و مەرجی ئەم تێپەڕینە چۆنە؟ چ كاتێك دەكرێ بڵێی كەئەم ولاّتە لەم تێپەڕینە پەڕیوەتەوە؟ سەبارەت بەتۆكمەكردنی دیموكراسی, ڕێك چ شتێك پڕو تۆكمەكراوە؟ كاتێك ئێمە باس لە چەسپاندنی دیموكراسی دەكەین لەولاّتێكدا, ڕێك مەبەستمان چیە؟ ئەگەر ولاّتێك لەپێشدا دیموكراتیك بووبێ, چۆن دەتوانێ فرەتر دیموكراتیك بیت؟و زۆرشتی دیكە.

دیموكراسی لەدرێژەی پێنج سەد ساڵی ڕابردوودا بەردەوام كەوتۆتە بەر باس‌و دیالۆگ, ئەم ماوەیە بۆ كردنەوەی كۆمەڵێك بۆچوونی دیموكراسیانە كەهەمووان,یان نزیك بەهەمووان, بتوانن دەنگی لەسەر بدەن لەبەردەست بووە. جاباش‌و خراپی دەرەنجامەكەی, بابەتێكی دیكەیە. وادێتە پێش چاو لەبیست‌وپێنج سەدەی ڕابردوو, كە دیموكراسی كەوتۆتە بەر ڕاڤەو باس, لایەنگری لێكراوەو, هێرشی كراوەتە سەر, كەوتۆتە پەراوێزەوە, دامەزراوە, پراكتیزە كراوە, وێران كراوەو پاشان سەر لەنوێ دامەزراوەتەوە, بەلاّم وادیارە نەیتوانیوە سەبارەت بەهێندێك لەبنەڕەتی ترین كێشەی دیموكراسی ڕێككەوتنێكی تەواوی هەبێ.لایەنێكی تر ئەوەیە ڕێك هەر ئەم مێژووە دوورو درێژەی دیموكراسی بووە, كە ڕاستەوخۆ كاریگەری بووە لەسەر جیاوازی بیروڕاو ئاڵۆزی لەدەوری دیموكراسی, چونكە "دیموكراسی" بۆتاكە كەسی جیاواز لەیەك, لەسەردەمە جیاوازەكاندا, واتای جیاوازی خۆی بووە. لەڕاستیدا دیموكراسی, لەدرێژەی گەلێك لەسەردەمە مێژووییەكانی‌مرۆڤایەتیدا. بەكردەوە بزربووەو تەنیا وەك خەیاڵ‌و گومان‌و بیرەوەری, بە گیروگرفتەوە لەناو هێندێك گروپ‌و تاقمدا ژیاوە.تا ئەم دووسەدەیەی ڕابردوو-واتا نزیكەی دە نەوە پێش ئێستا وێنەیەكی ئەوتۆی لە دیموكراسی لەجانتادا نەبوو. دیموكراسی فرەتر بابەتێك بوو بۆ تیۆری فەیلەسوفان تاسیستمێكی سیاسی‌و ڕاستەقینە بۆ خەڵكێك كە هەڵیبژێرن‌و كاری پێ‌بكەن. تەنانەت لەهەندێك هەل‌ومەرجی تایبەت دا كە ولاّتێكی دیموكراسی یان كۆمارێك بەكردەوە وجوودی بووە, زۆربەی بەتەمەنەكانی كۆمەڵگا مافی بەشداری ژیانی سیاسیان نەبووە. گەرچی دیموكراسی, پڕ بەمانای وتە, دیاردەیەكی لەمێژینەیە, بەلاّم گەلاّڵەو بیری ئەو شتەی كە دەمەوێ لەم كتێبەدا گرینگی پێبدەم, دەستكەوتی سەدەی بیستەمە, ئەمڕۆ

[1] گوزار پەڕینەوە لەم سیستمە بۆ سیستمێكی تر.حاڵەتی پەڕینەوەی نێوان ئەم دوڕەوتە.



بەو ئاكامە گەیشتووین كەدەبێ دیموكراسی مافی دەنگی هەر هاوولاّتیەكی پێگەیشتوو, مسۆگەر بكا.سەرەڕای ئەوە نزیكەی چوار نەوەپێش" واتا لە دەوروبەری ساڵی 1918,یان كۆتایی شەڕی یەكەمی جیهانی-لەهەموو ئەو كۆمارە سەربەخۆو دیموكراسی خوازانەی كە تائەو كات پێك هاتبوون, نیوەی كۆمەڵگای پێ‌گەیشتوو" واتا ژنان بێبەش بوون لەمافی تەواوی هاوولاّتیبوون.

لەبەر ئەوە. لێرەدا ئەم بیرە هەژێنەرە دێتە مێشكەوە: گەر ئێمە مافی دەنگی گشتی وەك شەرتی سەرەكی دیموكراسی پەسەندبكەین, ئەودەم لە گشت ولاّتە دیموكراسیخوازەكاندا كۆمەڵێك كەس پەیدا دەبن, كە تەمەنیان لە سیستمی دیموكراتیكی ولاّتەكەیان درێژترە. دیموكراسی بەواتای نوێ پێدەچێ زۆر نوێ گەنج نەبێ بەلاّم كۆنیش نیە.

ڕەنگە ئێوە خێرا بڵێن: ئایا ولاّتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا لە پاش شۆڕشی ئەمەریكا بەملاوە دیموكراتیك نەبووە-وەك ئابراهام لینكلن دەڵێ"دیموكراسیەك لەكۆمارێك دا"ئەی بۆ نووسەری گەورەی فەڕەنسی"ئەلیكس دوتوكویل" لەساڵی 1830, دوای سەفەرەكەی بۆ ئەمەریكا, بەرهەمە بەنێوبانگەكەی خۆی ناونا"دیموكراسی لەئەمەریكا[1]"؟ هەروەها, ئەسینایییەكان نیزامەكەی خۆیان چەند سەدە پێش زایین بە دیموكراتیك ناونەدەبرد؟ كۆماری ڕۆمی, ئەگەر دیموكراسی نەبوو ئەی چی‌بوو؟ ئەگەر"دیموكراسی"لەسەردەمە جیاوازەكاندا" واتای جیاوازی بووە, چۆن دەشێ ئێمە سەبارەت بەمانای ئەمڕۆی ئەو, پێك بێین؟

پێدەچێ سەر لە نوێ‌ئێوە بپرسن: بەڕاستی بۆ ڕژێمی دیموكراسی وەك نیزامێكی باش‌و مام ناوەندی دەناسرێ؟ هەروەها"دیموكراسی"لەو ولاّتانەدا كەئەمڕۆ ئێمە ئەوان بە دیموكراسی دەزانین وەك: ولاّتەیەككگرتووەكانی ئەمریكا.بەریتانیا, فەرەنسا,نەرویج, ئوستورالیا‌و زۆر ولاّتی دیكە, چەندە دیموكراسیخوازن؟ لەوە گرنگتر, ئایا دەكرێ شیبكرێتەوە بۆچی ئەم ولاّتانە"دیموكراتیك"ن‌و زۆربەی ولاّتانی تر دیموكراتی نین؟دەكرێ ئەم پرسیارانە بەوشێوەیە درێژەی پێبدرێ. بەم جۆرە وەلاّمی ئەو پرسیارەی كەبۆ ناونیشانی ئەم بەشە هاتەئاراوە زۆر ڕوون‌و ئاشكرایە. ئەگەر ئێوە حەز بكەن

1. Deiademocratie en Amerique



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

سەبارەت بە سەرەكی ترین پرسیار دەربارەی دیموكراسی لێكۆڵینەوە بكەن, بوونی شارەزایەك دەشێ زۆر بەكەڵك بێ. هەڵبەت, لەدرێژەی ئەم كورتە سەفەرەدا ناكرێ وەڵامی گشت ئەو پرسیارانە بدۆزرێتەوە كە ڕەنگە بێنە سەر ڕێگا. بۆ ئەوەی كە ئەم سەفەرە كورت و مسۆگەرە بكەین, ناچارین لە سەیران و سەفای زۆر كوێرەڕێكان دەست هەڵگرین. هەڵبەت ئەم ڕێگایانەش بۆ خۆیان شیاوی دیتنن و من هیوادارم, كە ئێوە دوای كۆتایی ئەم سەفەرە بۆ خۆتان بەتەنیا بچنە سەیرانی ئەم ڕێگایانە. لەكۆتایی ئەم كتێبەدا پێرستێكی كورتی كتێب كۆكراوەتەوە تاچرای ڕێگاكانی ئێوەبێ بۆ سەفەرەكانی داهاتوو. سەفەری ئێمە لەم سەرەتایەوە دەست پێ‌دەكا: سەرەتاكانی دیموكراسی.



# بەشی (2)

دیموكراسی لەكوآء ضؤن ئالو طؤری بەستەر داهات؟

## مێژوویەكی كورت.

بەدڵنیایی لەبیرتانە كەلەپێشەوە وتم نزیكەی بیست و پێنج سەدەیە دیموكراسی بەردەوام كەوتۆتە ژێر باس و لێكۆڵینەوە. ڕەنگە بپرسن ئایا بەڕاستی دیموكراسی تەمەنی ئەوەندە درێژە؟ زۆربەی‌ئەمریكاییەكان و ڕەنگە خەڵكی تریش, لەسەرئەم بڕوایە بن كە دیموكراسی دوسەد ساڵ پێش لە ئەمریكا سەری هەڵداووە. ئەوانەی كە ئاگایان لەسەرهەڵدانی دێرینی دیموكراسی هەیە. پێیان وایە سەر بەیۆنان و ڕۆمە. بەڕاستی دیموكراسی لەكوێوە دەستی‌پێكرد و چۆن گەشەی كرد؟

خۆشتر وایە, كە ئێمە بۆچوونمان وابێ كە دیموكراسی لەزێدی خۆی“ واتە یۆنانی دووهەزارو پێنج سەد ساڵ پێش, بەرەبەرە بەردەوام گەشەی كرد و لەنیشتمانی خۆی وردە وردە هاتە دەرو دزەی كردە دەرەوە, تا ئەوەی كە ئەمڕۆ پەل‌وپۆی كوتاوە بۆ گشت كێشوەرەكان و چۆتە ناو بەشێكی گەورەوگرانی مرۆڤایەتیەوە. ئەوە بۆچوونێكی جوانە بەڵام بەدوو بەڵگە هەڵەیە.

یەكەم: ئەوەی‌كە هەركەسێك شارەزای مێژووی ئەورووپا بێ دەزانێ, سەرهەڵدانی حكومەتە خەڵكیەكان, دوای تێپەڕینی چەند سەدەی سەرەتا, بەرەو نابوودی‌و تێداچوون ڕۆیشتن. تەنانەت ئەگەر لە باسی حكوومەتەكانی "خەڵكی "و"دیموكراتیك"و"كۆمار"یش دا ساكاریەكی كەم لەبەر چاو بگرین. سەرەڕای ئەوەش سەرهەڵدان و تێدا چوونی ئەم حكومەتانە ناكرێ بەچوونە سەر چیایەكی دوور دەستی بچوێنین كە بەچەند داگەڕان و سوڕانەوە لیرەو لەوێ جار جارە دابڕابێ. ڕەهەندی مێژووی دیموكراسی فرەتر لە دەربەندێك دەچێ كە ڕێبوارێك,دوای بڕینی دەشتێكی كاكی بەكاكی بەرین, سەرەنجام دوای چەند گردو تەپۆڵكەیەك سەفەری درێژی خۆی, بەرەو لووتكە بەرزەكان دەست پێ‌دەكا.



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

www.pertwk.com

دووهەم:هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکرێتەوە کە دیموکراسی تەنیا جارێك‌و بۆ هەمیشە هاتە ئاراوە, وەك چۆن ماشینی هەڵم دروست کرا, ئاوا. کاتێك کۆمەڵ ناس‌و مێژوو ناسان لەسەردەم‌و شوێنە جیاجیاکان تووشی ئامێرو کردەوە هاوچەشنەکان دەبن, بەگشتی حەزدەکەن بزانن چۆن ئەو ڕواڵەتە وێکچووانە ڕوویان داوە. ئایا ئەو ئامێرو کردەوانە لەداهێنەرەکانیانەوە بڵاوبوونەتەوەو ڕوویان کردۆتە ناو گروپەکانی دیکە, یان سەربەخۆ لەلایەن گرووپە جیاجیاکانەوە خولقێندراون؟ دۆزینەوەی وەڵام زۆر جاران گران‌و, لەوانەیە مەحاڵیش بێ. ئاڵوگۆڕی دیموکراسیش لە دونیادا ئەم بارودۆخەی هەیە. تاچ ڕادەیەك لە پەرەستاندنی دیموکراسی دەکرێ تەنیا پەیوەندی بەپریشك هاویشتنی چاوگەی یەکەم‌و تاچ ڕادەیەکیش بەرهەمی خوڵقاندنی سەربەخۆیە, لەسەر دەم‌وشوێنە جۆراو جۆرەکان؟

هەرچەند وەڵامی ئەو پرسیارە سەبارەت بە دیموکراسیی تەم‌و مژاوییە, بەڵام خوێندنەوەی پەروەندە مێژووییەکانی من لەبنەڕەتدا باس لەوە دەکات کەبەشێك لەهۆی بڵاوبوونەوەی دیموکراسی-ڕەنگە گرنگترین بەش-فرەتر بەرهەمی ئەو پریشك هاویشتنەو کاردانەوەو بیرۆکە دیموکراتیکانە بێ, کە لە چاوگەی یەکەمیەوە هاویشتوویەتی, بەڵام ئەوەش تەنیا هۆ نیە. وادیارە دیموکراسیش, وەك ئاگر, شێوەکاری‌یان نووسین, فرەتر لەجارێك‌و لەچەند جێگا خولقێندرابێ. بەهەر حاڵ, ئەگەر هەل‌و مەرج بۆ داهێنانی دیموکراسی لە کات‌و شوێنێکی تایبەت(بۆ وێنە لەیۆنانی 500ساڵ پ.ز) لەباربووە, ئایا ڕێی تێناچێ هەل‌و مەرجێکی لەباری ئەوتۆ لە جیگایەکی دیکەش ڕووی دابێ؟ من لەسەر ئەم بڕوایەم کە دیموکراسی لەهەر شوێنێك هەل ومەرج ڕەخسابێ, سەر لەنوێ سەربەخۆ خوڵقاوەتەوە. هەروەها بڕوام وایە کە ئەم هەل‌و مەرجە لەسەردەمە جۆراو جۆرەکان‌و شوێنە جۆراو جۆرەکاندا بووە. ڕێك وەك ئەوەی کەزەوی‌و کێڵگەی باش‌و بارانی مام ناوەندی هاندەری کشتوکاڵ بوون, بەم شێوەیەش هێندێك هەل‌و مەرجی لەبار, بواری ڕسکانی حکوومەتی دیموکراتیکیان داوە. بۆ وێنە بەهۆی بوونی هەل‌و مەرجی لەبار ساڵانێك پێش لەمێژوو, پێدەچێ شێوە دیموکراسییەك



وێنەی(1): ژمارەی وڵاتە دیموکراتییەکان (واتە ئەو وڵاتانەی کە تیایدا لانی کەم پیاوان مافی دەنگدانیان هەبێ)1850-1995

خرۆپی ناوبراو-بۆ وێنە خێل-لەخۆبوونی بێحاتان سەربەخۆیی, واتا حەسانی خێل



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

بتوانن کەمو زۆر کاروباری خۆیان بێ دەست تێوەردانی بێگانان بەڕێوەبەرن. سەرەنجام وای دابنێین کە هەندێك کەسی بەرچاو, لەئەندامانی کۆمەڵەکە, بۆ وێنە ڕیش سپییەکانی خێڵ, هەموو بە ئاستێك خۆیان بەشیاوی دەسەڵات گرتنەدەست بزانن لەخێڵدا. لەم بارودۆخەدا, بەبۆچوونی من, مەیلی دیموکراتیك سەرهەڵدەدا. گوشار بۆ بەشداری دیموکراتیك لەدەروونی ئەو شتەی کە دەکرێ ناوی لێبنرێ"مەنتقی یەکسانی" خۆی دەردەخا. لە ماوەی سەردەمانێکی دوورو درێژدا کە مرۆڤ بەشێوەی گروپی بچکۆلە پێکەوە دەژیانو ژیانیان لەگرەوی ڕاوی ئاژەڵی کێویو کۆکردنەی گژوگیا, میوە, کاکڵو بەشەکانی دیکەی بەروبوومە سروشتیەکان دابوو, بێ گومان, لەوانەشە ئاسایی, پەیڕەویان لەسیستمێك کردبێ کە لەودا ژمارەیەکی لێهاتوو لە ئەندامان– بۆ وێنە قەدیمیو بەئەزموونترەکان بە لەبەرچاوگرتنو پەیڕەوی کردنی مەنتقی یەکسانی, لەگشت بڕیارو بەرنامەکانی خێڵدا بەشدارییان دەکرد. دروستی ئەم بابەتە لەڕاستیدا بەو خوێندنەوەیەی کە دەربارەی کۆمەڵگای خێڵەکیو نەخوێندەوارکراوە, جەختی لەسەر کراوە. لەبەرئەوە, لەدرێژەی هەزاران ساڵدا, زۆر ڕێی تێدەچێ"سروشتی"ترین ڕژێمی سیاسی هەر ئەم دیموکراسییە سەرەتاییە بووبێ.

بەڵام بەهەر حاڵ دەزانین کە ئەم سەردەمە دوورو درێژە کۆتایی هات. کاتێك کەمرۆڤ, تازووتر کاری کشتوکاڵو بازرگانی بەڕێوەبەرن زۆرشتی پێشووتر هێور هێور توانەوە: وەك پێویستی بەشداری خەڵك لە حکومەتدا, بەرابەری گروپی, دەست تێوەرنەدانی کەسانی دەرەکیو سەپاندنی یەکسانی. شێوەکانی زنجیرەیی دەسەڵات"سروشتی"تر دەهاتنە پێش چاو. دەرەنجام لەنێو خەڵکی نیشتەجێ بوودا, حکوومەتە خەڵکیەکان بۆ هەزاران ساڵ تێدا چوونو لەجێگای خۆیاندا بە سیستمی پادشایی, ئیستبدادی, عەشیرەتی, یان ئۆلیگارشیەکان, کە گشتیان لەسەر چەشنێك پۆلین بەندی یان زنجیرەیی دامەزرابوون. پاشان لەدەوروبەری 500پ.ز. لەهێندێك لەناوچەکانی دونیا هەلو مەرجی لەبار ڕەخسا, چەندین گروپی بچکۆلەی خەڵك دەستیان کرد بە دامەزراندنی نیزامە حکوومەتیەکان کە هەلو دەرفەتی باشی دەڕەخساند بۆ بەشداری خەڵك لە بڕیارو بەرنامەکاندا. دەتگوت, دیموکراسی سەرەتایی بەشێوەیەکی پێشکەوتووانەتر سەر لە نوێ خولقێندراوەتەوە. گەورەترینو بەرچاوترین لەم شێوە ئاڵوگۆڕە, لەئەوروپا ڕوویدا, لە ڕۆخی دەریای ناوەڕاستو دانەیەکیش لە باکووری ئەوروپا,

## ڕۆخی دەریای ناوەڕاست

لەڕۆمو یۆنانی کۆندا, لەدەوروبەری 500پ.ز.داهێندێك ڕژێمی سیستمی فەرمانڕەوایی کەڕێ خۆشکەری بەشداری زۆرینەی شارنشینان بوو, بۆ یەکەم جار لەسەر بنەمایەکی ئەوەندە پتەو دامەزران کە, بەهەندێك ئاڵوگۆڕەوە, چەندین سەدە بەردەوام بوو.

یۆنان. یۆنانی مێژینە ولاتێك نەبوو بەواتای هەنووکەیی, یانی شوێنێك بێ کە گشت یۆنانیەکان لەناو ناخی دەوڵەتێکی یەك پارچەو حکومەتێکی یەك پارچەدا بژین. بەڵکو لەدەیان شاری سەربەخۆ پێك هاتبوو کە هەریەکەیان بە گوندەکانی خۆی دەورە درابوو. بەپێچەوانەی دەوڵەتی ئەمەریکا,فەرەنسا, ژاپۆنو ولاتە نوێیەکانی ئێستا, کە گوایە دەوڵەتی– میللەت یان دەوڵەتی میللیو بەبەر بلاوی لەدونیای ئەمڕۆدا برەویان هەیە. دەوڵەتە خود موختارەکانی یۆنان دەوڵەتی–شار بوون. بەناوبانگترین دەوڵەتی–شار لەسەردەمانی کۆنو دواتر, هەر دەوڵەتی ئەسینا بوو. لەساڵی 507پ.ز. ئەسینایییەکان سیستمی حکوومەتی خەڵکیان هەڵبژارد, کە نزیکەی دووسەد ساڵ درێژەی کێشا, واتا تا کاتێك کە ئەو شارە کەوتە ژێر ڕکێفی دراوسێ بە هێزە باکوریەکەی خۆی واتا شاری مەقدۆنیە.(لەساڵی 331پ.ز.دا تا چەندین نەوە دواتر, حکوومەتی ئەسینا بەشەلەشەلو لەژێر دەسەلاتی حکومەتی مەقدۆنیە دەڕۆیشتە پێش تا سەر لەنوێو ئەمجارەیان لەلایەن ڕۆمیەکانەوە دەستی بەسەرداگیرا. ئەم یۆنانییانە–لەوانەیە ئەسینایییەکان–بوون کە دەستەواژەی دیموکراسی,(demokratia) یان لەوشەی یۆنانی(demos) بەمانای خەڵكو(kratos) بەمانای حکوومەت کردن, دروست کرد. لەگەڵ ئەوەشدا, شایانی زانینە سەرەڕای ئەوەی کەلە ئەسینا وشەی(demos) بە ئاسایی بەهەموو ئەسینایییەکانیان دەوترا, جاری واش بوو ئەم وشەیە تەنیا بۆ خەڵکی ئاساییو هەژاران بەکاردەهێنرا. وادێتە بەرچاو کەوشەی دیموکراسی, زۆر جاران لەلایەن دژەکانیەوە“ واتا ئاغاو خانەدانەکان, بە شێوەی توانج بەکاریان دەهێنا. تابەوە سووکایەتی بەخەڵکێکی ئاسایی بکەن کە جڵەوی حکوومەتیان لەدەست دەرهێنابوون. بەهەر حاڵ وشەی(democratia) بەتایبەت لەلایەن ئەسینایییەکانەوەو یۆنانیەکانی تریش سەبارەت بەئەسیناو شارەکانی دیکەی یۆنانیش بەکارهاتووە.

www.pertwk.com

لەنێو دیموکراسیەکانی یۆنانی، دیموکراسی ئەسینا–چ ئەو سەردەمو چ ئەمڕۆ گرینگترینیان بووە، کاریگەری بێوێنەی لەسەر فەلسەفەی سیاسی بووە، بەشێوەیەکی وا کە زۆر جاران وەك نموونەیەکی دیار لەبەشداری هاوولاتیان، یان بە واتایەکی‌تر، دیموکراسی بەشداری باسکراوە.

حکوومەتی ئەسینا ئالۆز بوو، ئالۆز تر لەوەی کە بکرێ لێرەدا بەڕادەی پێویست باسی لێوە بکرێت. لەناو دڵو ناوەندی ئەم حکوومەتەدا ئەنجومەنێك بوو کەگشت هاوولاتیان بۆیان هەبوو بەشداری تێدا بکەن. ئەم ئەنجومەنە هەرچەندە بۆ ئێمە جێی‌سەر سوڕمانە، چەند لێپرسراوی گرینگی هەڵدەبژارد، بۆ وێنە سەرۆکە گشتیەکانی هەڵدەبژارد، بەلاّم شێوازی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەو هاوولاتیانە کە بەر پرسی کاروبار بوون،بەشێوەی پشکهاویشتن[1] بەڕێوە دەچوو. کەلەوەدا گشت هاوولاتیانی شیاوی هەڵبژاردن شانسێکی چون یەکیان هەبوو بۆ هەڵبژاردن. بەپێی بۆ چوونێك لەم پشکهاویشتنەدا هەر شارنشینێکی ئاسایی بۆی هەبوو لە درێژەی ژیانی‌دا جارێك هەڵبژێردرێ، کەببێتە بەر پرسی گرنگترین کاری حکوومەتی.

هەرچەندە هێندێك لەشارەکانی یۆنان سەبارەت بەیەککگرتوویی، هاوپەیمانی‌و یەکێتیەکان(کەزۆرتر بۆ پارێزگاری هاوبەش بوو) حکومەتی سەرەتایی نوێنەرایەتیان دادەمەزراند، بەلاّم ئێمە شتێکی ئەوتۆ لەسەر سیستمی نوێنەرایەتی ئەوان نازانین. ئەم چەشنە حکوومەتانە بەکردەوە هیچ جۆرە کاریگەریەکیان لەسەر کردەوەو فیکری دیموکراتیك‌و بەدڵنیاییش، لەسەر بیچمی دوایی ئەو دیموکراسیەش دانەنا، کە لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی داڕێژرابوو، هەروەها سیستمی ئەسینایی دیاری‌کردن‌و پالاّوتنی هاوولاتیانی لەڕێگەی پشك هاویشتنەوە،هەرگیز وەك ئالترناتیوێکی بەجێ لەبەرامبەر هەڵبژاردن دا، یان وەك شێوەیەك بۆ دیاری‌کردن‌و پالاّوتنی نوێنەران، نەخرایەڕوو.

لەبەر ئەوە نیهادە سیاسیە دیموکراتیەکانی یۆنان، ئەگەرچی لەسەردەمی خۆیاندا داهێنەرو نوێ هێنەربوون، بەلاّم بەگەشەی دیموکراسی نوێ لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی، یا لەبیرچوونەوەیان بەتەواوی تێدا چوون. ڕۆم لەدەوروبەری ئەو سەردەمانە کە حکومەتی خەڵکی لەیۆنان شتێکی ئاسایی بوو، وێنە گەلێك لەم چەشنەش لەڕۆم‌و نیوە

[1] پشك هاویشتن: قرعەی گشتی. موکریانی بەقرعەگشتی دەڵێن پشك هاویشتن



دوورگەی ئیتاڵیا سەری هەڵدا. بەلاّم ڕۆمییەکان بە سیستمی خۆیان دەگوت کۆمار(republic.),کە لەلاتین دا لە وشەیres بەمانا شت یان کارو(publicus) بەواتای خەڵك، پێکهاتووە. لەبەر ئەوە وەرگێرانێك کە لەمانای کۆمار نزیك بێ ئەوەیە:"شتێك کە هی خەڵك، بێ."(سەرلەنوێ دەگەرێینەوە بۆ ئەم دوو دەستەواژەیەی دیموکراسی‌و کۆمار.) مافی بەشداری لەحکوومەتی کۆماریدا سەرەتا لەژێر دەستی دەوڵەمەندو ئاغایان دابوو. بەلاّم لەپێك هاتنی ئالوگۆڕێکدا، خەڵکی ئاسایی دوای خەباتێکی زۆر خۆیان گەیاندە ئەوان. لەڕۆمیش، وەك ئەسینا، مافی بەشداری لە قۆرخ بوو بۆ پیاوان، ڕێك وەکوو ئەو دیموکراسی‌و کۆمارانەی کە تا سەدەی بیستەم بەم ڕواڵەتە بوون. شاری ڕۆم هەر لەسەرەتاوە شارێکی مام ناوەندی بوو، بەهۆی پەیوەست بوون‌و گرتنی ولاّتە دوورە دەستەتازەکانەوە گەشەی کرد. لەئاکامدا، کۆماری ڕۆم بەسەر گشت ئیتالیا‌و ولاّتە دوورە دەستەکان دا سەرکەوت. سەرەڕای ئەوانە، ئەم کۆمارە بۆ خەڵکی ولاّتە بندەستەکانی، زۆرتر مافی هاولاّتیانی مسۆگەر دەکرد، کە زۆر بەکەڵك بووو دەبووە هۆی ئەوە کە تەنیا داگیرکراوی ڕۆم نەبن بەڵکو وەك هاوولاّتیانی ڕۆمی مافی تەواویان هەبوو.

ئەگەرچی مافی هاوولاّتی ڕۆم دیاریەکی ژیرانەو دڵ ئاوەلاّنە بوو، بەلاّم ئەگەر لەڕوانگەی ئەمڕۆوە بڕوانینە ڕۆم، کەم‌وکوڕیەکی گەورەی تێدا دەبینین. ڕۆم هەرگیز بەڕادەی پێویست دامەزراوەکانی حکومەتە خەڵکیەکەی خۆی هاو ئاهەنگ نەکرد لەگەڵ پەرەستاندنی زۆربەی شارەکان‌و مەودای جوگرافیایی زۆریان لەگەڵ شاری ڕۆم. لەڕوانگەی ئەمڕۆوە سەیرە ئەو کۆڕو کۆمەلاّنەی کە ڕۆمیەکان مافی بەشداری کردنیان تیایاندا هەبوو، وەك پێشوو لە ناو شاری ڕۆمدا بەڕێوە دەچوو، هەرلەو شوێنەی کە(forum)یان پێ دەگوت‌و ئەمڕۆ گەشتیارانی دونیا لە کەلاوەکانی ئەم شوێنە دیدەن دەکەن–بەلاّم بۆ زۆرینەی ڕۆمیەکان کەلە دەرەوەی ئەم کۆمارە دەژیان، بەشداری کردن لەم کۆڕوکۆبوونەوانەدا، لایەنی کەم هەوڵێکی تایبەت‌و خەرجیەکی زۆری دەویست. لەئەنجامدا زۆربەی هاوولاّتیان ڕاستەوخۆ، بێبەش دەبوون لەبەشداری کردنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هاولاّتی لەناوەندی سیستمی حکوومەتی ڕۆم. ئەمە وەك ئەوە وابوو کە هاوولاّتیەکی ئەمریکایی بدرێ بەکەسانێك لە ولاّتە تازە جۆراوجۆرەکان، تەنانەت ئەگەر دانیشتوانی ئەم ولاّتە نوێیە تەنیا لەڕێگەی بوونیان لە واشنتۆن بتوانن



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

لەهەڵبژاردنی میللیدا بیروڕای خۆیان دەربڕن. ڕۆمیەکان لە زۆر بواردا بەڕاستی داهێنەر بوون و پراکتیکی بیریان دەکردەوە, هیچ کاتێك نەیان توانی ڕێگایەك بدۆزنەوە کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە ساکارو سادەیە, واتا سیستمی حکوومەتی لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی کە نوێنەرەکانی ئەو بە شێوازی دیموکراتیکانە هەڵبژێردرابن.

پێش یەکسەر ئەو بڕیارە بدەین کەڕۆمیەکان وەك ئێمە داهێنەری باش نەبوون, باشتر وایە وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە گشت داهێنەریی و نوێهێنەریەکان کەئێمە خوومان پێوەگرتوون, زۆر جاران ئەوەندە ساناو ساکار دێنە بەر چاومان کەلێی سەرسام دەبین بۆچی پێشینان زووتر ئەوەیان نەزانیوە. زۆربەمان ئەوشتانەی کە سەردەمێك نەبوون, و پاشان دۆزراونەتەوە, وەك شتێکی دیارو ئاسایی چاو لێدەکەین. بەم شێوەیەش, نەوەکانی داهاتوو سەریان سووڕ دەمێنێ کە چۆن ئێمە هێندێك لە نوێ گەریەکانی ئەوانمان نەدیتوە. ئایا بەهۆی ئەم ئاسایی دیتنانەی هێندێك لە دیاردەکان نیە, کە ئێمەش وەك ڕۆمیەکان, لەگۆڕان و ڕێك و پێك کردنی نیهادە سیاسیەکان شارەزایی پێویستمان نیە؟ هەرچەند کۆماری ڕۆم تائێستا فرەتر لەدیموکراسی ئەسینایییەکان و فرەتر لەگشت کۆمارەکانی ئەمڕۆی تا ئێستا هەر بەردەوامە. بەڵام دەوروبەری ساڵی 130پ.م. بەهۆی پشێوی شارەکان, شەڕ, چەکداری, فەساد, دابەزینی ڕۆحیەی هاوڵاتی, کەپاشان تەشەنەی کردە ناو هاووڵاتیان و وردە وردە کەم ڕەنگ بۆوە. ئەو تۆزە هیواو ئارەزوە کۆماری خوازانەیەی کۆنیش کە مابووەوە دیکتاتۆری"ژیولیوس سێزار" لەناوی برد. دوای تیرۆری ئەو لەساڵی44پ.ز. ئەو کۆمارەی کە سەردەمێك بەدەست هاووڵاتیانەوە ئیدارە دەکرا, بوو بە ئیمپراتۆری و ئیمپراتۆرەکان سەرۆکایەتیان دەکرد .

بەڕوخانی کۆماری ڕۆم, حکومەتی خەڵکی لە ئەوروپای باکوور, یەکسەر لەناوچوو. لەنێو سیستمە سیاسیە بچکۆلە و خێڵەکیەکاندا نەبێ, ئیتر هیچ کەس تا نزیکەی هەزار ساڵ دوایی لەپەڕاو پەڕی گۆی زەوی دیموکراسی نەدیتەوە. ئیتاڵیا هەروەك گیایەك یان جۆرە ئاژەڵێکی لەناوچوو, دوای گۆڕانێکی بەرینی هەرێمی سەر لەنوێ خۆ دەردەخاتەوە, حکومەتی خەڵکی دەوروبەری ساڵی 1100ی زایینی لە زۆربەی شارەکانی باکووری ئیتالیا دووبارە سەرهەڵدەداتەوە. ئەم جارەش لەناو دەوڵەتی شارە بچکۆلەکانەوە حکومەتە خەڵکیەکان سەریان هەڵداوەتەوە. نەك لەناوچە بەرین و وڵاتەگەورەکاندا. مافی بەشداری نوێنەری حکومەتی, دەوڵەت–شارەکان, لەسەر بنەڕەتی



ئەو وێنانەی کە ڕۆمیەکان ئاشنا بوون پێی, پاشانیش لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو حکوومەتانەی بەپێی نوێنەرایەتی بەڕێوە دەچوون, جارێکی دیکە دوپاتبووەوە. سەرەتا پاوان کراوی هێندێك کەسانی بنەماڵە گەورەکان بوو, وەك خانەدانەکان, خاوەن زەوی و ئاغاکان و هیتر, بەڵام وردە وردە شارنشینە ئاساییەکان, کە لەبارەی ئابووری–کۆمەڵایەتی لەئاستێکی نزمتر دابوون, داوای مافی بەشدارییان کرد. ئەندامی ئەو چینەی کە ئەمڕۆ ئێمە چینی مام ناوەندی پێدەڵێین وەك–تازە پێگەیشتوان, بازرگان و بانکدارانی نوێڕەوکە, ئەو پێشەوەرە دەست ڕەنگینانەی کە لەژێر فەرماندەیی شووالیەکاندا بوون– ئەوانە نەتەنیا ژمارەیان لە کەسەکانی چینی دەسەڵاتدار زۆرتر بوو, بەڵکە توانیبویان خۆشیان سازمان بدەن. سەرەڕای ئەوەش دەیان توانی, هەڕەشەی شۆڕش کردن بکەن و لەکاتی پێویست دا هەڕەشەکەیان بکەنە کردەوە. سەرەنجام, لەهێندێك شار کەسانی لەم چەشنە–کەپێیان دەگوتن(poplo–عوام)مافی بەشداریکردنی ناو دایرەکانیان وەدەست هێنا.بەدرێژایی دوو سەدە هێندێك کۆمار لە گەلێك شاری ئیتالیا سەقامگیر بوون. زۆربەی ئەم کۆمارانە وەك کۆماری فلورانس و وێنیز, بوون بەناوەندی سەروەت و سامان, پیشەسازی جوان, ئەندازیاری و هونەری بێهاوتا, داڕشتنی بیچمی شاریی بەشێوەی باش, شیعرو مۆسیقای جوان و دۆزینەوەی سەر لەنوێی هۆگری و زەوق و هەستی یۆنان و ڕۆم, ئەو سەردەمەی کە نەوەی دوایی ناویان نا"سەدەکانی ناوەڕاست" کۆتایی پێهات, لافاوو شەپۆلی سەرسام هێنەری داهێنان و خولقاندنی پرشنگدار, کە ناویان نا سەردەمی رینیسانس دەستیپێکرد. بەڵام بەداخەوە,لەبواری ئاڵوگۆڕی دیموکراسی, دوای دەوروبەری کۆتایی سەدەی چواردەم, حکومەتی کۆماری هێندێك لەشارە گەورەکان,بەشێوەیەکی زۆر جێگای خۆیان دا بەدوژمنانی سەرسەختی حکومەتی خەڵکی.داڕمانی ئابووری, فەسادی بازنەیی ئۆلیگارشی,"oligarchy"شەڕ, دەست بەسەرداگرتن, داگیرکردنی هێز لەلایەن سەرۆك و حاکمانی زل هێز, لەوانە دارۆغەو شارەوانەکان, پادشا یان نیزامیان. ئەوەش تەنیا هەموو شتەکان نەبوو, بە تێڕامانێکی بەر بلاوتر لەڕەوتی مێژوویی دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە دەوڵەتی شاریی ئیتر بناغەی حکوومەتی خەڵکی پێك نەدەهێنا, جێگای خۆی د ابوو بەنەیارێکی بەهێزو لەشکان نەهاتوو: دەوڵەتی نەتەوەیییان وڵات: شارە گەورەو بچکۆلەکان ناچار بوون لەناو ناخی ئەم بوونە مەزن و بەهێزەدا بتوێنەوە.



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

لەئاكامدا زۆربەیان بوونە یەكێك لەژێر دەستانی حكوومەت. دەوڵەتی–شاریی, ئەگەر چی شكۆدار بوو بەڵام, كۆن ببوو.

## چەند خاڵێك دەربارەی وشەكان

ڕەنگە سەرنجتان دابێ كەئاماژەم كردووە بەحكوومەتە خەڵكیەكانی یۆنان و ئیتاڵیا و ڕۆم. هەروا كەدیتمان, یۆنانیان, بۆ دیاریكردنی حكوومەتە خەڵكیەكانیان دەستەواژەی دیموكراسیان هەڵبژارد. ڕۆمیەكان لەسەر بناغەی زمانی ناوچەیی خۆیان" واتا زمانی لاتین حكوومەتەكەیان ناونا(reppblica) كەهەمان"كۆمار"ە پاشان ئیتاڵیەكان ئەو ناوەیان بۆ هێندێك لەحكوومەتە دەوڵەت– شارەكانیان بەكارهێنا. ئێستا جێی پرسیارە كە ئایا"دیموكراسی"و"كۆمار" بەدوو سیستمی یاسایی لەبنەڕەتدا جیاواز دەگوترێ, یان ئەوەیە كە ئەم دوو وشەیە, تەنیا دیاری كەری ئەو جیاوازیەیە, كە لەبەینی زمانی زێدەكەیان داهەیە؟

جیمز مەدیسۆنی (james madison). لەساڵی 1787 بەنووسراوەیەكی گرنگ كە بۆ لایەنگری لە یاسای تازە داڕێژراو نووسی, بووبە هۆی ئەوە كە وەڵامی دروستی ئەم پرسیارە لە بازنەیەكی پەی بێ نەبراوی و نەزانراویدا نوقم ببێت.مەدیسۆن كەیەكێك بوو لە داڕێژەرانی ئەم یاسایە وهەروەها یەكێك بوو لەسیاسەت مەدارە وریاو بێوێنەكانی سەردەمی خۆی,لەنێوان"دیموكراسی ئاوازە" بەواتای كۆمەڵگایەكی پێكهاتوو لە كۆمەڵێكی كەمی هاووڵاتیان, كە لەدەوری یەكتر كۆدەبوونەوەو بۆخۆیان حكومەتی خۆیان هەڵدەسوڕێنن و"كۆمار بەمانای حكومەتێك كە شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەر تێدا بەڕێوە دەچێ",جیاوازی دانا. ئەم جیاوازییە هیچ بنەمایەكی لەمێژوودا نەبوو: نەلەڕۆم "شتێك بەناوی شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەر"هەبوو نەلەوێنیز. بەپیێ باسی مەدیسۆن كۆمارە سەرەتاییەكان بەتەواوی هاوسانی هەیە لەگەڵ"دیموكراسی سەرەڕای ئەوەش, ئەم دوو دەستەواژەیە لەسەدەی هەژدەداو لە ولاتە یەككگرتووەكانی ئەمریكا بەیەك مانا بەكاردەهاتن. لەبەرهەمە بەناوبانگەكەی فەیلەسووفی سیاسی فەرەنسەیی, (montesquieu) دا بەناوی(روح القوانین) كە مەدیسۆن زۆر ئاشفتەی بووو زۆر جار بە باشی باسی لێوەدەكرد ئەم بۆچوونەی مەدیسۆن نابیندرێ" لەوانەیە مەدیسۆن زانیبێتی



كە بۆچوونە پێشنیازكراوەكەی بنەمایەكی مێژوویی نیە, لەبەر ئەوە دەتوانین دەرەنجامی ئەوە والێكبدەینەوە كە مەدیسۆن ئەو بۆ چوونەی بۆ بێ بایەخ كردنی ئەو رەخنەگرانە هێنابێتە ئاراوە كە, پێیان وابوو, ئەم یاسا بناغەییە بەڕادەی پێویست"دیموكراتیك"نییە(هەرچەند ئەو بابەتە بەتەواوی ڕوون نیە) بەڵام ڕاستیەكەی هەر شتێك بێ,ڕاستی دیارو بەرچاو ئەوەیە, كە وشەی دیموكراسی و كۆمار(لەگەڵ جیاوازی مەدیسۆن) باسی هیچ جیاوازییەك ناگەیەنن نیە لە حكومەتە خەڵكیەكاندا.دەكرێ بڵێن تەنیا هۆ: ئاڵۆزی نێوان ئەم دوو دەستەواژەیە, ڕەنگدانەوەی جیاوازی زمانی یۆنانی و لاتینە, واتا زمانی زێدی ئەم وشانە.

## ئەوروپای باكوور

سیستمی حكوومەتی خەڵكی یۆنان, ڕۆم و ئیتالیا, چ بەدیموكراسیان بزانین چ كۆماریی, هەموویان گەلێك لە پێناسەكانی حكوومەتی نوێنەریی ئەمڕۆیان تێدا نەبوو. یۆنانی مێژینەو هەروەها ئیتالیای سەردەمی ڕێنسانس خاوەنی حكوومەتە ناوچەییەكان بوون, بەڵام حكوومەتێكی كاراو شایانی نەتەوەییان نەبوو. بۆ وێنە ڕۆم تەنیا حكوومەتێكی هەرێمی هەبووكە, لەسەر بناغەی بەشداری خەڵكی دامەزرابوو. بەڵام هیچ پەرلەمانێكی نەتەوەیی پێك هاتوو لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی نەبوو.

لەڕوانگەی ئەمڕۆوە, لانی كەم سێ دامەزراوەی سیاسی بە ئاشكرا لەم ڕژێمانەدا نەبوو: پەرلەمانی نەتەوەیی پێكهاتوو لە نوێنەرانی هەڵبژێردراو, حكومەتە هەرێمییەكانی هەڵبژێردراو كە لەراستیدا لە ژێر دەسەڵاتی حكوومەتی نەتەوەیی دان. سیستمێك كە دیموكراسی لەئاستی هەرێمیدا, لەگەڵ پەرلەمانی هەڵبژێردراوی خەڵك, لەبەرزترین ئاستدا پیوەند بدا, هێشتا نەدۆزرابووەوە.

دروستكردنی بنەماسیاسیەكان لە بەریتانیا, سكەندینافی ولاتە دەشتەكان(واتا هۆڵەندا, بەلژیك و لوكزامبۆرگ), سوێسراو شوێنەكانی دیكە لە باكووری دەریای ناوەڕاست, دەستپێكرد.

سەرەڕای ئەوەی كە وێنەو ئەزموونەكان لەم هەرێمانە بێڕادە جیاواز بوو, بەڵام ئەنجامێكی زۆر ساكاركراوەی ئەوان, دەكرێ ئاوا باس بكرێ: لەشوێنە جۆراو جۆرەكانی هاووڵاتیانی ئیفتیخاری و ئاغاوبەگلەرەكان ڕاستەوخۆ لەكۆڕو كۆمەڵە



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

ناوچەییەکاندا بەشدارییان دەکرد: کۆڕو کۆمەڵە ناوچەیی و نەتەوەییەکانی پێکهاتوو لە نوێنەران, کە بڕێکیان یان گشتیان دەبوو هەڵبژێردراوبن, ئەوانیش دەهاتنە ناو ئەم کۆڕو کۆمەڵانەوە. لە وایکینگەکانەوە دەست پێدەکەین, سەبارەت بەمەیلی تاکەکەسی, بەڵام فرەتر بەهۆی ئەزموونەکەیان, هەرچەند ئەزموونی ئەوان زۆر ناسراو نیە, بەڵام ئەزموونێکە جێی شت لێ فێربوونە. جارجار دەچم بۆ ئەو کێڵگە مەزرا نەروێژیە کەلەنزیك80میلی باکوری ڕۆژهەڵاتی ترند هایم(Trondheim) هەڵکەوتووە, نەژادی باوکی من لەوێوە کۆچیان کردووە(خۆشحاڵم کە هێشتا بەوێ دەڵێن دالی ڕۆژئاوا[1]) هێشتا بازنەی گەمیە شێوەی ئەو بەردە گەورانە دیارن, کە هاووڵاتیانی ئیفتیخاری وایکینگ بەردەوام لە دەوروبەری سەدەی 600تا100ز. لەدەوری ئەوێ کۆبوونەوەیەکی زانستیان پێك دێنا لەباکوور پێیان دەگوت تینگ Ting . (شایانی زانینە کە وشەی ئینگلیز Thing (شت) لەوشەیەکی کۆنی ئینگلیزی وەرگیراوە کە هەم بەواتای شتەو هەم بەمانای کۆڕو کۆبوونەوە). شوێنە هاوشێوەکانی, هێندێك جێگا تەنانەت کۆنترۆڵیش, لەو دەوروبەرە دەکرێ بدۆزیەوە.

تاساڵی 1900زایینی، کۆبوونەوەی وایکنیگە ئازادەکان، نەك هەر لە هەرێمی ترۆندهایم بەڵکە لەزۆربەی هەرێمەکانی سکەندیناڤیش بەڕێوەدەچوون، ئەم کۆڕو کۆبوونەوانەش، وەك کۆبوونەکانی ستاینجێر، هەروا لەمەیدانێکی گشتی لەشوێنێك کەبە بەردی ئەستۆنی نیشانەکرابوو بەڕێوە دەچوو.لەم کۆبوونەوانەدا, هاووڵاتیانی ئیفتیخاری کێشەو گرفتەکانیان جێبەجێ دەکرد, سەبارەت بەباسەکان دەدوان, یان قەبووڵیان دەکردن, یان رەت دەکردنەوە! سەبارەت بەمەزهەب ئەگەر پێشنیازێك کرابا یان قەبووڵیان دەکرد یان رەدیان دەکردەوە. (قەبووڵ کردنی دینی مەسیحیەت بەجێگای دینە کۆنەکەی خۆیان واتا دینی نورس norse بەرهەمی ئەم بڕیارانەیە.) تەنانەت پادشای نوێیان هەڵدەبژارد, یان پادشایەك کەلەسەر تەخت بوو پشتگیرییان دەکردو– هەر پاشایەك زۆر جاران پێویست بووکە بۆ دەربڕینی وەفاداربوونی, سوێند بخوا بەیاساکانی تینگ(مجمع).

1. Dahi veste.

واکینگیەکان لەبارەی کارو ئەزموونی سیاسی دیموکراتیكو کۆماری خوازانەی هەزار ساڵ پێش یۆنانی و ڕۆمیەکان هیچیان نەدەزانی. وادیارە کە تەنیالەسەر بنەمای مەنتقی بەرابەری کە سەبارەت بەپیاوە ئازادەکان بەکاریان دێنا, ئەو کۆڕو کۆبوونەوەیان بە داهێنانی خۆیان دروست کردبێ. بڕوای بەرابەربوون کە سەبارەت بەپیاوانی ئازاد بەکاردەبرا, ڕەنگە هۆی داهێنانی ئەم کۆڕو کۆمەڵەبێ, ئەوەیکە بڕوا بە بەڕابەری لەسەدەی دەیەم لەناو هاووڵاتیانی وایکینگ زیندو بوو, دەکرێ لە وەڵامی چەند گەشتیاری وایکینگیەوە بسەلمێندرێ کە کاتێك لە فەرەنسا بەرەو ژووروی ڕووبارێك سەوڵیان لێدەدا. ئەوان لە وەڵامی ئەو نیردراوەی کە لە کەناری ڕووبارەکەوە بەدەنگی بەرز پرسی:"ناوی ئاغەکەی ئێوە چیە؟ وتیان: "هیچ, ئێمە گشتمان بەرابەرین."[1] بەڵام دەبێ زێدە ڕۆیی نەکەین. ئەو رابەریەی کە واکینگیەکان لەبارەیەوە دەدوان تەنیا سەبارەت بەپیاوە ئازادەکان بە کاردەبرا, تەنانەت ئەوانیش بەپێی سامان و شکۆیان جیاوازییان هەبوو. کاسبکاران لەئاستێکی نزمتردا دەژیان تا هاووڵاتیانی ئیفتیخاری. وایکینگەکانیش وەك یۆنانی و ڕۆمیەکان, هەروەها ئەوروپایی و ئەمریکاییانی سەدەکانی دوایی, کۆیلەیان هەبوو. ئەو کۆیلانە بریتی بوون لە: دوژمنانی یەخسیرکراو لەشەڕدا, قوربانیانی هێرش بۆ سەر هاوسێکان و ئەو کەسانەی کە لە بازاڕە کۆنە گشتیەکانی کۆیلە فرۆشیدا دەکران و دەفرۆشران. ئەو کۆیلانەش کە ئازاد دەکران پێچەوانەی ئەو پیاوانەی کە لەسەرەتای ژیانیانەوە ئازاد بوون, هەر لەژێر دەستی خاوەنەکانی پێشوویان دەمانەوە. کۆیلەکان چینێك بوون خوارتر لە پیاوانی ئازاد, بەرزتر لەپیاوانی ئازادیش ئاغاو بەگلەرەکان بوون کە پێك هاتبوون لەبنەماڵەی ساماندار, کە لەبواری شان و شکۆو زەوی زارەوە لەکۆمەڵگادا جێگایەکی تایبەتی تریان بۆخۆیان مسۆگەر کردبوو. لەسەرووی گشت ئەوانەشەوە پاشایەك بوو کە سنووری هێزو دەسەڵاتی گرێدرابوو بە هەڵبژاردن و ڕێزی یاسا و وەفادارمانەوە بە وەجاخزادەو ئاغاو پیاوەئازادەکان.

سەرەڕای کاردانەوەی ئەم سنووردارییەتییە سەبارەت بە یەکسانی چینی پیاوانی ئازاد– خاوەنی کێڵگەو مەزراکان, وردە ئاغاو جوتیارانی ئازاد– ئەوەندە بەرفراوان بوو

[1] johannes Brondsted The vikings(new qork:penguin1960),p.241.

تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

که بتوانێ کاریگەری دیموکراسیانەی دوورو درێژ لەسەر نەریتو دامەزراوەسیاسیەکان دابنێ.

له زۆربەی شوێنەکانی دیکەی ئەوروپا زۆرجاران هەلو مەرجی ناوچەیی ڕەخساوه بۆ بەشداری خەڵك لەحکوومەتدا. بۆ وێنە دۆڵو دەربەندی کوێستانەکانی ئالپ تاڕادەیەك هاوڕێو هەلڕەخسێنی باش بوون بۆ خود مختاری پیاوانی ئازاد, کەڕوویان دەکردە کاری ئاژەڵداری. بەم شێوەیە یەکێك له نووسەرانی هاوچەرخی ناوچەی رائیتیا Raetia (کەپاشان بوو به هەرێمی گربوندن)ی سویسرا لەدەورو بەری ساڵی 855م.دا, ئاوا دەنووسێ:"وەرزێرانی ئازاد...... " لەهەلو مەرجێکی هاوسان خوازیی تایبەتدا بوون. ئەوان که ڕێزو هەلو مەرجی هاوبەش‌و... مافی هاوبەش بۆ(کەڵك وەرگرتن له لەوەڕگەکان) پێکەوەی دەلکاندن, شێوەیەك بەرابەراییان لەنیوخۆیاندا دروست کردبوو, که بەتەواوی دژایەتی هەبوو لەگەڵ هێزی بزوێنەری پشت بەپشتو زنجیرەی پادشاو ئاغاکانی سەدەکانی ناوەڕاست. ئەم ڕۆحە جیاوازه دەهات ورده ورده لەدواییەکاندا بووه بەهۆی سەرهەڵدانی دیموکراسی, لەکۆماری ڕائیتیا.

لەئەنجومەنو کۆمەڵەوه بۆ پەرلەمان. کاتێك که وایکینگیەکان کۆچیان کرد بۆ ئیسلەند. نەریتی سیاسی خۆشیان بردو لەهەر ناوچەیەك نیشتەجێ بوون کۆڕوکۆمەڵیان پێك هێنا. تەنانەت هەنگاوێکی تریشیان نا, لەساڵی 930م.دا شێوەیەکی بەرزتر له ئەنجومەنیان پێك هێنا(وەك بۆ خۆیان دەڵێن ئالتینگ) یان کۆمەڵەی نەتەوەییان پێك هێنا که بۆ ماوەی سێ سەده سەرچاوەی یاساکان بوو له ئیسلەند. تاکاتێك کەئەم وڵاته کەوته دەست نەرویژیەکان, ئەم ئەنجومه میللیه خۆی لەخۆیدا نیشانەیەك بوو له پەر لەمانی نەتەوەیی که دواتر لەشوێنەکانی دیکەی دونیا سەریهەڵدا.

لەونیوەدا, لەنەرویژو دانیمارکو سوید, کۆڕو ئەنجومەنه ناوچەییەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتو پاشان ئەنجومەنی نەتەوەیی, وەك ئەوانەی که لەئیسلەندا بوون, پێك هاتن. هەرچەند گەشەکردنی پاشایەتیو بنەماڵه دەوڵەمەندەکان, لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا گرینگی ئەم ئەنجومەنه نەتەوەییانەی هێنا خوار, بەڵام ئەوان توانیان کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ئاڵوگۆڕی دوایی دابنێن.



بۆ وێنه لەسوید, ئەزموونی بەشداری خەڵك له ئەنجومەنەکانی سەردەمی وایکینگەکان, بووبه پێشەنگی پەرلەمانی نوێنەرانی نوێ لەسەدەی پانزەدا“ واتا کاتێك که پادشای ئەم وڵاته دەستووری بەستنی گەلێك کۆبوونەوەی دا لەچینو توێژی جیاوازی کۆمەڵگای سوید لەوانه: خانەدانەکان, پێشەوایانی ئایینی, سەنعەت کارانو کەسانی ئاسایی.پێك هێنانی ئەم چەشنه کۆبوونەوانه سەرەنجام بوو بەهۆی پێك هاتنی پەرلەمانی سوید واتا, ڕگیسداگ Riksdag.

لەبارودۆخێکی تەواو جیاوازدا هۆڵەنداو فلاندێرFlandres گەشەی پیشەسازی, بازرگانیو کاروباری ئابووری, لەدروستکردنی چینوتوێژی جیاوازی شارستانی دەوری گرینگی گێڕا, بەتایبەت لەناو ئەو کەسانەی کەسەرچاوەی بەرینی ئابوورییان لەژێر دەستدابوو. فەرمان ڕەواکان کەبەردەوام محتاجی سوودو بەرهەمی خەڵك بوون دەیانتوانی ئەو هێلەی سەروەتو سامان لەبەر چاونەگرنو نەیان دەتوانی باجی پێوه ببەستن بێ ئەوەی که ڕەزامەندی خاوەنەکانیان بەجی نەهێڵن. فەرمان رەوایان بۆ رەزامەندی خەڵك, زۆر کۆڕو کۆبوونەوەیان له نوێنەرانی شارو گرینگترین چینی کۆمەڵایەنی خەڵك پێك دەهێنا. هەرچەند ئەو ئەنجومەنو . کۆبوونەوه دانیشتنانه, یان وەك زۆر جاران بەوانه دەوترێ"ئەرکان" ڕاستەخۆ نەبوون بەهێزی یاسا بەمانای هەنووکەیی, بەڵام گەلێك سونەتو کردەوەو ئەندێشەی سەقامگیر کرد که له دواییەکاندا بەباشی چووه خزمەتی ئەم چەشنه ئاڵوگۆڕەوه.

لەوناوەدا, لەناخی تاریکی ئەم دەسپیکەوە, هێدی هێدی پەرلەمانێك سەری هەڵداو هاته دونیاتا لەسەدەکانی داهاتوودا گەورەترین کاریگەریی لەسەر هزرو کردەوەی حکوومەته نوێنەریەکان دابنێ. ئەوه هەرهەمان پەرلەمانی ئینگلستان, کەفرەتر بەرهەمی پێگەیشتنێکی کوێرانەبوو, تا ئامانجێك یان گەڵاڵەیەك, بەناچاری لەسەردەمی ئیدواردی یەکەم دا, لەساڵی 1272تا 1307ز. لەدەروونی شووراباڵوەکانەوه سەری هەڵدا.

ئەوەیکه چۆن ئەم پەرلەمانه لەناخی ئەو سەرەتایانەوه گۆڕانی بەسەر داهات خۆی

لەخۆیدا چیرۆکێکی دوورو درێژەو ئاڵۆزه کەناکرێ لێرەدا لێیبدوێین. بەڵام

بەهەرحاڵ, تاسەدەی هەژده ئەم پێگەیشتنه بوو به سیستمێکی یاسایی که لەودا,



www.pertwk.com تایبەته به پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

پادشاو پەرلەمان بەیەکەوە بەسترابوون بەدەسەڵاتی یەکترەوە, هێزو دەسەڵاتی خانەدانو ئاغاکان لەپەرلەمانی دەوڵەمەندانو هێزو دەسەڵاتی خەڵك لەپەرلەمانی خەڵکی ئاسایی هاوسان بوو, ئەو یاسایانەی کە لەلایەن شاو پەرلەمانەوە پەسند دەکران" لەلایەن ئەو قازیانەوە کە سەربەخۆبوون لەشاوپەرلەمان, شیدەکرانەوە, هەڵبەت ئەم سەربەخۆییە هەمیشە نەبوو.

ئەو سیستمە سەر سام هێنەرە کە لەوێدا هێزە کۆمەڵایەتیە گەورەکانی وڵات یەکتریان کۆنترۆڵ دەکردو پێکەوە هاوسان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا جیایی هێزەکانی ناو حکوومەت لەسەدەی هەژدەدا ئەورووپاییانی والێکرد کە خۆشی دەربڕن بەرامبەری. یەکێ لەوانە منتسکیۆ, فەیلەسوفی فەرەنسایی بوو کەپێیدا هەڵگووت. هەروەها ئەمریکاش داڕێژەرانی یاسایی سەرەکی کەزۆربەیان هیوادار بوون لایەنە باشەکانی سیستمی بەریتانیایی بپارێزن بەبێ ئەوەی لەلایەن دەسەڵات دارانەوە دەستیان لێبوەشێندرێ, ئەوانیش دەستیان کرد بە پێدا هەڵگووتن. ئەو کۆمارەی کەئەوان بنیاتیان نا بەزوویی بوو بەسەر مەشق بۆ زۆربەی کۆمارەکانی دیکە.

## ڕەوتی دیموکراسی: بەرێگاوەیە بەڵام تەنیا بەرێگاوەیە.

ئەگەر ئەمڕۆ سەرلەنوێ بیر لەرابردوو بکەینەوە بە سانایی تێدەگەین کەئەو بۆچوونو کارکردە سیاسیەی کە لەداهاتوودا بووبە توخمێکی گرینگ لەباوەرو دامەزراوە دیموکراتیکەکاندا, تاسەرەتای سەدەی هەژدە دەرکەوتبوون. یارمەتی بدەن, بابەزمانێکی مۆدێرن ترو گردو روونتر لەزمانی خەڵکی ئەو سەردەمە, بەکورتی ئەو توخمانەتان بۆشی بکەمەوە.

مەنتقی بەڕابەری کە لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکان لەوانە ئەسکەندینافی, فلاندر هۆڵندا, سویسرا, بەریتانیا– لەهەلومەرجو بارودۆخێکی لەباری ناوچەیی دابوون, بزوێنەری دروست بوونی ئەنجومەنو کۆمەڵی هەرێمی بوون تا پیاوە ئازادەکان بتوانن لەو ڕێگەیەوە لەحکوومەتدا, لانی کەم تاڕادەیەك بەشدارییان هەبێ. ئەو بۆچوونە کە حکوومەتەکان پێویستیان بەڕەزامەندی خەڵکی هەیە, لەبنەڕەتدا پاساوێك بوو بۆ ستاندنی باج, وردە وردە بوو بە داوایەك سەبارەت بەگشت یاساکان. لەناوچەیەکی وا بەریندا کەدروستکردنی شوورا سەرەتاییەکان نەدەلوا, بۆ وێنە لە شاریان شارستانێکی گەورە, ناوچە, یان وڵات, ڕاکێشانی ڕەزامەندیی خەڵك لەگرەوی نوێنەرەکەیان دابوو لە ڕێکخراوەیەکدا کەخەریکی ستاندنی باجو بەڕێوەبردنی یاسا بوو. ئەم شێوە نوێنەرایەتیە ڕێك پێچەوانەی کارکردنی ئەسینایەکان, ئیتر نەدەکرا بەهەڵکەوت یان بەپشکهاویشتن جێبەجێ بکرێ. بەکەڵکە وەك پێویست دەبوو بوهەڵبژاردن جێبەجێ


تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

بكرێ. بۆ ڕەزامەندی هاوڵاتیانی ئازاد لەهەر وڵاتێكدا, لەنێو نەتەوەیەك یان دەوڵەتێكدا– نەتەوە پێویستی هەبوو بە یاسا داڕێژەرانی هەڵبژێردراو یان پەرلەمانێك, لەئاستە جۆراو جۆرەكانی– گەرەكی, نەتەوەیی, لەوانە پارێزگایی, ناوچەیی, یان ئاستە مام ناوەندیەكانی دیكەش.

ئەم بۆ چوونو كاركردە سیاسیانەی ئەوروپا بناغەی بەرەو پێش چوونی دیموكراسیان داڕشت. باسەكانی حكوومەتە خەڵكیەكانی یۆنانو ڕۆمی كۆنو هەروەها شارەكانی ئیتالیا زۆرجار ڕەسمیەتی زۆرتری دەدا بەپاراستنی خاوەنانی دیموكراسی. ئەو ئەزموونە مێژوویانە سەلماندبوویان كە حكوومەتە ملكەچەكانی هێزو توانایی خەڵك, هیوا بەدی نەهاتووەكان نین. ڕۆژێك لەڕۆژان ئەوانە ڕاستەقینەبوونو سەرەڕای ئەوەش چەندین سەدە درێژەیان كێشاوە.

ئەوەی نەهاتەدی: هەرچەند بۆچوون, سونەت, مێژوو ئەو كاردانەوەیەی كە ئێستا لێی دواین مزگێنی دامەزرانی دیموكراسییان دەدا, بەڵام دەبێ بڵێم لەباشترین شێوەیاندا تەنیا مژدە بوون, گەلێك مۆرەی گرینگ هێشتا دیار نەبوون.



یەكەم تەنانەت لەو وڵاتانەی كە دەسپێكی زۆر پرشنگ داریان هەبوو, گەلێك نابەرابەری دیار لەمپەری سەرڕێگەی دیموكراسی بوون: جیاوازی لەنێوان مافەكاندا, ئەركو وەزیفە, كاریگەریی, هێزی كۆیلەو پیاوانی ئازاد, دەوڵەمەندو هەژاران, خاوەن زەویی و ڕەشایی, ئاغاو ڕەعیەت, پیاوو ژنان, كرێكارانی ڕۆژكارانەو شاگردەكان, پیشەسازی لێهاتووو خاوەن كارگەكان, شارنشینیانو بانكداران, خاوەن ماڵو كرێ نشینان, خانەدانو كەسانی ئاسایی, پادشایانو ژێر دەستانیان, گزیرانو ژێر دەستانیان, تەنانەت پیاوانی ئازادیش لەبواری شكۆوڕێز, سامان, كار, بەست بوون, ژیری, ئازادی, كاریگەریی و هێز زۆر لەیەكتر جیابوون. لەزۆربەی وڵاتانی ژنی پیاوانی ئازاد بەپێی یاسا, دابو نەریتو سامان ماڵی پیاو بوون. لەبەر ئەوە وەك هەمیشەو لەهەموو جێگەیەك مەنتقی لەگەڵ واقیعی تاڵی نا بەرابەریدا بەرەو روو دەبوونەوە.

دووەم: تەنانەت لەو جێگایانەش كە ئەنجومەنو كۆبوونەوەكان پێك دەهات, نەیان دەتوانی لانی كەمی سەرمەشقە دیموكراسیەكان بێننەدی. ئەنجومەنەكان زۆرجاران دوژمنانێكی بەهێز نەبوون لە بەرابەر دەسەڵاتداراندا, دەیان سەدە درێژەی كێشا تا



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

کۆنترۆڵی وەزارەتەکان لەدەست پادشا دەرهێنراو درا بەپەرلەمان یان سەرۆك کۆمار کەجێگای ئەوی گرتبوەوە. پەرلەمان خۆیان قەڵای هەڵاواردن بوون, بەتایبەتی ئەو کورسیانەی کەبەخانەدان و پێشەوا ئایینیە بەناوبانگەکان دەدران. ئەو نوێنەرانەی کەلەلایەن"خەڵك"ەوە هەڵدەبژێردران لەباشترین شێوەیدا, دەورێکی کەمیان هەبوو لەدارشتنی یاسادا.

سێیهەم نوێنەرانی خەڵك لەڕاستیدا گشت خەڵکیان نوێنەرایەتی نەدەکرد. یەکەم بەو هۆیەی کەپیاوانی ئازاد لەوپەڕی خۆیدا پیاوبوون" جگە لەهێندێك بواری تایبەت کەفەرمان ڕەوایەکی ژن حوکمی دەکرد, نیوەی کۆمەڵی گەورەکان لەژیانی سیاسی بێبەشبوون. بەڵام لەڕاستیدا پیاوانی بەتەمەنیش زۆربەیان بێبەشدەکران. تەنانەت, تاساڵی 1832لەبەریتانیای مەزن بۆ ماوەی بیست ساڵ مافی دەنگدان تەنیا بۆلە 5٪ی کۆمەڵگا بوو. لەو ساڵەدا بەهۆی ململانێ و پشێوی ئەم مافی دەنگە بۆ7٪ زیادکرا. لەنەرویج, سەرەڕای ڕواڵەتی هیوابەخشی بەشداری خەڵك لەئەنجومەنی وایکینگەکاندا, ئەو ژمارەیە هێندێك زۆرتر بوو.

چوارەم: تاسەدەی هەژدەو دوای ئەویش, بیروبڕوا دیموکراتیکەکان یان بەبەرینی نەهاتبوونە ئاراوە یان بەباشی دەرنەکرابوون. لەگشت وڵاتەکاندا مەنتقی یەکسانی تەنیا لەناو توێژێکی کەم و ئەویش توێژێکی تایبەتی ئەم کۆمەڵگایەدا هەبوو. تەنانەت تێگەیشتن لەکۆمارێکی دیموکراتیك, کە بۆ دامەزراندنی بنیادە سیاسیەکانی خۆی پێویستی بەچی هەیە, شتێکی نەگونجاو بوو. ئازادی رادەربڕین لەئاخاوتن و بڵاوکراوەکاندا زۆر بەرتەسك بوو, بەتایبەت ئەگەر بۆ ڕەخنەگرتن لەپادشا بوایە. نەیارانی سیاسی مافی مسۆگەری یاساییان نەبوو, بیرۆکەی بوونی(نەیارانی وەفادار بەشکۆدار پادشا) بیرۆکەیەك بوو هێشتا سەردەمی نەهاتبوو. حیزبە سیاسیەکان بەشتێکی زۆر مەترسیدار سەیر دەکران, لایەنگرانی پادشا لەهەڵبژاردندا بە ئاشکرافێڵیاندەکرد. لەدایك بوونی هزرو کردەوەی دیومکراسی بەسترابوو بە بوونی هێندێك هەل ومەرجی لەبار کەهێشتا نەهاتبووە ئاراوە. تاکاتێك کە تاقمێکی کەمی خەڵك باوەڕیان بەدیموکراسی هەبووو ئامادەبوون لەپێناویدا شەڕبکەن, هەڵاواردنە ڕاستەقینەییەکان بەیارمەتی هێندێك وڵاتی نادیموکراتیك درێژەیان بەژیانی خۆیان دەدا. تەنانەت ئەگەر ئەوانەی بڕوایان بەدیموکراسی هەبوو ژمارەیان زۆر لەوە زۆرتریش

تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

بوایە, هەل‌و مەرجێکی دیکە پێویست بوو بڕەخسێ تادیموکراسی بگاتە جێگای

ڕاستەقینەی خۆی. دوای ئەوە, لەبەشی چواردەدا باسی هێندێك لەم گرنگیانە دەکەم.

لەوماوەیەدا پێویستە بڵێم کە دوای ئەو باسە مژدە بەخشەی کەلەو بەشەدا لێیدوام,

دیموکراتیزە بوون هەتا ئەمڕۆ ڕەوتێکی ڕوو سەرکەوتووی نەبووە. لەم ڕێگایەدا زۆر

هەورازولێژو بەرەنگاری, هەڵچوون‌و داچوون, شەڕی ناوخۆ, زۆر شۆڕش‌و سەربزێوی,

ڕوویان داوە. لەدرێژەی [illegible], هێندێك

پێشکەوتنی سەرەتایی دیموکراسی لەداهاتوودا ڕەنگیان داوەتەوە, بەڵام لایەنی باشی

ئەوەیە کە خودی ئەو فەرمانڕەوایانە پێدەچێ هەل‌و مەرجێکیان ڕەخساندبێ کەلەدرێژ

ماوەدا ڕێگای دیموکراسیان خۆش کردبێ. ئەگەر بڕوانینە ڕابردووو سەرهەڵدان‌و

وێنەی(2): دەنگدەرە بەریتانییەکان لەساڵەکانی نێوان (1831–1931) [illegible] 1970"
وەرگیراوە)






لەبارە مێژووییەکانیش ببەستین بۆ بەرەو پێش بردنی دیموکراسی, هێشتا ناکرێ بڵێین ئێمە

تەنیا قوربانیانی ئەو هێزە کوێرانەین، کە ئێمە دەسەڵاتمان بەسەریاندا نیە. بەدەرکردنی

تەواوی پێویستەکانی دیموکراسی‌و بەڕێوەبردنی پێویست بۆ بەدیهێنانی, ئێمە دەتوانین

بیپارێزین‌و تەنانەت کردەوەوبیروبۆچوونە دیموکراتخوازەکان بەرەوپێشبەرین.

## بەشی (3)

## چ شتێك لە پێش دایە؟

کاتێك ئێمە لەدیموکراسی دەدوێین ڕەنگە هیچ شتێك بەڕادەی ئەم ڕاستیە ساکارە

نەبێتە هۆی سەرلێشێواوی ئێمە, ئەویش ئەوەیە کە"دیموکراسی" هەم دەگەڕێنێتەوە بۆ



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

ئامانجێكو هەم بۆ ژیانی رۆژانەش, بەڵام بەزۆری لە روونكردنەوەی ئەم جیاوازییەدا تووشی شكست دەبین. بۆ نموونە "ئالێن" دەڵێ: (بەبڕوای من دیموكراسی باشترین شێوەی حكومەتە). "بێت" لەوەڵامدا دەڵێ, تۆ دەبێ شێت بی وابیر بكەیەوەكە ئەو حكومەتە بە ناو دیموكراتییەی وڵاتی ئێمە باشترین حكومەتە. من پێم وانیە شتێكی ئەوتۆ لەدیموكراسی پێبێ.

ئەوە روونە كە"ئالێن" لەبارەی دیموكراسی ئامانجەوە دەدوێت، لەحاڵەتێكدا بێت باس لەحكوومەتێكی راستەقینە دەكات, كە زۆرجاران بە دیموكراسی ناویدەبەن.

تا ئەو كاتەی ئالێنو"بێت" روونی نەكەنەوە كەهەر كامەیان مەبەستیان چیە, لەوانەیە بێگوێدان بەیەكتر درێژە بدەن بەململانێ. بەپێی ئەو ئەزموونەی هەمە دەزانم كەچەندە سانایە لەداوكەوتنی مرۆڤەكان سەبارەت بەو مەبەستە جێی داخە تەنانەت هێندێك لەبیرمەندانیش كە شارەزاییەكی تەواویان لەبواری بیروكردەوەی دیموكراتیكانە هەیە دەكەونە ئەم بازنەیەوە. ئێمە زۆر ئاسایی بەشیكردنەوەی ئەوەیكە مەبەستمان لەچیە, دەتوانین لەم سەرلێ شێواویە رزگار بین.

ئالێن دەتوانێ بڵێ:"مەبەستم ئەو حكومەتەی ئێستای خۆمان نییە, لەم بوارەدا رەنگە بۆ چوونی منیش لەهی تۆ نزیك بێ" هەروەها (بێت) لەوەڵامدا دەڵێ: "زۆرباشە ئەگەر تۆ باس لەحكومەتی مەبەستی دەكەین, وەك ئامانجێك ئەوە راست دەكەیت. هەر لەبەر ئەوەیە زۆر حەزدەكەم ئەو حكومەتەی خۆشمان زۆر دیموكراتیك تربێتەوە لەئێستا." فەیلەسوفان دەربارەی جیاوازی نێوان هەڵسەنگاندنەكانی(1)ئێمە لەبواری مەبەست, ئامانج, بایەخو زۆر شتیتر, هەروەها هەڵسەنگاندنی ئێمە دەربارەی حەقیقەت, راستەقینەو هتد, باسو لێكۆڵینەوەی زۆریان بووە. ئێمە هەڵسەنگاندنی شێوەی یەكەم بۆ وەڵامیئەم پرسیارانە دەخەینە روو(من دەبێچی بكەم؟ ئەو كارە راستەی كەدەبێ من بیكەم چیە؟) هەڵسەنگاندنەكانی شێوەی دووەمیش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەخەینەروو" من دەتوانم چی بكەم؟" ئەو هەڵبژاردانەی لەبەرامبەر مندان چیە؟ ئەگەرەكانی داهاتووی هەڵبژاردەی X بە جێگای Y چین؟ ناونیشانێكی مام ناوەندی كە بۆهەڵسەنگاندنەكانی شێوەی یەكەم لەبەر چاو گیراوە(هەڵسەنگاندنی

(1) –لێرەدا هەڵسەنگاندن, بەمانای داوەری هاتووە, داوەری:قەزاوەت

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

بایەخی, یان هەڵسەنگاندنی کرداریە) بۆ شێوەی دووەمین هەڵسەنگاندنی ئەزموونی هەڵبژێردراوە.

## چەند خاڵێك دەربارەی وشەكان.

گەرچی فەیلەسوفان سەبارەت بەتایبەتمەندی هەڵسەنگاندنی بایەخی و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی و بوونی جیاوازیەكان لەنێوان چەشنێك هەڵسەنگاندن و شێوەكەی دیكەی هەڵسەنگاندن تووشی گەلێك باس و دیالۆگ بوون, بەڵام پێویست ناكا لێرەدا ئێمە خۆمان تووشی ئەم باسە فەلسەفیە بكەین, چونكە لە ژیانی رۆژانەماندا بەسانایی دەتوانین لەنێوان شتە راستەقینەو ئامانجیەكان جیاوازی هەست پێبكەین. بەڵام بەهەر حاڵ, دەبێ لەبیرمان بێ كە جیاوازی لەنێوان هەڵسەنگاندنە بایەخی و ئەزموونیەكان بەكەڵكە, بەمەرجێك زیادەڕۆیی نەكەین لەم بوارەدا. ئەگەر ئێمە بڵێین:"حكوومەت دەبێ سەبارەت بەبەختەوەری و بەرژەوەندی گشت كەسەكانی كۆمەڵگا تێبینی یەكسانی هەبێ یان"خۆشبەختی بەرزترین بەختەوەریە" ئەو كات ئێمە تاڕادەی پێویست لەهەڵسەنگاندنی بایەخی"شاز" نزیك بووینەوە, نموونەیەك لەدەرەوەی باسەكە بێنینەوە, واتا گوزارەیەكی تەواو ئەزموونی باس بكەین: یاسای بەناوبانگی نیوتن سەبارەت بەراكێشانی گشتی‌یە كە بە پێی ئەو یاسایە هێزی كێشی نێوان دوو شت لەگەڵ ئەنجامی لێكدانی تەنی ئەو دوو شتە هاوئاهەنگی راستەخۆی هەیەو لەگەڵ پێكهاتەی كەڕەتی(مجڒور)ی مەودای ئەوان هاوئاهەنگی پێچەوانەی هەیە. لەكردەوەدا زۆربەی دەربڕینەكانی ئێمە هەڵگر, یان زامنی توخمی هەردوو شێوە هەڵسەنگاندنەكەن. لەبارەی سیاسەت داڕێژانی گشتی هەمیشە بەم چەشنەیە. بۆ وێنە كەسێك كەدەڵێ: حكوومەت لەڕاستیدا جەخت دەكا كەیەكەم: تەندروستی ئامانجێكی باشە, دووەم: "حكوومەت دەبێت بەرنامەیەك سەبارەت بە تەندروستی گشتی و بیمە رێكبخا"دەبێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تێ بكۆشێ و سێیەم:بیمەی تەندروستی گشتی باشترین كەرەسەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.



سەرەڕای ئەوە, ئێمە گەلێك هەڵسەنگاندنی ئەزموونی وەك بەندی(3) بەڕێوەدەبەین كە باشترین هەڵسەنگاندنە لەهەل و مەرجی نالەباردا. ئەم هەڵسەنگاندنانە هەڵێنجانێكی(زانستی)نین بەمانای پڕاوپڕی وشە, ئەوان زۆرجاران پەیوەندیان هەیە بەبەڵگە بەهێزەكانەوە, بەبەڵگە لاوازەكانەوە, بەنەبوونی بەڵگەو نەبوونی متمانە. زۆرجاران ئەم چەشنە هەڵسەنگاندنانە بە"كاركردی"یان "پارێزگارانە" ناودەبەین. سەرەنجام یەكێك لەشێوە گرینگەكانی هەڵسەنگاندنی كردەوەیی دامەزراندنی هاوسانیە لەنێوان بەرژەوەندی پەیوەندیدار بەبایەخێكەوە, یان كەسێك یان گروپێكی تایبەت لە بەرامبەر خەرجی بایەخێكی دیكە, كەسێكی دیكە یان گروپێكی دیكە. بۆ باسكردنی ئەم چەند بارودۆخانە گەلێ جار كەڵك لەدەستەواژەیەك وەردەگرین كەزۆر جاران لەلایەن ئابووری زانانەوە بەكاردەبردرێ و دەڵێن ئێمە ناچارین لەناو گشت"دانوستانەكانی"شیاوی ئامانجمان, یەكێك هەڵبژێرین. لەلاپەڕەكانی دوایی ئەم كتێبە لەگەڵ گشت هەڵسەنگاندنی بایەخی و ئەزموونی ئاشنا دەبین.

## راستەقینەو ئامانجەكانی دیموكراتیك

هەرچەند جیاكردنەوەی راستەقینەو ئامانجەكانی دیموكراتیك بەكەڵكە, بەڵام دەبێت تێبگەین چ پەیوەندیەك لەنێوان ئامانج و دروشمە دیموكراتیەكان و راستەقینە دیموكراتیەكاندا هەیە. مەبەستمە لەبەشەكانی داهاتووی ئەم كتێبەدا لەبارەی ئەم پەیوەندیانەوە فرەتر بدوێم. بەڵام پێش هەر شتێك رێگەم بدەن لەخشتەی ئەم پێوەندیە وەك رێنمایی گشتی ئەو شتەی كەلەبەردەمە كەڵك وەرگرم. (وێنەی3).

وێنەی 3 توخمە سەرەكییەكان.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

| ئامانجو دروشمەکان | | راستەقینە | |
|---|---|---|---|
| دیموکراسی بۆچی<br>فەسڵی چوارەم | دیموکراسی چیە<br>فەسڵی 5–7 | حکومەتە دیموکراتیکە راستەقینەکان<br>دیموکراسی پێویستی بەچ بنەمایەکی سیاسی هەیە؟<br>بەشی سێیەم | <br>چ هەلومەرجێك لەبەرژەوەندی دیموکراسی دایە؟<br>بەشی چوارەم |

هەریەکێك لەو چوار ناونیشانەی کەلەژێر ئامانجیو راستەقینەدا دەکرێ هاتوون وەك پرسیارێکیبناغەیی چاوی لێبکرێ.

دیموکراسی چیە؟ دیموکراسی چ مانایەکی هەیە؟ یان بەشێوەیەکی دیکە, چ پێوەرێك بەکاربەرین تاتێبگەین کە حکوومەتێك دیموکراتیکە یان نا, ئەگەر دیموکراتیکە تاچ رادەیەك؟

بەبڕوای من سیستمێکی لەم چەشنە خاوەنی سێهەوێنو(1) بناغەیەو هەر کات سیستمێك ئەو پێنج هەوێنەی بەدیهێنا دەکرێ بڵێین ئەو سیستمە بەتەواوی دیموکراتیکە. لەبەشی چواردا چوار ئەو هەوێنو بناغانە لێکدەدەمەوەولەبەشی شەشو حەوتەمدا نیشانی دەدەم کەبۆچی پێویستمان بە هەوێنی پێنجەمیش هەیە.بەهەر حاڵ لەبیرتان بێ کە ئەو هەوێنانە بەدڵنیایی پێوەرگەلێك دەدەن بەئێمە کە بەپیێ ئەوان

(1) لەم کتێبەدا "هەوێن" بەجێگای(ملاك) هاتووە.



دەتوانین پاشماوەی دەسکەوتو کەمو کوڕیەکان لەناو سیستمە سیاسیە راستەقینەکاندا بەیەکەوە بەراورد بکەین. هەروەها ئەو هەوێنانە دەتوانن ئێمە رێنوێنی بکەن بۆ رێگایەك کە لە دیموکراسی نزیکترمان بکاتەوە.

بۆچی دیموکراسی؟ بەچ هۆیەك لەسەرئەم بڕوایەین کەدیموکراسی باشترین سیستمی سیاسیە؟ چ بایەخ گەلێك بەباشترین شێوە لەڕێگەی دیموکراسیەوە, دەست دەکەون؟

بۆوەڵامدانەوە ی ئەم پرسیارانە پێویستە بزانین کە پرسیاری ئێمە تەنیا بۆ ئەوە نیە کە بۆچی لەم سەردەمەدا خەڵك پشتیوانی لەدیموکراسی دەکەن, یان لەرابردوودا بۆچی پشتیوانیان لێدەکرد, یان ئەم سیستمانە چۆن پێکهاتوون؟ خەڵك لەوانەیە لەبەر هۆی جۆراوجۆر لایەنگری دیموکراسی بن. بۆ نموونە هێندێك لەوانەیە بێ بیرلێکردنەوە خۆشیان لەدیموکراسی بێت, واتا لەکاتو شوێنێك کەئەوان تێیدا دەژین, لەوانەیە لایەنگری دیموکراسی, وەك نەریتێکی باو وابێ. هێندێکیش بەو هۆیەوە پشتیوانی لە دیموکراسی دەکەن کەپێیان وایە حکوومەتی دیموکراتیك بۆ سامان کەڵەکەکردن



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

دەرفەتی باشتر دەڕەخسێنی, یان بەو هۆیەوە کە بیردەکەنەوە  سیاسەتە دیموکراتیکەکان ڕێخۆشکەری ئیشی باشتری سیاسیە بۆ ئەوان, یان بەو هۆیەی ئەوکەسەی کە ئەوان بڕوایان پێیەتی ئەویش وابیردەکاتەوەو, زۆر شتی تر. ئایا هۆگەلێکی گشتی ترو بەرفراوانتر بۆ سەلماندنی دیموکراسی هەیە؟ من لەسەر ئەو بڕوایەم کە هەیە. باس لەم بوارەدا هەڵدەگرین بۆ بەشی 5–7.

به لەبەرچاوگرتنی سنوورو کەرەسەی حازر لەدونیای راستەقینەدا, چ مەبەستێکی سیاسی پێویستن تا پێوەری ئامانجە دیموکراسیەکان بەباشترین شێوە بهێننەدی؟

هەروەك لەبەشەكانی داهاتوودا دەبینین, لەسەردەمو شوێنە جیاجیاکان گەلێك سیستمی سیاسی خاوەن دامەزراوەی گرنگی سیاسی جۆراوجۆریان بە دیموکراتیك, یان کۆمار دەزانی. لەم بەشەی رابردوودا یەکێك لە جیاوازی نێوان دامەزراوە دیموکراتیکەکانمان دیت. ئەو دامەزراوە بە زۆر جیاوازی گەورە لە قەوارەو ئاستی تاقمی سیاسی کۆمەڵانی خەڵك,دەسەڵاتداری یان هەردووکیان بەراوردکراون.بڕێك لەتاقمە سیاسیەکان, وەك گوندێکی بەریتانی, لەبواری بەرینایی و کۆمەڵی خەڵکەوە زۆر بچوکن, هێندێکیان وەك چین, بەرازیل, وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا , لەهەردوو بوواردا زۆرگەورەن. شارێك یا شارۆچکەیەك رەنگە بەبێ هێندێك دامەزراوە کە بۆ وڵاتێکی گەورە پێویستن, هەوێنە دیموکراتیکەکان پێویستو شیاو بکا. بەڵام بەهەرحاڵ لەسەدەی هەژدە بەملاوە بیرۆکەی دیموکراسی دەڕوانێتە هەموو وڵاتەکان, وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا , فەرەنسا , بەریتانیای مەزن, نەرویج, ژاپۆن, هندستان ............

لەو سەردەمانەدا دەرکەوت دامەزراوەی سیاسی پێویست بۆ دیموکراسی, لەقەوارەی چکۆڵەی شارێك یان شارۆچکەیەکدا, ئیتر بۆ وڵاتێکی گەورە بەکەڵك نایەت. بنەماسیاسیەکانی لەبار بۆ شارێك, تەنانەت بۆ وڵاتە چکۆلەکان لەئاستی دونیادا , وەك دانیمارکو هۆڵەنداش بەگوێرەی پێویست نییە. دەرەنجام لەسەدەی نۆزدەوبیستدا

گەلێك دامەزراوەی سیاسی سەریانهەڵدا کەلەبوارێکدا لەشێوەی دامەزراوەسیاسیە دیموکراسی و کۆماریەکان سەرەتایی ترن. بەڵام بەگشتی سیستمێکی سیاسی تەواو نوێ پێك دێنن. لەبەشی2دا گەلاڵەیەکی کەم لەوگۆڕانە خرایەڕوو لەبەشی سێیەمدا دامەزراوە سیاسی ودیموکراسیە راستەقینەکان وچۆنیەتی جیا وازیە گرینگەکانیان شی دەکەمەوە.تێبینی: ئەوەی کە دەیڵێم هەندێك لە بنەماکان پێوستن, بەومانایە نیە کە ئەوبنەمایانە بۆ گەیشتن بە دیموکراسی تەواوو بەسن. لەهەروڵاتێکیدیموکراتیك کە لەبەرێکی قووڵ هەیە، لە بەینی دیمکراسی ڕاستەقینەو دیموکراسی وەك دروشمێك. ئەو کەلەبەرە کێشەو دیالۆگێکی لەبەرامبەر ئێمەدا هەڵخڕاندوە: ئەرێ دەکرێ ڕێگایەك بدۆزینەوە تاوڵاتە"دیموکراتیك"ەکان دیموکراتیکتر بکرێن؟

ئەگەر وڵاتە دیموکراتیکەکانیش تەنانەت تەواو دیموکراتیك نین,کەوایە سەبارەت بە ئەو وڵاتانەی کە بنەما سیاسیە دیموکراتیکەکانیان تێدانییە“ واتا وڵاتە نادیموکراتیکەکان_دەکرێ چ بڵێین؟

چۆن دەکرێ کە دیموکراتی تریان, بکەیتەوە؟ لەراستیدا هۆی چییە کە هەندێك وڵات دیموکراتی ترن لە هەندێکی تریان؟ ئەوپرسیارانە سەرلەنوێ ئێمە دەکێشێتە ناو پرسیار گەلێکی دیکە. چ هەلو مەرجێك لەوڵاتێکدا (یان لەکۆمەڵەیەکی سیاسی دیکەدا )بۆگەشەو سەقامگیربوونی بنەما دیموکراتیەکان باشە؟ بەپێچەوانەش, چ بارودۆخێك دەبێتە ڕێگر یان بەربەستی گەشەی ئەوان؟ ئەو پرسیارانە لەدونیای هەنووکەدا زۆرگرینگن. بەختەوەرانە, لەکۆتایی سەدەی بیست دا ئێمە دەستمان بەپرسیارگەلێك

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک

www.pertwk.com

ڕادەگا کە لەچەند نەوەیەی پێش ئێستا, مرۆڤ دەستی پێیان ڕانەدەگەیشت. گەلێك وەڵامی باشتر لە وەڵامی گشت سەردەمەکانی ڕابردووی مێژووی نوسراوەی مرۆڤ, لەفەسڵی دووهەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەی پێ دەکەم کەلە کۆتایی سەدەی بیستەم دا بۆئەم پرسیارانە چەند وەڵامی گرینگیان لەبەر دەستدایە. بێگومان وەڵامەکانمان بە هیچ شێوەیەك ئەوە نیە کەگومانیان تێدانەبێ. بەوحاڵەشەوە بناغەیەکی پتەوتر دەخەنەڕوو, سەبارەت بە ڕێگاچارە.

لەهەڵسەنگاندنی بایەخی, تاهەڵسەنگاندنی ئەزمونی.حەزدەکەم پێش ئەوەی کۆتایی بێنم بە باسەکەم سەبارەت بە خشتەی پێشوو, سەرنجی خوێنەران ڕابکێشم بۆ ئاڵ و گۆڕێکی گرینگ کەلەراستەوە بۆچەپ روودەدا. لەوەڵامی"دیموکراسی چیە"؟ هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە, تایبەتن بە بایەخەکانی ئێمە, واتا ئەوشتەی کە بەئامانجی باش ودروست ولەباریان دەزانین. کاتێك دەگەین بە پرسیاری"بۆچی دیموکراسی؟" هەڵسەنگاندنی ئێمە هێشتا لەسەر بناغەی ئامانجی ئیمەوە سەرچاوەدەگرێ. بەڵام بڕواکانیئێمە سەبارەت بەنەتەوە, سنوورو ئەو کەرەسانەی کە لەدونیای ڕاستەقینەی دەورو بەرمان هەیە– بەکورتی پەیوەندیشیان هەیە بە هەڵسەنگاندنی ئەزموونی–یەوە. لێرەدا ئێمە هێور هێور پشت دەبەستین بە لێکدانەوە, بەڵگە, و ئەوانەی لەبەرچاودان. کاتێك دەمانەوێ بزانین دیموکراسی پێویستی بەچ دامەزراوە گەلێکی سیاسی هەیە, تەنانەت فرەتر لە ڕابردوو پشت دەبەستین بە بەڵگەو هەڵسەنگاندنە ئەزموونیەکان. بەوحاڵەشەوە لێرەدا, ئەوەی گرینگی بۆ ئێمە هەیە تاڕادەیەك پەیوەندی هەیە بەماناو بایەخەکانی ئێمە سەبارەت بە دیموکراسی. لەڕاستیدا دڵەراوکێی ئێمە لەبارەی دامەزراوەسیاسیەکانی دونیای ڕاستەقینە ئەوەیە کە, بایەخەکانی دیموکراسیو هەوێنەکانی بۆ ئێمە گرینگن. کاتێك دەڕوانینە بەشی چەپی خشتەکە دەمانەوێ بزانین



کە چ بارودۆخێك بۆ ئاڵ وگۆڕو ئاسایشی دامەزراوە دیموکراتیکەکان پێویستن, لەو حاڵەدا داوەریەکانی ئێمە راسەوخۆ دەبنە ئەزموونە؟ ئەو هەڵسەنگاندنانە تەواو پەیوەندیان هەیە بەلێکدانەوەی ئێمە لەبەڵگەکانی بەردەستمان. بۆ نموونە, ئایا باوەڕ بە دیموکراتی یارمەتیەك دەکەن بەمانەوەی دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکان یان نا؟ سەرەڕای ئەوە لێرەدا هۆی گرینگی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەزمونیانە وپێوەندیان لەگەڵ ڕێنماییمان دەکا ئەزموونیکە کە ئێمە سەبارەت بەدیموکراسی هەمانە. لەبەر ئەوە ئەم ڕێگەیە لەبەشی دووهەمدا ئێمە لە پشکنینی ئامانج وبایەخەکان بەڕوونکردنەوەی زۆر ئەزموونیتر لە دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکان, ڕێنوێنی دەکا بۆ بەشی سێ. لەوحاڵەتەدا دەچین لە حاڵەتێکداین کەبتوانین لەبەشی چواردا بڕۆین بەرەو پێناسێکی لەبار یان نالەباری سەقامگیر بوونی دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکان, لێرەدایە کەداوەریەکانی ئێمە گشتی نزیکە لەناوئاخنێکی ئەزموونیی.سەرەنجام لە دواین بەشدا, هەندێك لەو کێشەو دایلۆگانە شیدەکەمەوە کەلەو ساڵانەی دواییدا لەبەرامبەر دیموکراسی ڕاست بوونەوەتەوە.

## دیموکراسی چیە؟

**هەمووومان ئامانجێکی زۆرمان هەیە کە بە تەنیایی ناتوانین وەدەستی بێنین. بەوحاڵەوە لەگەڵ کۆمەلێك کەسی دیکە کە ئەو ئامانجانەیان هەیە دەتوانین بەهەندێکیان بگەین. لەبەر ئەوە وای دابنێن بۆگەیشتن بەئامانجێکی تایبەت, ئێوەو سەدان کەسی دیکە ڕێك کەون وئەنجومەنێك پێك بینن. ئەوەی کەئامانجەکانی ئەم ئەنجومەنە چیە جارێ وازیلێ دێنین, هەتا بەتەواوی لەسەرپرسیاری دیموکراسیچیە؟ پێدابگرین. وای دابنێین لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکەتاندا زۆرێك لەئەندامان پێشنیازبکەن کەئەنجومەنی ئێوە پێویستی بەڕێسایەك هەیە. ئەو پێشنیازە قەبووڵ دەکرێ. واپێدەچێ کەتۆ لەم بووارانەدا لێوەشاوەیت, یەکێك لە ئەندامەکان پێشنیاز دەکا کەتۆ پێش نووسی ئەم ڕێسایە بنووسیو لە کۆبوونەوەی**



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک

www.pertwk.com

دوایی ئەنجوومەن بیخەیەڕوو، تاگشت ئەندامان پێیدابچنەوە. ئەو پێش نیازە بەگەرمی وەردەگیرێ. بۆ قەبووڵ کردنی ئەرکێکی وا، تۆ بابەتێك بەم ناونیشانە هەڵدەبژێری: "من پێم وایە لەئامانجە هاوبەشەکانی خۆمان گەیشتووم، بەڵام دڵنیا نیم، کەچۆن دەبێ مەبەستەکانی خۆمان هەڵبژێرین. بۆنموونە: ئایا ئێمەڕێسایەکمان دەوێت کەرێگا بدات بە تواناترین‌و ڕۆشنبیرترین ئەندامان کەبتوانن بۆخۆیان گشت بریارێکی گرینگی ئێمە دیاری بکەن؟ ریزبەستنێکی لەو جۆرە رەنگەنە تەنیا دەبێتە هۆی بڕیارونەخشەیەکی ژیرانەتر بەڵکە لەبە هەدەرچوونی کات و هەلسوڕانی ئەندامانی دیکەش کەم دەکاتەوە" ئەندامانی ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگ ئەم چەشنە ڕێگاچارانە پەسەند ناکەن. یەکێك لەو ئەندامانە کەمن ناوی دەنێم"ئاخێوەری سەرەکی" بەڵگەی ئاوا دێنێتەوە لەبواری گرینگترین کێشەدا کەئەم ئەنجومەنە پەیوەندی پێانەوە دەبێ هیچ کام لەئێمە تائەو ڕادەیە ژیر نین گشت کەسێك لەروانگەی تایبەتی خۆیەوە قەبوڵیان بکا. تەنانەت کاتێك هەندێك لەئەندامان لەبواری تایبەت بەومەبەستە شارەزاییان زۆر تریش بێت، ئێستا ئێمە دەتوانین کێشەکانی پەیوەندیدار بەومەبەستە فێرببین. هەڵبەت پێویستە پێش لەبڕیاردان سەبارەت بەکێشەکان باس وراگۆرینەوە بکەین. باس راوێژکردنی سەرەتاو بڕیارو نەخشە لەبارەی دارشتنی سیاسەتەکان، یەکێك لە هۆیەکانی دامەزراندنی ئەنجومەنە. بەڵام گشتمان بەیەکڕادە بەرپرسیارین سەبارەت بەبەشداری لەباس‌و راگۆڕینەوەکان، بۆ سیاسەتێك کە ئەنجومەنەکەمان دەبێ رەچاوی بکات. لەئەنجامدا ریسای سەرەکی ئێمە دەبێ لەسەر ئەم بنەمایە دابرێژرێ، ئەو ریسایە دەبێ مافی بەشداری ئێمە مسۆگەر بکات، بۆگشت بڕیارەکانی ئەنجومەن. بەڕاشکاوی دەبێ بڵێین، چونکە ئێمە گشتمان لەئاستێکی یەکساندا بەرپرسیارین، دەبێ بە شێوەیەکی دیموکراتیکانە بەسەر خۆماندا حکومەت بکەین.

لەقسەکانی دوایی‌دا دیارە کە روانگەی ئاخێوەری سەرەکی لەگەڵ روانگەی زۆرینەی ئەنجومەن، چون یەکن. لەبەرئەوە تۆ قەناعەت دەکەی بەوە کەرێسانامەیەکی ئەوتۆ دابرێژیت. بەڵام هەرکە دەستان بەکارکرد زۆر زوو تێدەگەی کەئەنجومەن‌و رێکخراوە گەلێکی زۆر جیاواز لە یەکترکە خۆیان بە"دیموکراتیك" دەزانن رێسانامەیەکی زۆر جیاواز لەیەکتریان هەیە. یاسانامەی سەرەکی وڵاتە دیموکراتیکەکانیش لەزۆربواری گرینگدا جیاوازن. یەکێك لەنموونەکان یاسای سەرەکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە، کەهەم پێشبینی کردووە بۆسەرۆکی هێزی بەرێوەبەر(هێزی‌بریاردەر) لە لیژنەی سەرۆك کۆمارو هەم پێشبینی کردووە بۆ هێزی یاسایەکی(ئەنجومەنی‌یاسادانان) قورس‌و قایم لەلیژنەی کۆنگرەدا" واتا (پەرلەمانی‌یاساداڕێژ). هەروەها هەر کام لەودووانە سەربەخۆیە لەویتر، لەولاشەوە، زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکان سیستمی پەرلەمانیان هەڵبژادوە کە لەوێدا سەرۆکی هێزی بەرێوەبەر، کەسەرۆکی‌وەزیرانە لەلایەن نوێنەرانی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت. بەسانایی دەکرێ ئاماژە بکەی بەزۆر بابەتی تری لەم چەشنە. وادێتە بەرچاو کەهیچ یاسایەکی سەرەکی"دیموکراتیك" ی تاقانەو تایبەت بەخۆنیە(لە بەشی دەهەمدا دەگەرێمەوە سەر ئەم بابەتە). وردە وردە تۆ دەکەوێتە بیرکردنەوە لەوەی کە ئایا ئەم یاساسەرە کیانە شتێکی هاوبەشیان تێدایە کەوا"دیموکراتیك" بونیان دەربخات؟ یان هەندێك لەوان دیموکراتیکترن لەوانی دیکە؟ ئایامانای دیموکراسی چیە؟ بەڵام بەداخەوە زۆر زووتێدەگەی کە ئەم دەستە واژەیە بەشێواز گەلێکی جیاواز لای‌لێ دەکرێتەوە. لەبەرئەوە ئێوە ژیرانەبڕیار دەدەن ئەم لێکدانەوە بێ‌مانایانە وەلا بنێن، چونکە ئەرکێکی تایبەتیتان لەئەستۆ گرتووەو ئەویش دارشتنی یاساو ڕێساکەیە کەدەربارەی چۆنیەتی بڕیارەکانی ئەنجومەن ڕێگاچارە بدۆزێتەوە، واتا دارشتنی ئەساسنامە. ئەوئەساسنامەیەی ئێوەدەبێ لەگەڵ بنەمایەکی‌سەرەتایی یەك بگرێتەوە. ئەویش ئەوبنەمایەکەدە بێ لەگەڵ گشت ئەندامان"لەژێرئالای ئەساسنامە" واهەڵسوکەوت بکرێ وەك ئەوەی کە بۆ بەشداری لەڕەوتی بڕیارو نەخشەکێشان سەبارەت بەرێبازێك کەئەنجوومەن دەبێ بیگریتەبەر وەك یەك بەرپرسیارن. بەوپێیە سەرەڕای ئەوەی کەئەندامانی ئەوئەنجوومەنە

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک

www.pertwk.com

لەبوارەکانی دیکەدا چ پەیوەندیەکیان پێکەوە هەیە, لەدائیرەی ئەم ئەنجوومەنە, گشتیان دەبێ لەبارەی سیاسیەوە لەگەڵ یەکتردا یەکسان بن.

## هەوێنەکانی ڕەوتی دیموکراسی

لە دارستانی چڕوپڕی بۆچوونەکان دەربارەی دیموکراسی ئایا دەکرێت ئەو هەوێنانە, دەستنیشان بکەی کە بۆ رەوتی ئەنجومەنێك پێویستن, تائەگەری ئەندامیەتی یەکسانی ئەو ئەنجومەنە سەبارەت بەبەشداری لەبریارەکان لەورێبازەدا بێتەدی؟ بەبروای من پێنج پێوەر لەم بوارەدا هەیە(وێنەی4) بەشداری راستەقینە: پێش ئەوەی ئەنجوومەن رێبازێکی دیاریکراو هەڵبژێرێ, گشت ئەندامەکان دەبێ هەلومەرجی ئەوەیان هەبێ, کە راشکاوانە بۆچوونەکانیان بخەنەروو لە پێناو ئەوەدا کە رێبازی داهاتوو دەبی چی بێ.

## وێنەی چوار. دیموکراسی چیە؟

دیموکراسی گەلێك هەل دەرەخسێنێ بۆ:

1-بەشداری ڕاستەقینە.

2-دەنگی یەکسان.

3-بەدەست هێنانی تێگەیشتنێکی روون.

4-بەکارهێنانی کۆنترۆلی کۆتای, بەسەر دەستوری کاردا.

5-تێکەڵ کردنی پیرو بەساڵاچووان.

دەنگی یەکسان: ئەوکاتەی کە دەبێت سەبارەت بەرێبازێك بڕیاربدرێت, هەر ئەندامێك دەبێ دەرفەتێکی چون یەکی هەبێ بۆ دەنگ دانوگشت دەنگەکانیش لەگەڵ یەکتر یەکسان بن.

بەدەست هێنانی تێگەیشتنێکی ڕووناك. تائەو جێگایەی کە دەکرێ‌و کات هەیە. هەر کەسێك دەبێ دەرفەتی چونیەك‌و یەکسانی هەبێ بۆ شارەزابوون لە سیاسەتەکانی ترو داهاتووی ئەم سیاسەتانە. کۆنترۆڵی دەستووری کار: ئەندامان دەبێ داواکاریی ئەوەیان هەبێ کە بۆ بڕیاردان, سەبارەت بەوەی



چۆن دەبێ داواکاری‌و مەبەستەکان بخەنەڕوو, و دەربارەی چ بابەتێك بدوێن. بەم شێوەیە رەوتی دیموکراتیك کە پەیوەندی هەبێت بەم سیٰ‌ماك‌و هەوێنەوە[1] هەرگیز کۆتایی نایە. ئەندامانی ئەنجوومەنێك بەردەوام دەتوانن ئەگەر پێیان خۆش بێ رێبازەکانی ئەنجومەن بگۆڕن.

تێکەڵاوکردنی بەساڵاچووان. ئەم تەمەن گەورانە هەموویان یا بەشی زۆریان دەبێ لەمافی تەواوی هاوڵاتی کە لە چوار هەوێنەی پێشوودا ئاماژەم پێدا, کەڵك وەربگرن. ئەم هەوێنەی دوایی پێش سەدەی بیستەم بۆ زۆربەی لایەنگرانی دیموکراسی قبوڵ نەدەکرا. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بزانی بۆچی دەبێ کەسانی دیکە لە روانگەی سیاسیەوە بەهاوهەنگاوی خۆمان بزانین.دوای ئەوەی کەلەبەشەکانی چوارو حەوتدا لەم بابەتە دوام ئەو دەم دەگەڕێمەوە سەر باسی هەوێنی تێکەڵاوکردن. لەهەمان کاتدا, ڕەنگە بپرسن ئایا ئەم چوار هەوێنە سەرەتاییە بە شێوەی دڵخواز لەناو هەوێنەکانی دیکە هەڵنەبژێردراون؟ ئایائێمە بەڵگەی بەجێمان پێیە بۆ هەڵبژاردنی ئەم هەوێنانە یان پێوەرگەلێکی تایبەتمان هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوتێکی دیموکراتیك؟

## ئەم پێوەرانە بۆچی؟

وەڵامی کورت‌و ساکار ئەوەیە: مادام بڕیارە ئەندامانی ئەنجومەن(هەرچەندە دەبن بابن) لەبواری سیاسیدا یەکسانن, لەوحاڵەدا هەریەکە لەوبنەمایانە پێویست دەبن. بەشێوەیەکی تر, هەرکات یەکێك لەو هەل‌و مەرجانە لەبەر چاو نەگیرێ, ئەندامانی ئەنجومەن ئیتر لەبواری سیاسیدا یەکسان بین.

بۆ وێنە, ئەگەر بەهەندێك لەئەندامان مەجالی فرەتر بدرێ, سەبارەت بە قسەکردن لەسەر بۆچوونەکانیان ئەو دەم ڕیێ تێدەچێ کەسیاسەتی ئەوان سەرکەوێ, لەهەل‌و مەرجی تایبەتیدا, کاتێك کە مەجالێکی ئەوتۆ نیە بۆ

[1] هەوێن‌و ماك "لەم وەرگێڕا نەدا بەجێگایی(ملاك) هاتووە جانازانم چەندە پڕبەپڕی وشە فارسیەکەیە. بەڵام زۆرجارن هەر لە وشەی هەوێن کەڵکم‌و, وەرگرتووە.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

پێشنیار سەبارەت بەدەستووری کار، لەوانەیە گروپێکی بچووك سیاسەتەکانی ئەنجومەن دابڕێژن. پێوەری بەشداریەکی شایانو تەواو، دەبێتە ڕێگر لەم چەشنە ئەنجامە. یان وای دابنێین کەدەنگی کەسانی جۆراوجۆر یەکسان نەبێ، بۆ نموونە، وای دابنێ دەنگی هەر ئەندامێك بەڕادەی سامانەکەی ئەوەوە پەیوەندی هەبێ، ئاستیماڵو سامانی کەسەکان جیاوازی زۆریان هەبێ. ئەگەر ئێمە باوەڕمان هەبێ بەیەکسانی شیاوی ئەندامان بۆ بەشداری لەبڕیارەکانی ئەنجومەن، ئیتر بۆچی دەبێ دەنگی هێندێکیان بەگرنگتر دابنێین لەوانیدیکە؟

دوو هەوێنەکەی سەرەتا زۆر ئاسایین، بەڵام دەکرێ بپرسی ئایا (وەدەست هێنانی تێگەیشتوویی تەواو) بەڕاستی پێویستە یان باشە؟ ئەگەر دەسەڵاتی ئەندامەکان وەك یەك وایە کەوایە ئیتر پێویستیمان بەو هەوێنە نیە، ئەگەر یەکسانیش نیە کەواتە بۆچی ئەساسنامەکان لەسەر ئەگەری یەکسانی دابمەزرێ؟

بەڵام بەهەرحاڵ هەروەك ئاخێوەری یەکەم وتی: "بنەڕەتی یەکسانی سیاسی لەسەر ئەو ئەگەرە دامەزراوە کەهەموو ئەندامان بەیەك ڕادە بۆ بەشداری لەبڕیارداندا بەرپرسیارن" بەومەرجەی هەلی لەباریان لەبەر دەست دابێ تابەڕاوێژ، دیالۆگ، تێرامان کێشە گەلێك کە لە بەردەم ئەنجومەندان، تاوتویێ بکەن. "هەوێنی سێهەم بەو مەبەستەیە کەبوونی ئەم چەشنە مەجالانە بۆ گشت کەس مسۆگەر بکا. کاکڵی ئەو هەوێنەش ساڵی 431پ.ز. لەلایەن پێریکلس PERICLES ی ریبەری ئەسیناوە، لەلێدوانێکدا بەناوی "کوژراوەکانی ئەو شارە لەشەڕدا،" بەم شێوەیە ناوی هێنرا:" هاووڵاتیانی ئاسایی ئێمە گەرچی سەرقاڵی پیشەو کاری خۆیانن، ئێستاش وەك داوەرانی بەویژدانی کێشە گشتیەکان چاویان لێدەکرێو ئێمە،... لەبری ئەوەی کەلەباسو دیالۆگدا وەك لە مپەری سەر ڕێگای کردەوە لەوە بڕوانین، ئەوە بەسەرەتایەکی حاشا هەڵنەگر دەزانین بۆ هەر چەشنە کردەوەیەك [1].

ئەگەر ئەم سێ هەوێنو کاکڵەی سەرەتایە پێکەوە لەبەر چاو بگرین تەواو تۆکمە دێنە بەرچاو بەڵام وای دابنێ چەند کەسێکی کەم بەشێوەی نهێنی لەگەڵ ئەم بۆ چوونە کە گشت کەسەکان لەبواری سیاسیەوە لەئەنجومەندا یەکسانن، نەیاری دەکەن. ئەوان لەسەر ئەم بڕوایەن کەبەڕاستی بەرژەوەندی خاوەن ماڵو سامانەکان، گرینگترە لەبەرژەوەندی کەسانی دیکە. گەرچی بەبڕوای ئەوان واباشتر بوو کەدەنگی سەرمایەدارە گەورەکان بارستاییەکی ئەوتۆی بوایە کە بیان توانیبا بەردەوام سەرکەوتووبن، بەڵام کارێکی وا هەرگیز بەڕێوەناچێو ڕوونادا. لەئەنجامدا ئەوان ڕوودەکەنە فێڵو تەڵەکەیەك کە سەرەڕای دەنگی ئازادو یەکسانانەی زۆرینەی ئەندامان ئەوان بەسەرکەوتن دەگەیەنێ. ئەوان بەگەلاڵەی ڕێگا چارەی وشیارانە ئەساسنامەیەك دەخەنەڕوو کە بە باشی سێ هەوێنی سەرەتایی دێنێتە دی بەو متمانەیە، تەواو دیموکراتیکانەش دیتە بەرچاو. بەڵام بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو هەوێنانە پێشنیار دەکەن کە دەبێ ئەندامان لەدانیشتنەکانی گشتی خۆیاندا تەنیا بتوانن دەربارەی ئەو مەبەستانە بدوێنو دەنگ بدەن کە لەپێشدا لەلایەن لیژنەی بەڕێوەبەر خراوەتە بەردەم ڕێوڕەسمی کۆبوونەوە، هەروەها بوون بەئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەریش تەنیا لەژێر دەسەڵاتی گەورەترین سەرمایەداران دایە. ئەم کۆمەڵە ئاژاوە چیە بەکۆنترۆڵ کردنی دەستووری کۆبوونەوە دەتوانێ دڵنیابێ کەئەنجومەن هیچیان پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەوان کارێك ناکات، چونکە هەرگیز ناهێڵن پێشنیاری ئاوا بخرێتە دەستوورەوەو پێشکەش بکرێ. تۆش پێچەوانە پێشنیازی ئەوان قەبووڵ ناکەی چونکە پێشنیازەکەی ئەوان لەبنەڕەتدا یەکسانی سیاسی پێشێل دەکا، لەکاتێکدا تۆ قەبووڵت کردووە.

---

(1)Thucydides, Complete Writings: The peloponnesian War, unabridged crawley translation with introduction by John H. Finley Jr.(New york random House, 1951) p.150.



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

لەوەڵامدا ئەساسنامەکەتان وا دادەڕێژرێ هەوێنەکە چوارەمیش بەسەرکەوتن بگەیەنێ کەزامنی کۆنترۆڵی گشت ئەندامەکانە بەسەر ئەساسنامەدا. جالەبەر ئەوە بۆ ئەوەی ئەندامان بۆ بەرێوەبردنی ئەنجومەن لەبواری سیاسیدا پێکەوە یەکسانبن, هەرچوار ئامیانە کەدەبێ بچەسپێ. وادێتە بەرچاو ئێستا ئێمە گشت ئامیانەکانی پێویست بۆ زاڵ بوون بەسەر پرۆسەی دیموکراتیکی ئەنجومەنێکمان بەتەواوی دەرکردووە.

## چەند پرسیاری بنەڕەتی

تائێستا ئێمە وەڵامی پرسیاری"دیموکراسی چیە" مان داوەتەوە؟ بریا وەڵامی ئەم پرسیارە ئاوا ساکار بوایە! هەرچەند وەڵامێك کە ئێستا خرایە روو خاڵێکی باشە بۆ دەستپێك, بەڵام پرسیارێکی زۆریش هەڵدەخرێنێ. یەکەم: تەنانەت ئەگەر ئەو هەوێنانە دەربارەی دایرەی ئەنجومەنێکی زۆر بچکۆلەی خاوەنی کەسانی خۆبەخش باش بێت, ئایا دەکرێ بڵێین دەربارەی دەوڵەتێکیش هەروا بەباشی دەور دەبینێ؟

## چەند خاڵێك دەربارەی دەستەواژەکان.

لەبەر ئەوەی کە بەکارهێنانی دەستەواژەی دەوڵەت تێکەڵاوە لەگەڵ ساکاریو ئاڵۆزی, ڕێگەم بدەن مەبەستم لەوشتە بەکورتی دەربڕم. مەبەستی من لە دەوڵەت شێوەیەکی زۆر تایبەتە لەئەنجومەن. بەو تایبەتمەندیە کە, پەیڕەوی لەیاساداڕێژەرەکانی, لەنێو گشت ئەوکەسانەی کە لە ژێردەسەڵاتی ئەودان, مسۆگەرو گرێنتی دەکا, بە زەبرو زەنگێك کە لەژێر دەستی دایە. کاتێك خەڵك دەربارەی"حکومەت"دەدوێن سروشتیە مەبەستیان بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکە کەئەوان لەژێر دەسەڵاتی ئەودادەژین لەسەرتاسەری مێژوودا,چەند حاڵەتێکی کەم نەبێ, دەوڵەتەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکانێکدا سەپاندووە کە لە وڵاتێکی دیاری کراودا(یان لەهێندێك بواری نادیار,یان هەلومەرجیشەڕ) ژیاون. لەبەر ئەوە دەکرێ



ئێمە دەوڵەت بە شتێکیدەسەڵاتدارێتی بزانین. هەرچەندە لەکاتوسەردەمیتایبەتدا سنوری دەسەڵاتی دەوڵەتێك فراوانتر نەبووە لە دەسەڵاتی شارێك, بەڵام لەوسەدەیەی دواییدا دەوڵەتەکان داواکاری دەسەڵاتداریتی بوون بەسەر گشت وڵاتەکەیاندا.

هەڵبەت دەکرێ لەباسی کورتی من سەبارەت بەوشەی"دەوڵەت"ڕەخنە بگیرێ. گەربمانویستایە بەوڕادەیە کەفەیلەسوفانی سیاسی یان"مافناس"سەبارەت بەدەوڵەت بابەتیان نوسیوە ئێمەش جڵەوی قەڵەممان بەرەڵابکردایە. ئەوە دەبوو بەباری حەوت وشتران. بەڵام پێم وایە بۆ دەربڕینی مەبەستەکەمان ئەوەی وترا بەسە. لەبەر ئەوە سەرلەنوێ دەگەرێینەوە بۆ پرسیارە کەمان. ئایادەکرێ هەوێنەکانی جێی مەبەستی ئێمە سەبارەت بە دەوڵەتێکیش بەکاربێنین؟ بەدڵنیایی کە دەتوانین! لەڕاستیدا, ناوەندی سەرەتایی دروشمە دیموکراتیکەکان لەسەردەمی زوودا خودی دەوڵەت بووە. گەرچی زۆربەی ئەنجومەنەکانی دیکە, بەتایبەت هێندێك ڕێکخراوە دینیەکان, لە سەردەمی دوایی لە بۆچوونو کردەوەی دیموکراتیك دا دەوریان گیراوە. بەڵام هەر لە سەرەتای دیموکراسیەوە لەیۆنانو رۆمی کۆن ئەو بنەما سیاسیانەی کە ئێمە بەپێناسەی دیموکراسیان دەزانین, زۆربەیان وەك ئامرازێك وایەکە بۆ دیموکراتیزە کردنی دائیرە دەوڵەتیەکان دامەزرابوون. رەنگە پێویست بە دووبارە کردنەوە نەبێ کە دەوڵەتیش وەك ئەنجوومەنەکانی دیکە, هەرگیز بەتەواوی لەسەر بنەمای هەوێنی رەوەندە دیموکراتیکەکان بەڕێوەنەچووەو لە داهاتووشدا رەنگە بەڕێوەنەچێ.بەو حاڵەشەوە هیوادارم بتوانم نیشانی بدەم کە ئەو هەوێنانە زۆر پێوەری بە کەڵك دەخەنە بەر دەستی ئێمە بۆ پێوانی دەسکەوتو دەسەڵاتی حکوومەتی دیمکراتیك.

پرسیاری دووەم: ئایا ئەوە روانینێکی راستەقینەیە کە پێمان وابی سەردەمێك ئەنجومەنێك سەرهەڵدەداو ئەو هەوێنانە بەتەواوی دێنێتەدی؟ دەکرێ ئەوپرسیارە بەشێوەیەکی دیکە بکرێ: ئایا ریێتێدەچێ سەردەمێك ئەنجومەنێکی راستەقینەو تەواو دیمکراتیك ببێ؟ ئایا ئەوە دەکرێ لەدونیای



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

راستەقینەدا, گشت ئەندامانی ئەنجومەنێك بەڕاستی بۆ بەشداری هەلو مەرجێكی یەكسانیان هەبێ دەربارەی تێگەیشتنی قووڵ لەبابەتو مەبەست, بۆ دیاری كردنی دەستووری كار؟ رەنگە وانەبێ بەڵام ئەو كاتیش ئەو هەوێنانە هەر بەكەڵكن؟ ئایا تەنیا هیوایەكن كەسنەزان ئاوایی‌و لاواز بۆ گەیشتن بە شتێكی تەلیسماوی؟ وەڵامی ساكاری ئەوە ئاوایە كە, ئەو هەوێنانە هەر ئەوەندە بە كەڵكن كە پێوەرێكی بەرنامەیی دەتوانی كەڵكی هەبێ. هەروەها لەزۆربەی پێوەرە بەكەڵكترن, چونكە پێوەرگەلێكی وا دەدەن بەدەستەوە كەدەكرێ بەوان كاركردی ئەنجومەنە راستەقینەكان كە خۆیان بە دیموكرات دەزانن هەڵسەنگێنی. ئەوان دەتوانن وەك رێنما گەلێك بن بۆ شێوە پێدان‌و شێوە گۆڕینی دامەزراوە سیاسیەكان, كردەوە, ئەساسنامەو رێكخستنی تایبەت. هەروەها ئایا ئەو هەوێنانە دەتوانن بۆ گشت كەسانێك لە سەودای دیموكراسیان لەمێشكدایە پرسیار گەلێكی بەجێ بخاتە رووو بەیارمەتی ئەوان یارمەتی بدا بۆ دۆزینەوەی وەڵام. لەو جێگایەی كە باشترین بەڵگە تاقیكردنەوەیە, هیوادارم لەپاشماوەی ئەم بەشەدا نیشانی بدەم كە ئەو هەوێنانە چۆن دەتوانن ئێمە بەرن بەرەو وەڵامی هێندێك كێشەی تەوەرەی تیۆری, كردەوەی دیمكراتیك.

پرسیاری سێهەم: ئەگەریش قبووڵ بكەین ئەو هەوێنانە رێنما گەلێكی بەكەڵك دەبن, ئایا بۆ گەلاڵەكردن‌و دارشتنی دامەزراوە سیاسیە دیموكراسیەكان بەسن؟ ئەگەر بەو شێوەیەی كەلە پێشدا ئاماژەم پێ‌دا, ئەركی گەلاڵەو دارشتنی ئەساسنامەیەكی دیمكراتیانەو پێشنیاری دامەزراوە راستەقینەكان, بۆ بەرێوەبردنی دیموكراسیانەی ئەنجومەنێك دەخرایە ئەستۆی تۆ, ئایا دەتوانی راستەوخۆ لەسەر بنەمای ئەو هەوێنانەی ئاماژەم پێدا, ئەساسنامەكە دابرێژی؟ ئەوە دیارە كە نەتدەتوانی. دروشمێك كە تەنیا هەوێنی ئامادەی خاوەن كارەكەی لەبەر دەست دابێ واتا وەك شوێن, ئەندازە, شێوازی گشتی, چەندایەتی و شێوەی گشتی, نرخ, دیاریكردنی كات‌و زۆر شتی دیكە تەنیا دوای روانین بەسەر زۆر هۆكاری تایبەت دا, دەتوانێ گەلاڵەكانی‌دابرێژێ. بارودۆخی دامەزراوە



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

سیاسیەكانیش بەم چەشنەیە. ئەوەی كە ئێمە چۆن دەتوانین بەباشترین شێوە پێوەرە دیموكراتیكەكانمان لێك بدەینەوە, سەبارەت بە ئەنجومەنێكی تایبەت بەكاریان بێنین, بەڕاستی ئەوە كارێكی ئاسان نیە. بۆ بەرێوەبردنی ئەوكارە ناچارین خۆمان بهاوێنە دەریای راستیە سیاسیەكان" واتا جێگایەك كە پاڵێوراوەكانی ئێمە پێویستیان بە هەڵسەنگاندنی تیۆری و كردەوەیی زۆر هەیە.یەكێك لەگیروگرفتەكانی ئێمە ئەوەیە كە كاتێ هەوڵدەدەین چەندهەوێن بەكار بهێنین‌و لەم بوارەدا لانی كەم چوار هەوێن- پێدەچێ ئەوانە گەلێ جار لەگەڵ یەكتر بكەونە دژایەتیەوەو لەئاكام دا ئێمە ناچاربین سەبارەت بە ئەمسەرو ئەوسەر لەنێوان شتە دژ بەیەكەكاندا. داوەری بكەین, ئەوشتەی كە لەشیكردنەوەی دامەزراوە دیموكراسیخوازەكاندا, لەبەشی(10) دا دەیخوێنینەوە.

لەكۆتاییدا, تەنانەت دەكرێ پرسیارێكی‌بنەڕەتی تر بكرێ: وادیارە روانگەی ئاخێوەری سەرەكی, بێ‌باس‌و ململانێ, قەبووڵ كران. بەڵام ئایا دەبوو وابێ؟ بۆچی‌دەبێ وا بیربكەینەوە دیموكراسی شتێكی رێك‌و پێك‌و باشە, بەتایبەت لەئیدارەی ئەنجومەنێك دا بەگرینگی دەوڵەتێك؟ ئەگەر لەباری‌و باشی دیموكراسی خستنە ڕووی ئەگەری یەكسانی سیاسیە؟ بۆچی دەبێ بڕوامان بەیەكسانی سیاسی نەبێ, چۆن دەتوانین پارێزەری دیموكراسی بین؟ بەڵام بەهەر حاڵ, ئەگەر ئێمە بەڕاستی بڕوامان بەیەكسانی سیاسی هەبێ لەنێوان هاوڵاتیانی دەوڵەتێكدا, ئایا ئەوە ئێمە ڕاناهێنێ بۆ هەڵبژاردنی هەوێنی پێنجەم, واتا مافی هاووڵاتی بوون بۆ هەموو كەسێك؟ لەبەشەكانی داهاتودا لەم باس‌و ململانیانە دەدوێین.

www.pertwk.com

## فەسڵی پێنجەم

## بۆچی دیموکراسی

ئێمە بۆ دەبێ پشتیوانی لەدیموکراسی بکەین؟ بەتایبەت, بۆچی ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەشێوازی دیموکراسی لایەنگری دەکەین؟ لەبیرتان بێت دەوڵەت تەنیا ئەنجومەنێکە کە بەڕێوەبردنی پێویستی بە لێهاتووییکی زۆر هەیە تابتوانێ کەسانی ژێر دەسەڵاتی خۆی(بەگشتی بەهێزی زەبرو زەنگ گوێڕایەڵ بکا. ئایا ڕێگایەکی باشتر نیە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت؟ ئایا حکومەت کردن بە شێوازی نادیموکراسیانە باشتر نیە؟

### چەند خاڵی دەربارەی وشەکان

لەسەر تاسەری ئەم بەشەدا وشەی"دیموکراسی" لەگەڵ چاوپۆشیدا دەربارەی حکومەتە راستەقینەکان, نەك حکوومەتە ئامانج خوازەکان, بەکاردێنین کە هەوێنەکانی بەشی رابردوو بەتەواوی نا, بەڵام تاڕادەکی زۆر دێنێتەدی. جاری واش هەیە لە ناوی"حکومەتی خەڵکی" وەك دەستەواژیەکی گشتگیر کەڵك وەردەگرم, کەتەنیا دیموکراسیەکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە بەڵکە ئەو نیزامانەش دەگرێتەوەکە لە هەندێك بواردا



دیموکراتین بەڵام بەشێکی زۆری کۆمەڵی بەساڵاچووان بێ بەش دەکا لەمافی دەنگدان, یان شێوازەکانی بەشداری سیاسی. تاپێش سەدەی بیستەم زۆرینەی وڵاتەکانی دونیا لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە سیستمە نادیموکراسیەکان, چ لەبواری تیۆری‌و چ کردەوەیی, باشترن. تائەو ساڵانەی دوایی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤەکان هێندێك جاران گشتیان لەژێر دەسەڵاتی حاکمانی نادیموکراتیدا دەژیان. سەرۆکی ئەو سیستمە زۆرتر تێدەکۆشان حکوومەتەکەیان بەپشت بەستن بەو وتە کۆن‌و بێ مانایەی کە"زۆربەی خەڵك شایانی بەشداری نین لەبەرێوەبردنی دەوڵەتدا" پاساوبێننەوە. خاوەنانی ئەو بەڵگەیە لەسەر ئەو بڕوایەن کە زۆربەی خەڵك واباشە کاری ئاڵۆزو قورسی حکوومەت بە کەسانی خاوەن ئەزموون بسپێرن- , کە کەمن‌و لەوانەشە تاکە کەسێك بێ- لە کردەوەدا, ئەو ژیراندنانە هەرگیز بەس‌و تەواو نەبووە. لەبەر ئەوە لەهەرجێگایەك دیالۆگ‌و بەڵگە بارگەی پێچاوەتەوە, زوڵم‌و زۆرو دەست درێژی لەجێی ئەو تاوڵی هەڵداوە. زۆربەی خەڵك هەرگیز ڕازی بەژێر دەستەیی نەبوو لە بەرابەر ئەو سەرۆکانەی کە بۆخۆیان هەڵیان بژاردوون, بەڵکە ناچار بەوەکراون. ئەم بۆچوون‌و کردەوەیە کۆنەو تەنانەت ئەمڕۆش زیندوویە. گێرەو کێشە لەسەر حکومەت "کەسێك,کەسانێکی کەم,یان زۆرینە" ئێستاش بەشێوە جۆراو جۆرەکان لەئارادایە. لە ئاست مێژوویەکی وا دوورو درێژدا, بۆچی دەبێ ئێمە هەر لەسەر ئەو بڕوایەبین کەشێوە حکومەتی دیموکراسی لەگشت هاوتا نادیموکراسیەکان باشترە؟ ڕێگەبدەن یەکەیەکە هۆیەکانی ئەوە شیبکەینەوە. دیموکراسی, بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ هەر ڕژێمێکی هاوتای جیا لەئەوە, لانی کەم دەدانە باشیی هەیە. (وێنە5).

### وێنەی پێنج. بۆچی دیموکراسی؟

دیموکراسی چەند ئەنجامی باشی لێ‌دەکەوێتەوە کەبریتین لە:

1. دوورەپەرێزی لەدیکتاتۆری.
2. مافیسەرەتایی.

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک

www.pertwk.com

3. ئازادی گشتی
4. مافی چارەی خۆنووسین
5. سەربەخۆیی ئاکاری(ئەخلاقی).
6. ئاڵوگۆری مرۆڤی.
7. پارێزگاری لەبەرژەوەندییە سەرەتاییەکانی تاکەکەس.
8. یەکسانی سیاسی.

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە, دیموکراسیەمۆدێرنەکان, ئەمانەشیان لێدەکەوێتەوە:

9. ئاشتی خوازی.
10. گەشە.

ا- دیموکراسی یارمەتی ئێمە دەدات تاپێش بەحکومەتە دکتاتۆرو شەڕانیەکان بگرین.

پێدەچێ بنەڕەتی ترینو هەرمانترین کێشە و بابەت لەسیاسەتدا, بەردەوام ڕاکردن بێ لەدەسەلات داریتی دیکتاتۆری. لەتەواوی مێژووی نوسراودا, لەوانە سەردەمی ئێمەش, ڕێبەرانێك هەن, کە بەهۆی خۆبەزل زانی, بەدگومانی بەرژەوەندی تاکەکەس, ئیدیۆلۆژی, ناسیۆنالیستی, دین دارێتی, بڕوا بەمەزنێتی بوونی خۆیان, یان هەستو ئارۆزیانو هەڵچوونی تایبەت, لە توانا تایبەتیەکانی دەوڵەت, بۆ بەڕێوەبردنی سەرەڕۆییو تورەیی کەڵکیان وەرگرتووە هەتا بەئامانجی تاکەکەسی خۆیان خزمەت بکەن. نرخدانانی مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتداریتی سەرەڕۆیی دیکتاتۆری کەمترنەبووە لەقوربانیانی نەخۆشی قاتیو قڕیو شەڕ. چەند نموونە لەسەدەی بیستەم لەبەر چاوبگرن. لەسەردەمی دەسەڵاتداریتی "ژۆزیف ستالین"لەیەکێتی سۆڤیەت(1929-1953), چەندین ملیۆن مرۆڤی سیاسی کەوتنە بەندیخانەوە, کەزۆریان بەهۆی نەخۆشی ترسی ستالینەوە بوو" کە دەترسا لەدژی شۆرش بکەن. نزیکەی بیست ملیۆن مرۆڤ کە ئۆردوگاکانی کارگیانیان لەدەست دا. یان بە هۆی سیاسەتەوە لەداردران, یان بەهۆی قاتیو قریەوە مردن ئەو قاتیو قڕیەش بەهۆی گوشاری ستالینەوە بوو کە بۆ



جوتیارانی هێنا بوو تا بلکێن بەمووچەو مەزرا دەوڵەتیەکانەوە(33-1932).هەرچەندە بیست ملیۆنی دیکە لەقوربانیانی دەسەڵاداریتی ستالین زیندووماونەوە, بەڵام کوێرەوەری و ئازارێکی بێ ڕادەیان چێشت.[1] یان سەرۆکی دیکتاتۆری ئەڵمانی نازی لەبەر چاوبگرە (1933-1945). سەرەڕای دەیان ملیۆن کوژراوی نیزامیو خەڵکی مەدەنی کەبەرهەمی شەڕی دووەمی جیهانی بوو, هیتلەر ڕاستەوخۆ بەرپرسی مردنی شەش ملیۆن جوولەکەیە لەئۆردوگاکانی کاری زۆرەملی, هاوڕێ لەگەڵ زۆرێك لەنەیارانی پۆلۆنیایی, قەرەجەکان هاوجنس بازانو ئەندامی گروپەکانیتر کە هیتلەر قەستی لەناوبردنی بوو. لەسەردەمی رابەری سەرەڕۆو دیکتاتۆرانەی پۆل پۆت لەکامبودیا (1975-1979), تاقمەکەی پۆل پوت یەك لەسەرچواری خەڵکی کەمبودیایان کوشت. کە دەتوانرێ بەجۆرێك لەبنبڕکردنیوەچ دابنرێت. پۆل پۆت ئەوەندە لە توێژی خوێندەوار دەترسا کە نزیکەی گشتیانی لەناوبرد: بێ زێدەڕۆیی, بوونی چاویلکەو دەستی نەقەڵیشیو پسولەی مردن بوون.

بەدڵنیایی مێژووی حکومەتە خەڵکیەکانیش بێکەموکوڕی نین. سەرۆکە دیموکراسیەکانیش, وەك زۆربەی دەسەڵات داران, زۆرجار سەبارەت بەخەڵکێك کە لەدەوری سنورەکانی ئەوان ژیاون, واتا خەڵکانی وڵاتانی تر- دەرەکیەکان, داگیرکراوە(مستەعمرەو شتییتر- بەبێ عەدالەتی ودڵڕەقی هەڵسو کەوتیان لەگەڵ کردون. بەڵام تەنانەت لەم بوارەشدا حکومەتە دیموکراسیەکان سەبارەت بەدەرەکیەکان, هەڵسوو کەوتیان خرابترنەبووە لە حکومەتە نادیموکراتیەکان, بەڵکە زۆر جار باشتر بووە. لەهێندێك بواردا, بۆ نموونە لەهندستان, هێزی داگیرکەر بەرێکەوت, یان بە ئارەزوو یارمەتی

(1) ئەو ئاماژە لە کتیبی

Rodert conquest the great, stalin's porge Thirties(New york: Macmillan,1968) 525tt.

نوسراوەیەکیش لەرووی میدڤ دێڤ مێژووانی بەناوبانگی رووسی

Roq Medvedev(New york Times, february,1981)



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

دەكات بەدروست بوونی باوەڕو دامەزراوە دیموكراسیەكان. بەڵام ئێمە نابێ ئەو بێ عەدالەتیانە لەبیربكەین, كە حكومەتە دیموكراتیەكان زۆر جاران لەدژی خەڵكانی دەرەكی ئەنجامیان داووە, چونكە ئەوان بەوكارە یەكێك لەڕێسا سەرەكیەكانی سیاسیو ڕفتاری یان پێشێل كردوە- ئەو باسە لەبەشی دواییدا دەبینین كەباسی یەكسانی سیاسی هاووڵاتیان دەكا لەحكومەتێكی دیموكراتیكیدا- تەنیاڕێگاچارەی پێشگرتن لەم پێشێل كاریە پێدەچێ قەبووڵ كردنی ڕێسا جیهانیەكانی مافی مرۆڤ بێ كە بەشێوەیەكی كاریگەر لەدونیادا بەرێوەببرێ. هەرچەندە ئەو كێشەیەو ڕێگاچارەی گرینگیەكی زۆری هەیە, بەڵام لەم كتێبە بچكۆلەیەدا جیێ نابێتەوە.

هزرو كردەوەی دیموكراتیك لەگەڵ ململانێ ودیالۆگی خێرا تریش ڕووبەڕوودەبێتەوە ئەویش وەكو خەسارێكە كەحكومەتە دیموكراسیەكان لەكەسانێكی دەدەن كەلەژێر دەسەڵاتداریتی وان دادەژینو ناچارن پەیڕەوی لەیاساكانی ئەوان بكەن, بەڵام مافی بەشداری حكومەتیان نیە. بەسەر ئەو خەڵكانەدا حكومەت دەكرێ, بەڵام بۆخۆیان تواناى حكومەت كردنیان نیە. بەختەوەرانە ڕێگاچارەی ئەو كێشەیە جوان دیارە گەرچی بەردەوام بەرێوەبردنی سانانیە. دەبێ مافی دیموكراسیانە بەئەندامانی ئەوگروپانەش بدرێ كە لەپەراوێزدان. ئەو ڕێگا چارەیە لەڕاستیدا لەسەدەی نۆزدەو سەرەتاكانی سەدەی بیستەم دا, ئەودەمەی كە سنووورداریەتی ڕابردووی دەنگدان لابرانو مافی دەنگدانی گشتی بووبە پێوەری حكومەتە دیموكراسیەكان, بەشێوەیەكی بەربلاوتر پەسەند كرا [1] بەڵام لەوانەیە ئێوە هێشتا كەمێك گومانتان مابێ ئایا حكومەتە دیموكراسیەكان ناتوانن بەو كەمینە هاووڵاتیانەش زەرەر بگەیەنن كەخاوەنی مافیدەنگدانو دەنگەكەیان لە ئاست دەنگی زۆرینەدا كاریگەری نیە؟ ئایا ئەوە هەر ئەوشتە نیە كە ئێمە ناوی دەنێین "زۆرداری زۆرینە؟"سەد خۆزگە وەڵام ئاسان بوایە.

[1]لەوانە حكوومەتی ئەمریكایە كە تا ساڵی(1965-1964) مافی هاووڵاتی بۆ هاوڵاتیانی ڕەش پێستی ویلایەتی باشووری خۆی پەسند نەكردو تا ئەو دەم پێشێلی كرد.



بەڵام مەخابن زۆر لەوە ئاڵۆزترە كەبیری لێدەكەینەوە. گیرۆدەییو گرفتاری لێرەوە دەست پێدەكا كە كاركردی گشت یاساو سیاسەتێك, چ زۆرینەیەكی دیموكراسی پەسەندی كردبێ, چ كەمینەیەكی ئولیگارشی, دیكتاتۆرێكی میهرەبان, بەناچاری زیان دەگەیەنن بەهەندێ كەس. كە بمانەوێ بەساكاری دەری برین, باس لەوەنیە كە ئایا حكومەتێك دەتوانێ یاساكانی وادابڕێژێ كەهیچ یەك لەم یاسایانە هەرگیز زیان نەگەیەنن بە بەرژەوەندی هاووڵاتیەك. هیچ حكومەتێك, تەنانەت هیچ حكومەتێكی دیموكراسیش, ناتوانێ شتێكی ئەوتۆ مسۆگەر بكات. مەبەستەكە ئەوەیەكە ئایا لەدرێژماوەدا دەكرێ پرۆسەیەكی دیموكراسی كەمتر لەهاوتا نادیموكراسیەكان, زەرەرو زیان بدا لەمافو بەرژەوەندی سەرەكی هاووڵاتیانی خۆی, یان نا؟ هەرئەوەی كە حكومەتە دیموكراسیەكان پێش بەدەسەڵاتداریتی سەرەرۆو دیكتاتۆرەكان دەگرن, ئەوەنیشان دەدا كەئەوان باشتر لەحكومەتە نادیموكراسیەكان ئەو شەرتە بەجێدێنن. بەڵام ئەو ڕاستیەی سیستمە دیموكراسیەكان كەزۆر كەمتر لە سیستمە نادیموكراسیەكان سەرەڕۆیی دەكەن, نابێ ببێتە هۆی ئەوە كەهاووڵاتیانی دیموكراتیك لەخۆیان دەربچن. ئێمەنابێ تاوانی كەمی كەسەكان بەپێی تاوانی زۆرتری كەسانی دیكە پاساوبدەین. تەنانەت ئەوكاتەی وڵاتێكی دیموكراسی, بەپەیڕەی لە ڕێسا دیموكراسیەكان, توشی نا یەكسانی دەبێ دەرەنجامی كار هەروا نا یەكسانیە. دەسەڵات وهێزی زۆرینە مانای ئەوەنیە كە زۆرینە راستن. [2]بەڵام بەهەرحاڵ, چەند هۆیەكی تریش هەیە دەربارەی ئەوەی كە دیموكراتیەكان سەبارەت بە بەرژەوەندیی سەرەكی مرۆڤەكان لەوانەیە عادلانەترو ڕێزدارانەتر دەجوڵێنەوە لەحكومەتە نادیموكراتیەكان.

2ـ دیموكراسی بۆ هاوڵاتیان هێندێك لەمافە سەرەكیەكان مسۆگەر دەكا, كەرژێمە نادیموكراسیەكان ئەوەیان ناوی, یان ناتوانن دانیان پێدابنین.

(2) بۆلێكۆڵینەوەی فرەتر بڕواننە:
James S.Fishkin, Tyranny and Legitimacy: Agritigue of Politicg The ories (Balitome: Johns Hopkin University Press, 1979).



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

www.pertwk.com

دیموکراسی تەنیا پرۆسەیەکی حکومکردن نیە بەچەشنێك کەمافی کەمینە توخمی پێویستی دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکانە. بەڵکە دیموکراسی لەناخی خۆیدا سیستمێکی حقوقیشە. حقوق توخمێکە لە پێویستیەکانی دروستکەری پرۆسەی بە دیموکراسی کردنی دەوڵەت.

بۆساتێك پێوەرە دیموکراسیەکانی ئاماژەپێکراو لەبەشی پێشودا بهێنە بەرچاو: ئایا ئاسایی نیە کە سیستمێکی سیاسی بۆ چەسپاندنی ئەو پێوەرانە پێویستە وەك پێویستی مافێکی تایبەت بۆ هاووڵاتیەکانی مسۆگەر بکا؟ بۆنموونە بەشداریەکی شایان لەبەر چاو بگرە: بۆچەسپاندنی ئەو پێوەرانە، ئایا هاوڵاتیان نابێ مافی ئەوەیان هەبێ کە بۆچوونی خۆیان دەرببڕن سەبارەت بەکێشە سیاسیەکان، هەروەها بۆچوونی هاووڵاتیانی دیکە ببینن‌و لەگەڵ گشت هاووڵاتیان سەبارەت بەداخوازی سیاسی راوێژ بکەن؟ یان دەرەنجامی هەوێنی یەکسان لەدەنگداندا لەبەرچاو بگرن: هاووڵاتیان دەبێ مافی دەنگدانیان هەبێ‌و دڵنیا بن لەیەکسانی ژماردنی دەنگەکانیان. هەروەها دەربارەی گشت پێوەرە دیموکراسیەکانی دیکە: رۆشنە کە هاووڵاتیان دەبێ مافی لیکۆلینەوەیان هەبێ سەبارەت بەبۆچوونی هاوتا، واتەمافی بەشداری لەبڕیاردانەکاندا، لەوبارەیەوە کەچ شتێك بخرێتە دەستوری کارەوەو چۆن‌و زۆر شتی لەم چەشنە.........

بەپێی ئەم باسکردنە هیچ سیستمێکی نادیموکراسی بۆ هاووڵاتیان(یان پەیرەوانی) دان نانێ بەم هەموو مافە سیاسیانەدا. هەر رژێمێکی سیاسی ئەم مافانە بدا بەهاووڵاتیانی، بەپێی ئەم تاریفە ئەوە سیستمێکی دیموکراسیە.

سەرەڕای ئەوە جیاوازی تەنیا دژایەتیەکی بچووك نیە. بۆ چەسپاندنی هەل‌ومەرجی دیموکراسی، دەبێ مافی کەسایەتیی بەکردەوە بخاتە بەردەست هاووڵاتیان. بەڵێنی دان بەمافی دیموکراسی لەسەر کاغەز، لەیاسادا یان تەنانەت لەخودی یاسای سەرەکیدا بەس نیە. ئەو مافە دەبی بەشێوە یەکی کاراو ئاشکرا بەرێوەبچێ‌و بەشێوەیەکی روون‌و ئاشکرا بەکردەوە هاوڵاتیان دەستیان پێی رابگا. پێچەوانەی ئەوە سیستمی سیاسی جێی مەبەست، پێچەوانەی قسەی سەرۆکەکانیان، تائەو رادەیە نادیموکراتیکن‌و زریق‌و باقی "دیموکراسی"جگە لەڕواڵەت شتێکی وانیە بۆ سەرۆکانی نادیموکراتیك.

بەهۆی سەرنج راکێش بوونی کێشەی بیرۆکەی دیموکراسی، سەرۆکە خۆویستەکان لەسەدەی بیستەم زۆر جاران شێوازی حکومەتەکەی خۆیانیان لەژێر سەرپۆشی شانۆیی"دیموکراسی"و"هەڵبژاردن"دا دەشاردەوە. بەڵام بەهەرحاڵ بیری لێبکەوە لەم چەشنە وڵاتانەدا گشت مافێك کەپێویستی بەدیموکراسیە، بەشێوەی جۆراوجۆر بەڕاستی خرابێتە بەر دەست هاووڵاتیانەوە لەوحاڵەدا ئەم "وڵاتە لەسەردەمی تێپەڕین، بۆ دیموکراسی تێپەڕیوە- ئەو هەل‌ومەرجەی لەنیوەی دوهەمی سەدەی بیستەمدا زۆر جاران رووی داوە-

لێرەدا رەنگە کەسێك نارەزایەتی دەرببڕێ‌و بۆنموونە بڵێ، ئازادی" دەربڕین تەنیا بەو هۆیەی کە بەشێکە لەتاریفی دیموکراسی نایەتەدی. کێ گوێ دەداتە تاریفەکان؟ تۆ دەڵێی کە بەئەرخەیانی پەیوەندی جێ مەبەستی ئێمە دەبێ شتێك بێ فرەتر لەپەیوەندی تاریفی. هەڵبەت تۆڕاست دەکەی. ئەو دامەزراوانەی کەبۆ داکۆکی لەماف‌و دەرفەتە سەرەتاییەکانی دیموکراسیخوازی پێکهاتوون پێویستی ئەو سیستمەن: نەتەنیا وەك مەرجێکی پێویست بەپێی لۆجیك، بەڵکو وەك مەرجێك بەپێی ساوکەو ئەزمونی پێویست، بۆ ئەوەی کە ئەو سیستمە هەبێ، تەنانەت بەو حاڵەشەوە ڕەنگە بپرسی، ئایا ئەوانە گشتی تیۆری داتاشینی پێش گەمەی تیۆرزانان، فەیلەسووفان‌و رووناکبیران نیە؟ هەروەها لەوانەیە بڵێی: بەدڵنیایی گەمژانەیە ئەگەر وابیر بکەینەوە کە داکۆکی چەند فەیلەسووف بۆ سەقامگیربوونی دیموکراسی بەسە. هەڵبەت لێرەشدا تۆ ڕاست دەکەیت. ئێمە لەبەشی چوارەمی ئەم کتێبە دا ئەو هەل‌ومەرجانە شیدەکەینەوە کەڕەنگە ببنەهۆی بەردەوام بوونی دیموکراسی. لەوانە بوونی بڕوای بەرینی دیموکراسیخوازیە لەناو هاووڵاتیان‌و سەرۆکەکاندا، کەباوەڕەکانی ماف‌و دەرفەتی پێویست بۆدیموکراسی دەگرێتەوە.

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

بەخۆشحاڵیەوە پێویستی ماف‌و دەرفەتەکان ئەوەندە شاراوە نین, کە هاووڵاتیانی ئاسایی‌و ڕێبەرە سیاسیەکانیان لێی تێ‌نەگەن. بۆنموونە لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا بۆ ئامریکاییەکی تەواو ئاسایی ئاشکرابوو کەبێ ئازادی ڕادەربڕین ناکرێ کۆمارێکی دیموکراسییان هەبێ. یەکێك لەهەوڵە سەرەتاییەکانی توماس جیفرسۆن دوای ئەوەی ساڵی 1800 بەسەرۆك کۆماری ئامریکا هەڵبژێردرا ئەوەبوو کە دوایی بێنێ بەیاسایەکی ناوزڕاو بەناوی "یاسای بێگانەو ئاژاوەچیان" کەلەدەوری پێش ئەودا, واتە دەورەی جان ئادامز, ئەو یاسایە بەکاردەهێندراو دەربڕینی بۆ چوونی سیاسیی قەدەغەدەکرد. جیفرسۆن بۆ بەڕێوەبردنی ئەوکارە نەتەنیا بەباوەڕەکانی خۆی, وادێتە بەر چاو وەڵامی دروستی داوە بەڕوانگەی خەڵك کەئەوکات لەناو هاوڵاتیانی ئاسایدا ئەو ڕوانگەیە بەبەرینی برەوی هەبوو. هەرکات هاوڵاتیانی وڵاتێك تێنەگەن کە دیموکراسی پێویستی بە هێندێك مافی سەرەکی تایبەتە, یان پارێزگاری نەکەن لە دامەزراوە سیاسیی, ئیداریی‌و یاساییەکان, ئەو کاتەیە کە دیموکراسی ئەوان دەکەوێتە مەترسیەوە. بەختەوەرانە, ئەو مەترسیە تاڕادەیەك بەهۆی سێهەم باشیەکانی سیستمە دیموکراسیەکان کەم دەبێتەوە.

3.دیموکراسی بۆ هاوڵاتیەکانی فرەترلەهەر سیستمێکی کارای دیکە ئازادی تاکە کەسە مسۆگەر دەکا.

سەرەڕای ئەوەی گشت مافەکانی, ئازادی‌و ئەو دەرفەتانەی کەبەڕاستی پێوستن بۆ ئەوەی کە حکومەتێك دیموکراتیك بێ, هاووڵاتیانی ئەو دیموکراسیە دڵنیان لەوەی کەسوود وەردەگرن لەئازادیەکی فراوانتر. باوەڕ هەل‌ومەرجی لەباری دیموکراسی جیاواز نیە لەباوەڕەکانی دیکە. بۆ زۆرینەی خەڵك ئەم باوەڕە, بەشێکە لەکۆمەڵێك باوەڕی پێکەوە گرێدراو. یەکێك لە بەشەکانی ئەم کۆمەڵە پێکەوە لکاوە, بۆ وێنە ئەوەیە کە, ئازادی ڕادەربڕین خۆی لەخۆیدا لەبارو باشە. لەدونیای بایەخەکان یان باشیەکاندا, دیموکراسی جێ‌و شوێنێکی بەرزی هەیە. بەڵام تاقانە باشیش نیە. ئازادی دەربڕینیش وەك زۆربەی مافە پێویستەکان بۆ ڕەوتی دیموکراسخوازی



گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە, چونکە بۆ سەربەخۆیی کردارو ئاکار, هەڵسەنگاندنی ئاکاریی‌و ژیانێکی باش وەك کەرەسەوایە. سەرەڕای ئەوانە, دیموکراسی بەردەوام نابێ, مەگەر هاووڵاتیانی بتوانن فەرهەنگێکی گشتی داکۆکی پێك بێنن‌و بۆ ڕاگرتنی تێ بکۆشن, لەڕاستی دا دەبێ داب‌ونەریەت‌و فەرهەنگێکی گشتی دروست بکەن کەپارێزەری ئەم ئامانج‌و کردەوانە بێ. پەیوەندی نێوان سیستمێکی حکومەتی‌و فەرهەنگێکی دیموکراسی کەپارێزەری ئەم ڕژێمە بێ, پەیوەندیەکی ئاڵۆزە کە ئێمە لەبەشی 13دا دەگەڕێینەوە سەری. لێرەدا هەرئەوەندە بەسە کە بڵێین فەرهەنگی دیموکراسیخوازی بە دڵنیایی دەبێ جەخت بکا لەسەر ئازادی تاکەکەس وهەرلەسەر ئەو بنەمایەش جەخت بکا لەسەر کۆکردنەوەی داکۆکی بۆماف‌و ئازادی زۆرتر.

هەروەك سەرۆکی یۆنانی پێریکلیس سەبارەت بەدیموکراسی ئەسینا لەساڵی 431پ.ز وتی, ئەو قسەیەی ئەو بۆ دیموکراسیە نوێیەکانی ئێستاش دەخوا-:"ئەو ئازادیەی کە ئێستا لەحکومەت دا هەمانە دەبێ ڕەگی بچێتە ناو ژیانی ئاساییشمانەوە"[1]

بەدڵنیایی, ئەم بۆچوونە کە دەوڵەتێکی دیموکراسخواز زۆرتر لەهەر دەوڵەتێکی شیاوی دیکە ژمارەیەکی زۆرتر لەئازادیەکانمان دەنێتە بەردەست بۆ هەندێك کەس, دەبێتە جێگای باس‌و لێکۆڵینەوە, کەهێندێك کەس پێیان وایە ئەگەر دەوڵەت نەمێنێ ئێمە گشتمان زۆر تر لە ئازادییەکان بەهرە وەردەگرین: ئەوە هەر ئەو قسەیەی ئانارشیستەکانە[2]. بەڵام ئێوە ئەگەر هەوڵ بدەن دونیایەك لەمێشکی خۆتاندا دروست بکەن کەلەوێدا هیچ دەوڵەتێك نەبێ, جیگایەکی وا کەهەر کەسێك ڕێز بۆ مافی سەرەکی کەسێکی دیکە دابنێ، هەموو بابەتێك کەپێویستی بەنەخشەو بڕیاری گشتی

---

[1]Phucydides,The Pelponnesian War (New York: Modem Library,1951),P.105

(2)وشەی anarchy لەوشەی یۆنانی anarchos بەمانای بێ حاکم (لە{حاکم archos}+an) وەگیراوە. ئانارشیزم بەتیۆریەکی سیاسی دەوترێ کەبەپێی ئەو دەوڵەت پێویست نیە,نەشازە.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

هەیە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لەسەری پێك بێن, ئەوە درەنگ یان زوو وەك زۆربەی کەسانی دیکە, بەو ئاکامە دەگەین کەشتێکی ئەو تۆ هەرگیز پێك نایەو نابێ. بەکارهێنانی زۆر لەلایەن کەسانو لەرێگەی کەسێك, گروپ, یان رێکخراوەی ترەوە زۆر لەرِوودان نزیك دەبێ: بۆ وێنە لەلایەن کەس, گروپ, یان ئەو رێکخراوانەی کەدەیانەوێ بەرهەمی کاری کەسانی دیکە بدزن کەسانی لاوازتر لەخۆیان بکەنە کۆیلە یان بیانکەنە ژێردەستەی خۆیان, حکومەتی خۆیان بەسەر ئەواندا بسەپێنن, یان لەراستیدا دەوڵەتێکی سەرکوتکەری تر بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی خۆیان دابمەزرێنن بەڵام ئەگەر لابردنی دەوڵەتی لەسەر کار ببێتە هۆی بشێویی‌و بێسەروبەری-هەمان ماناکە "زۆر جار لەئانارشی"دەرك دەکرێ – لەوحاڵەتەدا دەوڵەتێکی باش سەربخا بەسەر دەوڵەتێکی خراپدا کەهەمیشە لەدوای پشێویی‌و ئاژاوە سەرهەڵدەدا. ئەگەر ئانارشیزممان نەوێ‌و پێویستی دەوڵەت بەراستی بزانین, ئەو دەم دەوڵەتێك کەخاوەنی حکومەتێکی دیموکراسیە زۆرتر لەدەوڵەتەکانی دیکە بۆ بەر فراوان کردنەوەی ئازادی هەوڵدەدا.

4- دیموکراسی یارمەتی خەڵك دەدا تا لەبەرژەوەندی سەرەکییان پارێزگاری بکەن. هەرکەس, بەشوێن شتێکەوەیە: ژیان, بژێوی ماڵ, تەندروستی, ئەوین, رێز, ئاسایش, بنەماڵە, هاورێیەتی, کارێکی باش, سەیرانو گەشتو زۆر شتی‌دیکە. وێنای تایبەتی ویستەکانی تۆ رەنگە لەگەڵ وێنای کەسانی دیکە جیاوازی هەبێ. تۆش, وەك زۆربەی خەڵك, بەدڵنیایی پێت خۆشە کۆنترۆڵت بەسەر ئەو هۆکارانەدا هەبێ کەدیاری دەکەن تۆ تاکوێ دەتوانی ویستەکانت وەدیبێنی-ئازادی هەڵبژاردن, دەرفەتی شێوەدان بەژیانێك هاوسەنگ لەگەڵ ئامانجت, باشیەکان, توانایی, بایخ, بەڵێنو باوەرِەکان. دیموکراسی باشتر لەهەر سیستمێکی دیکە کە هەتائێستا دۆزراوەتەوە پارێزەری ئەم ئازادی‌و بوارانە بووە. هیچ کەس ئەم دەلیلەی بەهێزتر لە"ستورات میل" نەخستۆتە روو.

ئەو دەنووسێ: بنەمایەك هەیە "کەوەك هەموو گوزارەگشتیەکان کەدەکرێ سەبارەت بەکارەکانی مرۆڤ ئاماژەی پێبدەی خاوەنی رِاستەقینەو لەژێر کارکردی جیهانی دایە. ئەوەش بریتیە لەوەی کەمافو بەرژەوەندی هەر کەسێك, مادام کەئەو بۆخۆی تواناو هۆگربێ بەپاراستنیان, ناکەوێتە بەردەست درێژی............

مرۆڤەکان تەنیا بەرادەی تواناییەك کەبۆ پارێزگاری لەخۆیان هەیانە دەتوانن لەدەست درێژی کەسانی دیکە خۆبپارێزن"پاشان دەڵێ کەتۆ تەنیا کاتێك دەتوانی مافو بەرژەوەندیت لەبەرامبەر حکومەتداو هەروەها لەدەست ئەوانەی کە لەحکومەتدانو دەستیان دەروا, بپارێزی کەلەدیاری کردنی رێبەرایەتی دا بەشدار بی. ئەوگەیشت بەو ئەنجامە کە" لەکۆتاییدا ناکرێ جگە لەبەشداری گشت خەڵك لەهێزی بەرزی دەوڵەتدا, بەشتێکی کەمتر رازی بی" واتە دەوڵەتێکی دیموکراتیك.[1]

بەدڵنیایی"مێل" راستی‌دەکرد. هەڵبەتە ئەوە دروستە کە تۆ ئەگەر کەسی دەنگدەر بی لەوڵاتێکی دیموکراسیخوازدا تەنانەت ناتوانی بەتەواوی دڵنیابی کە بەرژەوەندیت بەباشی دەپارێزرێ" بەڵام ئەگەر لەکۆمەڵی دەنگدەران دوورخرابیەوە دەتوانی دڵنیابی کە بەرژەوەندیتان زیانی پێکەوتووە بەهۆی کەوتنە پەراوێزەوە یان کەمو کورِیەکانی سیستمەوە.

## تێکەڵاوی باشترە لە تەریکی!

5- تەنیا حکوومەتی دیمکراتی دەتوانی لانی زۆری دەرفەت برەخسێنێ بۆ کەسەکان تا ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن- واتا بەپێی یاسایەك کەخۆیان هەڵی دەبژێرن بژین-.

هیچ مرۆڤێك ناتوانێ ژیانێکی باشی بەبێ ئەوەی کە دۆستو هاورێی کەسانی دیکە بێ. بەڵام ژیان بەهاورێیەتی کەسانی تر نرخێکی دیکەشی هەیە! تۆ ناتوانی بەردەوام ئەوەی پێت خۆشە بیکەی هەرکە سەردەمی منداڵیت تێپەرکرد, بەراستەقینەیەکی ژیان دەزانی ئەوەی کە تۆ حەزدەکەی بیهێنێتەدی جیاوازە لەوەی کە کەسانی دیکە ئەیانەوێت بیهێننەدی. لەوەش تێدەگەی کە گروپو کۆمەڵێك کە حەزدەکەن تۆ

(1) : John Stuart Mill, Gonsidertion on Representative Gorerment {1861} (New York: Liberad Arts Press, 1958), PP.93, 95.

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

تێکەڵاویان بیت لەڕێساو کردەوەیەك پەیڕەویی دەکەن‌و تۆش وەك ئەندامێك, ناچاردەبی پەیڕەوی لێ بکەی. لەئاکامدا کە نەتتوانی ئاواتەکانت بەسانایی یا بەزۆرە ملی بسەپێنی, ئەو دەم دەبێ ڕێگا چارەیەکی ئاشتی خوازانە هەڵبژێری بۆ کێشەکانت, رەنگە ئەو ڕێگا چارەیە لەرێگای ڕێککەوتنەوە بێ.

**لەبەر ئەوە لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کەسەلمێندراوە, چ لەبواری تیۆری‌و چ لەبواری کردەوەدا زۆر سەر سوڕهێنەرە: چۆن دەتوانی ئەو رێسایانە هەڵبژێری کە گروپەکەتان تۆی ناچار کردووە بە پەیڕەوکردنیان؟ ئەم پرسیارە, بەهۆی هەڵکەوتنی تایبەتی دەوڵەت, لەداسەپاندنی یاساکانی دا بەزۆرەملی, بەتایبەتی پەیوەندی هەیە بەهەل‌و مەرجی تۆوە وەك هاووڵاتیەك یان وەك(دانیشتوو)ی دەوڵەتێك. چۆن دەکرێت تۆ ئازادانە یاساگەلێك هەڵبژێری کەدەوڵەت بەسەری داسەپاندووەو لەهەمان کاتیشدا, بەهۆی ئەوەی کە تۆ ئەوانەت هەڵبژاردووە, نەتوانی سەرپێچییان لێ بکەی؟ ئەگەر تۆو هاوڵاتیانت بەردەوام پێکبێن, ڕێگا چارە ساناتر دەبێ. هەمووتان یەك دڵ‌و یەك زمان سەبارەت بەیاساکان هاوبیرن, لەراسیتدا لەم چەشنە کاتانەدا پێویستتان بە یاسا نیە, رەنگە تەنیا بۆ بیرهێنانەوە ئەوەندە بەسە بۆ پەیڕەوی لەیاسا لەدەنگ‌و بۆ چوونی خۆتان پەیڕەویی بکەن. لەم کاتەدا گیروگرفت نامێنێ, هەروەها هاوهەنگاوی لەنێوان ئێوەو دۆستەکانتاندا خەونی ئانارشیستەکان وەدی دێنی. بەڵام مەخابن! ئەزموون نیشانی داوە کەیەکیەتی بۆ چوونی جدی, بەبێ زۆرو بۆ ماوەیەکی زۆر لەکاروباری مرۆڤاندا بەرچاو ناکەوێ, ڕێککەوتنی بەردەوام‌و تەواو, ئامانجێکی دەگمەنە. لەبەر ئەوە پرسیارەکەمان هەروا بێ وەڵام دەمێنێتەوە.**

**ئەگەر ئێمە نەتوانین بەشێوەیەکی دروست لە هاوهەنگاوی دا لەگەڵ کەسانی هاوگروپ‌و هاونیشتیمان بژین, ئەو دەم هەوڵدەدەین رەوتێك دروست بکەین تابتوانین بگەین بەیاساو رێسایەك کە هەوێنە لۆجیکە تایبەتیەکان پێك دێنن.**



**♦ ئەم پڕۆسەیە دەبێت ئەوە مسۆگەر بکا پێش ئەوەی یاسایەك بچێتە ئاستی کردەوە هەموو کەسەکان هەل‌ودەرفەتی ئەوەیان هەبێ بۆچوونی خۆیان لەسەری دەربڕن.**

**♦ بۆ هەرکەسێك دەبێ دەرفەتی باس, بیروڕاگۆڕینەوە,"موزاکەرە", هەل‌و مەرجێك بڕەخسێندرێ تا لە ئەنجامدا شێوەی یاسایەك بەخۆیەوە بگرێ کە گشت پێی ڕازی بن.**

**♦ لەهەل‌و مەرجی داسەپێندراوتردا کە یەکیەتی دەنگ دیارنیە, ئەو یاسایەی کەپێش نیاز دەکرێ‌و لایەنگری زۆرتری هەیە دەبێ کارا بێ.**

**هەڵبەت دەبینن کە ئەم هەوێن‌و وێنانە بەشێکن لە رەوتی دیموکراتیکی مەبەستدار, کەلە بەشەکانی رابردوودا باسمان لێوەکرد هەرچەند ئەم رەوتە ناتوانێ ژیانی مرۆڤەکان بەپێی ئەوەی دەنگیان بۆ داوە بەڕاستی مسۆگەر بکات. بەڵام مافی چارەی خۆنووسین لەلای خۆیان دەباتە بەرزترین ئاست. تەنانەت کاتێك تۆ کەمینەی‌و نوێنەرەکەتان شکست دەخوات, دووبارەش پێتان وایە ئەو ڕەوەندە لەهەر رەوەندێکی دیکە باشتردەکرێن پێی هیوادارب‌ی‌و دادپەروەرانە. ئەوە تاڕادەیەکە کە دەتوانی ئازادی دیاریکردنی چارەنووسی خۆتان بەکاربێنی, بەداڕشتنی ئازادانەی ژیان لەسەر یاسایەکی دیموکراسخوازی لەبری هەر سیستمێکی نادیمکراسیخوازی تر.**

6- **تەنیا دەوڵەتێکی دیموکراسیخواز دەتوانێ لانی زۆری دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ بەکارهێنانی بەرپرسیاریەتی ئاکاری"ئەخلاقی".**

**کارکردی بەرپرسایەتی ئاکاریی چیە؟ بەبڕوای من بەو مانایەیە کە تۆ شێوەی ئاکاری تایبەتی خۆتان دەست نیشان بکەی‌و بڕیارو نەخشەی پێوەندی دار بەوانەوە تەنیا کاتێك هەڵبژێری کە خۆت تێکەڵ کردبی بەرەوتی بیرکردنەوەو تیرامان, راوێژو بیروڕاگۆڕینەوە, سەرکەوتن, سەرنج دان بەشێوەکانی هاوتاو داهاتوویان. بۆ ئەوەی تۆ لەباری ئاکارییدا وەك بەرپرس بناسرێی دەبێت بتوانی لەبواری وەرگرتن‌و دامەزراندنی ئاکاریی پەیوەندیدارەوە خاوەنی بڕیار بی.**



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

هەڵبەت ناكرێت چاوەڕوان بێت زۆربەی ئێمە بتوانین ئەو كارە بكەین. بەو حاڵەوە هەرچەند هەل‌و دەرفەت بۆ ژیانی ژێر یاساكەتان سنووورداربێت, مەودای بەر پرسیاریەتی ئاكاری تۆش سنووورداره. تۆ چۆن دەتوانی بەرپرسی بڕیاردانێك بی كە خۆت ناتوانی كۆنترۆڵیان بكەی؟ ئەگەر نەتوانی هیچ كاریگەریەكت لەسەر جووڵانەوەی بەرپرسانی دەوڵەت هەبێ, چۆن دەتوانی بەرپرسی هەڵس‌و كەوتیان بێت؟ ئەگەر تۆ پەیڕەوی بڕیاری گشتی بی, كەوەك هەی, ئەگەر پڕۆسەی دیموكراسی مەودای ئێوە فرەتردەكاتەوە بۆ ژیان لەژێر تیشكی ئەو یاسایانەدا كە خۆتان هەڵتانبژاردوون, ئەو دەم ئێوەش دەتوانن رێك وەك كەسێك كە لەبواری ئاكاریەوە بەرپرسە بجووڵێیەوە- تاڕادەیەك, كەهیچ دەوڵەتێكی نادیموكراتیك ناتوانێ بەوەبگات-.

7- دیموكراسی زۆرتر لەهەر هاوتایەكی شیاوی دیكە دەبێتە هۆی بەرزبوونەی خوو وتایبەتمەندیەكانی مرۆڤ.

ئەم هەڵوێستە زۆر خێراو هەروەها زۆرتر لەهەر هەڵوێسەیەكی‌تر جێگای ململانێیە. لەبیرتان بێ كەئەم هەڵوێستە پەیوەندی بەئەزموونەوەهەیە. واتا پەیوەندی بەشتی ڕاستەقینەوە هەیە. لەڕاستیدا ئێمە دەبێ بتوانین بەداهێنانی شێوەیەكی لەبار بۆپێوانەی"گەشەی تایبەتمەندیەكانی مرۆڤی"و بەراوردكردنیان لەناو خەڵكانێك كەلە سیستمێكی دیموكراتیك‌و سیستمێكی نادیموكراتیك دادەژین, ئەم هەڵوێستە بلاوبكەینەوە. بەڵام ئەم كارە ئەركێكی گرانە. لەئاكامدا گەرچی بەڵگەی ئامادە نیشاندەری ڕاستی ئەو هەڵوێستەن, بەڵام ڕەنگە واباشتربێ كەئەم كارە زۆر بەشیاو بزانین نەك وەك شتێكی چەسپاو لەقەڵەمی بدەین. لەوانەیە بڵێم هەركەسێك سەبارەت بەوتایبەتمەندیانەی كەپێی‌وایە باشن یان باش نین ڕوانگەی تایبەت بەخۆی هەبێ, تایبەتمەندی باشەكان دەبێ‌گەشەبكاو تایبەتمەندییە نالەرەكانیس دەبێ پێش بەگەشەیان بگیرێ. تایبەتمەندیە باشەكانی كە ئێمە حەزدەكەین گەشە بكەن بەكورتی بریتین لە:



سەداقەت وڕاستی, وئینساف‌و دڵ‌ودەرون‌و ئەوین. زۆر بەمان هەروا بیردەكەینەوە كە مرۆڤێكی پێگەیشتوو دەبێت توانای ئاگاداری لە خۆی‌و پارێزگاری لەخۆی هەبێ‌و توانای پارێزگاری لەبەرژەوەندی خۆی هەبێ" بەبێ یارمەتی كەسانی دیكە. زۆربەمان وابیردەكەینەوە باشترو لەبارتروایە كە مرۆڤی پێگەیشتوو بەرپرسیارانەتر بجوڵێنەوە. ڕووداوگەلی وەك ململانێ‌و تێك هەڵچوون ژیرانەتر بە باشترین شێوە هەڵسەنگێنن. داهاتووەكانی لەبەر چاوبگرن ماف‌و چارەنووسی كەسانی دیكەو خۆشیان بخەنەڕووو دەبێ توانای تێك هەڵچوون‌و تێك گیرانیان هەبێ لەباس‌و دیالۆگی ئازادو گشتی‌دا سەبارەت بەكێشەو بابەتەكانی ڕۆژ. لەسەرەتای هاتنە دونیاوە زۆرینەی مرۆڤەكان ئەم گەشەو نەشەیەیان تێدایە. ئەوەیكە چۆن‌و تاچ ڕادەیەك گەشە بەوانە دەدەن پەیوەندی بەگەلێك شتەوە هەیە, كەیەكێك لەوانە هەل‌ومەرجی ئەو نیزامە سیاسیەیە كە كەسەكان تێیدا دەژین. تەنیا سیستمە دیموكراتخوازەكان هەل‌ومەرجی گەشەكردنی ئەم رەوشتانە دابین دەكەن. لە هەموو سیستمەكانی دیكەدا, مەودای پارێزگاریكردنی بەساڵاچووان لەبەرژەوەندی خۆیان, لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی كەسانی دیكە, وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی بڕیاری گرینگ, تێك هەڵچوون لەگەڵ كەسانی دیكە لە دیالۆگێكی ئازاددا سەبارەت بەهەڵبژاردنی باشترین بڕیار بەتوندی بەرتەسك دەكرێتەوە. حكوومەتێكی دیموكراتخواز بۆ زامنی گەشەی ئەم تایبەتمەندیانە لەلایەن خەڵكەوە بەس نیە, بەڵام پێویستە.

8- تەنیا حكومەتێكی دیموكراتیك دەتوانێ یارمەتی بدابە گەشەی یەكسانی سیاسی لەئاستێكی بەرزدا.

یەكێك لەگرنگترین هۆیەكانی باشتربوونی حكومەتی دیموكراتخواز ئەوەیە كە ئەم حكومەتە لەچاو هەر سیستمێكی تردا, دەتوانێ بگابە یەكسانیەكی سیاسی زۆر بەرینتر. بەڵام ئەم پرسیارە هیچ ئاسایی نیە, من لە دوو بەشی داهاتووی ئەم كتێبەدا شی دەكەمەوە بۆچی یەكسانی كارێكی باش‌و لەبارە, لەڕاستیدا بۆچی ئێمە بە رازی بوونی چەند بنەڕەتی‌بەجێ كە



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

لەوانەیە زۆربەمان باوەڕمان پێیان هەبێت, دەتوانین وەك پێویستی یەكسانی سیاسی لێ هەڵێنجێنین. هەروەها نیشانی دەدەم كە ئەگەر ئێمە یەكسانی سیاسی قەبووڵ بكەین ئەودەم ناچاردەبین كەپێنجەمین هەوێنی دیموكراسی لەبەرچاو بگرین لەو كۆمەڵە هەوێنەی كەلە وێنەی چواردا ئاماژەم پێداون.

باشیەكانی دیموكراسی كەئێستا لێیان دواوین دەبێ پەیوەست بن بەدیموكراسیەكانی رابردووو داهاتوو. بەڵام هەروەك لەبەشی دووەمدا بینیمان, هێندێك لەو بنەما سیاسیەی سیستمی دیموكراتیك كە ئەمڕۆ بۆ ئێمە ئاشنان بەرهەمی سەدەكانی سەردەمن. لەڕاستیدا یەكێك لەوانە واتا مافی دەنگ دانی گشتی بۆ پیرەكان, زۆرتر بەرهەمی سەدەی بیستەمە. وادێتە بەرچاو كە ئەو سیستمە نوێنەرایەتیە نوێیانەی سیستمەكانی خاوەن مافی تەواوی دەنگدان بۆ پیرەكان, دوو باشیەتی تریشیان هەیە كەناكرێ وەك پێویست ئەوانە لەگشت دیموكراسیو كۆمارەكانی رابردوودا ببینی.

9- دیموكراسیە مۆدێرنەكان لەگەڵ یەكدا ناجەنگن.

ئەم باشیە بێ هاوتایەی حكومەتە دیموكراتخوازەكان زۆر چاوەڕوان نەكراوبوو. بەو حاڵەوە تا دوایین دەیەی سەدەی بیستەم بەڵگەیەكی زۆر لەم ڕاستیە بینرا. لەنێوان سیوچوار شەڕدا كەلەمەودای(1945-1989)روویدا, هیچ كامیان لەنێوان وڵاتە دیموكراسخوازەكاندا نەبوو. سەرەڕای ئەوە"هەر ئەگەرێكی ئەوتۆش نەبینرا سەبارەت بە هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئەواندا"[1]ئەم تێڕوانینانە تەنانەت بۆ ساڵەكانی پێش لە 1945یش دەیخوا.

(1) ئەم دۆزینەوەیە گرینگە:

Bruce Russett,Controlling the sword: The democratic Governance of National Security Lcambridg: Harvard University press(1990), Chap. 5,pp. 119-195.

بەم پێیە پەسەند كراوە. لەباسی داهاتووی مندا ئازادانە لەباسی(Russett) بەردەوام كردووە؟ هەروەها ئەم ڕوانینە وادێتە بەر چاو سەبارەت بەكۆمارو دیموكراسیەكانیپێشووش دروست بێ.

بڕواننە خوارەوە:

Spen cer Weart Never at War: Why Democracies Will Nerer Fight one Another(New Haven London:yale University press,1988).



زۆر پێش لەمە واتا لەسەدەی نۆزدەدا, ئەو وڵاتانەی كە خاوەنی حكومەتی نوێنەرایەتیو دامەزراوەكانی دیكە بوون, یان ژمارەیەكی زۆری كۆمەڵی نێری ئەو وڵاتانە مافی دەنگ دانیان هەبوو, لەگەڵ یەكتر بەشەڕ نەهاتن.

هەڵبەت حكومەتە دیوكراتخوازە مۆدێرنەكان لەگەڵ وڵاتە نادیموكراتخوازەكان بەشەڕ هاتوون, هەروەك لەشەڕی یەكەمی جیهانیو دووهەمیشدا وەهابوو. حكومەتە دیموكراسیە نوێیەكان دەسەڵاتیداگیركەرانەیان بەسەر خەڵكی شكست خواردوودا سەپاندووە. جاری واش هەبووە دەستیان لەكاروباری سیاسی وڵاتانی دیكە وەرداوە, تەنانەت بۆ بێهێزكردنی حكومەتێكی لاوازیش هەوڵیان داوە یان بۆ گۆڕینو لابردنیان یارمەتی هێزە نەیارەكانی ئەم وڵاتەیان داوە. بۆ وێنە وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا تادەی1980, ناوێكی ترسینەری هەبوو لەداكۆكی كردنی دیكتاتۆرە نیزامیەكانی ئەمریكای لاتین, لەساڵی 1954لەم كۆدەتایەدا كە بوو بەهۆی ڕووخانی حكومەتی خەڵكی تازە دامەزراوی گواتیمالا, دەورێكی گرینگی گێڕا. بەو حاڵەوە راستەقینەی دیار ئەوەیە كە دیموكراسیە نوێیەكان پێكەوە بەشەڕ نەدەهاتن هەرچەند هۆی ئەوە بەتەواوی روون نیە پێدەچێ رادەی دانوستان لەنێوان دیموكراسیە نوێیەكاندا لە بری پەنابردنە بەرشەڕ, ئەوان بۆ كردەوەی دۆستانە رادەكێشێ.[2]بەڵام ئەوەش دروستە كە هاووڵاتیانو رابەرانی دیموكرات, شێوازەكانی پێكهاتنو پێكەوە ژیان فێردەبن. لەگەڵ ئەوەشدا, ئەوان وابیردەكەنەوە كە خەڵكی وڵاتە دیموكراسیەكانی تریش وەك ئەوان كەمتر جێی ترسو هەڕەشەنو زۆرتر جێگای متمانەن. سەرەنجام كردەوەو مێژووی وتوێژی ئاشتی خوازانە, بڕیارنامە, یەكێتیو پارێزگاری هاوبەش لەبەرامبەر دوژمنانی نادیموكراتخواز, لایەنگری ئەوان رادەكیشێ بەلای ئاشتیدا لەبری

(2) ئاستە بەرزەكانی دانوستانی نێو نەتەوەی وڵاتە خۆشە كردووە بۆ سەقامگیربوونی پیوەندی ئاشتی خوازانە سەرەڕای ئەوەی كە ئەم وڵاتانە دیموكراس بن یان نا دیموكراس.

John oneal



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

شەڕ .لەبەر ئەوە دونیای دیموکراسی مزگێنی دەری دونیای ئاشتی خوازانەشە.

10- وڵاتانێك كە خاوەنی حكومەتێكی دیموكراسین فرەتر لەو وڵاتانەی كە حكومەتەكەیان نادیموكراتیكە روو لەگەشەن.

تانزیكەی دوو سەدە, فەیلەسوفانی سیاسی زۆربەیان لەسەر ئەو بڕوایە بوون كەدیموكراسی تایبەتە بەكۆمەڵگای دەست پێوەگرو كەم خەرج: وایان بیردەكردەوە كە خۆش گوزەرانی و ماڵو سامان, نیشانەی ئاغایەتی, ئۆلیگارشیو پاشایەتیە. بەڵام ساوكەی سەدەی نۆزدەو بیست ڕێك پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی چەسپاند. دیموكراسیەكان دەوڵەمەند بوونو, لەئاستی هەڵسەنگاندن دا, نادیموكراسیەكان بەگشتی هەژاربوون.

پێوەندی نێوان سەروەتو سامانو دیموكراسی بەتایبەت لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا هەژێنەر بوو. ئەومانایەش دەكرێ تاڕادەیەك ببەسترێتەوە بەنزیكایەتی دیموكراسیو ئابووری كەلەوێدا, بازاڕەكان زۆربەیان بەشێوەیەكی ڕێك وپێك پۆلین ناكرێن. كرێكاران ئازادن لەشوێنێكەوە یان كارێكەوە بۆ شوێنو كارێكی دیكە بگوێزنەوە, كارگە تایبەتەكان لەبواری فرۆشو كانگادا پێكەوە بكەونە پێشبڕكێ وكڕیاران دەتوانن لەنێو كەلوپەلو شتومەكی بەرهەم هێندراوی كارگە نەیارەكاندا, هەڵبژێرن. تاكۆتایی سەدەی بیستەم, هەرچەندە گشت ئەو وڵاتانەی كەخاوەن ئابووری ئازادبوون, وڵاتانی دیموكراسی نەبوون, بەڵام هەموو ئەو وڵاتانەی خاوەن ڕژێمی دیموكراسی بوون خاوەن ئابووری ئازادیش بوون. لەم دووسەدەیەی ڕابردوودا ئابووری ئازاد سامانێكی زۆرتری وەسەر یەك ناوە تا وڵاتانی دیكە. بەم پێیە پەندی میژینە ئاوەژووبۆتەوە. چونكە هەموو وڵاتە دیموكراسە مودێرنەكان خاوەنی ئابووری ئازادن, وڵاتێكیش كەخاوەنی ئابووری ئازادبێ هەگەری گەشەكردنی زۆرە, وڵاتێكی دیموكراسی مۆدیرنیش هەگەری دەوڵەمەند بوونی زۆرە.

دیموكراسیەكان لەخۆیاندا زۆرباشیی دیكەی ئابووریان بەسەر وڵاتە نادیموكراسیەكاندا هەیە. لە گشتی گرینگتر ئەوەیەكە وڵاتە دیموكراسیەكان



هەلو مەرج بۆ گەشەی خوێندنی خەڵكەكەیان پێك دێنن, دیارە هێزێكی كاری خوێندەوار بۆ داهێنانی نوێو گەشەی ئابووری زۆر بەكەڵكە. سەرەڕای ئەوە حكومەتی یاسا لە وڵاتە دیموكراتخوازەكاندا, فرەتر رەنگ دەداتەوە, دادگاكان سەربەخۆ دەجووڵێنەوە, مافی خاوەنداریتی زۆرتر دەپارێزرێ, پێكهاتنی بڕیارنامەیی باشترو شایانتر بەڕێوە دەبرێ, دەست تێوەردانی سەرەڕۆیانەی حكوومەتو سیاسەتمەداران لەكاروباری ئابووری كەمتر روودەدا. سەرەنجام ئابووریە نوێیەكان پابەندن بە پەیوەندیەكانەوەو لە وڵاتە دیموكراتیكەكاندا كۆسپ كەمتر لەسەر ڕێگای پەیوەندیەكان دادەنرێت. وتووێژ دانوستانی زانیاری ساناتر, هەروەها زۆر كەم مەترسی ترە لە وڵاتە نادیموكراتیكەكان.

بەگشتی, سەرەڕای هێندێك تایبەتمەندیە جێ سەرنجەكانی هەردوولا, وڵاتە دیموكراسیە مۆدێرنەكان ویستوویانە, ژینگەیەكی لەبارتر دروست بكەن كە لەوێدا دەست ڕاگەیشتن بە قازانجەكانی ئابووری ئازادو گەشەی ئابووری زۆرتربێ, تارژێمە نادیموكراتیكەكان.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی كە لكاندنی دیموكراسی نوێو ئابووری ئازاد بۆ هەردووكیان بەكەڵكە, بەڵام ناكرێ چاوپۆشی لەو هەزینە گەورەو گرانە بكەی كە ئابووری ئازاد بەسەر دیمكراسیدا دەیسەپێنی. لەو جێگایەی كە ئابووری ئازاد زادەی نایەكسانی ئابووریە, لەوانەیە هیوای گەیشتن بەیەكسانی سیاسی هاووڵاتیان لە وڵاتێكی دیموكراسیدا لەناوبەرێ. ئێمە لەبەشی چواردەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم كێشەیە.

### قازانجەكانی دیموكراسی: بەكورتی

تاوانێكی گەورەیە ئەگەر لەهەرچەشنە حكومەتێك, لەوانە حكوومەتی دیموكراسی چاوەڕوانی زۆرتر لەڕادەی پێویستمان هەبێ. دیموكراسی ناتوانی بەختەوەری, گەشەی ئابووری, تەندروستی, ژیرێتی, ئاشتی خوازی یان ئینسافو ویژدانی هاووڵاتیانی مسۆگەربكا. دەست راگەیشتن بەو ئامانجە لەتەوەری توانای هەر شێوە حكوومەتێك, لەوانە حكوومەتی دیموكراسیش بەدەرە. سەرەڕای ئەوە دیموكراسی بەردەوام بەكردەوە مەودایەكی زۆری



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

**بووه لەگەڵ ئامانجەکانی خۆی. دیموکراسیە نوێیەکانیش هەروەك گشت هەوڵەکانی پێشوو بۆ گەیشتن بەحکوومەتێکی دیموکراسیتر گیرۆدەی زۆر کەم‌و کووڕییە. بەڵام بەهەر شێوەیەك, سەرەڕای کەم‌و کووڕییەکانی دیموکراسی, ئێمە هەرگیز نابێ لەبەرامبەر ئەو قازانج‌و بەرژەوەندیانە چاومان بنووقێنین کە ئەم سیستمە لەچاو گشت سیستمە هاوتاکانی تری خۆیدا دەستەبەری دەکا.**

**1ـ دیموکراسی یارمەتیمان دەدا تاپێش بەحکوومەتە سەرەڕۆو شەڕانی‌و بێ روحمەکان بگرین.**

**2ـ دیموکراسی کۆمەڵێك ماف بۆ هاوڵاتیانی مسۆگەر دەکات, ماف گەلێك کە سیستمە نادیموکراسیەکان نایانەوێ, یان ناتوانن, دانیان پێدا بنێن.**

**3ـ دیموکراسی پێش لەهەر سیستمێکی بەکردەوە شیاوی دیکە, ئازادیە تاکە کەسیەکان بۆ شارۆمەندان دابین دەکا.**

**4ـ دیموکراسی یارمەتی مرۆڤەکان دەکا تاخۆیان پارێزگاری لەبەرژەوەندیە سەرەکیەکانیان بکەن.**

**5ـ تەنیا دیموکراسی دەتوانێ ئەوپەڕی هەل بڕەخسێنێ بۆ کەسەکان تا ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن, واتا بەپێی ئەو یاسایەی کە خۆیان هەڵی دەبژێرن بژین.**

**6ـ تەنیا حکوومەتی دیموکراسی دەتوانێ ئەو پەڕی هەڵبڕەخسێنێ بۆ بەکارهێنانی بەر پرسیاریەتی ئاکاری.**

**7ـ دیموکراسی فرەتر لەهەر هاوتایەکی شیاوی دیکە دەبێتە هۆی گەشەی تایبەتمەندیە مرۆییەکان.**

**8ـ تەنیا حکوومەتێکی دیموکراسی دەتوانێ رادەیەکی پێویست لەیەکسانی سیاسی مسۆگەر بکا.**

**9ـ دیموکراسیە نوێیەکان کە لەسەر بنەڕەتی نوێنەرایەتی دامەزراون پێکەوە بەشەڕ نایەن.**

**10ـ ئەو ولاتانەی کە خاوەنی حکوومەتی دیموکراسین گەشەیەکی زۆرتریان کردووە لە حکوومەتە نادیموکراسیەکان.**



**بەم گشتە باشیەوە, دیموکراسی بۆ زۆربەمان سەبارەت بە هاوتاکانی دیکە هەڵبژاردنێکی بێ مەترسی ترە.**

# بەشی شەشەم

# یەکسانی سیاسی بۆ چی1؟

## یەکسانی خودی

**لەوەی کە لە بەشی رابردوودا وترا زۆر کەس دەگەن بەو ئەنجامە کە باشیەکانی دیموکراسی جێی باس، بۆ پاساوی بیروبۆچوونیان دەربارەی ئەوەی کە حکومەتی دیموکراسی لەگشت هاوتاکانی دیکە کە هەن‌و ئەوانەش کە دەبن, زیاترن, نەك تەنیا بەس " لەوانەیە سەرو زیادیش بی- بەو حاڵەوە، لەوانەیە ئێوە بتانەوێ بزانن ئایا ئەو ئەگەرەی ئێوە کە لەسەر بناغەی باوەڕ بەدیموکراسی‌و لەسەر بنەمای ئەوە دامەزراوەکە گشت هاووڵاتیتان کاتی بەشداری لەحکومەتدا دەبێ بەچاوی یەکسانی چاویان لێ بکرێت، ئەگەرێکی ژیرانەیە یان نا؟ بۆچی دەبێ مافی پێویست بۆ حکومەت کردن بەشێوەی دیموکراتیك‌و بەشێوازی یەکسان, بدرێ بە گشت هاوڵاتییەك؟**

وەڵامی ئەم پرسیارە هەر چەند بۆ باوەڕ بەدیموکراسی گرینگە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك هاسان نییە.

## ئایا یەکسانیی کاریکی ئاساییە؟

نووسەرانی (راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا) لەساڵی 1776 بەو وشانەی کە دواتر لە هەموو دونیا ناوبانگیان دەرکرد ڕایگەیاند: "ئێمە ئەو ڕاستیە بەئاسایی دەزانین کە گشت پیاوان یەکسان دروستبوون, پەروەردگاریان مافێکیان پێداون‌و ئەو مافانەش بریتین لە: مافی ژیان, ئازادی‌و مافی دۆزینەوەی بەختەوەری" ئەگەر یەکسانی کارێکی ئاساییە, ئەوە پێویستی بە هیچ پاساوێك نیە. لەو ڕاگەیاندراوەش دا هیچ پاساوێك بەرچاو ناکەوێ. بەوحاڵەشەوە بۆ زۆرینەی ئێمە ئەوەی کە هەمووپیاوان‌و ژنان یەکسان

www.pertwk.com

دروست کراون هیچ کارێکی ئاسایی نیە. ئەگەر ڕاستی ئەم ئەگەرە ئاسایی نەبێ. ئایا دەکرێ قەبوڵ کردنی ئەو لەباری لۆجیکیەوە پاساوی بۆ بهێنینەوە؟ ئەگەر ناتوانین, چۆن دەتوانین شێوازی حکومەت کردنێك باس بکەین, کەوادێتە بەرچاو لەسەر بنەمای ڕاستی ئەم ئەگەرە دامەزراوە؟

ڕەخنەگران سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە بە نادروست دادەنێن. زۆر جاران ئەم چەشنە رستانە بەفریودانی خەڵك پێناسەدەکەن. بۆ نموونە ئاماژەدەکەن بەو خاڵە کە نووسەرانی(ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی) ئەو ڕاستیە زاندراوەیان لەبەر چاونەگرتووە کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە نوێیەی کە سەربەخۆیی ئەوان لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە قەبوڵ کراوە ئەو مافەیان پێ نەدەدرا کەپێیان وابوو خودا پێی داون. ئەو سەردەمەو تەنانەت پاشانیش ژنان, کۆیلەکان, ڕەشە ئازادەکان و خەڵکانی ناوچەیی, نەتەنیا بێبەش بوون لەمافی سیاسی, بەڵکە لەزۆربەی ئەو مافانەی کەپێیان وابوو خودا پێشکەشی کردوون –وەك پێویستی ژیان, ئازادی و دۆزینەوەی بەختەوەری بێبەش بوون. لە ڕاستیدا خاوەن دارێتی یەکێك لەمافە(بێ چەن و چوونە مرۆڤ) بووو کۆیلەکان بەشێك بوون لەماڵ و دارایی. "تۆماس جیفرسۆن" کەیەکێکە لەداڕێژەرانی ئەو ڕاگەیاندراوە بۆخۆی کۆیلەی هەبوو. لەهەندێك بواری گرینگیشدا, ژنان بەشێك بوون لەماڵ و دارایی مێردەکانیان, هەروەها زۆربەی پیاوانی ئازادیش بەپێی لێکدانەوەیەك 40٪ ئەوان لە مافی دەنگدان بێبەش بوون, لەگشت وڵاتە نوێیەکانی ئەمریکادا مافی دەنگدان تاسەدەی نۆزدەهەم لەژێر دەسەڵاتی ئەو کەسانەدا بوو کە زەوی و زارێکیان هەبوو.

نە ئەوکات و نە دواتریش نایەکسانی کاری تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبوو. بەپێچەوانە لەدەی 30ی 1830دا "ئەلێکیس توکویل"ی نووسەری فەرەنسایی بەو ئەنجامە گەیشت کەیەکێك لەخاڵە بەرجەستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە لەچاو ئەوروپا, هاوڵاتیانی ئەمریکا لە ئاستی بەرزی یەکسانی کۆمەڵایەتیدان.

هەرچەند زۆربەی نایەکسانیەکان لەساڵی 1776بەولاوە لەناو چوون, بەڵام زۆربەیان هەروا مابوونەوە. تەنیا ئەوەندە بەسە کەئێمە بڕوانینە دەوروبەری خۆمان تا نایەکسانی لەهەموو جێگەیەك بەچاوببینین. وادێتە بەرچاو کەئەوە نایەکسانیە نەك یەکسانی, کە چارەنووس و بارودۆخی سروشتی نەژادی مرۆڤی دیاریکردووە. تۆماس جیفرسۆن,



ئەوەندەی ئەزموون هەبوو لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا کەبزانێ تواناییەکان, قازانج و باشیەکان, هەروەها هەل و دەرفەتە مرۆییەکان لە سەرەتای لەدایك بوونەوە یەکسان بەش نەکراوە, دوای ئەوە کە پۆلین, هەل و مەرج, بەخت و چارەنووس, بەو جیاوازیانەی سەرەتاوە لکا, نایەکسانی لەوەی هەیە زۆر تردەبێ. ئەو پەنجاو پێنج پیاوەی کە"ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی" یان ئیمزاکرد–پیاوانێك بوون خاوەنی ئەزموونی کردەوەیی, واتا پارێزەر, بازرگان, جوتیار– تێگەیشتنێکی ساویلکانەیان لە مرۆڤ نەبوو. ئەگەر ئێمە پێمان وابێ کە ئەوان بێ ئاگا بوون لەڕاستیەکان و خەڵك خەڵەتێنیش نەبوون, دەی کەوایە مەبەستیان لە ڕاگەیاندنی ئەوە, کە گشت مرۆڤەکان یەکسان دروستکراون دەکرێ چ بێ؟

ئەو بیرەکە مرۆڤەکان لەبنەڕەتدا لەگەڵ یەك یەکسانن, بۆ جیفرسۆن لەگەڵ ئەوەدا کە بەڵگەی زۆر هەبوون لە دژی, زۆر مانادار بوو, هەروەك بۆ کەسانی دیکەی پێش ئەویش مانادار بوو, فەیلەسووفانی بەریتانی وەك (تۆماس هابز)و( جان لاك)[1]لە سەردەمی جیفرسۆن بەم لاوە, کەسانێکی زۆر لەسەرتاسەری دونیا, بەشێوەیەك, بیری یەکسانی مرۆڤەکانیان قەبووڵ کردووە. بۆ کەسانێکی زۆر, یەکسانی بێگومان ڕاستەقینەیەکە. لەبەر ئەوە کاتێك کە ئەلێکسیس دوتوکوێل لە 1835دا, "یەکسانی بارودۆخ"ی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی ئەوروپا و ئەمریکای بەرچاو کەوت, وەها ڕاچەنی کە ئەوی" بە کارێکی خودایی, خاوەن تایبەتمەندی یاسا خوداییەکان, دونیایی, بەردەوام بوونی هەروەها دوور لەگشت دەست تێوەردانێکی مرۆڤ" زانی. هەروەها بەکارێکی دانا کە گشت پیاوان یارمەتی بە پێشکەوتنی دەدەن.[2]

## یەکسانی خودی هەڵسەنگاندنێکی ئاکاری

## یەکسانی و نایەکسانیەکان دەکرێ بەو پەڕی شێوەی جیاواز خۆدەرخەن. نایەکسانی لەبوونی هێزو توانای سەرکەوتن لەکێ بەرکییەکی ماراسۆن یان لەیاریەکانی تردا شتێکەو, نایەکسانی لەبوونی دەرفەتی دەنگدان, و

(1) Garry Wills, Inveenting America: Jefferson's Declaration of Independence(Garden City, N.Y: Doubleday,1978),pp.167-228.
(2) Alexis de Pocqueville, Democracyin America, Vo 11(New York: Schocken Book,19611),1xxi.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

## بەشداری کردن لە گۆڕینی شێوازی حکوومەت بەتەواوی جیاوازەو شتێکی ترە.

بۆ تێگەیشتن لەو کێشەیە کە بۆچی چوونە ژێرباری یەکسانی سیاسی لەناو هاووڵاتیانی دەوڵەتێکدا کارێکی ژیرانەیە, دەبێ سەرنج بدەینە ئەوەکە جاری وایە مەبەستی ئێمە لەیەکسانی, تەنیا خستنەڕووی ئەوەنیە کەپەیوەندی بە راستینەوە هەیە. ئێمە نامانەوێ بڵێین بۆچوونەکانی ئێمە دروستن یان لەداهاتوودا دروست دەبن, بەو مانایەی کە گومانی ئێمە سەبارەت بە براوکانی یاری ماراسۆن‌و یاریەکانی تر دروست دەردێ. بەپێچەوانە مەبەستی ئێمە دەربڕینی بڕیارێکی ئاکاریە سەبارەت بەمرۆڤەکان, ئێمە گەرەکمانە شتێك دەربارەی باوەڕمان "بەوەی کە دەبێ ببێ" دەربڕین. بڕیارێکی ئاکاری ئەوتۆ دەکرێ بەم شێوەیەش دەربڕین:"ئێمە دەبێ بەرژەوەندی هەریەك لە مرۆڤەکان لەوەدا ببینین کە لەناخدا پێکەوە یەکسان بن. وەك لە راگەیاندنی سەربەخۆییدا هاتووە: ئێمە لەڕووی ئاکارییەوە لەسەر ئەوە پێدادەگرین کە ژیان, ئازادی, بەختەوەری هەرکەسێك لەژیان‌و ئازادی‌و بەختەوەری کەسی تر نە بەرزترە نە نزمترە.لەئاکامدا ئێمە دەبێ بەچەشنێك لەگەڵ خەڵك هەستین‌و دانیشین وەك ئەوەی کە ئەوان خاوەنی مافێکی هاوبەشن سەبارەت بەژیان, ئازادی, بەختەوەری‌و بوارەکانی تری هەل‌و مەرج‌و بەرژەوەندی .رێگە بدەن ئەم بڕیاری ئاکاریە ناو بنێم بناغەی"یەکسانی خودی تەواو"

**ئەم بناغەیە یارمەتیەکی ئەوتۆ بە ئێمە ناکات, بۆ کارابوونی دەربارەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتێك دەبێ بناغەیەکی تەواوکەری پێوەبلکێنی ئەویش لەسەر ئەو بنەمایە:"حکوومەت دەبێ لەهەڵبژادنی بڕیارەکاندا, سەبارەت بەهەل‌و مەرج‌و بەرژەوەندی هەرکەسێکی پەیوەندی دار بەو بڕیارانەوە, تێبینی‌و سەرنجی هاوسانی هەبێ" بەڵام بۆچی ئێمە دەبێ بنەمای یەکسانی دەروونی دەربارەی شێوەی فەرمانڕەوایەتیکردنی دەوڵەتێك بەکاربێنین‌و ئەو بکەینە بەرپرسی ئەوەی کە سەبارەت بەبەرژەوەندی گشتی سەرنجی هاوسانی هەبێ؟ بەپێچەوانەی دارێژەرانی"راگەیاندنی سەربەخۆیی" ئەو وتەیە کە یەکسانی شتێکی ئاساییە, من‌و زۆرکەسی دیکەش, ڕادەتلەکێنێ. چونکە قسەیەکی زۆر بێ ناوەرۆکە. بەو حاڵەشەوە**



**یەکسانی دەروونی روانگەو بۆ چوونێکی وەها بناغەیی سەبارەت بە بایەخی مرۆڤەکان لەخۆ دەگرێ, کە دەکرێ بڵێم بەتەواوی پاساوێکی ژیرانەی هەیە. هەروەك دەربارەی فەرمانە راستەقینەکان دەوترێ, سەبارەت بەفەرمانە ئاکارابیەکانیش دەکرێ بڵێی:"ئەگەر تۆ دوای هەر بڕیارێك بکەوێ تا ئەگەینە بنج‌و بنەوانەکەی, سەرەنجام بەجێگایەك دەگەی کە بەڵگەو پێناسەی ژیرانە ناتوانێ زۆرتر لەوە بڕواتە پێش. بڕواننە ئەو وتەیەی مارتین لوسەر لەساڵی 1531 " کە دەڵێ لەدژی ویژدان کارکردن نەبێ مەترسیەو نە ژیرانە. ئەوە قسەی منە کارێکی دیکە لەدەست من نایە خودایا یارمەتیم بدە, ئامین." گەرچی بنەمای یەکسانی خودی لە تەنیشت جێگایەك هەڵکەوتووە کە بەڵگەو دەلیلی ژیرانە ناتوانێ لەو فرەتر بڕواتە پێش هێشتا تەواو نەگەیشتوینە ئەو جێگایە. بە پێی گەلێك بەڵگە, من بڕوام وایە یەکسانی خۆیی بناغەیەکی پتەوە بۆ ئەوەی شێوازی فەرمانڕەوایی کردنی دەوڵەتێکی لەسەر بێنین.**

### بۆ دەبێت ئێمە ئەو بنەمایە قەبووڵ بکەین؟

**بوارەکانی ئاکاری‌و ئایینی. یەکەم, ئەو بنەمایە بە بۆچوونی زۆربەی خەڵکی گشت دونیا لەگەڵ سەرەکیترین شێوازی ئاکاری‌و بڕوایی هاوخوێنی هەیە. ئەوەی کە دەڵێن ئێمە بێ جیاوازی‌و پێکەوە بەندەی خواین یەکێکە لە بنەماکانی یەهودی, مەسیحی‌و ئیسلام, ئایینی بووداش خاوەنی روانگەیەکی لەم چەشنەیە(لەناو دینە گەورەکانی دونیادا, لەوانەیە تەنیا هیندۆیزم لەم بوارەدا جیاوازبێ) زۆرینەی بەڵگەی ئاکاری‌و زۆربەی سیستەمە ئاکاریەکان, بەراشکاوی یان بەئاماژە دەربڕی بنەمایەکی لەو جۆرەن.**

لاوازی بنەمایەکی جێگیر: دووهەم, هەل‌و مەرجی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنەکان هەرشتێك بێ, بۆ زۆربەمان شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەشێوازی جیاواز لەیەکسانی خود شێوەیەکە نابەجێ‌و نادروست. وای دابنین هاولاتی"جۆنز" دەیویست ئەم بۆچوونەی خوارەوە وەك بنەمای بەڕێوەبردنی دەوڵەتێك بخاتە ڕوو. حکومەت ئەرکی



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

سەرشانیەتی لەهەر بڕیارێکدا وەری دەگرێت بەردەوام بەرژەوەندیو خۆشی من بەسەر کەسانی دیکەدا لەبەر چاوبگرێ جۆنز کە بەئاماژە بنەمای یەکسانی خودی ڕەتدەکاتەوە بنەمایەك دێنیتە ئاراوە کە دەکرێ ناوی بنێ بنەمای بەرزنواندنی خودی واتا لانی کەم ناوی بنیێ بنەمای لە پێش دانانی خودی جۆنز. هەڵبەت بەرزنواندنی بنەمای خودی دەکرێ لەوە گشتی تر بکرێتەوەو بەم شێوەیە دەریبېڕی" بەرژەوەندیو چاکەی گروپی من(بنەماڵە, چینو توێژ, کەمینە, رەچەڵەكو نەژاد, یان هەر شتێکی دیکەی پەیوەندیدار بەجۆنزەوە). سەبارەت بەکەسانی دیکە مەزن ترە."

لێرەدا سەرسام نابین لە دەرخستنی خۆ پەرستی جۆراوجۆری مرۆڤەکان: ئێمە بەڕادەی جیاواز حەز دەکەین لەبەرژەوەندی خۆمان زۆرتر پارێزگاری بکەین تاکەسانی دیکە. لەئاکامدا, زۆربەمان لەوانەیە بەڕاستی حەزبکەین تەنیا داواکاری بەرژەوەندی خۆمانو کەسانی نزیکمان بین. بەڵام تەنیا لە حاڵێکدا کە ئێمە متمانەمان هەبێ کەحکومەت لەژێر دەستی خۆماندایە, بۆچی دەبێ هەڵاوێردنی هێندێك کەس وەك بناغەیەکی سیاسی سەرەکی قەبووڵ بکەین؟

هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە کەسێك یان گروپێك کە هێزو دەسەڵاتی لە دەست دابێ دەتوانێ سەرەڕای نارەزایەتی تۆ تەنانەت بەنرخی گیانی تۆ گەورەیی خۆی بەسەر تۆدا بسەپێنێ. بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ کەسەکان یان زۆر گروپ لەم ڕێگایەدا کەڵکیان لەهێزو دەسەڵاتیان وەرگرتووە. بەڵام لەو جێگایەی کە زوڵمو سەرەڕۆیش رادەو سنوورێکی هەیە, کەسانێك کە خوازیاری بەرزەفری خۆیان بوون سەبارەت بەکەسانی دیکە بەردەوام ئەم خواستو داواکارییە کزو بێ سەرپۆشەی خۆیان لەژێر پەردەی ئەفسانە, رەمزو ڕاز, دین, دابونەریتی, ئایدلۆژیو شانۆی زریقەو بریقەدار شاردۆتەوە.

بەو حاڵەوە ئەگەر تۆ ئەندامی ئەو گروپە تاقانەیەی بتوانی بەو پەڕی ئاسایشەوە خوازیاری ئەوان سەبارەت بەخۆ بە گەورە زانین رەتبکەیەوە, ئایا دووبارەش ڕێی تێدەچێ کەتۆ ئازادانەو نێگەیشتوانە مل بکەی بەژێر ئەم بنەما گەوجانەیەدا؟ بەڕاستی من گومانم هەیە.

### دووربینی: ئەم دوو بەڵگەیەی پێشوو بۆ وەرگرتنی بنەمای یەکسانی سیاسی وەك بناغەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتێك بنەمایەکی دیکە دێننە



**ئاراوە: بۆ دوور ڕوانین. لەوکاتەوە کە حکوومەت کردن تەنیا کاری باش کردن نیەو هێندێك جاریش بەڕێوەبردنی کاری خراپە, کەوایە دوور ڕوانین فەرمان دەدا دەبێ نیگەرانی ئەو کاتانە بین کە حکوومەت بۆ ئەم چەشنە شتانە بەکاردێ. ئەو شێوەیە لە حکوومەت کە بەبەردەوامی لایەنگری بەرژەوەندی تۆیە لەیەکسانی کەسانی دیکەدا, لەهەلومەرجێکدا کە تۆ دڵنیای لە بەردەوام بوونی حکوومەتی گروپەکەتان, رەنگە شتێکی خۆش بێ. بەڵام زۆرینەی خەڵك دەکرێ لەسەر ئەو بڕوایەبن کەبەردەوام بوونی حکوومەتەکەتان هەتاهەتایی نیە, یان پێناچێ هەتاهەتایی بێ, یان لانی کەم ئەوە مسۆگەر نیە“ کەواتە بەباشی دەزانن کەبەشێوەیەکی یەکسانی بڕواننە کەسانی دیکە.**

توانای وەرگرتن: بنەمایەك کە تۆ سەبارەت بە دووربینی وەری دەگری. زۆربەی خەڵکانی دیکەش هەر بەم هۆیە بەوە ڕازیدەبن. لەبەر ئەوە تۆ بەو دەرەنجامە دەگەی کە ئەو رەوتەی یەکسانی گشتی فرەتر لە بەرچاوەو زامنی ئەو شتەیە, پێدەچێ ئەوە زۆرتر ئەو کەسانەی کەتۆ بۆ ئامانجێك لەگەڵیان هاوکاری بەرزدەکاتەوەو زامنی ئەوان بێ. کاتێك لەم روانگەیەوە دەڕوانینە بنەمای یەکسانی خودی ئەم بنەمایە زۆر ژیرانە دێتە بەرچاو. بەپێی ئەو مانایە دەکرێ قەبووڵی بکەین کە بەپێچەوانەی راگەیاندنی سەربەخۆیی سەبارەت بە ئاسایی بوونی یەکسانی خودی, لەڕاستیدا وەرگرتنی بنەمای یەکسانی خودیو هاوسان کردنی بەرژەوەندی گشتی لەسەردەمی حکوومەت کردندا هێندەش سانا نیە.

بەڵام ئەگەر یەکسانی خودی وەك بنەمای حکوومەتی لێك بدەینەوە کە بەبنەڕەتی ئاکار, روانین بۆ دوورو توانیی وەرگرتن پاساوبکرێ, وادێتە بەرچاو کەئەم بنەمایە ژیرانە تر لەگشت ئەو شێوازانەی کەلە ئاستی هاوتای بنەمای یەکسانی زاتی دان, بخرێنە ڕوو.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک

www.pertwk.com

# یەکسانی سیاسی بۆچی2؟

## شایانی هاوڵاتی بوون

ئێستا بەزەحمەت تێدەگەین کە ئەگەر ئەوەش قەبووڵ بکەین کە یەکسانی خودیو روانینی یەکسانی بۆ بەرژەوەندی، دوو فەرمانی ئاکاریو ئەقڵانی، هێشتا هەر ناچارنین کە تەنیا لەسەر دیموکراسی جەخت بکەینەوە وەك باشترین شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

## سەرپەرشتی وەك نەیار

**بۆئەوەی بزانن بۆچی وایە، وایدابنێ یەکێك لەئەندامانی گروپێکی بچووك لە هاووڵاتیان بەتۆو کەسانی دیکە بڵێ:" ئێمەش وەك ئێوە، بەڕاستی بڕوامان هەیە بەیەکسانی خودی: بەڵام ئێمە نەك تەنیا لە قوڵایی دڵەوە پابەندین بە بەختەوەری گشتییەوە، بەڵکە باشتر لەزۆرینەی خەڵك دەزانین کە چۆن پێی بگەین. لەئەنجامدا ئێمە بۆ حکوومەت کردن لەزۆربەی خەڵك باشترین. جالەبەر ئەوە ئەگەر ئێوە تەنیا دەسەڵاتی سەرپەرشتیاری حکوومەتمان پێ بسپێرن، ئێمە لێهاتوویيو توانامان لەڕێگای خزمەت بەخۆشبەختی گشتی دەخەینە کار، هەروەها لەئاکامی ئەو کارەدا بەختەوەریو بەرژەوەندی گشتی بەیەك ڕادە دەپارێزین".**

ئەو داوایە کە حکومەت دەبێ بدرێ بەدەست پسپۆڕانێ کە لەقووڵایی دڵەوە بڕوایان بەبەختەوەری گشتی خەڵك هەبێو تێگەیشتنیان لەوبوارەدا لە خەڵك زۆرتر بێ– هەر ئەوانەی ئیفلاتوون پیێ دەگوتن سەرپەرشتیار بەردەوام گەورەترین دوژمنی بیرۆکەی دیموکراتیی بوون. ئەوانەی بانگەشەی سەرپەرشتیاری دەکەن، هەر کاتێك دیموکراسی کەوتە مەترسییەوە ئەمانیش هێرش دەکەنە سەریو لە پەرێزدا دەبن بۆی. ئەوان تەنیا



دژی ئەوەن کە خەڵکی ئاسایی شایانی حکومەت کردن نین بەسەر خۆیاندا دژی ئەوەنین کە مرۆڤەکان لەناخدا یەکسانن، بەو مانایەی کەئێمە پیشان لێی دواین، هەروەك چۆن لەکۆمارە خەیاڵییەکەی ئیفلاتووندا هاتووە، سەر پەرشتیاران دەکرێ شان بدەنەبەر خزمەتکردن لەڕێگای بەختەوەریو گشتیو لانی کەم بە ئاماژە، بڕوایان هەیە بەیەکسانی خودیو بەرژەوەندی گشت ئەو کەسانەیکە لەژێر سەر پەرشتی ئەوان دان. ئەوانەی بانگەشەی سەرپەرشتی بەمانای ئیفلاتوونییەکەی دەکەن ناڵێن  کە بەرژەوەندی ئەو کەسانەی کە وەك سەرپەرشت هەڵدەبژێردرێن خۆی لەخۆیدا بەرزترە لەبەرژەوەندی کەسانی دیکە. بەڵکە لەسەر ئەو بڕوایەن کەشارەزایانی حکوومەت، واتا سەرپەرشتان، لێهاتووییان لەبواری بەختەوەری گشتیو باشترین شێوازی وەدیهێنانی، لە کەسانی دیکە زۆرترە.

**دەلیلو بەڵگەیەك کەبۆ داکۆکی کردن لە سەرپەرشتی سیاسی دەکرێ، بەکەڵك وەرگرتن لە نموونە هێنانەوە لە بواری ئەزموونو شایستەیی پسپۆڕان، شێوەیەکی وابەخۆیەوە دەگرێ کەشیاوی ڕازیبوون بێ: بۆ نموونە شارەزایی باشتری دکتۆرێك لەبواری نەخۆشیو تەندروستیو،یان لێهاتووی فڕۆکەوانێك بۆ لێخوڕینی بێ مەترسی فڕۆکەیەك بەرەو شوێنی مەبەست. دەی کەوایە بۆچی نابێ ڕێگە بدەین بەئەوانەی کەلە حکوومەت کردندا شارەزان، تابڕیاری سەرەکی بدەن بۆ سالم بوونی حکومەت؟ بۆڕێنمایی کردنی حکوومەت بەرەو مەبەستی خۆی، واتا بەختەوەری گشتی. بەدڵنیایی ناکرێ بڵێین کە گشت خەڵك بەردەوام باشترین داوەرن سەبارەت بەبەرژەوەندی خۆیان. بۆنموونە: منداڵان ناتوانن سەبارەت بەچاکەو خراپەی خۆیان باشترین داوەربن، کەسانی دیکە زۆرتر، گەورەکانیان دەبێ چاودێرییان بکەن تا کاتێ کە توانای چاودێری کردنی خۆیان وەدەست دێنن. ئەوەی کە گەورەکانیش ڕەنگە لەبواری بەرژەوەندی خۆیاندا بەهەڵەبچن، واتا لەبواری بەدەست هێنانی باشترین کەرەسە بۆ ئەوەی ئەوان بەئامانج بگەیەنێت، بەپێی ئەزموونی باوو ئاسایی شیاوی ئیسپاتو چەسپاندنە. زۆربەمان لەبڕیارێك کەپێشووتر داومانە پەشیمانین. دان بەوە دادەنێین کەهەڵە بووین. سەرەڕای ئەوەش بەدڵنیایی گشتمان بۆ هەڵبژاردنی بڕیارو**



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

**بەڵێنی سەرەکی کە ڕێك دەمان گەیەنێت بەئاسایش, بەختەوەری, سەلامەتی, داهاتوو تەنانەت درێژەی ژیان نەتەنیا هەردکتۆرو نەشتەرگەرو فڕۆکەوان کاریگەریان لەسەرمان هەیە, بەڵکە لەم کۆمەڵگایەدا کەهەر ڕۆژە ئاڵۆزتر دەبێ پێویستیمان بەهەزاران پسپۆڕی تریش هەیە لەبەر ئەوە کەڕێ بدەین بەکارناسان لەکێشەگرنگەکان بڕیار بدەن, بۆچی نابێ حکوومەت بەکارناسان بسپێرین؟ ئەو بەڵگانەی کە دەهێنرێنەوە بۆ بە چاکتر زانینی سەرپەرشتیاری لەبری دیموکراسی, ئەگەرچی جاری وایە سەرنج ڕاکێش دێتە بەرچاو, بەڵام ناتوانێ وەڵام دەرەوەی هێندێك کەمو کوڕی بنەڕەتیو واقیعی بێت. سپاردنی هێندێك نەخشەو بڕیاری لاوەکی بەکارناسان یەکسان نیە لەگەڵ سپاردنی کۆنتڕۆڵی تەواوی بڕیارە سەرەکیەکان. هەروەك دەستەواژەیەکی کۆن دەڵێ, کارناسان دەبێ بەڕێوەبەری کاربن نەك هەر لەلای سەرووەوە پێدەچێت لەهێندێك بابەتەوە خاوەن بیرو زانیارییەکی زۆرتربن لە ئێمە, دکتۆر ڕەنگە باشتر لەتۆ بزانێ چۆن دەبێ نەخۆشیەکەتان بدۆزێتەوە, بزانێ کاتی ئەو نەخۆشیە چەندە, چەند توندی دەکا لێت, باشترین ڕێگای چارەسەرکردنی چیەو ئایاچارە دەکرێ یان نا؟ ئێوە ڕەنگە پێتان خۆش بێ هێندێك لەبڕیارە تاکە کەسیەکانتان پسپێرن بەکەسانێك کەلەم بوارەدا لەتۆ پسپۆڕترە, وەك دکتۆرەکەتان, ژمێریارەکەتان, پارێزەر فڕۆکەوانەکەتان. بەڵام ناکرێ هەر خۆت ئەنجامێك لەوکارە وەرگرێ, چونکە هێزی کۆنتڕۆڵی بڕیارە گرینگەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتێك, کارێکی بە جێیە ڕاستە بیان سپێری بەکەسایەتیە سیاسییە هەڵکەوتووەکان واتا ئەو بڕیارانە, کە لەهەلو مەرجی پێویستدا بەزۆرە ملێ, بەندینخانە,لەوانەشە بەکوشتن جێبەجێ بکرێن.**

بەڕێوەبردنی دەوڵەتێك پێویستی بەشتێکی زۆر زیاتر لەتێگەیشتوویی زانستی تایبەت هەیە. زانستی حکوومەت کردن وەك زانستی فیزیك یان کیمیك یان تەنانەت لەهێندێك بواردا وەك پزیشکیش نیە.بەڵگەیەکی زۆر هەیە بۆ ئەو مەبەستە. یەکەم , نزیکەی گشت بڕیار وەرگرتنەکان سەبارەت بە ڕێبازەکان, چ تاکەکەسو چ حکوومەتی, پێویستیان بەهەڵسەنگاندنی ئاکاری هەیە. هەڵبژاردنی بڕیاردان بەو ئامانجانەی کە



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

سەبارەت بەئامانجێك کە ڕێبازی حکومەت بۆ بە دەست هێنانیان دەبێ بیانخاتە روو وەك(عەداڵەت, ئینساف, بەختەوەری, سلامەتی ژیان, ئاسایش, خۆش گوزەرانی, یەکسانی, یان هەر شتێکی تر) خۆی دادوەرێکی ئەخلاقییە, هەڵسەنگاندنە ئاکاریەکان بەمانای باوی وشە هەڵسەنگاندنە(زانستی) یەکان نین[1]

سەرەڕای ئەوە, ئامانجی باش زۆرجاران لەگەڵیەك لەدژایەتی دان, سەرچاوەش کەمن. لەئاکامدا لەبواری ڕێبازەکاندا چ تاکە کەسی, چ حکوومەتی, هەمیشە پێویستی بە هەڵسەنگاندنێك هەیە کە لەبواری سەرەڕۆیەکاندا بێ, واتا هاوسەنگ کردنی ئامانجی جیاواز. بۆ وێنە دەست ڕاگەیشتن بە یەکسانی سیاسی ڕەنگەببیتە هۆی لاواز بوونی بیرەکانی ئابووری, خەرجی چاوەدێری پیرەکان ڕەنگە بەسەرلاواندا بسەپێ, خەرجی نەوەی ئێستا ڕەنگە کۆمەڵێك خەرج بخاتە ئەستۆی نەوەکانی داهاتوو, پارێزگازی, لەهەرێمێکی کێویی(وەحشی)ڕەنگە ببێتە هۆی کار لەدەست دانی کاری کانگاچیانو داربڕان. ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە سەبارەت بەسەرەڕۆییەکانی نێوان ئامانجە جیاوازەکان دەکرێ"زانستی" نین. بەڵگەو نیشانە ئەزموونیەکان گرینگو پێویستن, بەڵام هەرگیز بەس نین. بۆ بڕیاردان سەبارەت بەئەوەی کە تاچ مەبەستێك دەبێ ئامانج, بایەخ,یان ڕادەیەك بۆ وەدەست هێنانی هێندێك لەئامانج, بایەخ, یان مەبەستێکی تر فیدابکەین, ناچارین زۆر لەوە بەرزتر بچین کە تەنیا زانیاری زانستی پێمان دەڵێ.

بەڵگەیەکی دیکەش هەیە کەبۆچی بڕیاری پەیوەندیدار بەڕێبازەکان پێویستیان بەهەڵسەنگاندێکە کە پڕبەمانای وشە(زانستی ) نین. تەنانەت ئەگەر بکرێ بەگشتی دەربارەی داڕشتنی سیاسەتەکانیش ڕێککەوتن پێك بێ, هەر بەردەوام نەبوونی متمانەو دژایەتی زەقو بەرچاو سەبارەت بەکەرەسەی جێگری بەئاکام گەیشتنیان وجودی هەیە, چۆن دەکرێ بە باشترین شێوە بگەی بەئامانج, هەروەها دەبێ, پێویستییەتی, گونجاویی, پەسەندبوون, و ئەگەری داهاتووی کەرەسەی جێگر بدرێنە بەر سەرنجی

(1) بواری فەلسەفی دەستەواژەی ئاکاریو جوداکردنەوەی ئەوان لەزانستی ئەزموونی لەوانە فیزیا شیمیو شتی دیکە جێگای وتووێژێکی بەربڵاوبووە. نازانم لێرەدا تەواو مافی خۆیم پێداوە یان نا. بەهەر حاڵ بۆ زانیاری زۆرتر لەم بوارە بڕواننە:
Amy Gutman and Dennis Thempson, Democracy and Disagreement (cambridge:Belknap press of harrard University Press,1996).

www.pertwk.com

ورد. باشترین کەرەسەی چاوەدێری لەهەژاران, بێکاران, بێ ماڵوحاڵان چیە؟ چۆن دەکرێبەباشترین شێوەی شیاو پارێزگاری لە پەیوەندیی منداڵان بکەی‌و گەشەیان پێبدەی؟ دارایی بەرگری دەبێ چەندە بێ‌وبەچ مەبەستێك خەرج بکرێ؟ بەبڕوای من بەهیچ شێوەیەك عەقڵ بڕناکات بی سەلمێنی کە گروپێك هەیە یان دەکرێپێك بێ کەخاوەنی زانیاری"زانستی"یان"کارناسانە"بێ‌و بتوانی وەڵامی ئەم چەشنە پرسیارانە بداتەوە. ئایا ئێمە وابەباش دەزانین کە سەیارەکەمان بدەین بەفیزیازانێك تەعمیری بکا یان فیتەرێکی باشی سەیارە؟ بەڕێوەبردنی دەوڵەت پێویستی بەشتێکی زۆر بەرزتر لە ناسین‌و دەرککردن هەیە. بۆ نموونە, هەرگیز ڕوولەگەندەڵی نەکردن, خۆڕاگرتن لەبەرامبەر هەموو راکێشانە بەهێزەکانی هێزو دەسەڵات, لەخۆبردوویی بەردەوام‌و نەرمی‌و نیانی نیشان نەدان لەپێناو وەدەستهێنانی بەرژەوەند خوازی کەسێك یان کۆمەڵێك, لەبەرامبەر بەرژەوەندی گشتی‌دا.

ئەوەی کە کارناسان شایانی ئەوەن وەك بەڕێوەبەری کار لەخزمەت ئێوەدابن بەو مانایە نیە کە ئەوان شیاوی حکوومەت کردنیش بن. هەوادارانی سەرپەرشتی تەنیا هەرداوایەکیان نیە, بەڵکە دوو داواو قسەیان هەیە. لەسەر ئەوبڕوایەن دەشێ کۆمەڵێك لەهەڵکەوتەو بلیمەتەکان بکەیە سەرۆکی حکوومەت, کۆمەڵێك کە کەسەکانی هەم لەبواری ناسینی ئامانجەکانی حکوومەتێکی باش دەبێ خوازیاری ئەوان بێ‌و هەم لەبواری ناسین‌و دەرککردنی باشترین کەرەسەی بەئاکام گەیشتنی ئەو ئامانجە لەکەسانی دیکە شیاوترین, هەروەها ئەوەندە لەقووڵایی دڵەوە وەفادارین بە وەدەست هێنانی بەختەوەری گشت خەڵك کە بەمتمانەوە بکرێ رکێفی بێ ئەملاوئەولای بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان پێبسپێردرێ.

وەك دیتمان, یەکەمین قسەو داوا زۆر شاراوەیە. بەڵام تەنانەت ئەگەر بکرێ پاساویشی بۆ بێنیتەوە دووبارە خۆی لەخۆیدا نابێتە یارمەتی دەری داوای دووەم. زانین‌و هەستکردن شتێکەو دەسەڵات شتێکی دیکە. کاریگەری ئەگەری‌دەسەڵاتداری بەسەر ئەواندا کە بەڕێوەی دەبەن, بەشێوەی جیا ساڵی 1887لەلایەن بارۆنێکی "Baron"بەریتانیەوە بەناوی "لۆرد ئەکتون" "Lord Acton" ئاواباس کراوە: "دەسەڵات دەبێتە هۆی گەندەڵی‌و دەسەڵاتی رەها دەبێتە هۆی گەندەڵی رەها" سەدەیەك دوای ئەوە"ویلیام پیت""William pit," کە کاربەدەستێکی دەوڵەتی بەریتانی بوو



بەئەزموونێکی بەرینەوە لەبواری چالاکی سیاسی.ئەویش شتێکی هاوچەشنی ئەوەی وتبوو:ئەو لەلێدوانێکدا لە پەرلەمانی بەریتانیا وتی:"دەسەڵاتی بێسنوور دەبێتە هۆی گەندەڵ بوونی بیرومێشکی ئەو کەسانەی کە ئەو دەسەڵاتەیان بەدەستەوەیە".

ئەم بۆچوونە لەناو ئەندامانی"ئەنجومەنی یاساداڕێژەرانی ئەمریکا" لەساڵی 1787کەلەم بوارانەشدا کەم ئەزموون نەبوون, بۆچوونێکی ئاسایی‌و باوبوو. بنیامین فرانکلین, کەپیرترین نوێنەری ئەم ئەنجومەنە بوو دەیگوت:"رێزدار, دوو جۆر هۆگریی هەیە کە کاریگەریەکی گرینگی هەیە لەسەر کاروباری مرۆڤایەتی یەکێکیان پلەو پایەخوازی‌و ئەویتر ماڵپەرستیە عیشق بەدەسەڵات‌و عیشق بەپووڵ‌و پارە" یەکێك لە لاوترین نوێنەران واتا ئەلکسەندر هامیلیون Alexander Hamilton بۆ پاڵپشتی وتەکەی ئەو وتی: "پیاوان عاشقی دەسەڵاتن" یەکێك لە بەئەزموونترین‌و کاریگەرترین نوێنەر, واتا جۆرج میسۆن Georegre Mason یش بەم چەشنە لایەنگری خۆی دەربڕی:"لە پێکهاتەو سروشتی مرۆڤ دا دیارە کە ئەوانەی دەسەڵاتیان لەدەستدایە....بەردەوام, ئەگەر بتوانن دەسەڵاتیان فراوان دەکەنەوە".(1)

هەرچەندەش ئەندامە بلیمەتە حاکمەکان کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت

وەئەستۆ دەگرن لەسەرەتادا ژیرو شایان‌و باش بن, لەدرێژەی چەند ساڵ یان نەوەدا

دەست دەکەن بەکەڵك وەرگرتنی نابەجێ لەدەسەڵات. ئەگەر مێژووی مرۆڤایەتی تائێستا

گەلێك ئەزموون‌و سەرمەشقی بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە, بەدڵنیایی یەکێك لەو

سەرمەشقانە ئەوەیە کەئەگەری ئەوە بووە لەڕێگای گەندەڵ بوونەوە سەرپەرشتیارانی

---

(1) ئەم چەشنە رادەربڕینانە دەکرێ لەسەرچاوەیەدا بخوێنیەوە:

1-Max Farrand, ed, the recordsof the fedral convention of 1787, 4vols(New Haven: yala univrsity press, 1966) 1: pp. 82, 284, 578.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

حکوومەت رووبکەنە واستەو واستەکاری, بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی تاکە کەس یان

کۆمەڵێکی تایبەت, کەڵك وەرگرتنی نابەجێ لەپاوانی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی

حکوومەت بۆ سەرکوت کردنی ڕەخنە, دابەش کردنی ماڵو سامان, گەرانتی پەیڕەوی

کردن بەکردەوەی زۆرەملیو زۆرشتی تر, لەدژی خەڵکی ژێردەست.

دەرەنجام, گەلاڵەی(مەدینەیەکی نمونەیی) شتێکەو, دروست کردنی شتێکی دیکەیە. لایەنگرانی سەرپەرشتیاری لەگەڵ کۆمەڵێك گیروگرفتی کردەوەیی بەرەو روون. چۆن دەبێ سەرپەرشتیاری دەست پێ بکەی؟ کێ دەبێ بەناو یاسای سەرەکی دابڕێژێو کێ بەڕێوەی بەری؟ چۆن دەکرێ یەکەم سەرپەرشتیاران هەڵبژێرن؟ کەبڕیارە سەرپەرشتیاران بەشێوەیەك لەشێوەکانی رەزامەندی بەرپرسانی حکوومەت پێك بێ, نەك بەکردەوەی زۆرەملیو بە ئاشکرا, ئەم ڕەزامەندیە چۆن دەبێ وەدەست بێ؟ سەرپەرشتیارانی سەرەتا بەهەرشێوەیەك کە هەڵبژێردرابن, ئایا جێگیرەکانیان, وەك ئەندامی یانەیەکی وەرزشی, خۆیان هەڵیان دەبژێرن. لەم بارو دۆخەدا ئایا ئەو سیستمە بەکامی ئەو مەترسیە گەورەیەدا ناچێ کە ئەشرافیەتێکی دروست بوولە ئۆلیگارشیەکی پێك هاتوو لەنەژادو رەسەنایەتی تووشی دێ؟ ئەگەر ئێستا سەرپەرشتیاران جێگرانی خۆیان هەڵنەبژێرن کەوایە کێ هەڵی دەبژێرێ؟ چۆن دەکرێ سەرپەرشتیارانی هەڵپەرستو مشەخۆر لەسەر کار لابرێن؟ زۆر شتی تر.

## شایستەیی هاولاتیان بۆ حکوومەت کردن

**ئەگەر لایەنگرانی سەرپەرشتخواز نەتوانن ڕێگا چارەیەکی شیاو بۆ گیروگرفتەکانیان, بخەنە ڕوو, ئەوکات بەبڕوای من دووربینی وامان لێدەکات کە ئێمە بۆچوونی ئەوان وەرنەگرین. بە وەرنەگرتنی دەلیلەکانی سەرپەرشتیاران ڕاست دەگەین بەم ئەنجامە:"لەناو کەسانی پێگەیشتوودا**



**ناتوانی هیچ کەسێك بەو متمانەیەوە بدۆزیەوە کەشایانتر بێت لەکەسانی تر, دەسەڵاتی تەواوی بەڕێوەبردنی حکومەتی پێ پسپێردرێ".**

بەلام ئەگەر ئێمە نابێ بچینە ژێر باری حکومەتی سەرپەرشتیاران, کەوایە کێ دەبێ حکومەت بکا بەسەر ئێمەدا؟ خۆمان.

ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کەلەزۆربەی بوارەکاندا دەبێ هەرکەسێکی پێگەیشتوو مەجالی ئەوەی هەبێ هەڵسەنگاندن بکا لەنێوان ئەوەی کە چ شتێك بۆ بەختەوەریو بەرژەوەندی ئەو باشترە, مەگەر ئەوەی کە زۆر بەڵگەو دەلیلی سەلمێنەر لەدژی ئەو بخرێتە روو. بەلام ئێمە ئەو ئەسلی پارێزگاریە لە سەربەخۆیی تاکە کەسی تەنیا بۆ گەورەکان بەڕێوە دەبەین نەك منداڵان. ئێمە لە ئەزموونەکانمان ئەنجام وەردەگرین کە دایكو باوکی منداڵان دەبێ لە ئاستی سەرپەرشتی منداڵەکانیان دابن. ئەگەر ئەو کارەیان باش پێ بەڕێوە نەچوو کەسانی دیکە, یان رەنگە حکوومەت دەتوانێئەو ڕۆڵە ببینێ.

زۆر جار ئەم ئەسڵە دەکرێ سەبارەت بەو پیاوە بەتەمەنانەش بەکاربەری کەناتوانن بەئاسایی چاوەدێری لەخۆیان بکەن. ئەوانەش وەك منداڵان پێوستیان بەسەرپەرشتیار هەیە. بەلام بەپێچەوانەی منداڵان, کەکارکردی ئەم ئەسڵە سەبارەت بەوان لەلایەن یاساو نەریتەوە رەت دەکرێتەوەو, سەبارەت بەگەورەکان ناکرێ کارکردی ئەوان بەسانایی رەت بکرێتەوە, چونکە بەتەواوی مەترسی کەڵك وەرگرتنی نابەجێ هەیە. لەئاکامدا ئێمە پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی جیاوازهەیە, شێوەیەکی بەسەر راگەیشتنی یاسایی. ئەگەر وای دابنێین گەورەکان بەچەند تایبەتمەندییەکەوە, دەبێمافی هەڵبژاردنی بڕیارەکانی خۆیان هەبێ دەربارەی بەرژەوەندیان, بۆچی دەبێ مافێکی ئەو تۆ سەبارەت بەبەرێوبردنی دەوڵەتەکەیان لەوان بستێندرێت؟ پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەنیە کە ئەرێ گەورەکان زۆربەیان شیاوی هەڵبژاردنی بڕیارو بەڵێنەکانی رۆژانەیانن یان نا؟ پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کەزۆرینەی گەورەکان شایانی ئەوەن, کەبەشداری بکەن لەحکومەتدا یان نا؟

**بۆگەیشتن بەوەلام جارێکیدیکە هێندێك لەوئەنجامانە دەخەینەوە بەرچاوکە لەپێش دا باسمان کردن. دیموکراسی باشو چالاکیەکی زۆر بۆ هاولاتیان بەدیاری دێنێ. شارۆمەندان بەڕاستی لەبەرامبەر حاکمانی**



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

**ستەمكاردا دەپارێزرێن: دەبنە خاوەن مافێكی سیاسی یەكسان, سەرەڕای ئەوە دەبنە خاوەنی كەش و هەوایەكی سیاسی باشتر وەك هاوڵاتیەك كەرەسەی پارێزگاری و جێبەجێكردنی گرینگترین ئارەزووی تاكەكەسیان خاوەندارێتی دەكەن, هەروەها دەتوانن بەشداری بكەن لەوبڕیارو نەخشانەدا كە خۆیان لەژێر پرشنگیان دا دەژین, دەتوانن ببنە خاوەنی سەربەخۆییەكی فراوانتری ئاكاریی و لەهەل ومەرجە تایبەتیەكان بۆگەشەی كەسایەتی كەڵك وەرگرن.**

ئەگەر ئێمە بگەینە ئەو ئەنجامە كە دیموكراسی ئەو بوارەی هەیە, لەبەرامبەر سیستمە دەوڵەتییە نادیموكراسییەكاندا, پرسیارێكی بنەڕەتی زۆر دێنەگۆڕێ: بۆچی دەبێ باشیەكانی دیموكراسی تایبەت بە كەسانێكی دیاریكراوەوە كەسانی دیكە كارانە بێ؟ بۆچی نابێ ئەو باشیانە لەژێر دەستی گشت گەورەكاندانەبێ؟

ئەگەر حكومەتێك ئەركی سەرشانی بێ بەختەوەری گشت كەسەكانی وەك یەك لەبەر چاوبگرێ, ئایا نابێ گشت بەسالآچووان خاوەنی مافی بەشداری بن بۆ بڕیار وەرگرتنەكان, سەبارەت بە ئەوەی كە چ یاساو ڕیبازێك بە باشترین شێوە ئامانجەكانی ئەوان وەدیدێنێ, جاچ ئەو ئامانجە بەر چاو تەنگانە بێ سەبارەت بەبەختەوەری تاكەكەسی ئەوان و چ بەختەوەری گشت لایەك بگرێتەوە؟

ئەگەر هیچ كەسێك یان كۆمەڵێك لەناو كۆمەڵگادا بەشێوەی رەها شایان نین بۆ حكومەت كردن تابكرێ ركێفی تەواوی بەرێوەبردنی دەوڵەتیان پێ بسپێری, كەوایە چ كەسێك بۆ بەشداری شایان ترە لەگشت كەسەبەتەمەنەكان كە لەژێر ئەم یاسایەدان؟ لەگەڵ دەرەنجامەكانی ئەم پرسیارە, دەگەین بەئاكامێكی تریش كە بریتی‌یە لە: هەر كەسێكی گەورە كە لەژێر یاسای حكوومەتێكدا بێ, دەبێ بۆ بەشداری لە پرۆسەی دیموكراسی بەڕێوەبردنی حكوومەت بەڕادەی پێویست پاك و چاك بناسرێ مەگەر ئەوەی كە لە هەل ومەرجی تایبەتی پێچەوانەی ئەودا, لەژێر چاودێری یاسادا, تەواوی ئەوە بسەلمێندرێ.

پێنجەمین پێوەری دیموكراسی, تێكەڵاوكردن:

ئەو ئەنجامەی كە باسەكانی ئەم بەشە ئاماژەی بۆ كرد ئەوەیە كە ئەگەر تۆ لە بەرێوەبردنی حكومەتەكەتاندا خاوەنی دەنگی بەرامبەر یان دنگی كەسانی دیكە نەبی,



كێ بەجێگای تۆ ئەو ڕۆڵە دەبینێ...؟ كە بۆخۆتان لە بەرژەوەندیتان پارێزگاری نەكەن, كێ ئەو كارەتان بۆ دەكا؟ هەڵبەت تەنیا بەرژەوەندی تاكە كەسی خۆتان مەبەست نیە. ئەگەر ئێوە بەهەڵكەوت كۆمەڵێك بن بێ بەش بن لەبەشداری چۆن بەرژەوەندی سەرەكی ئەم كۆمەڵە دەپارێزرێ.

وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشكرایە. بەرژەوەندی گشت ئەو كەسانەی كەدەرفەتی بەشداری‌كردن لە حكومەتیان لێ ئەستێندراوە لەلایەن سەرۆكانی حكوومەتەوە پارێزگاری ناكرێ. بەڵگەی مێژوویی ئەم خاڵە زۆرن هەروا كەلەم لێكۆڵینەوە كورتەی ئاڵ و گۆڕی دیموكراسیدا دیتمان, خانەدان و شارستانیان لەبەریتانیا, دژی هەڵس و كەوتی دەسەڵاتداران بوون, كەبێ ئەوەی خۆیان حەز بكەن گوشاریان بۆ دێنان, ئەوان خوازیاری بەشداری كردن بوون لەحكوومەتداو بەدەستیشیان هێنا.

چەند سەدە دوایی چین و توێژە مامناوەندیەكان, كەپێیان وابوو بەرژەوەندی سەرەكیان لەبەر چاو نەگیراوە, ئەوانیش خوازیاری ئەو مافە بوون و بەدەستیان هێنا. لێرەو لەوێ بێ بەشی یاسایی و كردەوەیی ژنان, كۆیلە, خەڵكی هەژار, كرێكارانی دەست كارو هێندێك كۆڕو كۆمەڵەی دیكە, بوو بەهۆی ئەوە كە ئەم كۆڕو كۆمەڵانە نەتوانن لەبەرامبەر چەوسانەوەدا بەباشی لەخۆیان پارێزگاری بكەن, تەنانەت لەبەریتانیا و ئەمریكاش كەحكوومەتەكانیان لەهێندێك بارەوە زۆر دیمكراسی‌تر بوو, هەر نەیتوانی لە خۆیان پارێزگاری بكەن.

جان سیتوارت میل لە 1861دا وتی:"چونكە چینی كرێكار لە مافی دەنگدان بێ بەشن, كەس پشتگیرییان لێناكات" هەروەها وتی:"هەرچەند من لە سەر ئەو بڕوایەنیم كە بەشداران لە حكومەتدا بەئانقەست دەیانەوێ بەرژەوەندی چینی زەحمەت كێش بكەن بەفیدای بەرژەوەندی خۆیان, بەڵام بەو حاڵەشەوە جێگای پرسیارە" كە ئایا پەرلەمان یا هەریەك لە ئەندامەكانی, بۆ یەكەم جاریش كەبووە دەكرێت كێشەكان لەڕوانگەی كرێكارانەوە ببینن؟ كاتێك بابەتێك دێتە ئاراوە كەكرێكاران لەوێدا خاوەنی بەرژەوەندین, ئایا دەشێ لەڕوانگەیەكەوە جیا لەروانگەی خاوەن كار بڕواندرێتە ئەم بابەتە؟ [1] دەكرێ ئەم پرسیارە لەكۆمارە كۆن و نوێیەكانیشدا بێنە ئاراوە؟ هەروەها سەبارەت بەژنان

(1)John stuart Mill, Gnsiderations on Representative Gorernment(18 61) (New york Liberal Arts,1958),p.44.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

لەدرێژی مێژوودا تاسەدەی بیستەم" هەروەها سەبارەت بەزۆربەی ئەو کەسانەی کە بە نێو ئازادن و بەکردەوە بێ بەشن لە مافە دیموکراسیەکان, وەك ڕەشەکان لە بەشە باشووریەکانی ئەمریکا دەیەی 1960ولە ئەفریقای باشووری, دەیەی 1990و هەروەها شوێنەکانی تر.

بەم حاڵەوە کەس و کۆڕو کۆمەڵەکان جاری واهەیە سەبارەت بە دەست نیشانکردنی بەختەوەریەکانیان دەکەونە هەڵەوە. بەدڵنیایی پێدەچێت زۆرجار بەرژەوەندیان بەهەڵە تێبگەن. بەڵام باری گرانی ئەزموون و ساوکەی مرۆڤایەتی ئێمە فێر دەکا کە هیچ گروپ و تاقمێك لە بەتەمەنەکان نابێ بە متمانەوە هێزی حکومەت کردن بەسەر خۆدا بسپێرن بە کەسانی دیکە. ئەم بابەتە ڕێنمایی ئێمە دەکا بۆ ئەنجامێکی گرینگ.

پێدەچی لەبیرتان مابێ کاتێ لە فەسڵی چواردا هەوێن و ماکە دیموکراسیەکانم یەکە یەکە دایە بەرباس و لێکۆڵینەوە, باس دەربارەی هەوێنی پێنج" واتا تێکەڵاوکردنی گەورە ساڵەکانم, هێشتەوە بۆ دوایی(بڕوانە وێنەی 4). بەبڕوای من ئەو فەسڵەو فەسڵی کۆتایی, زۆر بەڵگەو دەلیلیان سەقامگیر کردووە کە لەوە دەدوێ, بەدیموکراسی کردنی بەڕێوەبردنی وڵاتێك گرێدراوە بەوەدی هێنانی ئەم پێوەرە: واتا تێکەڵاوکردنی تەواو. سەرجەم شارۆمەندان لە حکوومەتێکی پیاو سالاریدا دەبێ هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لەیاسای ئەو حکوومەتە پەیڕەوی دەکەن, جگە لە ڕێبواران و ئەو کەسانەی کە ناتوانن ئاگایان لە خۆیان بێت.

## کێشە چارەسەر نەکراوەکان.

**قەبووڵ نەکردنی سەرپەرشتیاری و قەبووڵ کردنی یەکسانی سیاسی وەك ئامانجێك هێمان چەند پرسیاری گران بێ وەڵام دەهێڵیتەوە. ئایا هاوڵاتیان و سەرانی حکوومەت پێویستیان بە کار ناسان هەیە؟ بێ گومان هەیانە! گرینگی کارناسان و لێزانی پسپۆڕانەیان بۆ ئەوەی حکوومەتە دیموکراسیەکان باشتر بجووڵێنەوە, حاشا هەڵنەگرە.**

**دارِشتنی سیاسەتی گشتی ئەوەندە ئاڵۆزەو(لەوانەشە ئاڵۆزتریش ببێت) کە هیچ حکومەتێك ناتوانێ بڕیارێکی وا بدات گشت کەس رازی بکا بێ ئەوەی کەڵك وەرنەگرێ لەپسپۆڕان. ڕێك وەك ئێمە کە لەبواری بڕیارە تاکە**



**کەسیەکانمانەوە دەبێ زۆر جار بۆ بڕیاردان پشت ببەستین بە ڕێنوێنی پسپۆران" هەروەها دەبێ زۆرێك لە بڕیارە گرینگەکانمان بە ئەوان بسپێرین. هەربەم شێوەیە حکوومەتەکان, لەوانە حکومەتە دیموکراسیەکانیش دەبێ بەم شێوەیە بجولێنەوە. ئەوەی کە چۆن چۆنی هەوێنە دیموکراسیەکان وەدی بێنین, یەکسانی سیاسی تاڕادەیەکی شایان بپارێزین, سەرەڕای ئەوەش لە بڕیاردانی گشتیدا پشت ببەستین بە کارناسان و عەقڵی کارناسەکی, ئەوانە کێشە گەلێکی گرینگن کە لانەکرنەوە لەوانە لەلایەنگرانی دەوڵەتی دیموکراتیکەوە کارێکی گەوجانەیە. بەڵام لێرەدا بە ناچاری وازی لێ دێنم.**

**کەبڕیاربێ هاووڵاتیان شایانی حکومەت کردن بن, ئایا ئەوان پێویستیان بەم دامەزراوانە نابێ کە بۆ بەڕێوە بردنی ئەم ئەرکە پێویستیان پێیان هەیە؟ بێ گومان پێیان دەبێ. هەل و دەرفەتی وەدەست هێنانی تێگەیشتنێکی باش لە کێشە گشتیەکان, تەنیا بەشێك لە تاریفی دیموکراسی نیە, بەڵکە تەواوکەری دیموکراسیە.**

**هیچ کام لەو باسانەی کەهەتا ئێستا کردوومن نابێ وای وەرگرن کە زۆرینەی هاووڵاتیان قەت پێناچێ هەڵەبکەن. ئەگەری هەڵەیان هەیەو بەکردەوە هەڵەدەکەن. ڕێك بەو هۆیەوە کە لایەنگرانی دیموکراسی بەردەوام گرینگیەکی زۆریان داوە بە ڕاهێنان.هەروەها ڕاهێنانی هاوڵاتی تەنیا بوونی قوتابخانەی یاسایی ناگرێتەوە, بەڵکە پێویستی هەیە بە باس و خواسی گشتی, وتووێژ, دەمەتەقە, دژایەتی بۆ چوون, دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری بایەخدارو زۆرێك لە دامەزراوەکانی دیکە.**

**بەڵام وای دابنێن دامەزراوە پێویستەکان بۆ گەشەی شارۆمەندان لاوازن, زۆربەی شارۆمەندان بەباشی نازانن کەچۆن دەبێ لە بایەخ و بەرژەوەندیە سەرەکیەکانیان پارێزگاری بکەن. لەو هەل و مەرجەدا ئێمە دەبێ چ بکەین؟ بۆ دۆزینەوەی ئەم پرسیارە واچاکە چاوێك بگێڕینەوە بەسەر ئەو ئەنجامانەی هەتا ئێرە کۆمان کردوونەوە. ئێمە ئەسڵی یەکسانی خودیمان وەرگرت:**



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

دەبێ بەختیاری هەرکام لە کەسەکانی مرۆڤ لە خۆیدا یەکسان بزانین لەگەڵ کەسانی تردا.

ئێمە ئەو ئەسڵەمان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەوڵەتێك بەکارهێنا, بۆهەر بڕیاردانێك, کە حکومەت دەبێ بەختەوەری‌و بەرژەوەندی هەموو ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە بەپێی ئەو بڕیارە بەڕێوە دەچێ, بەشێوەی هاوسان لەبەرچاو بگرێ. ئێمە سەرپەرشتیاریمان وەك شێوازی رازیکردنی کارکردی ئەو ئەسڵە ڕەتکردەوە: لەناو کەسە تەمەن کامڵەکاندا هیچ کەس‌و کەسانێك دەست ناکەون کە شایانتر بن لە ئەوانی دیکە کە بشێ ڕکێفی تەواوی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتیان پێ بسپێری. لەبری ئەوە ئێمە تێکەڵاوکردنی تەواومان هەڵبژارد: کۆمەڵی هاوڵاتیان لە دەوڵەتێکی دیموکراسیدا دەبێ گشت ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لەیاسای ئەم وڵاتە پەیڕەوی دەکەن, جگە لەڕێبواران‌و ئەو کەسانەی کە توانای چاودێری لەخۆیانیان نیە. جا لەبەر ئەوە, هەرکات دامەزراوە پەروەردەییەکانی کۆمەڵایەتی خەڵك لاواز بوون, تەنیا ڕێگا چارەیەك هەیە. دەبێ ئەو دامەزراوانە بەهێز بکرێن. ئێمە بڕوامان بە ئامانجەکانی دیموکراسی هەیە, ئەرکی سەرشانمانە شێوە باشەکانی وەدەست هێنانی شایان بوونی هاووڵاتیان بدۆزینەوە. ڕەنگە ئەو دامەزراوە پێویستانەی کە بۆ پەروەردەو ڕاهێنانی هاووڵاتیان لەنێوان سەدەی نۆزدەو بیست لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا پێك هاتن ئیتر بەس نەبن. لەوەها هەل‌و مەرجێك دا, وڵاتە دیموکراسیەکان پێویستیان بە دامەزراوە گەلێکی نوێ دەبێ کە تەواوکەری دامەزراوە کۆنەکان بن.

## چەند تێبینی کۆتایی

تا ئێستا نیوەی ئەو دەسەڵاتداریەتەمان دایەبەر لێکۆڵینەوە کە لە خشتەی سێهەمدا دیتمان. بەو حاڵەوە تائێستا چاوێکمان نەگێڕاوە بەنیوەکەی دیکەدا, واتا بەو دامەزاوە پێویستانەی کە بۆبەرەو پێش بردنی ئامانجی دیموکراسی بەکەڵکن, هەروەها بۆ هەل‌و مەرجی کۆمەڵایەتی, ئابووری‌و شتی دیکە, دەبنە هۆی گەشەو مانەوەی دامەزراوە دیموکراسیەکان. ئەو چەشنە بابەتە لە فەسڵەکانی دیکەدا دەدەینە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە.

لەبەر ئەوە, لە دروشمەکانەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە لە راستیدا هەن

# بەشی سێهەم

# خەڵك سالاریی تەواو

## فەسڵی هەشت

دیموکراسی بەربڵاو پێویستی بەچ زاروە گەلێکی سیاسی هەیە؟ مانای ئەوەکە دەڵێین فلانە وڵات بەشێوەی دیموکراسی بەڕێوە دەچێ چیە؟

www.pertwk.com

لەم فەسڵەدا تەوەری باسەکەمان دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکانە، کە لە قاڵب و قەوارەی بەرین و بەربلاوتر دان" واتە ئەو دامەزراوە سیاسیە پێویستن بۆ بەڕێوەبردنی دیموکراسی وڵاتێك بەکەڵکن، دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لێرەدا کارمان بەوە نییە کە دیموکراسی لە گروپێکی سیاسی زۆر بچووك وەك کۆمیتەیەك، پێویستی بەچ شتێك هەیە. هەروەها دەبێ پێوەری هەمیشەی خۆمان لەبەر چاوبێ:"هیچ کام لە جۆرەکانی دیموکراسی راستەقینە و بەرچاو هەرگیز نەیان توانیوە لە هەوێنەکانی دیموکراسی بدوێن، کە لە بەشی دووەم دا باسی لێ کراوە و لە وێنەی 4 دا وێنا کراوە. هەروەها لەم بەندەشدا هەروەك شوێنەکانی تر، دەبێ وشیار بین کە لەزمانی ئاسایی ئێمەدا وشەی دیموکراسی هەم دەربارەی مەبەست و ئامانج بەکار دەبردرێ و هەم دەربارەی ئەم راستەقینەیەی کە تەنیا بەشێکە لەئامانج.

هەر بەو پێیە، هەر کات من لەسەر دیموکراتیك، حکوومەتی دیموکراسی، وڵاتی دیموکراتیك و هی تردوام، خوێنەر خۆی دەبێ جیاوازییەکان هەست پێ بکات.

ئەگەر بڕیار بێ وڵاتێك بەشێوەی دیموکراتیك بەڕێوە بچێ، چ شتێکی پێویستە؟ لانی کەم دەبێ کردەوە. دامەزراوە، ڕێکخستنێکی سیاسی تایبەتی هەبێ کە بتوانێ تاڕادەی پێویست تەنانەت ئەگەر بەتەواویش نەبێ هەوێنەکانی دیموکراسی ئامانجی وەدی بێنێ.

## چەند خاڵێك دەربارەی وشەکان:

وادێتە بەرچاو کە وشەی ڕێکخستنی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ چەند بارودۆخێکی کاتی. واتا نموونەی باش وڵاتێکە کە تازە لەدەسەڵات داری نا دیموکراتیك رزگاری بووە. لەو حاڵەدا لە واژەی"کردەوە" بۆکاروباری زۆرتر کە لە هێزی خووگرتنەوە سەرچاوەی گرتووە، بەردەوامتر کەڵك وەردەگرێ. دامەزراوەکانیش زۆر جار بە ڕێکخراوە گەلێکی سەقامگیر بوو دەزانین کە لە درێژ ماوەدا لە نەوەیەکەوە گوێزراونەتەوە بۆ نەوەیەکی تر.

**هەرکات وڵاتێك لە حکوومەتێکی نادیموکراسی دەگوێزرێتەوە بۆ حکوومەتێکی دیموکراتیك سەرەتاو بەر لەهەمووشتێ یاساکان**



**دەبنە"کردەوە"و ئەم کردەوانەش لەکاتی خۆیدا دەبنە دامەزراوەی سەقامگیر بوو. هەرچەند کە ئەم جیاوازی دانانە بەکەڵکن، بەڵام بۆ مەبەستی ئێمە ئاسان تر ئەوەیە کە ئەوانە لەبیر بکەین و تەنیا بەو دامەزراوانە رازی بین.**

## چۆن دەتوانین بزانین؟

**چۆن دەتوانین بەجۆرێکی عاقڵانە بڕیار بدەین کەچ دامەزراوەگەلێکی سیاسی بۆ دیموکراسی بەرین پێویستن؟ دەکرێ مێژووی ئەو وڵاتانە بخوێنیەوە کە دامەزراوە سیاسیەکانیان- لانی کەم تاڕادەیەك- لە وەڵام دانەوە بەخواستەکانی تێکەڵ بوونی خەڵك بەرین تربووەو بەشداری کاریگەریان لە گۆڕینی حکوومەت و هەڵسوڕانە سیاسیەکان دا هەبووە.**

**گەرچی لەسەردەمانی رابردوودا ئەوانەی کەپێیان وابوو تێکەڵ بوون و بەشداریان وەدەست هێناوە وەك پێویست نەکەوتبونە ژێر کاریگەری باوەڕی دیموکراسییانە، بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم بەملاوە وردە وردە ویستیان داخوازییەکانیان بەپێی بیرو هزری دیموکراسییانە جێبەجێ بکەن، ئەمانە بەشوێن چ دامەزراوەیەکی سیاسی‌یەوە بوون و لەڕاستی‌دا چ دامەزراوەیەك لەم وڵاتانە وەرگیران؟**

**هەروەها دەکرێ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو وڵاتانە بکەی کە زۆربەی خەڵکەکەی خۆیان و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی وڵاتانی تریش، هەروەها لێکۆڵەران، رۆژنامەوانان، وکەسانی وەك ئەوان، حکومەتی ئەو وڵاتانە بەحکومەتێکی دیموکراسی خواز دەزانن. بە واتەیەکی تر ئەو وڵاتانە، چ لەوتەی رۆژانەو چ لەباس و لێکۆڵینەوەکان دا بە دیموکراسی خواز لە قەڵەم دەدرێن.**

**سێهەم، دەکرێ لەسەر وڵاتێکی تایبەت یان کۆمەڵێك وڵات یان تەنانەت وڵاتێکی خەیاڵی تێ رامانت هەبێ، تابکرێ بە گوێرەی توانا وردبینانە، سەرنج بدرێ کە چ دامەزراوەیەکی سیاسی بۆگەیشتن بەمەبەستە دیموکراتیکەکان بەکەڵك و پێویستن. بۆ وێنە دەتوانین بەکەڵك وەرگرتن لە**



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

www.pertwk.com

ئەزمونی بیرو مێشك كە لەودا بتوانین بە وشیاری‌یەكی زۆرەوە ئەزموونەكان, بیرو بۆچوونەكان, ئیمكانات, سنووورە سیاسیەكان, بدرێتە بەر باس‌و لێكۆڵینەوەو پاشان كۆمەڵێك دامەزراوەی سیاسی دەست نیشان بكرێ كە بۆ دیموكراسی پێویستن‌و لەهەمان كات دا هەم لە چوار چێوەی تواناكانی مرۆڤ دابێ‌و هەم لەرووی كردەوەوە شیاوی بەدەست هێنان بن.

بەختەوەرانە ئەم سێ شێوازە, لەهەمان كۆمەڵەی دامەزراوە سیاسیە دیموكراتیكیەكاندا پێك دەگەن. لەبەر ئەوە, ئەم دامەزراوانە لانی كەمی بارودۆخی دیموكراسین لە وڵاتێك دا.(وێنەی 6)

وێنەی 6.دیموكراسی بەربڵاو پێویستی بە چ دامەزراوەیەك هەیە؟

دیموكراسی لە ئاستی وڵاتێك پێویستی بەم دامەزراوانەی خوارەوە هەیە:

1ـ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی

2ـ هەڵبژاردنی ئازاد, دادوەرانەو بەردەوام

3ـ ئازادی رادەربڕین

4ـ بوونی سەرچاوەی زانیاری راگەیاندن

5ـ ریكخراوە سەربەخۆكان

6ـ هاوڵاتی تێكەڵ

دامەزراوە سیاسی‌یە دیموكراسییەكان لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی بەگشتی دامەزراوە سیاسی‌یەكانی وڵاتێكی دیموكراتیكی پێشكەوتوو لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی بریتین لە:

1ـ هەڵبژاردنی پلەكانی دەوڵەتی: چاوەدێری كردنی بڕیارە كانی حكومەت لە باری دارشتنی سیاسەت بەپێی یاسا لە بەر دەست ئەو نوێنەرانە دانراوە كە لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەڵبژێردراون.هەر بەو پێ‌یە حكوومەتە دیموكراتیكە تازەكان لەسەر بنەمای نوێنەرایەتین.

2ـ هەڵبژاردنی ئازاد, بە دادوەرانەو بەردەوام: نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە هەڵبژاردنێكی بەردەوام‌و یەكساندا هەڵبژێردرێن, كە كردەوەی توندو تیژی تارادەیەك شاراوەیەو تیایاندا نادیارە.



3ـ ئازادی رادەربڕین: هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە كە بێ ترس‌و دڵەڕاوكێ لەتۆڵەسەندنی دوایی بیروڕای خۆیان دەربڕن لە سەركێشە جۆراو جۆرەسیاسییەكان بەمانای بەرینی وشە كە رەخنە لە پلەو پایەكانی حكومەت‌و خودی حكومەت, سیستمی بەڕێوەبردن, سیستمی ئابووری سیاسی‌و ئیدیولۆژی دەسەڵات داریش لە خۆ دەگرێ.

4ـ دەس راگەیشتن بەسەرچاوەكانی راگەیاندن‌و زانیاری: هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە كە زانیاری خۆیان لە سەرچاوەكانی راگەیاندنی سەربەخۆ وەربگرن, واتە هاووڵاتیان, پسپۆڕان, رۆژنامەكان, گۆڤار, كتێب‌و ئامێرەكانی پەیوەندی گشتی‌و شتی لەم بابەتە.

5ـ رێكخراوەی سەربەخۆ: هاووڵاتیان بۆ گەیشتن بە گشت مافەكانی خۆیان, لەوانە بەو مافانەی كە بۆ كردەوەی كاریگەر بوونی شایانی دامەزراوە سیاسی‌یە دیموكراتیكەكان پێویستن, دەبێ بتوانن ئەنجومەن‌و سەندیكا یان رێكخراوەی سەربەخۆ, لەوانە حیزب‌و كۆمەڵەی سەربەخۆی سیاسی پێك بێنن.

6ـ هاوڵاتی تێكەڵاو: هیچ هاووڵاتیەك كە لە وڵاتێك دا نیشتەجێ‌یەو لەیاسای ئەو وڵاتە پەیڕەوی دەكا نابێ بێ‌بەش بكرێ لەمافێك كە هاووڵاتیەكانی دیكە هەیانەو پەیوەستی ئەو پێنج دامەزراوە سیاسی‌یەیە. ئەویش ئەو مافانە لەخۆ دەگرێ: مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنێكی ئازادی دادوەرانەدا, بۆ دیاری كردنی سەرۆكانی حكومەت, پاڵێوراوەكانی هەڵبژاردن, ئازادی رادەربرین, پێكهێنان‌و بەشداری لە دامەزراوە سیاسیەكانی سەربەخۆدا, دەست راگەیشتن بە سەرچاوە سەربەخۆ زانیاری‌یە گشتی‌یەكانی راگەیاندن‌و سەرجەم سەربەخۆیی‌و ئەو هەل‌و دەرفەتانەی كە لەوانەیە بۆ كارایی‌و كاریگەری دامەزراوە سیاسی‌یە دیموكراتیكەكان لە ئاستی وڵاتێك دا پێویست بن.

## ئاسۆی دامەزراوە سیاسیەكان



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

زۆرجار ئەم دامەزراوانە لە وڵاتێکدا لە پڕ بەدی نایەن, هەروەك کەلە مێژووی کورتی دیموکراسی دا دیتمان(فەسڵی2) دوو دامەزراوەی دوایی زۆر روونو ئاشکرا دواجار پێك هاتن. مافی دنگدانی گشتی تا سەدەی بیستەم چ بە قسەو چ بەکردەوە لای حکوومەتە دیموکراتیك خوازو کۆماری خوازەکان, وجوودی نەبوو. مافی دەنگ دانی گشتی زۆرتر لەهەر تایبەت مەندگەلێکی‌تر, دیموکراسی‌یە مۆدێرنو پێشکەوتووەکان لەگشت شێوەکانی رابردووی دیموکراسی جیادەکاتەوە. سەردەمی دامەزرانو پۆلینی خستنە بەرچاوی ئەم دامەزراوانە, بێڕادە لەگەڵ یەکتر جیاواز بوون. لەو وڵاتانەدا کەبنەمای دامەزراوە دیموکراتیکەکان, زووتر لەوانی تر سەریان هەڵداو تا ئەمڕۆش بەردەوام ماونەتەوە, واتە دیموکراسی‌یە"کۆنەکان" وەك توخمێکی پێشڕەوی هاوبەش دەرئەکەون.

لەسەدەی سێزدەهەم, لەوڵاتی بەریتانیا هەڵبژاردنی پەرلەمانی یاسا دانان زۆر زوو بەڕێوە چوو, لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدەهەم دا. کاری هەڵبژاردنی لیژنەی باڵای یاسادانان, بوو بەهۆی بڵاونەوەی وردە وردەی مافی هاووڵاتیان بۆ دەربڕینی راوبیرو بۆچوونیان سەبارەت بە کێشە سیاسی‌یەکانو لێکۆڵینەوەو گۆڕینەوەی زانیاری. مافی پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنەی مەبەستی سیاسی ئاشکرا دواتر هاتە ئاراوە."کەمینە"ی سیاسی‌و سازماندانی بە دەربەستانە, زۆر جار بە مەترسی دار, ئاژاوەگێڕی, تێکدەری سەقامگیری سیاسی, زیان بار بۆ بەختەوەری کۆمەڵگا, پێناسە دەکران. بەو حاڵەشەوە لەوەرا کە نەدەکرا بێ کەڵك وەرگرتن لە هێندێك کاری توندو تیژانە بەر بەم ئەنجومەنە سیاسیانە بگیرێ, هەر رۆژ رادەیەکی زۆرتر لە هاووڵاتیانی دەست رۆیشتوو لەو چەشنە کارانە بێزار دەبوون, ئەم ئەنجومەنانە زۆر جار دەیان توانی کەم تا کورتێك بە شێوەی نهێنی دریژە بەژیانی خۆیان بدەن تا لە کاتی پێویست دا خۆیان ئاشکرا کردبایە. لە لیژنە یاسا دانەرەکاندا ئەوەی کە جاران گروپ‌و تاقم بوون, بە حیزبی سیاسی"خۆییەکان" کە لە خزمەت حکوومەتی کاتی سەردەمدا, دەکەوتنە بەر هێرش‌و دژایەتی کردنی ناحەزان ئەو کەسانەی کە لە بەریتانیا پێیان دەگوتن"نەیارانی وەفاداری خاوەن شکۆ" لە بەریتانیای سەدەی هەژدەهەم باڵی لایەنگری پادشاو باڵی نەیاری پادشا, کە لەلایەن زۆرینەی خانەدانو ئاغاکانی دێهاتەوە لایەنگریان لێ دەکرا. وردە وردە بوون بە"توور[1] و وێگ[2]"ەکان. هەر لەم سەدەیەدا لە وڵاتی"سوید"رێکخراوەکان, نەیارەکانی یەکتریان بە تەشەرەوە ناونابوو"رۆژکلاویەکان"[3] و"شەو کلاویەکان"[4] لە ساڵەکانی دوایی سەدەی هەژدەهەم لە کۆماری تازە دامەزراوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, تۆماس جفرسۆن سەرۆکی حکوومەت‌و جیمز مادیسۆن, سەرۆکی پارلەمانی نوێنەران, لایەنگرەکانیان لە کۆنگرە وا رێکخستبوو کە لەگەڵ سیاسەت داڕێژەرانی سەرۆك حکوومەتی فێدراڵی, واتە "جان ئادامز"[5] و وەزیری خەزینەکەی, "ئەلکساندرهەمیلتۆن"[6], دژایەتی بکەن. ئەوان زۆر زوو زانیان کە بۆ بەرەوپێش بردنی دژایەتی‌یەکان پێویستە سنووری دژایەتی کردن تێپەڕێنن لە گەڵ فێدرالیستەکان لە کۆنگرە و کابینە: دەبێ نەیارەکانیان لە سەر هێزو دەسەڵات بێننەخوارێ. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کارە, دەبێ لە هەڵبژاردنەکانی نەتەوەییدا سەرکەون, بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێ هەواداران و لایەنگرەکانیان لە ئاستی وڵاتدا رێك بخەن. کەمتر لە دەیەیەك جۆسۆن مادیسۆن و کەسانێك کە بۆچوونەکانی ئەوانیان قەبووڵ کردبوو حیزبێکی سیاسیان دامەزراند کە لە ئاستی دوورترین بەش‌و لایەنەکانی دەنگدان دا حزووریان هەبوو.لە گشت قەزا و شار و شارۆچکەکان تەشەنەیان کرد و چوونە ناویان.

**رێکخراوەیەك کە بانگەشەی وەفاداری لایەنگرانی خۆی دەکرد لە نێوان خەباتی هەڵبژاردنەکان, هەروەها لە کاتی بەڕێوە بردنی هەڵبژاردندا و لە هاتنی ئەوان بۆ پێی سندووقەکانی دەنگ دان ئەرخەیانی خۆی رادەگەیاند, "حیزبی کۆماری خواز" زۆر زوو ناوەکەی گۆڕاو بوو بە " کۆماری خوازی دیموکراتیك نەوەیەك دواتر تەنیا بە "دیموکراتیك" ناویان دەرکرد, بوو بە**

---

(1)Toris
(2)Whigs
(3) "رۆژکلاوی‌یەکان"بە هۆی وێچوونیان لە کارمەندانێك کە لەو رۆژگارانەدا کلاویان لەسەر دەنا. واناونراون.
(4) "شەوکلاویەکان" بەو هۆیە وایان پێ دەگوتن کەدەگوترا وەك خانمە شەرمەزارەکان شەوانەش کلاویان لەسەر دانەدەکەند.
(5) Jahanadams
.(6) Alexpander Hamiiltou

تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

www.pertwk.com

**یەکەمین حیزبی هەڵبژاردنی خەڵکی لە دونیادا. لە ئاکام دا یەکێك لە بنەرەت ترین و بەر چاوترین دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکیەکان، واتە حیزبی سیاسی، لە قاوغی بەرتەسکی پەرلەمان‌و هێزی یاسا دارێژ هاتە دەرەوە تاکو هاووڵاتیان رێك بخاو لایەنگرانی حیزب بۆ هەڵبژاردنی نەتەوەیی، ئامادە بکات.**

تا ئەوکاتەی کە یەکێك لە خانەدانەکانی فەرەنسا، واتە " ئەلکسیس دوتۆکویل" لە دەیەی 1830 سەردانی ئەمریکای کرد، سەرەتای پێنج دامەزراوی دیموکراسی کە لە لاپەرەکانی رابردوودا سەبارەت بەوان دواین، لە ئامریکا دروست ببوون. دامەزراوەکان ئەوەندە قورس و قایم و بەربلاو هاتبوونە بەرچاوی، بێ هێچ گومان‌و دوو دڵی‌یەك ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکای بە ولاتێکی دیموکراتیك لە قەڵەمدا. توکویل دەیگوت کە لەو ولاتە خەڵك فەرمان رەوان،"کۆمەڵگا بۆبەرژەوەندی خۆی حوکمی خۆی دەکات". دەسەلاتی زۆرینەی خەڵك سنووری نییە[1]، ئەو لەو هەموو ئەنجومەن‌و رێکخراوە کە ئەمریکاییەکان خۆیان بۆ گەیشتن بەگەلێك مەبەستی جۆراو جۆر پێکیان هێنابوون، سەری سوورمابوو. لە سەرووی هەموو ئەم ئەنجومەنانە شەوە، دوو حیزبی سیاسی سەرەکی گەورە هەبوون، لە روانگەی توکویلەوە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دیموکراسی لە ئاستێك دایە کە هەرگیز لەوە کامڵ تر لە هێزی خەیالاتی مرۆڤدا ناگونجێ.

لە نێوان سەدەی دوایی دا هەر پێنج بنەمای دیموکراتیکی بنەرەتی کە تۆکویل لە ئامریکا دیبوونی لە دە دوازدە ولاتی‌تریش دامەزراو بە هێز کرا.زۆربەی چاودێران لە ئەورووپا و ولاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا بەو ئاکامە گەیشتن، هەر ولاتێك کە لە سەردەمی مەدەنیەت و پێشکەوتن دا دەژی پێویستە شێوە و قەوارەیەکی دیموکراسییانە بۆ

1. Alexis detocqevill. Democracy in America. Vol 1(New York: schocke, Book, 1961), P. 51.



حکوومەت هەڵبژێرێت. بەم حاڵەشەوە لە هیچ کوێ بنەمای شەشەمین لەم دامەزراوە بنەرەتیە، واتە هاووڵاتی تێکەڵاو، شوێنەورایێك نەبوو. کەچی تۆکویل سوور بوو لە سەر ئەوەی کە" ولاتی ئیرلەند کە لەلایەن پیاوانی پایە بەرزەوە دامەزرابوو هەوەڵین شوێنێك بووە کە مافی دەنگ دانی بۆ هەمووان راگەیاند" بەلام دیسانیش وەك هەموو پیاوان و" ژنانی" سەردەمی خۆی بە شێوەی ئاشکرا، وایبیر دەکردەوە کە وشەی گشتی"ژنان" ناگرێتەوە. لە راستی دا هێندێك لە پیاوانیشی نەدەگرتەوە." مافی دەنگ دانی گشتی ئیرلەند، زۆرینەی خەڵکانی ئامریکای بەرەگەز ئافریقایی لە خۆ نەدەگرت. لە زۆر شوێنی دیکە واتە لە ولاتانێك کە لە هێندێك لایەنی‌ترەوە کەم تا کورت دیموکراتیك بوون، وەك ئامریکا، نیوەی بەساڵاچووان لە ژیانی سیاسی نەتەوەیی دا تەنیا بە هۆی ئەوەی کە ژن بوون بە گشتی بێ بەش بوون. بێجگە لەوەش رادەیەکی زۆر لە پیاوانیش مافی دەنگ دانیان نەبوو، چونکە یان خوێندەوار نەبوون یان خاوەن زەوی نەبوون. بێ بەشیەك کە زۆربەی ئەو خەڵکەی خۆیان بە لایەنگرو خاوەنی حکوومەتی دیموکراسی، یان کۆماری خواز دەزانی پشتیوانیان لێ دەکرد. هەر چەند نیوزلەند لە ساڵی 1893 و ئۆستۆرالیا لە ساڵی 1920 مافی دەنگ دانی گشتیان بۆ ژنانیش بە رەسمیەت ناسی. دیسان لەم



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

ولاَتانەدا كە لە  هێندێك بواری  ترەوە دیموكراتیك بوون ژنان تا دەوروبەری ساڵەكانی

1920  لەماف دەنگ دان بیٚ بەش مانەوە, لە بلژیك, فەرەنسا , و سویسرا, واتە ولاَتانێك

كە زۆر بەی خەڵك ئەوانیان بە ولاَتانێكی زۆر دیموكراسی دەزانی, ژنان تا دوای شەڕی

دوهەمی جیهانی لە ماف دەنگ دان بیٚ بەش بوون.

**لەبەر ئەوەی كە زۆربەی خەڵكی ئەمڕۆ بۆیان سەختە تێبگەن كە دیموكراسی چ مانایەكی بۆنەوەكانی پێش ئێمە هەبووە, ڕێگام بدەن پەنجە لەسەر ئەو جیاوازیانە دابنێم: لە تەواوی دیموكراسیو كۆمارەكانی سەرتاسەری ئەم بیستو پێنج سەدەیەدا مافەكانی بەشداری كردن لەژیانی سیاسیدا, تەنیا بە قۆرخ بوو بۆ هێندێك لە بەساڵاچووان.**
**حكومەتی"دیموكراتیك" تەنیا لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوە دەچوو, ئەویش نە هەمووان. تەنیا لە سەدەی بیستەمدا بوو كە دیموكراسی هەم لە تیۆریو هەم لە كردەوەدا ئەم بارودۆخەی سەلماند كە بەشداری تەواو لە ژیانی سیاسی, دەبیٚ بدریٚ بەگشت كۆمەڵی گەورە ساڵان, بەو گەورەساڵانەی كە بەشێوەی بەردەوامو رەسمی لە ولاَتێك نیشتەجێن, تەنیا لەرووی پێویستەوە نەبیٚ بۆ هێندیٚ حاڵەتی تایبەت.**
**لەبەر ئەوە ئەم شەش بنەما سیاسییە بەمەرجێك هەر شەشیان وەربگیرێن, نەتەنیا بە جۆرێك سیستەمی سیاسی نویٚ لە قەڵەم دەدرێن بەڵكو جۆرێك"دیموكراسی" پێك دێنن كە بیٚ وێنە بووە لە سەرتاسەری ئەم بیستو پێنج سەدە ئەزموونەدا, هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی"دیموكراسی"یەوە لە ئەسیناو"كۆمار" لەرۆم. لەو روانگەوە كە دامەزراوەكانی حكومەتێكی دیموكراسی خوازی پێشكەوتووی نوێنەرایەتی بە شێوەیەك كە هەموویان پێكەوە لەبەر چاوبگرین, لەبواری مێژووییەوە بیٚ**



**وێنەن. باشترە ناوێكی تایبەت بۆ ئەوان لەبەرچاو بگرین, ئەم شێوە نوێیەی حكومەتی دیموكراسی جاری واهەیە پێی دەڵێن دیموكراسی گشتگیر.**
.POLYARCHAL DEMOCRACY

**<u>چەند خالێك دەربارەی وشەكان:</u>**

**وشەی(POLYARCHY) لە پیتی یۆنانی"زوو"و"حكومەت كردن" وەرگیراووە, هەر بەو پێیە بەمانای حكومەتی زۆرینە یا"گشت سالاری" كە لەگەڵ حكومەتی تاكە كەسی, واتاپاشایەتیو حكومەتی كۆمەڵێك كەس, واتا ئۆلیگارشی یان عەشیرەتی, دەكەوێتە دژایەتی. گەرچی ئەم دەستەواژەیە لەوەو پێش كەم تاكورت بەكاردەهێندرا, بەلاَم منو یەكێك لە هاوڕێیانم لە ساڵی 1953 ئەوەمان دەربارەی ئەو دیموكراسیە مۆدێرنە بەكارهێنا كەلەسەر بنەمای نوێنەرایەتیو مافی دەنگدان بۆ هەموان بوو. هەروەها لێرە بەم لاوەش من ئەم وشەیە هەر بەو مانایە بەكاردەهێنم. ئەگەر بمەویٚ وردتر بدوێم, دیموكرسی خەڵك سالاری یاگشتگر سیستەمێكی سیاسییە خاوەنی ئەو شەش بنەما دیموكراسی خوازانەیە كە ئاماژەی پێكرا. هەر بەو پێیە  دیموكراسی گشتگر لەگەڵ دیموكراسی نوێنەرایەتی, كە لە سەدەی نۆزدەهەم دا هەبووە خاوەنی مافێكی كەم بووە لە بواری دەنگداندا, هەروەها جیاوازیشی هەیە لەگەڵ كۆمارە كۆنەكانیش, كە ئەوان نەتەنیا خاوەنی مافێكی زۆركەمی دەنگدان بوون, بەڵكو خاوەنی زۆر یەك لە ناسنامە گرنگەكانی تری دیموكراسی گشتگریش  نەبوون, لەوانە حیزبە سیاسیەكان, مافی پێكهێنانی رێكخراوە سیاسیەكان بۆ كاریگەری دانان لەسەر حكومەت یان دژایەتی كردن لەگەڵ ئەو, كۆڕو كۆمەڵی رێكخراو بۆ بەرژەوەندیو زۆر شتی دیكەش. هەروەها ئەم چەشنە لە دیموكراسی لە شێوازی دیموكراسی خوازانەی تاقمە بچووكەكانیش جیاوازە. ئەو تاقمە بچووكانەی كە ئەندامان بتوانن راستەوخۆ لە ناوخۆی ئەواندا كۆبوونەوە پێك بێننو بیرو بۆچون یان یاساكان(پەسەند) یا پێشنیار بكەن. گەرچی زۆر هۆكاری تریش دەوریان بووە, بەلاَم ئەم شەش بنەما سیاسییە دیموكراسییە**



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

www.pertwk.com

گشتگر, لانی کەم تارادەیەك لە وەڵام دانەوە بە خواستەکانی پەیوەندیدار بە تێکەڵاوو بەشداری هاوبەش لە ژیانی سیاسیدا هاتنە ئاراوە. ئەو وڵاتانەی کە هەنووکە بەگشتی بە دیموکراسی خواز دەناسرێنەوە هەموویان ئەم شەش بنەمایەیان هەیە. بەم حاڵەشەوە دەتوانین بپرسین: ئایا هێندێك لە ئەم بنەمایانە شتێکی ترهەن جگە لەبەرهەمی تێکۆشانی مێژوویی؟ ئایا ئەوانە ئیتر بۆ حکومەتێکی دیموکراسی خواز پێویست نین؟ ئەگەر هێشتا پێویستن هۆیەکەی چییە؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە, پێویستە سەرنجتان بۆ مەرجێکی گرینگ رابکێشم. هەروەك لەسەرەتای ئەم فەسڵەدا رامگەیاند, ئێمە سەرگەرمی پێداچوونەوەی ئەو بنەمایانەبن کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێکی دیموکراتیك پێویستن. بۆچی"وڵات"؟ لەبەر ئەوەی کە گشت بنەما پێویستەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتێکی دیموکراتیك, هەمیشە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵەیەکی بچووك پێویستن نین. لیژنە, یا یانەیەك یا شارۆچکەیەك کە بەشێوەی دیموکراتیك بەڕێوەدەچێ لەبەر چاوبگرن. هەرچەند وادێتە بەرچاو یەکسانی لە دەنگداندا پێویستە, بەڵام کۆمەڵە بچووکەکان دەتوانن بەبێ دەستێوەردانی بیانیەکان خۆیان ئەو کارە بەڕێوەبەرن.

ڕەنگە بە یارمەتی ناوبژیوانێك کە سەرۆکی کۆبوونەوەکەو جێگری خەزێنەوان بیو لە"ناوەرۆکی کۆبوونەوە"و خەرجیەکان چاوەدێری بکات, گیروگرفت نەیەتەرێ. بەشداربووان خۆیان دەتوانن بە روونی لەمەڕ هەموو شتێك لە دانیشتنو کۆبوونەوەکانیاندا راستەوخۆ بڕیار بدەن. ڕێكو پێککردنی شتە بچووکەکان بسپێرنە دەستی جێگرەکەی- خەزێنەوان. بەڕێوەبردنی رێکخراوە بچکۆلەکان پێویست ناکات وەك حکومەتە نوێنەرایەتیەکان, هاووڵاتیان نوێنەرایەتی هەڵبژێرن بۆ پەسەند کردنی یاساو ڕێساو دانانی سیاسەت. بەم حاڵەشەوە بەڕێوەبردنی ئەم ریکخراوانە دەتوانێ دیموکراسیانە بێت, رەنگە زۆریش دیموکراسی بێت. لەبەر ئەوە تەنانەت ئەگەر خاوەنی رێکخراوو حیزبە سیاسیەکان یان ئەنجومەنە



سیاسییە سەربەخۆکانیش نەبن, دیسان دەکرێ دیموکراسی لەئاستێکی بەرزدا پەیڕەو بکرێ. لەراستیدا دەتواندرێ لەگەڵ روانگەی دیموکراسیو کۆماری خوازی کلاسیك رێکەوی, کە پێی وایە ئەنجومەنە چکۆلەکان,"کەمینە" رێکخراوەییەکان نەتەنیا پێویست نین بەڵکو بێ ئەم لاو ئەولا زەرەرمەندن. ئێمە لەبری ئەوەی کە دژایەتیەکان لەگەڵ دەستەبەندییو باش پێکهێنان, پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکانو(هتد) توندتر بکەین, پێدەچێت ئەو یەکگرتنو رێکەوتنەی کە بەباسو لێکۆڵینەو رێزدانان بۆ یەکتری بەرهەم هاتووە, هەڵبژێرین. هەر بەو پێیە ئەو بنەما سیاسیانە کە بەراستی پێویستی حکومەتێکی دیموکراتیکن پەیوەندیان هەیە بە یەکەوە. ئەو شەش بنەمایەکەی سەرەوە کەباسی لێکرا لەو بوارەوە درانە بەرباسو لێکۆڵینەوە کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتان پێویستن, نەك تاقمە بچووکەکان, دیموکراسی فراوان بریتییە لە بەڕێوەبردنی دیموکراتیکانە لەئاست بەربلاوی دەوڵەت, نەتەوە یان وڵات.

## بگەڕێنەوە بۆ سەر پرسیارەکا نمان:

**ئایا بنەما سیاسییە دیموکراسییە گشتییەکان بەراستی بۆ دیموکراسی لە وڵاتێکی بەربلاودا پێویستن؟ ئەگەر پێویستن بۆچی؟**

**بۆ وەڵام دانەوە بەو پرسیارە دوو لایەنە, ئیزن بدەن وەبیرتان بێنمەوە کە گردو کۆو پرۆسەیەکی دیموکراسی خوازانە پێویستی بەچ شتێك هەیە.(وێنە7)**

**وێنەی 7 هۆی پێویستی بنەماکان.**

لە کۆمەڵێکدا بە گەورەیی وڵاتێك, ئەم بنەماسیاسییە دیموکراسییە گشتگیرانە بۆ وەدیهێنانی چوارچێوەیەکی دیموکراسی پێویستن

| | | |
|---|---|---|
| 1ـ | نوێنەرایەتی هەڵبژێردراو | بەشداری راستەقینە کۆنترۆڵی دانیشتن و کۆبوونەوەکان |
| 2ـ | هەڵبژاردنی ئازادو بە عادلانە و بەردەوام | یەکسانی لە مافی دەنگدان و کۆنترۆڵی دانیشتن و کۆبوونەوەکان |



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

| | | |
|---|---|---|
| 3ـ | ئازادی را دەربڕین | بەشداری راستەقینە<br>بەباشی تێگەیشتن<br>کۆنترۆڵی دانیشتن و کۆبوونەوەکان |
| 4ـ | راگەیاندنی زانیاری پێویست | بەشداری راستەقینە<br>بەباشی تێگەیشتن<br>کۆنترۆڵی دانیشتن و کۆبوونەوەکان |
| 5ـ | ئە نجومەنە سەربەخۆکان | بەشداری راستەقینە<br>بەباشی تێگەیشتن<br>کۆنترۆڵی دانیشتن و کۆبوونەوەکان |
| 6ـ | جیاکردنەوەی هیچ توێژێك لە هاووڵاتیان | بەشداری راستەقینە<br>کۆنترۆڵی دانیشتن و کۆبوونەوەکان<br>تێکەڵاوی تەواو |

**بۆچی و کەی دیموکراسی پێویستی بە نوێنەران هەیە؟**

**هەر لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی دیموکراسی لەسەر کۆمەڵە بچکۆلەکان سەرنجی گواستەوە بۆ سەر کۆمەڵە گەورەکان لە ئاستی نەتەوەو وڵاتاندا, ئەو پرسیارە هاتە گۆڕێ کە:**

**هاووڵاتیان چۆن دەتوانن بەشداری کۆبوونەوەکان بن؟ لە کاتێکداو لەبەر ئەوەی کە ژمارەیان یەکجار زۆرەو لە بواری جوغرافیایی زۆر بەربڵاون, کە بەشداری کردن لە شوێنێکی دیاری کراو جێ‌بەجێ نابێ, ناتوانن بە شێوەیەکی راستەوخۆو واقیعی بەشداری ئەم کۆبوونەوانە بکەن. هەروەها چۆن دەکرێت متمانە هەبێت کە نوێنەرو کاربەدەستان بە گوێرەی پێویست کێشەکانی ژیانی ئەوان چارەسەر دەکەن. بەکورتی واتا هاووڵاتیان چۆن دەتوانن بەسەر دەستووری کۆبوونەوەی بڕیاردانەکانی حکومەت دا کۆنترۆڵیان هەبێ؟**

**هەڵبەت ئەوە کە چۆن دەتوانن بەباشترین شێوە ئەم پێداویستیە دیموکراسییە لە کۆمەڵەیەکی سیاسی گەورەدا وەك وڵاتێك بهێنیتەدی گەلێك سەختەو تارادەیەکیش مەحاڵە. بەم حاڵەشەوە ئەم هەوێنەش رێك وەك هەوێنە زۆر ئاڵۆزەکانی دیکە دەتوانێ وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی**



**هەل و مەرج و رێگا چارەکانی تر بەکاربهێندرێ. ئاساییە کە ئەگەر بەرپرسانی پایە بەرزی حکومەت بتوانن نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکان دابڕێژن و سیاسەتە سەربەخۆکانیان لە خواستی شارۆمەندان هەڵێنجێنن ئەو کات ئەم بارودۆخە پێك نایەت. تەنیا رێگا چارەی کردەوەیی, گەرچی زۆر ناکامڵ و کاڵە, بۆ شارۆمەندان ئەمەیە کە بەرپرسانی پایە بەرزی وڵات هەڵبژێرن و لەگەڵ رەتکردنەوەیان لە هەڵبژاردنەکانی دوایی‌دا, کارێکی وایان لەگەڵ بکەن کە وەڵام دەرەوەی کردەوەکانیان بن.**

**ئەم رێگا چارەیە بە بڕوای ئێمە ئاساییە, بەڵام ئەوەی کە بەبڕوای ئێمە ئاساییە بە هیچ شێوەیەك بۆ ئەوانەی پێش ئێمە ئاسایی نەبووە. هەر وەك لە بەشی2دا بینیمان, تاکو ئەم سەردەمانەی دوای هەڵبژاردنی نوێنەران کە بتوانن یاسا پەسەند بکەن, لە رێگای هەڵبژاردن و لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەم بۆ تیۆری دیموکراتیك. نامۆ بووو هەم بۆ کارکردی دیموکراتیك.**

**هەروەها سەرنجی خوێنەرانمان بۆ ئەم بابەتەش راکێشا کە هەڵبژاردنی نوێنەران بەگشتی لە نێوان سەدەکانی ناوەڕاست ئاڵ و گۆری بەسەر داهات, واتە لەو سەردەمەدا کە پاشاکان زانیان بۆ وەرگرتنی باج و ماڵیات و کۆکردنەوەی هێزی شەڕ و پەسەند کردنی یاسا, ناچارن رەزامەندی وەجاخزادەکان و قەشەو کوێخاکان و هێندێك لەخەڵکی ئاسایی شارەکان و شارە گەورەکانی تر کە زۆریش ئاسایی نەبوون, بۆلای خۆیان راکێشن.**

**هەر بەو پێ‌یە تا سەدەی هەژدەهەم بۆچوونی باو ئەوە بووایە کە حکومەتی دیموکراتیك یا کۆماری خواز بەمانای حکومەت کردنی خەڵك بوو, ئەگەر بڕیار بوو خەڵك حکومەت بکەن دەبوو لە شوێنێك کۆبوونایەتەوەو سەبارەت بە فەرمانەکان, یاساکان, یا بیرو بۆچوونەکان دەنگ بدەن. دیموکراسی بەناچار دەبوو بە دیموکراسی و کۆبوونەوەکانی شاری.**

**دیموکراسی لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی وەك دژگۆیی دەهاتە بەرچاو, لە ئەنجامدا کۆماری و دیموکراسی چ راشکاوانەو چ بە نهێنی تەنیا دەیان توانی راستەوخۆ لە کۆمەڵەیەکی بچکۆلەی وەك شاردا هەبن و ئەو بیرمەندانەی کە خاوەنی ئەم بۆچوونە بوون, لەوانە مۆنتسکیۆو ژان ژاك رۆسۆ, سەبارەت**

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

بەکەمو کوڕییەکانی دەوڵەتێکی بچووك, بە تایبەت کاتێك کە لە بەرامبەر تەرازووی هێزی نیزامی دەوڵەتێکی زۆر گەورەتر رادەوەستا, زانیاری تەواویان بووو لە ئاکام دا لەسەر خواستە دیموکراتیکە جدیەکانی داهاتوو زۆر رەش بین دەبوون.

بەم حاڵەشەوە بۆچوونی سەرەکیو باو بەخێرایی کەوتە ژێر دەستی هێزی هێرش بەری دەوڵەتی نەتەوەییو لەمەیدان دەریان کرد. رۆسۆ خۆی بەڕوونی دەی دی کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێکی بەرینی وەك هەنگاریا(کە ئەو یاسایەکی گشتیو بنەڕەتی بۆ پێشنیار کرد), نوێنەرایەتی مەرجی سەرەکی دەبێ. لە ماوەیەکی کورتدا لەگەڵ هاتنە ئارای دیموکراسی لە ئەمریکا بۆچوونی باوی ئەو سەردەمە یەك سەر لە مەیدانی مێژوو دەرکرا, لەساڵی 1787, کاتێك کە"پەرلەمانی یاسا دانان" لە فیلادلفیا پێك هات تا یاسایەك دابڕێژن کە بگونجێ لەگەڵ بارودۆخی وڵاتێکی گەورەی روو لە گەشەکردندا نوێنەران بە روونی لەسەر پێشینەی مێژوویی رووداوە کە ئاگادار بوون. ئایا کۆمارێك دەی توانی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەو گەورەییەی ئەو کاتەیەوە دابمەزرێ, چ جای ئەو پێوەرە گەورەترەی کە نوێنەران پێش بینییان دەکرد.[1]

بەم حاڵەشەوە هیچ کەس نەیدەزانی ئەگەر بڕیارە کۆمارێك لە ئەمریکا دابمەزرێو ئەو کۆمارە دەبێ بە شێوەی نوێنەرایەتی بێت, دەچێتە ژێر پرسیار یان نا؟ بە لەبەر چاوگرتنی ئەزموونە درێژماوەکان کە خەڵك لە نوێنەرایەتی پەرلەمانی"ژێردەسەڵاتی" دەوڵەتی, لە کۆنگرەی ئەوروپا بوویان, دامەزراندنی حکومەتی نوێنەرایەتی لە راستیدا پێویستی بە باسو لێکۆڵینەوە نەبوو.

تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بۆچوونی سوننەتیو کۆن ئیتر لەبەر چاونەدەگیراو لە بیر چووبوونەوە, یائەگەر کە سێکیش ئەوەی وەبیربهاتبا

[1] هێندێك نوێنەران راشکاوانە دەیان گوت کە وڵاتەیەکگرتووەکان رەنگە لە ئەنجامدا ژمارەی دانیشتوانی بگاتە سەد ملیۆن جمهووری ئەم وڵاتە تا ساڵی 1915 بەو رادەیە گەیشت.

هەروەك بابەتێکی سواو چاوی لێدەکرا. جان ئیستورات میل لە ساڵی 1861دا دەنووسی:"ئاشکرایە کە تەنیا حکومەتێك کە دەتوانێ بە تەواوی پێویستییەکانی دەوڵەتێکی خەڵکی بێنێتەدی حکومەتێکە کە تەواوی خەڵك لەودا بەشداربن, هەرچەشنە بەشدارییەکیش, تەنانەت لە بچووکترین کردەوەی گشتیدا بەکەڵکە, و بەشداری لە هەموو شوێنێك دەبێ بەرادەیەك بێ کە ئاستی گشتی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە بەباشو پێویستی بزانێ, هەروەها لە کۆتاییدا هیچ شتێك بە ئەندازەی وەرگرتنی هەموو خەڵك بۆ بەشداری لە هێزی رەهای دەوڵەتدا پێویستو بەکەڵك نییە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەموو خەڵك ناتوانن, لە کۆمەڵگایەك دا کە گەورەترە لە شارێکی بچووك, راستەوخۆ لە گشت بڕیارەکاندا بەشداری بکەن, جگە لەبەشە بچووکەکان, دەگەین بەو ئەنجامە کە شێوەی حکومەتێکی تەواو, دەبێ نوێنەرایەتی بێ.[2]

بۆ چی دیموکراسی پێویستی بە هەڵبژاردنێکی ئازادو بەردەوام هەیە؟

هەروەکو بینیمان, ئەگەر یەکسانی سیاسی بە شتێکی باش بزانین, دەبێ هەر هاووڵاتیەك دەرفەتێکی هاوبەشو عادڵانەی بۆ دەنگ دان هەبێ, هەروەها دەبێ هەموو دەنگەکان لەگەڵ یەك هاوسان بن. ئەگەر بڕیار بێ یەکسانی لە دەنگداندا رەچاو بکرێ, ئەو دەم ئاساییە کە هەڵبژاردن دەبێ ئازادو عادلانە بێ. ئازاد بوون بەو مانایە کە هەر هاوڵاتیەك بێ ترسو دڵە راوکێ لە تۆڵە ئەستاندنەوەی دوایی بچێتە سەر سندوقی دەنگ دان, و عادلانە بوونیش بەو مانایە کە تەواوی دەنگەکان هاوسان بن. بەو حاڵەشەوە هەڵبژاردنی ئازادو عادلانە بەس نییە. نوێنەرانێك لەبەر چاوبگرن کە خولی نوێنەرایەتیەکەیان بیست ساڵ بێت. ئەگەر بڕیار بێ هاوڵاتیان کۆنترۆڵی کۆتاییان هەبێ بەسەر دەستووری کاری کۆبوونەوەکەدا, ئەوە ئەو دەم هەڵبژاردن دەبێ بەردەوام بەڕێوە بچێ؟

(2)John Stuart Mill, Con Siderations On Representati Ve Govemenl{1861}(Now York: Liberal Arts Press, 1958). P44

تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

www.pertwk.com

ئەوەی کە چۆن دەکرێ بە باشترین شێوە هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە بەڕێوە ببردرێ زۆر روون نی‌یە.

لەکۆتایی سەدەکانی نۆزدەهەم دەنگ دانی نهێنی جێی خۆیدا بەدەنگ دانی ئاشکرا. گەرچی هێشتا دەنگ دانی ئاشکرا لایەنگرانی خۆی هەیە بەڵام شێوەی باوی دەنگ دان هەمان دەنگ دانی نهێنی‌یە. وڵاتێك کە ئەم جۆرە دەنگدانەی تێدا بشێوێندرێ ناتوانێ هەڵبژاردنێکی ئازادو عادلانەی هەبێ, بەڵام کێشە لەسەر ئەو چەشنە لە سیستمی دەنگ دان کە باشترە لەوانی تر, هەروەها پێوەرەکان زیاتر بەرچاو دەگیرێن, هەروا درێژەی هەیە. ئایا سیستمی"نوێنەرایەتی گونجاو" کە لە زۆربەی ولاتە دیموکراسییەکاندا لەو سیستمە عادلانە ترە کە پێی دەڵێن(یەکەمین کەس کە لە هێل تێپەڕی)؟ ئەو سیستمەش زۆرتر لە بەریتانیا و ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوە دەچێ. لە بەرژەوەندی هەردوکیاندا دەکرێ پاژێکی مەنتقی قوت بکرێتەوە کە دەتوانی ئەوانە لە فەسڵی دەدا, کاتێك دەگەڕێینەوە سەر پرسیارەکان, بیبینین. بەڵام بەهەر حاڵ لەو باسانەدا کە سەبارەت بە سیستمە جۆراو جۆرەکانی دەنگدان هاتۆتە ئاراوە, پێویستی بوونی سیستمێکی دادپەروەرانە جەختی لەسەر کراوە. بەڵام ئەوەی کە باشترین ڕێگای دەست راگەیشتن بە عەدالەتو ئامانجەکانی دیکە کامەیە, خۆی لە خۆیدا پرسیارێکە پەیوەندیی بەلایەنی تەکنیکییەوەیە.

هەڵبژاردن هەرچەند ماوەیەك جارێك دەبێ دوپات بێتەوە؟ بەپێی ئەو ئەزمونانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە وڵاتە دیموکراتیەکاندا هەن بەگشتی دەکرێت بڵێین کە هەڵبژاردنی ساڵانە بۆ نوێنەرە یاساییەکان زۆر زوویەو ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵیش زۆر درەنگە. بەهەر حاڵ ئاساییە کە لایەنگرانی دیموکراسی لەوانەیە سەبارەت بەو ماوە دیاریکراوەی پەیوەندیدار بە پۆستو پلەکانی جیاوازو هەروەها نەریتی باوی جیاواز, هاو بیرو بۆچوون نەبن. بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە بەبێ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی بەردەوام, هاووڵاتیان بەسەردەسەڵاتدارانی هەڵبژاردەی خۆیاندا, ناتوانن کۆنترۆڵیان هەبێ



بۆچی دیموکراسی پێویستی بە ئازادی رادەربڕین هەیە...؟

یەکەم: ئازادی رادەربڕین مەرجی بەشداری هاوڵاتیانە لە ژیانی سیاسیدا. هاووڵاتیان چۆن دەتوانن بۆچوونەکانی خۆیان بەخەڵکانی دیکە بناسێنن‌و هاوشاریان‌و نوێنەرەکانیان بۆ هەڵبژاردنی ئەوە هان بدەن, مەگەر ئەوەی کە ئازادانە بتوانن بیرو بۆ چونەکانیان سەبارەت بە گشت بابەت‌و کێشەکان ئازادانە دەربڕن؟ ئەگەر بڕیارە ڕێز دابنێین بۆ بۆچوونی کەسانی دیکە, دەبێ بتوانن ئەوەی کەسانی دیکە دەیڵێن ببیستین. رادەربڕینی ئازاد تەنیا ئەوەنیە کە تۆ مافی ئەوەت هەبێ گوێت بۆ بگرن. بەڵکو ئەوەش دەگرێتەوە کە مافی بیستنی وتەی کەسانی دیکەت هەبێ.

وەدەست هێنانی تێگەیشتنێکی رون‌و زوڵاڵ لە ڕێبازەکانی حکومەتیش پێویستی بە ئازادی رادەربڕین هەیە. بۆ ئەوەی کە هاولاتیان بتوانن هاووڵاتیەتێکی شیاو بەدەست بینن پێویستیان بە هەل‌و دەرفەرتێك هەیە کە بۆچوونەکانیان دەربڕن, لەیەکتر شت فیربن, پێکەوە راوێژ بکەن, بەرهەمی کارناسان, پاڵێوراوە سیاسیەکان‌و ئەو کەسانە بخوێننەوە کە جێگای باوەڕومتمانەن, هەروەها گوێ لە وتەکانیان رابگرن‌و بتوانن لە گەڵیان دابنیشن‌و پرسیار بکەن‌و وەڵام وەرگرن‌و هەر ڕێگایەکی دیکەش کە پەیوەندی بە ئازادی رادەربڕینەوە هەیە سەری پێدابکەن‌و شتی لێ فێربن.

سەرەنجام, بەبێ ئازادی رادەربڕین هاوڵاتیان زۆر زوو توانای خۆیان بۆ کاریگەری دانان لەسەر ناواخن‌و دەستووری کۆبوونەوەی بڕیاردان لە دەست دەدەن. هاووڵاتیانی بێ دەنگ لەوانەیە تەواو گوێڕایەڵی حکومەتێکی دەسەڵات خوازبن, ئەوان, ئەو دەم, بۆ دیموکراسی کارەسات باردەبن.

بۆچی دیموکراسی پێویستی بەسەرچاوەیەکی سەربەخۆی راگەیاندن دەبێت؟

بوونی سەرچاوەی زانیاری جیاجیاو تارادەیەکیش سەربەخۆی وەك, ئازادی رادەربڕین, بۆ هێندێك لە هەوێنە سەرەتاییەکانی دیموکراسی پێویستە. بۆنموونە پێویست بوون بە تێگەیشتنێکی رووناك لەبەر چاوبگرە: ئەگەر بەسەر گشت سەرچاوە گرینگەکانی راگەیاندندا چاوەدێر بێ, یان ئەگەر



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک

www.pertwk.com

تەنیا گروپێك, قۆرخی كۆكردنەوەی زانیاری كردبێ, هاولاَتیان چۆن دەتوانن زانیاری تەواو سەبارەت بەباسەكان بەدەست بینن؟ لەبەر ئەوە هاولاَتیان دەبێ دەستیان بەسەرچاوەكانی دیكەش رابگا كە لە ژێر چاوەدێری حكومەت دانەبێ‌و هیچ گروپ‌و تاقمێك كاریگەریان لەسەر ئەم سەرچاوانە نەبێ.

یان بۆ نموونە بەشداری راستەقینەو بەكارهێنانی بیروڕا لەناو ئاخن‌و دەستوری كۆبوونەوە لەبەر چاوبگرن: هاولاَتیان بەراستی چۆن دەتوانن لەژیانی سیاسیدا بەشدارییان هەبێ, لە كاتێكدا هەر زانیارییەك كە ئەوان دەتوانن بەدەستی بێنن تەنیا لە ڕێگای سەرچاوەیەكەوە, وەك حكومەت, حیزب, تاقم‌و گروپێكی تایبەت, یان بازنەیەكی تایبەت دەكەوێتەدەستی ئەوان؟

## بۆچی دیموكراسی پێویستی بە ئەنجومەنە سەربەخۆكان هەیە؟

هەروەك لە پێشدا دیتمان, وەرگرتنی ئەنجومەنە سیاسیەكان واتا كۆمەلَە خاوەن بەرژەوەندیەكان, رێكخراوە خاوەن كاریگەریەكان, رێكخراوەی سیاسی- بوو بە هۆی ئالَ‌و گۆڕی بنەڕەتی لە شێوەی تیڕوانینی مرۆڤدا. بەو حالَەشەوە كاتێك كۆمارێكی پان‌و بەرین پێویستی بە وەرگرتنی نوێنەران هەیە, چۆن دەكرێ لەو هەلَبژاردنەدا نەیاری‌و ململانێ بكرێت؟ دامەزراندنی رێكخراوەیەك, لەبەرامبەر حیزبێكی سیاسی, بەهرەی هەلَبژاردنی بەئاشكرای بۆ كۆمەلَێك دەبێ. ئەگەر كۆمەلَێك بیەوێ لەو بەهرەیە كەلَك وەربگرێ, ئایا كۆمەلَەكانی دیكە كەنەیاری رێبازی ئەو كۆمەلَەیەن, ئەوانیش ئەو كارە ناكەن؟ هەروەها بۆچی چالاكی سیاسی لەمەودای نێوان هەلَبژاردندا دەبێ راوەستێ؟ لەومەودایەدا دەكرێ كاردانەوەت هەبێ لەسەر یاسا دارِشتن" ئامانجی مەبەست بەرەو پێش بەری, رێبازی كاركردن چالاكتر بكا, پلەو پێگەكان بەدەست بێنی. لەبەر ئەوە, پێچەوانەی شارێك یان شارۆچكەیەك, رادەی بەربلاَوی دیموكراسی لە ولاَتێكدا دەبیتە هۆی ئەوە كە بوونی ئەنجومەنە سیاسیەكان, هەم پێویست بێ‌و هەم بەجێ" بەهەر حالَ چۆن دەكرێ پێش بەوانە بگیرێ بێ ئەوەی

مافی بنەڕەتی هاوولاَتیان لە بەشداری هەلَبژاردندا لاوازبێ؟ لەبەر ئەوە پێكهێنانی ئەنجومەنە سەربەخۆكان لە كۆمارێكی بەربلاَودا, نەتەنیا پێویستە بەلَكە نابێ خۆت دوور بگری لێی. ئەنجومەنە سەربەخۆكان سەرچاوەی رۆشنگەری‌و بارهێنانی هاوولاَتیانن. ئەوان نەتەنیا بۆ هاوولاَتیان زانیاری كۆدەكەنەوە بەلَكو بواری باس, گۆڕینەوەی بیرورِا, بەدەست هێنانی لیهاتوویە سیاسیەكانیش دەرەخسێنن.

## بۆچی دیموكراسی پێویستی بە تێكەلاَوی هاولاَتیان هەیە؟

هەلَبەتە وەلاَم بەو پرسیارە دەبێ لەو هۆكارانەدا بدۆزیەوە كە ئێمە رێنوێنی دەكەن بۆ ئەنجامی فەسلَی پێشوو. لێرەدا زۆر پێویست بە دووبارەكردنەوە ناكا.

دەتوانین ئەو دامەزراوە ئاماژە پێكراوو وێنا كراوانە لە فەسلَی 6دا لە روانگەی جۆر بەجۆرەوە ببینین. بۆ ولاَتێك كە ئەم بنەمایانە یا هەندێكیانی تێدانییە, یا دەكرێ بلَێین هێشتا بەرادەی پێویست دیموكراتیك نیە, ناسینی بنەما سیاسیە سەرەكیەكان, دەتوانێ یارمەتی دەری ئێمە بێ لە دارشتن‌و خۆشكردنی رێگایەك, كە بۆ گواستنەوەی تەواو, بەرەو دیموكراسی نوێنەرایەتی مۆدێرن پێویستە. ئەو ناسینە, بۆ ولاَتێك كە تازە ئەو راگوێزانەی بەرِێوەبردووە, دەتوانێ یارمەتی دەرمان بێ بۆ بردنە سەری ئاستی تێگەیشتوویی‌و بۆ ئەو بنەما گرینگانەی كە دەبێ بەهێزو دووربینیمان قایم بكرێن. لەبەر ئەوەی كە گشت ئەوانە بۆ دیموكراسی نوێنەری نوێ(دیموكراسی گشتگر) پێویستن, دەتوانین وەك رەخسێنەری لانی كەمی بوارێك كە بۆ دیموكراسی پێویستە لێیان برِوانین. ئەو كەسانەی كە لەناو دیموكراسیە كۆنەكاندا دەژین, واتا ئەو جێگایەی كە دیموكراسی چەند نەوە لەمەوبەر گوێزراوەتەوە ناویان‌و بنەما سیاسیە ئاماژە پێكراوەكانی وێنەی 6 هەتا ئێستا ئیتر سەقامگیر بوون, بەململانێی باسێكی بەهەمان رادە جیاوازو سەخت بەرەو روون. چونكە تەنانەت ئەگەر ئەم دامەزراوانە بۆ دیموكراتیك كردنیش پێویست بن, بەدلَنیایی بۆ گەیشتن بە هەوێنەكانی بە دیموكراتیك بوونی وێناكراو لە وێنەی 6داو



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

www.pertwk.com

باسکراو لە فەسڵی چواردا, بەس نین. بەو پێیە ئایا ئێمە ئازاد نین- لەراستیدا ناچارنین کە دامەزراوە دیموکراتیکەکانمان بەو هەوێنانە هەڵسەنگێنین؟ بەبڕوای منو زۆر کەسی دیکەش- ئاشکرایە کە دامەزراوە سیاسیەکانمان لە روانگەی هەوێنە دیموکراتیکەکانەوە بەس نیە.

سەرەنجام, رێك بەو هۆیەوە کە ئێمە پێویستمان بە شارەزاییەك هەیە دەربارەی گواستنەوەی دیموکراسی بۆ ناو وڵاتە نادیموکراتیکەکانو بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان, لە وڵاتە دیموکراتیکە کۆنەکانیشدا دەبێ ئەو بابەتە شی بکەینەوە کە چۆن دەکرێ لەئاستی دیموکراسی ئێستا بەرزتر تێپەڕبێ.

یارمەتی بدەن بابەتەکە بەم شێوەیە بخەمە روو: لەزۆربەی وڵاتان ئەرکی خەڵك دەست راگەیشتنە بە دیموکراسی تارادەی دیموکراسی گشتگر. بەڵام ئەو ململانێو کێشەیەی کە لە بەرامبەر هاوڵاتیانی سیستمە دیموکراتیکە کۆنەکاندا زەق دەبێتەوە بریتیە لە دۆزینەوەی ئەوەی کە ئەوان چۆن دەتوانن بگەن بە ئاستێك لە دیموکراسی کە فراوانتر بێ لەو دیموکراسییەی بە دەستیان هێناوە؟

# بەندی نۆیەم

## جۆرو شێوەی یەك

دیموکراسی لە قەوارەی جیاوازدا.

ئایا دیموکراسی شێوەی جیاجیای هەیە؟ ئەگەر هەیەتی, ئەو شێوانە چین؟ لەبەر ئەوەی کە وشەکانی دیموکراسیو"دیموکراتیك"بێ سەرنجانە بەکاردەهێنرێن, مرۆڤ هاندەدرێ کە روانگەی هامپتی دامپتی( HUMPTY DUMPTY) قەبووڵ بکا کە لە کتێبی"بینین لە نێو ئاوێنەدا" یە THRONGH .THE LOOKING GLASS

هامپتی دامپتی, بەتەوسەوە دەڵێ:"کاتێك من وشەیەك بەکاردێنم, ماناکەی رێك ئەو شتەیە کە من هەڵی دەبژێرم نە زۆرترو نە کەمتر." ئالس دەڵێ: کێشە کە لەوەدایە کە ئایا تۆ دەتوانی وشەی وا دروست بکەی کە ئەم گشت مانایە بدات."

هامپتی دامپتی وتی:(مەبەست ئەوەیە کە کامە وشە بڕیارە وشەی باشتر بێ.

بەڵام بەڕاستی وشەکان گرینگن: ئەگەر ئێمە بۆچوونی ئالیس وەربگرین, ئەو دەم ئازادین کە هەر حکوومەتێك بە دیموکراسی بزانین تەنانەت ئەگەر ئەو حکوومەتە داگیرکەریش بێ. ئەم بابەتە زۆر زووتر لەوە ڕوودەدا کە بیری لێدەکەینەوە. رێبەرانی دەسەڵات خواز هەندێ جار وتویانە رژێمی ئێمە بەراستی شێوەیەکی تایبەتە لە"دیموکراسی" کە لە زۆربەی شێوەکانی دیکە باشترە. بۆ نموونە لینین سەردەمێك رایگەیاند کە:"دیموکراسی کرێکاری یەك ملیۆن جار دیموکراتیکترە لە دیموکراسی بورژوازی, حکومەتی سۆڤیەت یەك ملیۆن جار دیموکراسخوازترە لەزۆربەی کۆمارە بۆرژوا دیموکراسیەکان." ئەوە وتەی کەسێکە کە ئەندازیاری سەرەکی دامەزراندنی بناغەی رژێمی گشتخوازی بوو کە پتر لە شەست ساڵ بەسەر سۆڤیەتدا حکوومەتی کرد.

ئەم چەشنە ئەفسانانە لەلایەن رێبەرانو لایەنگرانی سیستەمە بێڕادە دەسەڵات خوازەکان بەناوی" دیموکراسی خەڵك" تەندران, بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ئەوروپاو ناوەندی ئەو وڵاتانەی کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە کەوتنە ژێر دەستی یەکێتی سۆڤیەت.

بەڵام بۆچی دەبێ ئێمە ترسنۆکانە قسەی ئەو سەرەڕۆیانە وەرگرین لەوەی کە ئەوان بەڕاستی دیموکراتن؟ ماری کوبڕا بە وتەی خاوەنەکەی نابێتە کۆتر. رێبەرانو پڕوپاگەندە چیانی وڵاتێك هەر شتێك دەڵێن با بڵێن, ئێمە ناچارین وڵاتێك بە دیموکراسی بزانین کە گشت بنەما سیاسیە پێویستەکانی بۆ دیموکراسی تێدا هەبێ.

بەو حاڵەوە ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە هەوێنەکانی دیموکراسی تەنیا لە ناو سەرجەم دامەزراوە سیاسیەکانی دیموکراسی گشتگردا- کە لەو بەشەی پێشوودا لێی دواین دێنە دی؟ مەرج نییە وابێ.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

- دامـــەزراوەكانی دیموكراســـی گشـــتگر بـــۆ بـــە دیموكراســـی كـــردنو بەڕێوەبردنی وڵات لە سیستمێكی بەربڵاودا, بەتایبـەت بـۆ دەوڵـەتێك, پێویســـتن. بـــەڵام پێدەچـــێ دیموكراســـی لـــە كۆمەڵـــە بچـوكەكاندا(یـان گەورەتر؟) یان لەو ئەنجومەنـە بچووكانەدا كـە لـە دەوڵـەت سـەربەخۆن‌و كۆمەڵگای مەدەنی پێك دێنن پێویست نەبێ, یان هەر باش نەبێ.( لـەو بوارەدا بەزوویی شیكردنەوەی زۆرترم دەبێ.)
- بنەمای دیموكراسی گشتگر بەگشتی لە بەشی رابردوودا درانە بەرباس. بەڵام ئایا وڵاتە دیموكراسی خوازەكان ناتواندرێ لە زۆر بواری گرینگـەوە, سـەبارەت بەدامـەزراوە سیاسـیە تایبەتیـەكانیان, واتـە لـە ڕێكخســتنی هەڵبژاردن, سیستمی ڕێكخراوەیی‌و شتی لەم چەشنە جیاوازی زۆربـەر چـاویان هـەبێ؟ ئێمـە بەشـێك لـەم جۆرانـە لـە بەشـەكانی داهـاتوودا شیدەكەینەوە
- لەگـەڵ ئـەوەدا كـە بنـەما دیموكراسییە گشـتگیرەكان بـۆ دیموكراسـی پێویســتن ناشــێ ئـەنجامیش وەربگـری كـە بەسـن. بـەڵێ, سیســتمێكی سیاسی خاوەنی ئەم بنەمایانە لەو هەوێنە دیموكراسیانەی بەندی 4 كـە باس كران, بەشێوەیەكی كەم‌و زۆر ڕەزامەندی بـەجێ دێـنن. بـەڵام ئایـا ناكرێ كە دامەزراوەی دیكە, لەوانەیە دامەزراوەی زۆرتر, ببنە هۆی ئەوە كە وڵاتێك بتوانێ بەشێوەیەكی باشتر بگا بە یەكێك یان چـەند دانـە لـەو هەوێنانە؟

### دیموكراسی : جۆری یۆنـانی لەبەرامبەر شێوازی نوێدا

ئەگەر بنەما سیاسیەكانی پێویست بۆ دیموكراسی دەبێ نوێنەرانی هەڵبژێردراویشیان تێدابێ, كەواتە سەبارەت بە یۆنانیەكان, كە یەكەم جار وشەی دیموكراسیان بەكارهێنا بۆ حكومەتە دەوڵەتیەكانی شارەكانیان دەبێ بڵێین چی؟ ئەگەر ئێمە لەسەر ئەو بڕوایە بین كە یۆنانیەكانیش, هەروەك



لینین, موسولێنی‌و دژە دیموكراتیەكانی دیكەی سەدەی بیستەم, بەتایبەتی ئەم دەستەواژەیان بە هەڵە بەكارهێناوە, ئایا روانگەی بەرچاومان تائاستی پوچی نا هاوسەنگ لەگەڵ سەردەم بەرەو پێش نەبردووە؟ ئەوە ئەوان بوون كە بۆ یەكەم جار وشەی دیموكراسیان خوڵقاندو بەكاریان هێنا, نەك ئێمە. رەتكردنەوەی حكومەتی دیموكراسی ئەسینا وەك ئەوە وایە كە بڵێی ئەوەی (برایانی رایت) دایان هێنا فڕۆكە نەبوو بۆچی؟ چونكە زۆر لەو فڕۆكە هەنووكەییانە ناچێ. بە بەردەوامی بوونی‌دیموكراسی هاوڕێ لەگەڵ لێبردوویەكی تایبەت سەبارەت بە كارا بوونی كۆنی دیموكراسی, دەتوانین شتێك لەو خەڵكانە فێربین كە نەتەنیا وشەی دیموكراسیان بەدیاری بۆ هێناین بەڵكە نموونەی دیارو بەرچاوو كردەوەی ئەم دیاردەیەشیان بۆخستینە روو. ئەگەر باشترین نموونەی ناسراوی دیموكراسی یۆنانی, واتا شێوە ئەسینایيەكەی. لەبەرچاو بگرین, بەخێرایی لەدوو جیاوازی نێوان ئەو دیموكراسییەو ئەوەی ئێستای خۆمان تێدەگەین. بەپێی چەند بەڵگە كە زۆر تێرو تەسەل دامانە بەرباس, زۆربەی دیموكراسییەكانی ئەمڕۆ لەسەر ئەم بڕوایەن كە سیستمی دیموكراسییێكی شیاوی ئەمڕۆ دەبێ خاوەنی هەوێن‌و ماكێك بێ كە یۆنانیەكان نەیان بوو: یانی هەوێنی تێكەڵاو. ئێمە دامەزراوەیەكی دیكەشمان پێوە زیادكرد كە یۆنانیەكان نە تەنیا ئەوەیان بۆ دیموكراسیەكەیان بەباش نە دەزانی, بەڵكە راستەوخۆ بە نالەباریان دەزانی: وەرگرتنی نوێنەران بەو دەسەڵاتەوە كە یاسا دابڕێژن. دەكرێ بڵێین ئەو سیستمە سیاسیەی كە ئەوان پێكیان هێنابوو شێوەیەك بوو لە دیموكراسی كۆڕو ئەنجومەنەكان, دیموكراسیەك دامەزراو لەسەر كۆبوونەوە شاریەكان بوو. بەڵام ئەوان بەدڵنیایی خوڵقێنەری ئەو دیموكراسیەی نوێنەرایەتی نەبوون كە ئەمڕۆ ئێمە مەبەستمانە[1]

---

[1] هـەروەك لەبەشـی3داباسـم كـرد, یۆنانیـەكان كـە حكومـەتی نوێنەرایـەتی سـەرەتاییان لـە هێنـدێك لـە شارەكان بۆ پارێزگاری هاوبەش پێكهێنابوو, بەهەر حاڵ هیچ پەیوەندیەكی بەو ئاڵوگۆڕەی دواییەوە نەبوو كە حكومەتە نوێنەرایەتیەكان, كردیان, وەك حكومەتی دیموكراسی چاویان لێ نەدەكرا.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

## دیموكراسی لەسەر بنەمای هاوبەشیكردنی هەموو خەڵك بەرامبەر دیموكراسی نوێنەرایەتی.

لەبەر ئەوەی كە ئێمە راهاتووین بە وەرگرتنی دیموكراسی نوێنەرایەتی، سەختە تێبگەین كە یۆنانییەكان بۆچی وابە عیشقو ئەوینەوە حەزیان لە دیموكراسی ئەنجومەنی دەكرد. بەو حاڵەشەوە تا ئەم دواییانە زۆربەی لایەنگرانی دیموكراسی، تاژان ژاك روسۆلە ساڵی 1762دا، واتا ساڵی بڵاوكردنەوەی كتێبی"بڕیارنامەی كۆمەڵایەتی" لەگەڵ ئەوان هاوبیرو ڕابوون. تەنانەت دوای ئەوەش واتا ئەو دژە فیدڕالیستانەی كە لەگەڵ یاسای سەرەكی ئەمریكا دژایەتیان دەكرد، پێیان وابوو بە بوونی حكومەتێكی"فیدڕاڵ" ئەوان ئیتر ناتوانن بەسەر خۆیاندا حكومەت بكەن، هەروەها هاوڵاتیانی كانتۆنەكانی سویسراو شارەكانی ڤێرمانت VEMONT كە تائێستاش بەردەوام بوونی كۆبوونەوە شارییەكانیان بۆتە هۆی ئێرەی گشتی، تا خوێنكارانی زانكۆی ئەمریكا لەدەیەی 1960و1970دا كە بەو پەڕی تامەزرۆیی خوازیاری جێگیر كردنی"دیموكراسی هەموو خەڵك" بوون بەجێگای سیستمە نوێنەرایەتیەكان، هەروەها تا زۆربەی هاوڵاتیان كە جەخت دەكەن لەسەر باشیەكانی حكومەتی دیموكراتیك لەسەر بنەمای ئەنجومەنە هاوڵاتیەكان.

لایەنگرانیدیموكراسی ئەنجومەنەكان كە مێژووی خۆیان شارەزان دەزانن شێوازی نوێنەرایەتی وەك كەرەسەیدیموكراسی رابردوویەكی تاڵو تاریكی هەیە. هەروەك لەبەشی 3دا دیتمان، حكومەتی نوێنەرایەتی نەك وەك كردەوەیەكی دیموكراسیخوازانە بەڵكە وەك ئامرازێك لەلایەن حكومەتە نادیموكراسیەكانەوە- بە زەبرو زەنگی پاشایان- پێكهات، تابتوانن‌و دەستیان رابگا بەسەر بەروبوومو بەرهەمی خەڵكو سەرچاوەكاندا، بەتایبەت بۆ شەڕەكانیان. لەبەر ئەوە لەسەرەتادا،شێوازی نوێنەرایەتی دیموكراتیك نەبوو؛ بەڵكە دامەزراوەیەكی نادیموكراتیك بوو كە پاشان گرێدرا بەتیۆری‌و كردەوەی دیموكراسی خوازییەوە.



رەخنە گرانی شێوەی دیموكراسی نوێنەرایەتی، لەسەرووی ئەو گومانە بەجێیە كە سەبارەت شیاوبوونی دیمكراسخوازی ئەو دامەزراوە هەیانبوو، خاڵێكی سەرەكیتریشیان هێنایە گۆڕێ. دیموكراسی ئەنجومەنی لە كۆمەڵەیەكی بچووكی سیاسیدا، وەك شارێك، هەل‌و دەرفەتێكی ئەوەندە لەبار دەڕەخسێنێ بۆ بەشداری لە حكومەتی خۆدا، كە حكومەتێكی نوێنەرایەتی لە كۆمەڵگایەكی گەورەدا ناتوانێ ئەو هەلە بڕەخسێنێ.

یەكێك لە هەوێنەكانی دیموكراسی ئامانجیی كە لە فەسڵی 4دا باس كرا لەبەر چاو بگرە: هەل‌و دەرفەتی بەشداری راستەقینە لە بڕیارداندا. كۆمەڵەیەكی بچووك كە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەڕێوەدەچێ لە ئەنجوومەنێكدا كۆبوونەوە، بەشداران بۆیان هەیە لەو كێشانە بدوێن كە گرنگن بەلایانەوە لەدوای وتووێژی پێویست، دەتوانن بڕیاربدەن، دەرەنجام ناچارنین بڕیاری گرنگی خۆیان بسپێرن بە نوێنەران. ئەویش نوێنەرانێك كە پێدەچێ زۆرتر لە ژێر كاریگەری مەبەست‌و بەرژەوەندی خۆیان دابن تامەبەست‌و بەرژەوەندی ئەوانەی كە ئەوانیان كردۆتە نوێنەر.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو باشییانە دەبێ بۆچی تێگەیشتنی كۆنی ئێمە سەبارەت بەسیستمی دیموكراسی ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەردا هاتبێ، كەبتوانێ دامەزراوەیەكی سیاسی نادیموكراتیك، بكاتە سەر مەشقی خۆی؟ نوێنەرایەتی لە رابردوشدا بووە.

وەك هەمیشە، مێژووبەشێك لە وەڵامی داوەتەوە. لەو وڵاتانەدا كە كردەی هەڵبژاردنی نوێنەران لە كۆنەوە بووە، ریفۆرم خوازانی دیموكراتیك هەلێكی تایبەتیان بۆ رێكەوتووە. ئەوان بە پێویستیان نەزانیوە سیستمی نوێنەرایەتی وەلا بنێن، لەگەڵ ئەوەی كە ویست‌و داخوازی شاراوەو مافی هەڵبژاردنی پاوان خوازانە پێكهاتەی سەرەكی ئەو سیستمە بوو. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بوون كە بەرفراوانكردنەوەی پێگەی هەڵبژاردن، یاسا دارێژ یان پەرلەمان دەتوانێ ببێتە پەیكەرێكی نوێنەرایەتی راستەقینەتر كە باشتر بچێتە خزمەتی ئامانجەكانی دیموكراسییەوە. هێندێكیان سیستمی نوێنەرایەتیان بە هۆی ئاڵو گۆڕێكی قووڵی سەرسامهێنەر دەزانی لە

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووك

www.pertwk.com

ديموكراسيدا. يەكێك لە بیر مەندانی سەدەی هەژدەهەمی فەرەنسا, واتا ديستوت دی ترەيسی DESTUTT DE TRACY, بەو ڕەخنەيەی كە لە"مۆنتسكيو"ی پێش خۆی گرت تۆماس جفرسونی زۆر بە توندی خستە ژێر كاريگەری‌و سەركەوتوانە دەی گوت"سيستمی نوێنەرايەتی, يان حكومەتی دامەزراو لەسەر بنەمای نوێنەرايەتی دەكرێ وەك داهێنانی نوێ چاوی لێ بكرێ, كە لە سەردەمی مۆنتسكيۆ نەناسراو مابۆوە...ديموكراسی لەسەر بنەمای نوێنەرايەتی....بريتيە لە بە كردەوە دەرهێنانی ديموكراسی لە پانتايی دەسەڵاتداريەتی دا بۆ ماوەيەكی دوورو درێژ.[1]

لەساڵی 1820دا "جيمز ستورات ميل" (ليستی نوێنەرايەتی وەك داهێنانێكی گەورەی سەردەم) ناودەبرد.[1] داهێنانی نوێ, دۆزينەوەی مەزنی وشەكان يارمەتی ئێمە دەدەن تاهێندێك لەو دڵە كوتەو شەوقو زەوقەی كە ريفورمخوازە ديموكراتەكان هەستيان پێ دەكرد, كاتێك رووبەندی بيری ديموكراسخوازی باويان دەخستەلاوەو دەركەوت كە شێوەيەكی تازە لە ديموكراسی دەتوانێ بەهۆی موتوربەكردنی كارەكانی سەردەمەكانی ناوەڕاستی سيستمی نوێنەاريەتی لەگەڵ پيرەداری ديموكراسيدا بهێنرێتە كايەوە, سەرلەنوێ رێكی بخەين.

هەق بەدەست ئەوان بوو. ئەم پشكوتنە لەئاكامدا حكومەتی نوێنەرايەتی لەسەر بنەمای ديموكراسی لێكەوتەوە, بەم شێوەيە دەست راگەيشتنی ئێمەی سانا كردە بۆ تێگەيشتنێكی نوێ لە ديموكراسی.

بەو حاڵەشەوە, بەلەبەر چاوگرتنی كەم‌و كوڕيەكانی سيستمی نوێنەرايەتی دەبێ بپرسی كە بۆچی ريفۆرمخوازانی ديموكراسی گشتيان رەتيان نەكردەوەو لەبری ئەوە نەچوون بۆلای ديموكرات راستەوخۆ, بۆ نموونە بەشێوەی ئەنجومەنی خەڵكی واتا شێوە يۆنانيەكەی؟ هەرچەند ئەم ئەگەرەش لايەنگرانی خۆی هەبوو, بەڵام زۆربەی لايەنگرانی ديموكراسيش, وەك دارێژەرانی ياسای سەرەكی ئەمريكا گەيشتنە ئەو دەرەنجامە ئەو كۆمەڵە سياسيەی كە ئەوان دەيانويست بيكەنە ديموكراتيك بۆ ديموكراسی ئەنجومەنی بێ‌ڕادە گەورە بوو.

## جارێكی تر دەربارەی ئەندازەو ديموكراسی

ئەندازە گرنگی هەيە. هەم ژمارەی ئەو كەسانەی كەلە كۆمەڵەيەكی سياسی‌دان‌و هەم پانتايی دەسەڵاتدارێتی ئەو كۆمەڵەيە لەسەر قەوارەو شێوازی ديموكراسی كاريگەريان هەيە. وای دابنێ تۆ ڕيفۆرمخوازێكی ئازادی خوازی كەلە وڵاتێكی ناديموكراسيدا دەژی‌و هيواداری كە ئەو حكومەتە پاڵ پێوەبنێی بەرەو ديموكراسی. ئێوە ناتانەوێ ولاتەكەتان بەسەر دەيان ناوچەو سەدان هەرێمی بچووكدا دابەش بێ. تەنانەت ئەگەر هەر يەكەيان ئەوەندە بچووك بێ كە هاوڵاتيان بەردەوام بتوانن كۆببنەوەو دەسەڵاتی خۆيان بە پێكهێنانی ئەنجومەنێك بەكاربێنن. هاوڵاتيانی وڵاتەكەت ئەوەندە زۆرن كە ناتوانن لە كۆبوونەوەيەكدا هەموويان بەشداربن سەرەڕای ئەوە جوگرافيای وڵاتەكەشتان ئەوەندە بەربڵاوە كە كۆبوونەوەی خەڵك لە شوێنێك دەردەسەرێكی گەورەيە. كەواتە تۆچی دەكەی؟ رەنگە ئەمرۆو بەشێوەيەكی بەرچاو لە داهاتوودا بتوانی كێشەی پانتايی دەسەڵاتداريتی بە بەكارهێنانی ئامرازی پێشكەوتووی پەيوەندی چارەسەر بكەی‌و ئەوان لەو رێگايەوە پێكەوە ديالۆگ بكەن. بەڵام كۆكردنەوەی هاوڵاتيان بەكەرەسە پێشكەوتووەكان شتێكەو چارەسەری كێشەی ئاماژەپێكراو لەلايەن زۆرينەی خەڵكەوە شتێكی ترە. لەرادەيەكی دياريكراويش كە تێپەڕبين, هەر هەوڵێك بۆ كۆكردنەوەی گشت هاووڵاتيان لەڕێگەی ئامرازی كارەبايی پێشكەوتووەوە تەنيا ژانە سەرەو هيچی ديكە.

---

( 1).Destutt de Tracy, A commentary and Review of Montesquieui's spuit of Laws (philadelphia: William Duane, 1811),p.19, Cited in Adriennekoch, The Philosophy of Thomas Jefferson(Chicaqo,1964),152,157.

(1).George H. sabine, Ahistory of political Theory,3ded.(New Work: Holt, Rinehart and Winston, 1961).p. 695.

www.pertwk.com تايبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

چ رادەیەك دەكریٚ زۆرگەورە بیٚ بۆ دیموكراسی ئەنجومەنی؟ چ رادەیەكی بچووك دەكریٚ بەڕادەی پیٚویست بزانریٚ؟ بەپیٚی لیٚكۆلٚینەوەی لیٚكۆلەرەوەكانی ئەم دواییە, لە دەولٚەتە شاریەكانی یۆناندا ژمارەی هاووڵاتیانی تەمەن گەورەی نیٚرینە لە نیٚوان دووهەزار تا دەهەزار كەس بوو واتا نزیكەی هەر ئەو ژمارەیەی كە هیٚندیٚك لە خاوەن تیۆرییەكان یۆنانی بۆ شاریٚكی باش , یان دەولٚەتیٚكی شاری سەربەخۆ بەباشیان دەزانی. هەلٚبەت لە ئەسینا ئەو ژمارەیە زۆر زیاتر لەوە بوو. رەنگە دەوروبەری شەست هەزار كەس لەسالٚی 450پیٚش زایینیدا.بەو شیٚوەیەی كە یەكیٚك لە لیٚكۆلٚەرەوەكان دەلٚی:"كارگەیشتە رادەیەك كەژمارەی هاووڵاتیانی ئەسینا ئەوەندە زۆر بوو كە ئەو شارە ئیٚتر نەیدەتوانی وەك شاریٚكی بچووك بەباشی بجولٚیٚتەوە." سەدەیەك دوای ئەوە, بەهۆی كۆچو مردنو كوژراوانی شەڕو نەخۆشی, و سنوردانانی زۆر بۆ هاولاٚتیان, ژمارەی هاولاٚتیانی نیوە كردبوو, بەو حالٚەشەوە هیٚشتا زۆربوو بۆ پیٚكهیٚنانی ئەنجومەنیٚك كە بتوانیٚ هیٚندیٚك زۆرتر لە بەشیٚكی بچووكی پیاوەكانیئەسینایی لە خۆ بگریٚ.[1]

چەند لیٚكدانەوەی ساكار دەرەنجامی بیٚ ئەملاو ئەولای پیٚوەندیدار بەسەردەمو ژمارەمان نیشان دەدا. وای دابنیٚ ئیٚمە لە كۆمەلٚەیەكی زۆر بچوكەوە دەست پیٚ بكەین, بۆ ویٚنە لەگەلٚ كۆمەلٚەیەكی 10دە ئەندامی. وادیٚتە بەرچاو هەركەسەی دە دەقیقەی بۆ دابنیٚی بۆ باسو خواس سەبارەت بە بابەتیٚك, جیٚی خۆی بگریٚ. بەو پیٚیە بۆ دانیشتنیٚك ئیٚمە پیٚویستیمان بە سەعاتیٚكو45دەقیقە كات هەیە,كە بەدلٚنیایی كاتیٚكی زۆر نابا بۆ كەسەكانی

[1] ژمارەی هاووڵاتیانی ئەسینای لەو سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە

Mogens Herman, The Athenian Democrocy in the Age of Demosthens: structure, Principles and Ideologe, trans latedby J. A. Crook (oxford: Blackwell, 1999), pp. 53-54

ژمارەی هاولاٚتیانی شارەكانی دیكەش لەسەر چاوەیە.

Johnv. Finethe Ancient Greeks: Acritical History Ccambridoe: Beiknappress of Harvard Unirelsity Press, 1983.



كۆمەلٚە لە كۆبونەوەیەكدا. بەلاٚم وای دابنیٚ بابەتەكە ئەوەندە ئالٚۆزبیٚ هەركام نیو سەعات كات بگرنەوە. ئەودەم دەبیٚ خۆمان بۆ كۆبوونەوەیەكی 5پیٚنج سەعاتی ئامادە بكەین یان رەنگە دوو كۆبوونەوە كە هیٚشتا كاتیٚكی شیاوە. بەلاٚم تەنانەت كۆمەلٚەیەكی بڕیٚك گەورەش هیٚشتا ئەنجومەنیٚكی هاووڵاتیانەی بچكۆلەیە. بۆ ویٚنەوای دابنیٚ گوندیٚك بیٚ بە دووسەد دانیشتووەوە كە گشت گەورە سالٚەكانی سەد كەسنو جا هەموویان بەشداری دەكەن لە كۆبوونەوەی ئەنجوومەندا. وای دابنیٚین هەریەكەیان بتوانی بە گشتی دە دەقیقە بدویٚ. كەمترین كاتی پیٚویست دوو رۆژیٚ هەشت سەعاتەیە كە ئەوە دوور لە ئەنجامدان نیە بەلاٚم بەدلٚنیایی ئاسانیش نیە! یارمەتی بدەن جاریٚ ئەگەری دە دەقیقەیی هاووڵاتیان نەگۆڕین. كاتیٚ ژمارەی كەسەكان بڕواتە سەر بارودۆخەكە تەماویتر دەبیٚ. لە "شاریٚكی ئامانجخوازیدا" كە دە هەزار كەسی شیاوی دەنگدانی تیٚدا بیٚ, كاتی داواكراو, دورە لەهەر سنوریٚكی تاقەتو توانا, ئەو دە دەقیقەیەی كە بۆ هەر هاولاٚتیەك لەبەر چاومان گرت, پیٚویستی بە دووسەد رۆژ هەیە كە هەر رۆژی هەشت سەعات كاربكریٚت. ئەگەر نیو سەعات ماوە بدەین پیٚویستی بە دوو سالٚ دانیشتن هەیە! (خشتەی 1)

هەلٚبەتە ئەو ئەگەرە كە هەر هاووڵاتیەك حەزدەكا بدویٚ ئەگەریٚكی بیٚ بنەمایە, ئەوە شتیٚكە كە هەر كەس شارەزای كۆبوونەوە شاریەكان بیٚ دەیزانیٚ. خۆی لە خۆیدا ژمارەیەكی كەمی كەسەكانن كە قسان دەكەن. ئەوانی دیكە بەهۆی جۆراوجۆرەوە لە ئاخافتن خۆ دەبویٚرن:ئەوەش بەو هۆیە كە ئەوەی دەیانەویٚ بیلٚیٚن لەپیٚشدا وتراوە, یان لە پیٚشدا بڕیاریان داوە هیچ نەلٚیٚن, یان لە دەركەوتنی ناو خەلٚك دەترسن, بەشیٚوەیەك هەست بەخۆ بەكەم زانین دەكەن, پەیوەندی نەبوونی باباتەكە بەوەوە, و شارەزای نەبوون لەو بوارەدا كە قسەی لیٚ دەكریٚو زۆر هۆی دیكە.... كەوایە لە حالٚیٚكدا ژمارەیەكی كەمیان قسان دەكەن, ئەوانی دیكە گویٚ دەگرن(یاناگرن كاتیٚكیش كاتی دەنگدان هات دەنگ دەدەن(یا نایدەن).



www.pertwk.com تایبەتە بە پیٚگەی پەرتووك

www.pertwk.com

**خشتەی 1.نرخی گرانی بەشداریکردنی هەموان**

**کۆی کاتی قسەکردن بۆ هەریەکێك ئەگەر(30) دەقیقە کاتی هەبێ**

| رۆژی 8سەعات | سەعات | دەقیقە |
|---|---|---|
| | 5 | 300 |
| 1 | 10 | 600 |
| 3 | 20 | 1500 |
| 31 | 250 | 15000 |
| 63 | 500 | 30000 |
| 3\3 | 2500 | 150000 |
| 625 | 5000 | 300000 |

ئەگەر 10 دەقیقە کاتی هەبێ

| رۆژی 8سەعات | سەعات | دەقیقە | ژمارەی کەسەکان |
|---|---|---|---|
| | 2 | 100 | 10 |
| | 3 | 200 | 20 |
| 1 | 8 | 500 | 50 |
| 10 | 83 | 5000 | 500 |
| 21 | 167 | 10000 | 1000 |
| 104 | 833 | 500000 | 5000 |
| 208 | 1667 | 100000 | 10000 |

**سەرەڕای ئەوە باس‌و پرسیارێکی زۆر لە جێگاکانی دیکە دەکرێ. زۆرینەی ئەو سەعاتە پێویستیانەی خشتەی1 لەوانەیە لە جێگای دیکە دابنرێ بۆ باسە گشتیەکان. لەبەر ئەوە نابێ ئێمە سەرپێیی خشتەی یەك بخوێنینەوە. بەڵام سەرەڕای گشت ئەم کێشان‌و هەڵسەنگاندنە بە جێیانە, دیسان دەکرێ بڵێین دیموکراسی ئەنجومەنی گیروگرفتی جدی هەیە.**

- **بواری بەشداری کردن لەگەڵ زۆر بوونی هاوڵاتیان کەم دەبێتەوە.**
- **لانی زۆری بەشداربوان لە کۆبوونەوەیەکدا کە بیانەوێ قسە بکەن زۆر کەمە- لەوانەیە زۆر کەمتر لە سەد کەس بێ. گەرچی ژمارەیەکی زۆر دەتوانن بەشداربن بۆ گوێگرتن.**
- **ئەو ئەندامانەی کە بەشداری تەواویان هەیە دەتوانن نوێنەری کەسانی دیکە بن, هەڵبەتە تەنیا کاتی دەنگدان(ئەم تایبەتمەندیە گرنگەو بەزوویی بۆی دەگەڕێینەوە.)**
- **لەبەر ئەوە تەنانەت لە کۆمەڵەیەکدا کە لەلایەن هەموانەوە بەڕێوەدەچێ, ڕێی تێدەچێ بەکردەوە شێوە سیستمێکی نوێنەرایەتی هەبێت.**
- **بەو حاڵەشەوە هیچ شتێك ئەوە مسۆگەر ناکا کە ئەو ئەندامانەی بەشداری تەواویان هەیە نوێنەری ئەوانی دیکەن.**
- **بۆ دامەزراندنی سیستمێکی بەکەڵك بۆ وەرگرتنی نوێنەران, هاووڵاتیان ژیرانە هەل دەقۆزنەوە تا نوێنەرەکانیان لە هەڵبژاردنێکی ئازادانەدا هەڵبژێرن.**

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

## سنووردارپەتی دیموکراسی لە حکومەتی نوێنەرایەتیدا

لەبەر ئەوە وادێتە بەرچاو کە نوێنەرایەتی باشە. بەڵام ئایا بەڕاستی وایە؟ گاڵتەی پێکهاتەی سەردەمو کە نوێنەرایەتی, هەردوکیان وەك یەك دادەبەزێنێ. زۆر زوو یەکێك لە کەمو کوڕیەکانی دیموکراسی خوازی لە حکومەتی نوێنەرایەتیدا ئاشکرا دەکا. بگەڕێینەوە بۆ خشتەی 1دەورکردنەوەی ژمارەکان: وای دابنێین ئێستا کاتی پێویست بۆ چاوپێکەوتنی هەر هاولاتیەك لەگەڵ نوێنەرەکەی لێکبدەینەوە. خشتەی 1 نمونەیەکی زۆرباشە بۆ نەبوونی هەلو دەرفەتی بەشداری لە حکومەتی نوێنەریدا. وای دابنێ کە نوێنەرێکی هەڵبژێردراو بیەوێ بۆ دانیشتن لەگەڵ هاولاتیەك لە هەرێمی هەڵبژاردنەکەی دە دەقیقەی ماوە پێویستە. چاوپۆشی دەکەین لەو کاتانەی بۆ سەفەرو کاروباری دیکە بەفیڕۆچون. وای دابنێ کە ئەو هەرێمە دە هەزار کەسە. واتا بەرزترین ژمارەی خشتەکەیە. دەرەنجام ئەوەیە کە نوێنەرەکە ناچارە زۆرتر لە نیوەی رۆژەکانی ساڵ تەنیا تەرخان بکا بۆ چاوپێکەوتنی دەنگدەرانی خۆی. لە ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا, نوێنەرانی کۆنگرە لەو کۆمەلانە هەڵدەبژێردرێن کە زۆرترن لە چوارسەد هەزار کەسی گەورە. ئەندامێکی پەرلەمانی نوێنەرانی ئەمریکا کە دەیەوێ تەنیا دە دەقیقە تەرخان بکا بۆ هەر هاولاتیەك لە هەرێمەکەی خۆی, ئیتر کاتی هیچ کارێکی دیکەی نابێ. ئەگەر ئەو بیویستبایە هەشت سەعات بۆ ئەو کارە تەرخان بکاو گشت رۆژەکانی ساڵ کاربکا زیاتر لە بیست ساڵی کات پێویست بوو, یان دە خولی دوورو درێژتر لە خولی ئاسایی نوێنەرایەتی پێویست بوو.

دیموکراسی ئەنجومەنی یان دیموکراسی نوێنەرایەتی؟ دیموکراسی کەم یان دیموکراسی گەورە؟ کامیان باشترە؟ کامیان دیموکراسیترن؟ هەردووك لایەنگرانی توندڕەویان هەیە.هەروەك ئاماژەم پێدا, زۆرپاژی بەهێز هەیە بۆ باشی هەردوك لایان. بەو حاڵەشەوە, بۆ نموونە ئەو ژمارە دەسکردو تەنانەت گاڵتە جارانەی ئێمە دەری خست کە گەلێك بەر تەسکیو تەنگەبەری لەسەر



رێی بەشداری مەدەنی هەیە کە هەردوك پێی کەمتەر خەمن. چونکە هیچیان ناتوانن لە سنووری دیاری کراو تێپەڕن, ئەو سنورەی کەلەلایەن هەڵسوکەوتی نێوان کاتی پێویستی کردەوەی بەشداریو ژمارەی هاولاتیانێك کە مافی بەشدارییان هەیە دروست بووەو ئەوان ناتوانن بیبەزێنن.

### یاسای سەردەمو ژمارە:

کۆمەڵەیەکی دیموکراسی هەرچی هاولاتی زۆرتر بێ, کەمتر هاولاتیان دەتوانن بەشێوەی راستەخۆ لە بڕیارەکانی حکومەتی بەشداری بکەنو زۆرتر دەبێ دەسەلاتیان بدەن بەیەکتر.

گیروگرفتی دیموکراتیکی بنەمایی لەودیو بوارەکەوەیە. ئەگەر مەبەستی ئێمە دامەزراندنی سیستمی حکومەتی دیموکراسیخوازە کەلانیزۆرترین هەلو مەرجی بەشداری بۆ هاوولاتیان برەخسێنێ, ئەو دەم ئاساییە کە دیموکراسی سەربە ئەنجومەنێکی گشتی لە سیستمێکی سیاسیدا لە باشترین هەلو مەرجدایە. بەلام ئەگەر مەبەستی ئێمە سەقامگیر کردنی حکومەتی دیموکراتیك کە باشترین بوار برەخسێنێ بۆ کارکردی شایان سەبارەت بەکێشە گرنگەکانی هاولاتیان, ئەو کات کۆمەڵەیەك خاوەنی ئەم باشیانەیە کە ئەوەندە گەورەو بەرین بێ سیستمی نوێنەرایەتی بکاتە پێویستی. ئەوە هەمان گیروگرفتی بەشداری هاولاتیانە لە یەکسانی شایان بوونی سیستمدا.

کۆمەڵەی خەڵك سالاری بچووك توانایی بۆ بەشداری هاولاتیان زۆرترەو پێویستی ئەوان کەمترە بەتەسلیم کردنی بڕیارەکانیان بە نوێنەران. هەرچەندە ئەم کۆمەڵەیە گەورەتربێ کارایی زۆرترە بۆ لێکۆڵینەوەی کێشە گرینگەکانی هاولاتیانو هەروەها پێویستی دانی ئیختیباری بڕیار بە نوێنەرانیش زۆرترە. من رێگایەکم بۆ دەرباز بوون لەم گرفتە بەدی ناکەم, بەلام تەنانەت ئەگەر نەشتوانین لێی هەڵێین, دەتوانین لەگەڵی رووبە رووبین.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

## هەندێ جار شتی بچووك جوانە

سیستمە سیاسیەکانیش, وەك هەموو چالاکیە مرۆڤایەتیەکانی دیکە, وەك پێویست ئامرازی دەسەلاتی خۆیان ئاشکراناکەن. کتێبی بچووك جوانە"پوختەی" یەکێك لەو بۆچوونانە دەردەبڕێ[1] بێ گومان, لەبواری تیۆریدا رێی تێدەچێ کە چەند سیستمی زۆر بچوکی سیاسی بگەنە ئاستێکی ئەوەندە بەرزی بەشداری هاووڵاتیان, کە هەرگیز سیستمە بەرینەکان نەتوانن پێی بگەن. بەو حاڵەشەوە ئەوان زۆر جار, رەنگە هەمیشەش ئەوەی کە بەرێوەی دەبەن کەمترە لە توانایان.

ئەو دانیشتنانەی کە لە شارە بچووکەکانی نیو ئینگلەند NEW ENGLAND بەرێوەدەچن,چەند نموونەیەکی باشن بۆ خستنەڕووی سنووردارێەتی تواناو ئامرازی دەسەلات. هەر چەند لە زۆربەی شوێنەکانی نیو ئینگلەند, کۆبوونەوەی ئاسایی شاریی جێی خۆی داوە بە لیژنەی یاسا دارێژی نوێنەرانی هەڵبژێردراو, بەڵام ئەو نەریتو سونەتە لە زۆربەی گوندکانی ڤێرمانت VERMONT هەروا زیندوو ماوەتەوە.

چاودێرو دڵسۆزێکی بەشدار بوو لەم دانیشتنانەدا لە نێوان ساڵەکانی 1970و1994 بۆی دەرکەوتووە کە لە 210شاری"ڤێرمانت"کە دانیشتوانی کەمتر لە چوار هەزارو پێنج سەد کەس بوون, 1215 کۆبوونەوەی شاری بەرێوەچووە. ئەو لەپێداچوونەوە بە دۆسیەی 1129 برگە لەو دانیشتنانەی کۆبوونەوەشاریەکان, بەو ئەنجامە گەیشتووەکە"مامناوەندی ئامادەبوان لەهەر کۆبوونەوەیەکدا کاتێك کە دەگەیشتە ئەو پەڕی دەبوون بە 129کەس. نزیکەی 45کەس لەم ژمارەیە لانی کەم جارێك لە باسەکاندا بەشداریان دەکرد...بەشێوەی مامناوەندی 19 لەسەدی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە ئاستی دەنگدان بوو بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە شارییەکان دەکردو 7لە

1. E. F. Schumacher, small Is Beautifal: A study of Economics as if people Mattered (London: Blond and Briggs 1973
2. New Engbnd
3. Verment



سەدی ئەو کەسانە واتا(37لە سەدی ئامادەبوان) لانی کەم جارێك لێدوانیان دەبوو...کاتی هەر کۆبوونەوەیەك نزیکەی چوار کات ژمێر بوو... ئەو کاتە بەس بوو تاهەر کەسێك بتوانێ دوو دەقیقەو 14 چرکە قسە بکا. هەڵبەتە لەبەر ئەوەی کە ژمارەی ئاخێوەران زۆر کەمتر بوو لە ئامادەبوان کاتی مامناوەندی بۆ هەر ئاخێوەرێك رێك پێنج دەقیقە بوو... بە پێچەوانە لەبەر ئەوەی کە کەرەتی بەشداری نزیکەی چوار بەرابەری ژمارەی بەشداربوان بوو, هەر کۆبوونەوەیەکی شاری کاتی مامناوەندی دەقەیەكو بیست چرکەی لەبەر چاو دەگرت بۆ هەر بەشداریەك."[1]

وادێتە بەرچاو کە کۆبوونەوە شارییەکان رێك رەمزی خەڵك سالاری هاوبەش نەبێ. بەو حاڵەشەوە ئەوە هەموو رووداوەکە نییە کاتێك هاووڵاتیان دەزانن ئەو باسانەی دێنە گۆڕێ, بچوکنو دەکرێ لەسەریان پێك بێی وایان پێ باشە لە ماڵەوە بمێننەوە- بۆچی وانەکەن؟ بەڵام باسی گرنگ ئەوان لە ماڵەوە دێنیتەدەر. هەرچەند هەنووکە لە کانکتیکتت CONNECTICUTی زێدی من ئیتر کۆبوونەوە نەریتیەکان بەرێوەناچن, بەڵام من زۆر بابەتم لەبیرە کە بیروڕای هاووڵاتیان لە بارەیانەوە پێکەوە کۆك نەبوون, زۆربەیان وەها شالاویان دێنا بۆ قوتابخانەی دواناوەندی کە پڕدەبوو لە خەڵك" بۆ کەسانێك کە فریای کۆبوونەوەی یەکەم نەدەکەوتن, کۆبوونەوەیەکی دیکە پێك دەهات کە ئەویش پڕبوو. ئەو باسانەی کەلە کۆبوونەوە شاریەکانیشدا پێکدێت, لە شاری(ورمانت), لە ژێر کۆنترۆڵی خوێندەوارانو دەوڵەمەندادا نین. بیروباوەڕی قایمو پتەوو توانی دەربڕینی بیروڕای تاکە کەسی بە هیچ شێوەیەك لەژێر پاوانی گروپێکی کۆمەلایەتی-ئابووری تەنیادا نیە.

دیموکراسی دامەزراو لەسەر ئەنجومەنی گشتی, بە گشت سنورو بەر تەسکیەکانیەوە, جێگای باسو پیاهەڵدانە.

## بەلام جاری واهەیە, گەورەتر باشترە

1.Frank M. Bryan, Direct Democraey and Cric Competence Good society 5,1(Fall 1995): pp. 39- 99
2.Connecticat



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

هەروەك لە فەسڵی دوودا دیمان, یۆنانیەکان نەیانتوانی لەو گیروگرفتە خۆ دەربازکەن. ئەوان دەیانزانی کە خاڵی لاوازی وڵاتی بچووك, لاوازی هێزی چەکدارو شەڕکەرەکەیەتی لەبەرامبەر وڵاتی گەورەدا. هەرچەند ئەسینايیەکان لە پاراستنی سەربەخۆییاندا شێلگیرو چاونەترس بوون, بەڵام دیسان نەیانتوانی پێش بە شکستیان بگرن لە بەرامبەر"فلیپ"ی مەقدونیە لە 322پ.زدا, و هەموو دەسەڵاتە بێگانەکانی سەدەکانی دوایی. کاتێك دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز پەیدابوو دەوڵەتە شارییەکان لەناوچوون. دواین کۆماری دەوڵەت شاری واتا"وێنیز"یش بەرەنگاری لە بەرامبەر هێزی ناپلیۆندا خۆیان دا بەدەستەوە: ئەوە لەساڵی 1797دا رووی‌داو ئیتر هەرگیز سەربەخۆیی بەدەست نەهێناوە. لەسەدەکانی داوییدا, راستەوخۆ لە سەدەی بیستدا, بەرتەنگبوونی توانايیەکانی کۆمەڵە سەربەخۆکان کە بۆ دیموکراسی ئەنجومەنی گشتی بەرادەی پێویست بچوکن, دەیان جار بیندراون‌و بەرچاو کەوتوون. ئەو بەرتەسکی‌و بەرتەنگیە نەك تەنیا لە بواری کێشەکانی چەکدرای‌و هێزەوە, بەڵکە لە لێکۆڵینەوەی کاروباری ئابوری, هات‌و چۆ, گواستنەوە, پەیوەندیەکان, هێنان‌و گواستنەوەی, خەڵك‌و کەل‌و پەل‌و, تەندروستی, دارشتنی بەرنامە بۆ بنەماڵەو پشتگیری لە زۆربوونی کۆمەڵگا, کشتوکاڵ, خوردو خۆراك, تاوان, پەروەردە, مافی مرۆڤ سیاسی, مەدەنی‌و زۆر بوارو کێشەی دیکەدا نیشاندراوە.

بیرکردنەوە لەدنیایەك کە لەوێدا گشت کۆمەڵە گەورە سیاسیەکان تیایدا لەناوچووبن‌و جێگای خۆیان بە گشتی دابێ بە کۆمەڵە سەربەخۆ بچووکەکان بۆ نموونە(کەمتر لە پەنجا هەزار کەس) کە هاوڵاتیان راستەوخۆ بتوانن زۆر تەنها لە رێگای حکومەتێکی دیموکراتیکەوە دامەزراو لەسەر بنەمای ئەنجومەنی گشتی بەسەر خۆیاندا حکومەت بکەن, بەراستی کارێکی مەحاڵ بوو مەگەر ئەوەی کارەساتێکی ترسێنەر کۆمەڵگای دونیا بەشێوەی بەردەوام بتوێنیتەوەو داهێنانە پێشکەوتووەکانی لەناو بەرێ. لەوە خراپتر, دونیایەك پێکهاتوو لە کۆمەڵە بچووکە تەواو سەربەخۆکان بەئەرخەیانی لە رزۆك دەبێت‌و راناوەستێ, چونکە تەنیا ئەوەندە بەسە کە چەندین کۆمەڵە



یەکانگیربن‌و هێرشی چەکدارانە بکەنە سەر بەشەکانی دیکەو یەك بەیەك داگیریان بکەن, هەروەها بەو هۆیانە سیستمێکی چەکداری ئەوەندە بەهێز دروست بکەن کە ئیتر حکومەتی ئەنجومەنی گشتی تێیدا جێگای نەبێتەوە. بۆ بە دیموکراسی کردنی ئەو کۆمەڵە نوێیە گەورانە, ریفۆرمخوازانی دیموکراسی(واتا شۆڕشگێڕانی دیموکراسخواز) ناچار دەبن دیموکراسی لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی, سەرلەنوێ دروست بکەنەوە.

دیوی خرا پی کێشەکە : مشتومڕی نێوان توێژە باڵادەستەکان

حکومەتی نوێنەرایەتی, سەرەڕای هەموو باشیەکانی, خاوەنی زۆر لایەنی خراپیشە. زۆربەی هاووڵاتیانی وڵاتە دیموکراتیکەکانیش ئەوە باش دەزانن! زۆر جاریش ئەوە وەك بەهای سیستمی نوێنەرایەتی دەسەلمێنن. شیکردنەوەی ئەم بەشە خراپە ئاوایە: لە حکومەتێکی نوێنەرایەتی‌دا زۆرجار هاووڵاتیان دەسەڵاتی تەواو بۆ بڕیارە زۆر گرنگەکان بە نوێنەران دەدەن. ئەوان نەتەنیا ئەم دەسەڵاتە دەدەن بە نوێنەرە هەڵبژاردەکانیان بەڵکو, لە رێگایەکی چەوت‌و ئاڵۆزەوە دەیدەن بە بەڕێوەبەران, دیوان سالاران, کارمەندو قازی‌و پاشان رێکخراوە جیهانیەکان. لە پاڵ دامەزراوە دیموکراسیە گشتگیرەکان کە یارمەتی هاووڵاتیان دەدەن بۆ بەکارهێنانی بیروڕا سەبارەت بەرێبازو بڕیاردانەکانی حکومەتەکەیان, رەوتێکی نادیموکراتیانەش هەیە کە بریتیە لە: مشت‌ومڕی نێوان سیاسییە باڵادەستەکان‌و کار بەدەستانی گەورە. هەمیشە چەلەحانەی ئەوانە لە ئەو تەوەرەیەدایە کە لەلایەن دامەزراوەو رەوتە دیموکراسیخوازەکانەوە دەکرێ. بەڵام ئەم سنورە زۆرجار بەربلاوەو بەشداری‌و بەدەستەوەگرتنی خەڵکی, بەردەوام بەهێز نیەو سیاسییەناودارەکان‌و خاوەن دیوانان, ئازادی کردەوەیی زۆریان هەیە. سەرەڕایی بەرتەسکیەکانی کۆنترۆڵی خەڵکی, دیسانیش ئەوانە لەوڵاتە دیموکراتیکەکاندا ناتوانن بەشێوەی سەرەڕۆیانەو لەدەرەوەی کۆنترۆڵەکەدا بجولێنەوە بەپێچەوانە, خولی هەڵبژاردنەکان وادەکا کە ئەوان بیروڕای گشتی لەبەرچاو بگرن. سەرەڕای ئەوەش , کاتێك کە



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک

www.pertwk.com

سیاسییه ناودارەکانو خاوەن دیوانان دەیانەوێ بڕیارێك ببڕنەوە هەردووکلا یەکتریان لەژێر چاوەدێری دایە, لەسەر یەك کاردانەوەیان دەبێ. گفتوگۆی ئەوانە سیستمی تایبەتی کۆنتڕۆڵو سەقامگیر بوونی پارسەنگی هێزی دوولایەنەی خۆی هەیە. ئائەو جێگایەی کە نوێنەرانی هەڵبژێردراو لەڕەوتی گفتوگۆدا بەشداری دەکەن, پەیوەندی گەلێکن کە لەڕێگەی ئەوانەوە ئاوات, ئامانجو بایەخە خەڵکیەکان دێنە ناو بڕیارەکانی حکومەتەوە. سیاسییە بە ناوبانگەکانو کاربەدەستانی گەورە لە وڵاتانی دیموکراسیخواز زۆر بەهێزترن لە هاوڵاتیانی ئاسایی, بەڵام سەرەڕۆ نین.

ئایا ڕێکخراوە نیو نەتەوەییەکان دەتوانن دیموکراتی بن؟

تائێرە بابەتی باسەکەمان شیاوبوونی دیموکراسی بوو لەو کۆمەڵانەدا کە بچووکترن لەوڵات, یان دەوڵەت- نەتەوە. بەڵام کۆمەڵە گەورەکان, یان لانی کەم زۆر جیاوازەکانی دیکەی نێو نەتەوەیی, چی؟

لە نێوان ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستدا وڵاتە دیموکراتیکەکان نیشانەو داهاتووی نێونەتەوەیی بوونیان هەست پێکرد, نیشانەو گۆڕانە چاوەڕوانکراوەکانی ئابوری, کەلەپوری, کۆمەڵایەتی, سیاسی, بەڕێوەبەرایەتیو چەکداری. داهاتوو چ شتێکی بۆ دیموکراسی لە جانتادا دەبێ؟ تەنانەت ئەگەر حکومەتی وڵاتە سەربەخۆکانیش هێزی خۆیان بنێنە ژێر دەست حکومەتە نێو نەتەوەییەکان, ئایا پڕۆسەی دیموکراسی تەنیا ناگوێزرێتەوە بۆ ئاستی نێو نەتەوەیی؟ کەوابێت, لەوجێگایەوە کە حکومەتە پێکهاتووەکانی نێونەتەوەیی دەبن بە دیموکراتیك, نەتەنیا بەها دیموکراتیکەکان لاواز نابن لەوانەیە بەهێزیش بن.

دەکرێ بۆ هێنانەوەی نمونەیەکی پەیوەندیدار بە باسەکەمانەوە ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە. هەروا کەلە فەسڵی 2دا دیتمان جێگاو کارکردو ئەگەرەکانی دیموکراسی سەرەتایی لە دەوڵەت شارەکانەوە سەری هەڵدا. بەڵام دەوڵەت شارەکان نەیانتوانی لە بەرامبەر هێزی زۆری دەوڵەتە نەتەوەییەکان خۆڕاگرن. دەوڵەت شارییەکان وەك بوونێکی شیاوی دیتن



نەمان, یان وەك ئەسیناو وێنیز بوون بەحکومەتی هەرێمی ژێر دەستی وڵاتەکەیان. بەو هۆیە لەسەدەی بیستو یەکدا, ئایا حکومەتە نەتەوەییەکان ڕێك وەك حکومەتە هەرێمەکانیان لێنایە ببنە ژێر دەستی حکومەتە نێونەتەوەییە دیموکراسخوازەکان؟

دەکرێ بڵێین جیا لەهەر کێشەیەك, بەهەر حاڵ پەیڕەوی کردنی حکومەتە هەرێمیەکان لە حکومەتە نەتەوەییەکان, بەمانای کۆتایی هاتنی دیموکراسی نەبوو. بە پێچەوانە, بە دیموکراسی بوونی حکومەتە نەتەوەییەکان نەتەنیا بواری دیموکراسی بەرینتر کردەوە, بەڵکو جێگاو شوێنێکی گرنگیشی لەبەر چاوگرت بۆ ڕەوتە دیموکراتیکەکانی وەك کۆمەڵەی ژێر دەستی شارو, شارۆچکە, هەرێم, کانتۆن, پارێزگا, ناوچەکانو شتی لەم چەشنە جا بەو هۆیانەوە ئەو ململانییەی لێرە لە ئارادایە ڕاگرتنی ڕەوتی بە نێو نەتەوەیی بوون نیە: ئەوە دوور لە باوەڕەو شیاو نیە. بەڵکو بەدیموکراسی کردنی ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکانە.

ئەگەرچی ئەو بۆچوونە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بایەخێکی زۆر بۆ دیموکراسی دادەنێن سەرنج ڕاکێشە, بەڵام بەو پەڕی مخابنەوە ناچارم ئەو ئەنجامە بخەمە ڕوو کە خەیاڵێکی وا, بێ ڕادە خۆش باوەڕانەیە, تەنانەت لەو وڵاتانەش کە لە کۆنەوە کردەوەو دامەزراوە دیموکراتیکەکان بوونیان بووەو زۆر باشیش سەقامگیر بوون, بۆ هاوڵاتیان زۆر سەختە بتوانن زۆرێك لە بڕیارە سەرەکیەکان کۆنتڕۆڵ بکەن, بۆ نموونە لەبواری سیاسەتی دەرەکیدا. بەڕێوەبردنی ئەو کارە لەڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا لەوەش زۆر سەخت تر دەبێ.

یەکیەتی ئەورووپا بەڵگەیەکی بالانمای ئەم ڕاستیەیە. لەو یەکیەتییەدا, ئەم چەشنە بنەما بەناو دیموکراتیکانەی وەك هەڵبژاردنی خەڵكو پەرلەمان ڕاستەخۆ سەقامگیرە, بەو حاڵەشەوە گشت چاودێران کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەنووکە(کەموکوڕییەکی زۆری دیموکراسی) هەیە. بڕیارەسەرەکیەکان زۆربەیان لەلایەن وتووێژی سیاسییە بە ناوبانگەکانو بەڕیوەبەرایەتیوە بەڕێوەدەچێ. سنووردارکردن لەلایەن بزوتنەوە دیموکراتیکەکانەوە دیاری



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

ناکرێن, بەڵکو زۆرتر لایەنەکانی دیکە دیاری دەکەن, بەهۆی ئەوەوە کە وتوویژکارەکان دەتوانن کەسانی دیکە بۆ وەرگرتنی ئەو شتە ڕازی بکەن‌و بە لەبەر چاوگرتنی ئەگەرەکانی داهاتووی ئەو بۆ بازاڕە نەتەوەیی‌و نێو نەتەوەییەکان دیاری دەکرێن. گفتوگۆ, پۆلینی پلەو پایەکان‌و بازاڕ ئەنجامەکان دیاری دەکەن. بزوتنەوە دیموکراسخوازەکان. جگە لە پەسەند کردنی ئەنجامەکان, کاریکی ئەو تۆیان لەئەستۆ نیە. ئەگەر دامەزراوە دیموکراسخوازەکان لە بەڕیوەبەرایەتی یەکێتی ئەوروپادا ئاوابێ کاردانەوەیە, ئاسۆی بە دیموکرات کردنی دامەزراوە نێو نەتەوەییەکان لەوەش خراپترە. بۆ بەرهەمی دەست ڕاگەیشتن بە ئاستێك لە کۆنتڕۆڵی خەڵك, شتێکی لەچەشنی ئەوەی کەپێشتر لەناخی وڵاتەدیموکراتیکەکان وەبەرهەم هاتووە, دەبێ گەلێك ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی کێشەکانیان بۆ چارەسەرکەن, لەو ئاستە باشەدا کەئێستا وڵاتە دیموکراتیکەکان دەکەونە بەر سەرنج. ڕابەرانی سیاسی ناچارن دامەزراوە سیاسیەکان دابمەزرێنن هەتا دەرفەتی بەشداری سیاسی, کاردانەوە, چاودێری بۆ هاووڵاتیان بڕەخسێ, کە کەم‌و زۆر کاریگەری هاوسانە لەگەڵ دامەزراوەی وڵاتە دیموکراسخوازەکان. بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لەو دەرفەتانە کەڵك وەرگرن دەبێ بەو رادەیە کەئێستا کەڵکیان سەبارەت بە بڕیاری وڵاتەکەیان لەسەردایە, هەربەهەمان رادەش تامەزرۆو هۆگری بڕیارە سیاسیەکانی دامەزراوە نێو نەتەوەییەکان بن. توێژی سیاسی‌و بەرپرسانی ڕاگەیاندنە گشتیەکان, دەبێ بۆ زانیاری هاووڵاتیان, وەها خۆیان بچنە ناو باس‌و وتوویژ سەبارەت بە ڕووداوە هەنوکەییەکان کە سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆیان رابکێشن. بۆ بەرین کردنەوەی وتوویژی گشتی پێویستە ڕێکخراوو کەسانێکیش کە خوازیاری دەسەلاتن سەبارەت بەکێشەکانی دونیاش وەك کێشە سیاسیە ناوخۆکان بکەونە ململانێ, نوێنەرانی هەڵبژێردراو یان کەسانی دیکە کەلەو بوارانەدا دەور دەبینن(جا هەر کەسێك بێ ), دەبێ کۆنتڕۆڵێکی ئەوتۆ لەسەر دام‌و دەزگاکانی بەڕێوەبەری نێو نەتەوەیی دابنێن, کەکەم‌و زۆر شێوەی هێزی یاساو هێزی بەڕێوەبەرایەتی هەنوکەیی وڵاتە دیموکراتیکەکان بێ,

کەبەڕێوەی دەبەن. ئەوەی کەچۆن نوێنەرانی کۆمەڵگای ئاماژەپێدراو هاولاتیانی نێونەتەوەیی دەبێ لەناو خەڵکی وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا دابەش بکا خۆی بابەتێکی دیکە دێنێتە ئاراوە. بەلەبەر چاوگرتنی جیاوازیەکی زۆر بەرچاو لەژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکاندا, هیچ سیستمێکی نوێنەرایەتی ناتوانێ لەگەڵ ئەوەی کە بۆ دەنگی هەر هاووڵاتیەك بایەخی هاوسان دادەنێ پێش بەقوتارکردنی هەمیشەیی وڵاتە بچوکەکانیش بگرێ, لەبە رئەوە هەمو ئەو ڕێگە چارانەی دیموکراسیە بچوکەکان پەسندی دەکەن بە یەکسانی‌و هاوسانی سیاسی‌و لەناو ئەندامانی دیموکراسیە گەورەکاندا رەتدەکەنەوە. ڕێگاچارەکانی جێی پەسەندی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو سیستمە فیدرالیەکانیش , هاوچەشنی ئەو ڕێگا چارانەن کە ئێستا لە یەکیەتی ئەوروپا ئاساییەو بەیەکەوە گرێ دراوە. بەڵام ئەم شێوە ڕێگا چارانە, بەهەر شێوەیەك کە لەسەری پێکبێین, دەتوانن زۆر بە ئاسانی سەرچاوەی گێرەو کێشە ناوخۆییەکان بن, بەتایبەتی کە پێناسەیەکی هاوبەشی بەهێز لە نێوانیاندا نەبێت.

ململانێ زۆر نزیکە لەم بارودۆخەدا بۆچی چونکە, هەروەك لە پێشدا وتم ڕێك وەك چۆن لە دیموکراسیە نەتەوەیی‌و زۆربەی بڕیارەکاندا بەناچاری بەرژەوەندی هێندێك کەس تووشی زیان دەبێ, سەبارەت بە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانیش ئەم ڕووداوە ڕوودەدا. قورسترین باری هێندێك لە بڕیارەکان لەوانەیە بکەوێتە سەرشانی گروپەکان, ناوچە یان وڵاتە تایبەتەکان. بۆ رزگاربوون لەو ململانێیانە, فەرهەنگێکی سیاسی کە هەڵگری دامەزراوە گەلێکی تایبەت بێ دەتوانێ بەکەڵك‌و لە راستیدا پێویستیش بێ. بەڵام جێخستنی فەرهەنگێکی ئەوتۆ لەوانەیە چەندین نەوە درێژە بکێشێت. سەرەڕای ئەوە ئەگەر بڕیاربێ سیاسەتداڕشتنەکان بە بەربلاوی وەربگیرێن‌و بەسەر دۆڕاوەکانیشدا بسەپێندرێن, پێدەچێ شێوەیەك پێناسەی هاوبەشیش , هاوچەشنی ئەوەی لە وڵاتە دیموکراتیکەکاندا هەیە, پێویست بە دامەزران بکا.

تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

بەبڕوای من زۆر سەختە ئەم کۆمەڵە مەرجانە, کە پێویستن بۆ دیموکراسی کردنی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان, بەدی بهێدرێن. بەڵام ئەگەر ئەم مەرجە ئاماژە پێکراوانە نەهاتەدی, بڕیارەکانی نێو نەتەوەیی بەپێی چ پرۆسەیەك دیاری دەکرێن؟ بەبڕوای من, زۆربەی ئەو بڕیارانە بە پێی گفتوگۆی بلیمەتە سیاسیەکانو بەڕێوەبەرایەتی, واتا بەرپرسانی گشتی, وەزیری پەیوەندیەکان, ئەندامانی فەرمانگە حکومیەکانو بەشەکانی دیکەی حکومەت, سەرۆکانی ژوورە بازرگانیەکانو کەسانی ئەوتۆ دیاری دەکرێن. هەرچەند بزاڤە دیموکراسیەکان جارجار لەوانەیە مەرزەکانی دەرەکی ئەم وتوویژەی نێوان سیاسیەناودارەکان دیاری بکەن, بەڵام(دیموکراسی) ناونانی کردەوەی سیاسی سیستمەکانی نێونەتەوەیی, بەمانای خاڵی کردنەوەی ئەم وشەیەیە لە گشت ماناکانی.

**کۆمەڵگایەکی فرەچەشنی PLURALISTIC بەهێز لەناخی وڵاتە دیموکراسخوازەکاندا.**

هەرچەند دوور لە باوەڕەکە دیموکراسی بگاتە ئاستی نێو نەتەوەیی, بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێ کە گشت وڵاتە دیموکراتیکەکان پێویستیان بە کۆمەڵە بچووکەکان هەیە. لە وڵاتێکی مۆدێرندا ئەو کۆمەڵانە رەنگاو رەنگیەکی سەرسامهێنەریان هەیە. تەنانەت بچووکترین وڵاتە دیموکراتیکەکانیش پێویستیان بە بەڕێوەبەراتی شارەوانی هەیە. وڵاتە گەورەکان لەوانەیە کۆمەڵەی تریش لەخۆ بگرن وەك: هەرێم, پارێزگا, وڵات, ناوچەو هیتد..هەرچەند کە وڵاتێك لە ئاستی دونیادا بچووك بێ دیسان پێویستی بە زۆرێك لە ئەنجومەنو دامەزراوەکان هەیە. ئەوەهەمان کۆمەڵگای فرەچەشنی(پلورا لتێك)5.

ئەوەی کە باشترین شێوەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنە بچووکەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگا واتا سەندیکا, دەزگا ئابوورییەکان, گروپە بەرژەوەندیەکانی تایبەت, ڕێکخراوەی پەروەردەییو زۆر شتی دیکە, چیە؟ ئەو پرسیارە وەڵامێکی تەنیای نیە. حکومەتی دیموکراسی لەوانەیە لە گشت بوارو ئەنجومەنەکاندا بەجێ نەیەتە بەرچاو, جیاوازیە بەرچاوەکان لە بواری شیاوبووندا لەوانەیە زۆر بەرتەسکی بسەپێنێ بەسەر ئەم بوارە لەبارانەدا, کە دەبێ دیموکراسی تیایاندا کاردانەوەی هەبێ, تەنانەت لە جێگایەکیش کە دیموکراسی بەجێو باش دێتە بەرچاو هیچیەك لە شێوەکانی, ڕێك باشترین شێوەی ئەوەنیە.

بەو حاڵەشەوە هێچ کام لەلایەنەکانی نادیموکراسی حکومەتەکانیش نابێ بێ لێدوانبمێنیتەوە, چ لەلایەن دەوڵەتو کۆمەڵەکانیەوە چ لەلایەن ئەنجومەنە سەربەخۆکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی فرەچەشن خواز, ڕێو ڕێبازەکانی دیموکراسی زۆر پرسیار دێننە گۆڕێ کە دەکرێت سەبارەت بە بەڕێوەبردنی هەر ئەنجومەنێك بخرێنە ڕوو.

-بۆ هەڵبژاردنی هەربڕیارێك, ئایا بەڕێوەبەرانی ئەو ئەنجومەنە دەتوانن مسۆگەری بکەن کە بەختەوەریو بەرژەوندی هەرکەسێك کە بەو بڕیارەوە پەیوەندی هەیە, بەشێوەی یەکسان لەبەرچاودەگیرێ؟

-ئایا هیچ کەس یان دەستەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەن, لەو ئاستە دان کە لە کەسانیتر شایانتر بن کە بتواندرێ دەسەڵاتی تەواو بدرێتە دەستیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەنجومەن؟ ئەگەر وەڵام"نا"یە, ئایا نابێ گشت ئەندامانی ئەنجومەن لەبەڕێوەبردنی ئەنجومەندا وەك یەك سەیر بکرێن.

-ئەگەر تەواوی ئەندامان لە بواری سیاسیەوە یەکسان بن, ئەودەم ئایا بەڕێوەبردنی ئەو ئەنجومەنە بۆ ئەندامەکانی تا چ ڕادەیەك بواری ئەوەی رەخساندووە کە:"بەشداری راستەقینە, هاوسان بوونی دەنگ, دەسکەوتی تێگەیشتنێکی روناكو کارکردی کۆنتڕۆڵی دوایی بەسەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەدا مسۆگەر بێ؟

نزیکەی هەموو, لەوانەشە بەراستی لە هەموو ڕێکخراوەکانی سەرتاسەری دونیادا شوێنێکی کەم بۆ کەمێك دیموکراسی دابین کرابێ. لەبەشی هەرەزۆری وڵاتە دیموکراسیەکاندا جێگایەکی زۆر بۆ رادەیەکی زۆرتری دیموکراسی هەیە.


تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

# بەشی دەیەم

# جۆری( 2 )

# یاسا سەرەکییەکان

**هەروەك دیموکراسی بەرێژەی جیاجیا دەردەکەوێ, یاسا سەرەکییەکانی دیموکراتیش بە شێوازی جیاجیا دەردەکەون. ئێستا رەنگە بپرسی ئایا جیاوازی یاسای سەرەکی دەوڵەتە دیموکراسی خوازەکان گرنگن؟ پێدەچێ وەڵام ئاوابێ: نا, ئەرێ, رەنگە.**

بۆ روون کردنەوە, لەم وڵاتانەوە دەست پێ دەکەین کە ئەزمونی زۆرتری دیموکراسی کۆنیان هەیە, ئەو وڵاتانەی کە دامەزراوە بناغەییەکان لە دەوروبەری ساڵی 1950بەملاوە بەردەوام لە ناویاندا وجودی بووە. ئەوانە بەگشتی بیستو دوو وڵاتن: ئوسترالیا, نەمسا, بیلژیك, کەنەدا, کوستاریکا, دانیمارك, فنلاندە, فەرەنسا, ئالمان, ئیسلەند,



ئیرلەند, ئیسرائیل, ئیتاڵیا, ژاپۆن, لوکسمبۆرگ, هۆڵەندا, نیوزلەند, نەرویج, سوید, سویسرا, بەریتانیا, وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا.[1]

جۆراوجۆر بوونی ئەوان وێنەیەکی ئاشکرا لە ئەگەرەکانی جیاوازی دەدا بەدەستەوە بەڵام گرینکی بە رێكو پێك کردنی یاسایی ئەو وڵاتانەش کە تازە هاتوونەتە ناو قۆناغی دیموکراتییەوە کەمتر نیە لەوان. لە راستیدا، دەکرێ تەنانەت گرینگتریش بن بۆ سەرکەوتنی رەوتی دیموکراسی.

لەکاتی باسکردنی یاسا سەرەکیەکانو رێکخستنی یاسایی پێم خۆشە ئەم دەستەواژانە ئەوەندە بەربڵاوانە بەکاربێنم تا بتوانن زۆرکردەوەی گرینگ لەخۆبگرن کە لەوانەیە لەم چەشنە یاسایانەدا بەئاشکرا نەهاتبن، وەك سیستمی هەڵبژاردنو حیزب دروست کردن. بەڵگەم بۆ ئەم کارە لەبەشی داهاتوودا دەردەکەوێ.

جیاوازی گرینگ لەناو یاسا سەرەتاییەکانی سیستمی دیموکراسی کامانەنو گرینگیان تاچ رادەیەکە؟

## فرەچەشنی یاسایی

نووسراو یان نەنووسراو؟ یاسایەکی سەرەکی کە نەنووسرابێ، وەك جیاواز قسەکردن دێتە بەرچاو، بەوحاڵەشەوە، لەهێندێك وڵاتاندا گەلێك بنەماو دابو نەریت هەن کە سیستمی یاسایی پێك دێنن، تەنانەت ئەگەر بوونیان لەو سەنەدەدا نەنووسرابێ کە وەك یاسای سەرەکی ئەم وڵاتە لەقەڵەم دەدرێ. لە ناو دیموکراسیە کۆنەکانداو (بەدڵنیایی لەناو نوێکانیشدا) یاسای سەرەکی نەنووسراو زادەی هەلو مەرجێکی تایبەتی مێژوویی زۆر نائاساییە. هەروەك بارودۆخی تایبەتی بەریتانیای مەزن, ئیسرائیلو[2] نیوزلەندە. بەڵام نەریتی باو یاسای سەرەکی نوسراوە.

1. Arend Lgphart, Democracies: Patterns of Majoritarian and Consensus
بڕواننە
Gorarmmert in Pwenty- one Gnntries (New Haren  and london: Yal University Press, 1989) table 3.1, p. 38.

(2) کۆستاریکاشم بەو لیستەوە زیادکرد.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

راگەیاندنی مافی سەرەکی؟ ئایا یاسای سەرەکی جێی مەبەست بەشێوەیەکی ئاشکراو دیار شێوازی مافی سەرەکیش لەخۆ دەگرێ؟ هەروەها ئەگەر چی دەرخستنی یاسای مافی سەرەکی لە نێو دیموکراسیە کۆنەکاندا ئەسڵێکی گشتی نیە, بەڵام هەنووکە ئەوان بەشێوەیەکی ئاماژەیی شێوەیەکی یاساییان بەم کێشانە داوە. بە هۆی زۆر بەڵگەی مێژوویی و نەبوونی یاسای سەرەکی نووسراو, ئەوەی جیاکراوەتەوە بەریتانیا بووە.(لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش داکۆکییەکی بێ وچان دەکرێ لە بیری ئاشکرا کردنی یاسای مافی سەرەکی.)

**مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری؟ گەرچی یاسای سەرەکی ئەمریکا ئەو یاسایانەی کەلەسەدەی نۆزدەوە لە نێوان وڵاتە دیموکراسییە کۆنەکاندا بەجێماون بە گشتی شتێکی ئەوەندە دیارو ئاشکرایان دەربارەی مافی کۆمەڵایەتی و ئابوری نەوتووە[1] بەڵام ئەو یاسایانەی کە لە شەڕی دووهەمی جیهانی بەم لاوە پەسەند کراون زۆریان هەڵگری ئەم مافەن. لەگەڵ ئەوەشدا,(هەندێکیان بە شێوەیەکی زۆرسادە) لەگەڵ ئەوەشدا, جاری وایە ئەم مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە دانی پیانراوە تەنیا شێوەی رواڵەتییان هەیە.**

فیدراڵ یان یەك پارچەیی؟ لەسیستمی فیدراڵیدا سەربەخۆیی زۆرتر دەدرێ بەحکومەتە کەمە ناوچەییە گچکەکان– پارێزگا, ناحیەکان و دەسەڵاتێکی بەربڵاوتریان پێشکەش دەکرێ و بەردەوام بوونیشیان مسۆگەر دەکرێ, بەڵام بوونی هێزو دەسەڵاتی سیستمە یەکپارچەکان گرێدراوە بەو بڕیارانەوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی هەڵی دەبژێرێ. لەنێو بیست و دووحکومەتی دیموکراسی کۆندا, تەنیا شەش حکومەت رێك فیدرالین.(ئوستralیا, نەمسا, کەنەدا, ئەڵمانیا, سویسراو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا). لە گشت ئەم شەش وڵاتەدا, فیدرالیزم ئەنجامی بارودۆخی مێژووی تایبەتی خۆی

[1] ئیسرائیل لەرێگەی خستنەرووی چەند یاسایەك دانیشتنەکانی پەرلەماندا, وەك لیژنەی یاسا داڕێژ. پۆلین و دارشتنی یاسای خۆی کردە یاسایەکی سەرەکی نوسراوە.

ژمارەیەك مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری, یان راستەخۆ زیادکران لەیاسای سەرەکی ئەمریکادا, وەك"تەواوکەری سێزدەهەم" سەبارەت بەلابردنی کویلەداری, یان لەلایەکی دیکەوە پەرلەمانی نوێنەران یا هێزی یاسایی لە"تەواوکەرەکانی, پێنج و چواردەهەم"



بووە.[1] هێزی بڕیاردەری یەك پەرلەمان یان دوو پەرلەمان؟ هەرچەند سیستمی دوو پەرلەمانی لەپێش ترە بەڵام وەك نمونە دەبینین ئیسرائیل هەرگیز پەرلەمانی دووەمی نەبووە, لە ساڵی 1950 تا ئێستا چوار وڵاتی سکاندنافی, فینلاندو نیوزلەند, پەرلەمانی senatسنایان هەڵوەشاندەوە.

**چاوپێدا خشاندنەوەی یاسایی؟ ئایا لیژنەی باڵای وڵاتێك دەتوانێ ئەو یاسایانەی کە بەشێوەی دروست لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراون, رابگەیەنێ کە ئەوانە جیاوازییان هەیە لەگەڵ یاسای سەرەکی؟ ئەم کارە کەپێی دەوترێت پێداچوونەوەی یاسایی, یەکێك بووە لە تایبەتمەندیەکانی باوی وڵاتە دیموکراسییەکان. پێویستی ئەم شێوازە لەم وڵاتانەدا هۆی بەردەوام زاڵ بوونی یاسای سەرەکی نەتەوەییە بەسەر یاسا پەسەند کراوەکانی, هەرێم و پارێزگاو کانتۆنەکاندا. بەڵام بابەتێکی سەرەکی تر کە پەیوەندی هەیە بەم باسەی ئێمەوە ئەوەیە کە, ئایا دادگایەك دەتوانێ یاسایەك کە لە پەرلەمانی نەتەوەیی پەسەندکراوە, بەجیاواز لەیاسایەکی سەرەکی لەقەڵەم بدا؟ لەڕاستیدا وڵاتی سویسرا چاوپێدا خشاندنەوەی یاسایی تەنیا بە یاسادارِشتنی کانتۆکانەوە بەستۆتەوە. بەڵام هەروەکو ئاماژەم پێدا زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکان بەشێوەی فیدراڵ بەڕێوەناچن, لەنێو سیستمە یەك پارچەکانیشدا تەنیا نیوەیان خاوەنی شێوازی چاو خشاندنەوەی دادگان بەیاساکاندا سەرەڕای ئەوەش, تەنانەت لەناو ئەو وڵاتانەشدا پێداچوونەوەی یاسایی هەیە,بەربڵاوی بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە لەرێگای دادگایەکەوە لە جۆرێکی تایبەت وەك لە ئەمریکا کە لەوێدا دادگای کە باڵای دەوڵەت هەندێ جار دەسەڵاتی لە رادەبەدەری خۆی بە کاردێنێ ئەنجام دەدرێ, کەنەدا نمونەیەکی سەرنج راکێشە لەم فرەچەشنیە. کەنەدا, کە خاوەنی سیستمێکی فیدراڵیە لیژنەیەکی باڵای هەیە کە هەم دەتوانێ یاساکانی پارێزگاکان و هەم فیدرالی جیاواز لەگەڵ یاسای سەرەکی**

[1].Lijphart Democraces, tables 10.1 and 10. 2, p.p 174- 178

[1] دەکرێ بلژیك بخرێتە ناو ئەم خشتەیە بەهۆی سڕینەوەی سەقامگیر بوونی ناوچەیی. سەبارەت بەڕێکخستنی یاسایی, بابەتەکان(فیدرال)و (یەکپارچەی) فرەچەشن بووە.



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

### رابگەیەنێ. بەڵام پەرلەمانەکانی پارێزگاو فیدراڵ دەتوانن بەدەنگدانی سەرلەنوێو پەسەند کردنی دووبارەی یاسای تایبەت, بڕیاری دادگا رەتدەکاتەوە.

ئایا ماوەی بەر پرسیاری دادوەرکاتیە یان هەمیشەییە؟ لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەندامانی دادی فیدراڵ (واتا نەتەوەیی). بەپێی پێش بینی یاسای سەرەکی هەمیشەییە. باشیەکانی هەمیشەیی بوون, مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی دادوەرەکانە لە گوشاری سیاسی. بەڵام ئەگەر ئەوان توانای پێدا چوونەوەی یاسایشیان هەبێ, دادوەری کردنیان رەنگە رەنگدانەوەی کاریگەری ئیدیۆلۆژی کۆنتری بەسەرەوە بێ کە ئیتر زۆرینەی خەڵك پشتیوانی لێناکەن‌و یاسایی نیە. لەبەر ئەوە لەوانەیە لەپێداچوونەوەی یاسایی بۆ راگرتنی ریفۆرم کەڵکی لێ وەرگرن, هەروەك چۆن جارجار لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا, بۆ وێنە لە سەردەمی سەرۆك کۆمار"فرانکلین د. روز وێڵت" دەست پێشخەرییان کرد بۆ ئەو کارە. هێندێك لە ولاتە دیموکراسیەکان کەلە یاسا سەرەکیەکاندا جێگایەکیان بۆ پێداچونەوەی یاسایی لەبەر چاوگرتووە, وەك ئەڵمان ئیتاڵیا و ژاپۆن, بەلەبەر چاوگرتنی ئەزمونی ئەمریکا لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیەوە, هەمیشەیی بوونی داوەری‌و یاسایان رەتکردەوە, بەجێگای ئەوە ماوەیەکی سنووردار بەڵام درێژ خایەنیان, پێشنیازکرد.

راپرسیە گشتیەکان؟ ئایا راپرسییە گشتیە نەتەوەییەکان شیاون, واتا لە کاتی پێداچوونەوە یاساییەکان, پێویستن؟ لەو بوارەدا ولاتی سویسرا نمونەیەکە ئەوەنە باس کرا کەبە خەیاڵدا نایە: لەم ولاتە راپرسی گشتی نەتەوەیی ئازادەو بۆ پێداچوونەوەو ڕاگۆڕین لە یاسای سەرەکیدا پێویستە, هەروەها ئەو کارە بەردەوام روودەدا. لەلایەکی دیکەوە, یاسای سەرەکی ئەمریکا هیچ پێش بینیەکی بۆ راپرسی گشتی نەکردووە( هەروەها هیچ راپرسیەکی گشتیش هەتا ئێستا لەوێ بەڕێوەنەچووە) هەرچەند لەزۆربەی هەرێمەکاندا ئەم کارەباوە. بەڵام بەو حاڵەشەوە, پێچەوانەی ئەمریکا, لەزیاتر لەنیوەی ولاتە دیموکراسیەکۆنەکاندا لانی کەم جارێك راپرسی گشتی کراوە.

سیستی سەرۆك کۆماری یان پەرلەمانی؟ لەسیستمی سەرۆك کۆماریدا, سەرۆك هێزی بەڕێوەبوون راستەوخۆ لەلایەن هێزی یاسا دارِشتنەوە هەڵدەبژێریێ‌و بە پێی یاسا خاوەنی هێزو دەسەلاتێکی زۆرە لە سیستمێکی پەرلەمانی یا کابینەیی, سەرۆکی هێزی



بەڕێوەبەران لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێرێ‌و لەوانەشە لەلایەن پەرلەمانەوە لابرێ. نموونەی کلاسیکی حکومەتی سەرۆك کۆماری ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایەو نموونەی کلاسیکی حکومەتی پەرلەمانی بەریتانیایە.

سیستی حکومەتی سەرۆك کۆماری لەلایەن نوێنەرانی ئەنجومەنە یاسا دانەرەکانی ئەمریکاوە لەساڵی 1787دامەزراوە. زۆربەی نوێنەرەکان یاسای سەرەکی(نەنوسراوی) بەریتانیایان پەسەند دەکرد, ئەوەش(جوداکردنەوەی هێز)و پێکهێنانی هێزێکی یاسایی سەربەخۆ لە هێزی یاسا دارِێژو جێبەجێ کار, هێزێکی یاسا دارِێژی( پەرلەمان) سەربەخۆلە بەڕێوەبەر, هەروەها هێزێکی بەڕێوەبەری(پاشایەتی) سەربەخۆ لەیاسا دارِێژ, بوو بە هۆی ئەو پەسەندکردنەی نوێنەرانی ئەمریکا. گەرچی نوێنەران هەوڵیان دەدا لە باشیەکانی یاسایی سەرەکی ئەمریکا پەیڕەوی بکەن, بەڵام ئەوە ئاسایی بووکە بوونی پاشایەتی بەتەواوی لەوێ نەبوو. بەو هۆیەوە کێشەی هێزی بەڕێوەبەرایەتی گێژی کردبوون. چونکە هیچ نموونەیەکی مێژوییان لەبەر دەستدا نەبووە نزیکەی دوومانگ بەو کێشەیەوە خەریك بوون, تاسەرەنجام رێگا چارەی خۆیان خستە ڕوو.

هەرچەند ئەو ئەنجومەنە لێهاتوویەکی سەرسامهێنەریان هەبوو بۆ دانانی یاسا, بەڵام تێپەڕینی کات ووردبینی‌و دووربینی‌یەکی زۆر قووڵتر لەوەی کە بەڵگەمێژووییەکان دەیخەنەروو یا هەڵە قبووڵ کردنی مرۆڤایەتی رێگای پێدەدا, درایە پاڵ ئەو نوێنەرانە. وەك زۆربەی داهێنانەکانی دیکە داهێنەرانی سیستمی سەرۆك کۆماریی ئەمریکا(یان باشتر وایە بڵێین, سیستمی کۆماری, گۆنگرێسی) رەنگە نەیان دەتوانی پێشبینی بکەن کە داهێنانەکەی ئەوان لە ماوەی دوو سەدەی داهاتوودا ئاڵ‌و گۆڕی بەسەردادێ, و نە حکومەتی پەرلەمانیش کە تازە بەخۆدا دەهات دەیتوانی ببیتە جێگرێکی باشتر.

ئەگەر چی هەتا ئەم سەردەمەش حکومەتی پەرلەمانی لە نێو ئەمریکاییەکاندا, بە خەیاڵدا نەهات بەڵام ئەگەر ئەنجوومەنی یاسایی سەرەکی ئەمریکا نزیکەی30سی ساڵ دوایی پێکدەهات سەرجەم ئەو ئەگەرە هەبوو کە نوێنەرەکانیان سیستمی پەرلەمانی پێشنیاز بکەن. چونکە ئەو شتەی کە ئەوان(و هەر بەو هۆیەوە چاودێرانی بەریتانیایش) لێی تێنەگەیشتن ئەوە بوو کە سیستمی بەریتانیایی بۆ خۆی لە شەپۆلی ئاڵ‌وگۆڕێکی خێرادا بوو. بەکورتی, ئەو سیستمە خەریك بوو دەبوو بەسیستمی پەرلەمانی کە لەوێدا دەسەلاتی بەڕێوەبەرایەتی بەشێوەیەکی شایان دەکەوتە ئەستۆی سەرۆك وەزیرو



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

کابینەکەی نەک پادشا, ئەگەرچی سەرۆک وەزیر بەناو لەلایەن پادشاوە هەڵدەبژێردرا بەڵام بە کردەوە لەلایەن زۆربەری پەرلەمانەوە(کە لە سەردەمێکدا پێیان ئەوت مەجلیسی عەوام) دیاری دەکرا, تەنیا بەلایەنگری زۆرینەی پەرلەمانیش دەیتوانی لە جێگاو شوێنی خۆی بمێنێتەوە. سەرۆک وەزیر بۆ خۆشی دیاری کردنی ئەندامانی کابینەی لە ئەستۆ بوو. ئەو سیستمە لە دەوروبەری ساڵەکانی 1810دا بە تەواوی جێگیر ببوو.

هەروەک لە دواییەکاندا دەرکەوت, لە زۆربەی وڵاتە نوێیەکاندا کە خاوەنیسیستمێکی دیموکراتیکی کۆنترن, هەروەها دیموکراسیەکانیان لە نێوان سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا پێگەیشتن‌و مانەوە, جۆرەکانی حکومەتی پەرلەمانی, بۆ گەشەو پەرەپێدانی یاسایی پەسەندکراون نەک سەرۆک کۆماری. سیستمی هەڵبژاردن؟ کورسیەکانی پەرلەمانی نەتەوەیی, چۆن لەگەڵ رێژەی دەنگی دەنگ دەران لە هەڵبژاردندا دیاری دەکرێ؟ بۆ نموونە, ئایا حیزبێک کە لایەنگرانی, بۆ نموونە سێ لە سەدی دەنگەکانی هەڵبژاردن بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن, نزیکەی سێ لە سەدی کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست دێنن؟ یان دەتوانن هەر تەنیا پازدە لە سەدی کورسیەکانیش بە دەست بێنن؟ هەرچەند پێویست ناکا سیستمی هەڵبژاردن لە "یاسای سەرەکی"دا مووبە موو بەڕێوەببرێ, بەڵام هەروەک لەپێشدا پێشنیازم کرد واباشە ئەو بە بەشێک لە سیستمی یاسایی بزانین چونکە سیستمەکانی هەڵبژاردن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بەشەکانی یاسای سەرەکی هەیە. لەبەشی دواییدا شیکردنەوەیەکی زۆرترمان لەو بارەوە دەبێ.

گەرچی دەکرێ پێرستی هاوتاکان لەوەش زۆرتر درێژەی پێبدرێ, بەڵام ئەوەندە بەسە تانیشان بدرێ کە بە زۆر شێوەی جیا جیا دەکرێ گەشەبدرێ بە سیستمە دیموکراتیکەکۆنەکان. سەرەڕای ئەوەش, فرە چەشنیەکانی جێی مەبەستی من زۆرتر لایەنی خەڵکانی ئاسایی هەیە, ئەگەر بڕیار بێ لە ئاستێکی دیکەوە بڕوانینە کێشەکە لە گەلێک جیاوازی دیکە دەگەین. لەبەر ئەوە, هەنووکە دەکرێ دەرەنجام وەربگرین. بەڵام ئایا بوونی ئەم فرە چەشنییە نابێتە هۆی بەرزبونەوە, یان زۆرتر دیموکراسی بوونی هێندێک لە یاسا سەرەکیەکان سەبارەت بەیەکتری؟ پێناچێ کە یەکێک لەم یاسایانە باشترین شێوەی یاسای سەرەکی دیموکراسی بێ؟



ئەو پرسیارانە دیسان پرسیاری نوێتر دێننە ئاراوە: ئێمە چۆن دەکرێ بە باشی لەباربوونی یاسا سەرەکیەجیاوازەکان هەڵسەنگێنین؟ بێ گومان دەبێ هەوێنە تایبەتیەکانمان لەبەردەست دابێ.

## یاسا سەرەکیەکان چۆن کاریگەرییان دەبێت؟

یاسا سەرەکیەکان لەوانەیە بەشێوازی جۆراوجۆر کاریگەرییان هەبێ لەسەر سیستمی دیموکراسی وڵاتێک.

**بەردەوامی:** یاسای سەرەکی دەتوانێ پاڵپشتێک بێت بۆ مانەوەی بنەما سیاسیە سەرەکیە دیموکراتیکەکانی باسکراو لە فەسڵی 8دا. ئەو یاسایە دەتوانێ نەتەنیا چوارچێوەی حکومەتی دیموکراتیک دابڕێژێ بەڵکە گشت ماف‌و پێویستیی دامەزراوە سیاسیە سەرەکیەکانیش مسۆگەر بکا.

**مافی سەرەکی:** یاسای سەرەکی دەبێ هەم پارێزەری مافی زۆرینەو هەم کەمینە بێ گەرچی ئەو هەوێنە لە هەمان مەرجی یەکەمدا بەشێوەی ئامانژەیی دیارە, بەڵام بەهۆی بوونی جیاوازی‌و فرە چەشنی نێوان یاساسەرەکیە دیموکراتیکەکان واباشترە کە ئەو ماف‌و چارەسەریانە بەتایبەت بدەینە بەر سەرنج, بۆ زۆرینەو کەمینە.

**بێلایەنی:** یاسای سەرەکی دەتوانی بێلایەنی لە نێو هاووڵاتیانی وڵاتێکدا سەقامگیر بکا. رێخکستن‌و گەشەی یاساکان, پاش مسۆگەر کردنی ماف‌و ئەرکی سەرەکی, دەتوانن پرۆسەی یاسادانانیش بەشێوەیەکی مسۆگەر دابڕێژن کەلە بەرژەوەندی یا لەدژی بۆچوونەکان یا بەرژەوەندی هاوڵاتیانێکی تایبەت‌و کۆمەڵێکی تایبەتدا نەبێ.

**بواردان بە وەڵامدانەوە.** یاسای سەرەکی دەکرێ بەشێوەیەک دابڕێژرێ کە هاوڵاتیان بتوانن رێبەرە سیاسیەکانیان لە ماوەیەکی مامناوەندیدا ناچار بەوەڵامدانەوە بکەن سەبارەت بە بڕیارەکان, کردەوەو, بەڕێوەبردن.

**نوێنەرایەتی داد پەروەرانە.** ئەوەی کەچ شتێک لە سیستمێکی دیموکراسیدا نوێنەرایەتی عادلانە پێکدێنێ باس‌و لێکۆڵینەوەیەکی بێ کۆتایی بووە, کە ئەوە تارادەیەک ناوەڕۆکی بابەتەکەی پەیوەندی هەیە بەو هەوێنەی دوایی باسەکەمان واتا(یەکیەتی بیری تێگەیشتوانە)و(حکومەتی کارامە).



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

**یەکێتی بۆچوونی تێگەیشتوانە**. یاسایەکی سەرەکی دەتوانێ یارمەتی هاووڵاتیان و ڕێبەران بدا تا یەکیەتیەکی تێگەیشتوانە سەبارەت بەیاساو ڕێبازەکان دابمەزرێنن ئەو کارە دەتوانی بەهەل ڕەخساندن و مەیل دروستکردن لە ڕێبەرانی سیاسیدا ڕێخۆشکەرێکی باشی هەبێ بۆ دەمەتەقەو ململانێ و وتووێژی ئاشتی و دامەزرانی کەل و پەلەکان و پێکهاتن لە پێناو ئاسانکردنی ڕێگای ڕێککەوتن لە نێوان حەزو بۆچوونە جیاوازەکاندا. لە فەسڵی دواییدا لەو بوارەدا زۆرتر دەدوێین.

**حکومەتی کارامە**. مەبەستی من لە کارامەیی ئەوەیە کە حکومەت خەریکی کۆمەڵێك کێشە بێ کەلە ڕوانگەی هاووڵاتیانەوە بەکێشەو گرفتە گرینگەکان دادەندرێن و بەکردەوە حکومەت لەو بوارەدا بەباش هەڵدەسەنگێندرێ. حکومەتی کارامە لەکاتی بارودۆخە کرژەکاندا کە بەهۆی شەڕ، هەڕەشەی شەڕ، ململانێی توندی نێونەتەوەیی، گیرو گرفتی توندی ئابووری، هەروەها قەیرانەکانی لەم چەشنە ڕوودەدەن، بە تایبەتی گرینگی بەدەست دێنێ. بەڵام لە کاتی ئاساییشدا ئەو باسە لە ئارادایەو بۆ نموونە کاتێك کێشەی گرینگ نەك زۆر گرژو ئاڵۆز لەبەرنامەی هاووڵاتیان و ڕێبەراندا هەبێ. بەدڵنیایی جاری واهەیە لە ماوەیەکی کورتدا حکومەتێکی نادیموکراسی هەوێنێکی باش و شایان باشتر لە حکومەتێکی دیموکراتیك بێنێتەدی" بەڵام بۆ درێژماوە ئایا هەروایە یان، ئەوە جێی گومانە بەهەرحاڵ حکومەتەکانی جێگای باسی ئێمە ئەوانەن کە لەناوسنوری دیموکراتیکدا دەجوڵێنەوە. لەناو ئەم سنوورانەدا.

**بڕیارە شایستەکان**.هەرچەندەش حکومەتی کارامەو لێهاتوو پێویست بێ، دیسانیش ناتوانین هەروابە ئاسانی شایەری یاسایەك بین کە بەڕێوەبردنی کردەوەی جەسورانەو چارەنوسانە سانا دەکا بەڵام کاریحکومەت بۆ کەڵك وەرگرتن لە باشترین ناسینی ڕاستەقینە بۆ جێبەجێ کردنی گیروگرفتی وڵات دژوار دەکا. بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی شیلگیرانە جێگای ڕێبازی ژیرانە ناگرێتەوە.

**ناسکی و توانای تێگەیشتن**. مەبەستی من لەو دوو هەوێنە ئەوەیە، کارێك کە حکومەت بەڕێوەی دەبا بەڕادەی پێویست بۆ خەڵك روون بێت و خۆی لە خۆیدا ئەوەندە ساکاربێ کە هاووڵاتیان بتوانن لێی تێبگەن حکومەت خەریکی چییەو چۆن خەریکە بەڕێوەی دەبا لەبەر ئەوە کارێك کە حکومەت بەڕێوەی دەبا نابێ هێندە بە ئاڵۆزی بەڕێوە بچێ کە هاووڵاتیان نەزانن خەریکە چ ڕوودەدا، بەهۆی ئەو تێگەیشتنەیان لە کارەکانی حکومەت، نەتوانن بە سانایی ڕێبەرەکانیان، بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردندا، ناچار بەوەڵامدانەوە بکەن.



**نەرم و نیان بوون**. نەریت و نوسراوەی سیستمێکی یاسایی پێویست ناکا ئەوەندە سەخت و نەگۆڕ بێ کە نەتواندرێ لەگەڵ هەل ومەرجە نوێیەکان بیگۆڕێ.

**ڕەوا بوون**.بەدیهێنانی ئەو دە هەوێنەی پێشوو، بەدڵنیایی ئێمەی زۆر نزیك کردۆتەوە لە داڕشتنی یاسایەکی سەرەکی کە جێی ڕەوا بوون و پشتیوانی هاولاتیان و سیاسیەدەرکەوتووەکان بێ، هەرئەوەش زامنی پاراستن و بەردەوامی ئەو دەبێ. بەو حاڵەشەوە لە هەر وڵاتێك هێندێك چاکسازی و ڕێکخستنی یاسایی دەتوانێ لەگەڵ شێوەکانی نەریتی باو زیاتر بگونجێنێ لەگەڵ یەکدا. بۆ نموونە گەرچی لە ڕوانگەی زۆربەی کۆماری خوازانەوە ئەو کارە لەدژایەتی دایە، بەڵام دەبێت قەبووڵی هێشتنەوەی پادشایەك لەسەروی دەوڵەتەوە لە هەمان کاتیشدا سازگاری و ڕێکخستنی ئەو لەگەڵ پێویستیەکانی دیموکراسی گشتگیر، لەوڵاتانی ئەسکەندەنافی، هۆڵەندا، بەلژیکا، ژاپۆن، ئیسپانیا و بەریتانیا ڕەوابوونێکیزۆرتری بەخشیوە بەیاسا سەرەکیەکانی ئەم وڵاتانە. لەلایەکیترەوە لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسیەکان هەوڵدان بۆ دانانی پادشایەك لە سەرووی دەوڵەتەوە دژایەتی هەیە لەگەڵ بۆچوونی کۆماری خوازانەی باو. هەر بەو پێیە پێشنیازی (ئەلسکاندر هامیلتون) Alexander Hamilton لە ئەنجومەنی داڕشتنی یاسای ساڵی 1787 سەبارەت هەڵبژاردنی سەرۆکێکی هەمیشەیی بۆ هێزی بەڕێوەبەرایەتی واتا "پادشایەك" بەبێ هیچ قسەو باسێك ڕەتکرایەوە. هەروەها نوێنەرێکی دیکە بەناوی "ئیلبریج جیری" Elbridge Gerry، دڵنیای کردنەوە کە(تەنانەت لە هەزار کەسدا یەك کەس لە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە بە سیستمی پاشایەتی ڕازی نین)[1]

[1] بەپێی یاداشتەکانی مادیسۆن، هامیلتۆن لە لێدوانێکدا لە 18ژوئینی 1787دا وتوویە کە(تائەو جێگای پەیوەندی هەیە بە هێزی بەڕێوەبەرایەتی، دەبێ دانی پێدا بنێین کە هیچ هێزێکی بەڕێوەبەری باش ناتواندرێ لەسەر بنەڕەتی کۆماری خوازانە دابڕێژرێ) نموونەی بەریتانیا تەنها نموونەیەکی باشە لەم بوارەدا. ئیزن بدەن ئەندامانی یەکێك لەبەشەکانی یاسادانان تاکۆتایی ژیانیان یا لای کەمی تا ئەو کاتەی کەبەباشی هەڵسوکەوت دەکەن



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

## کاریگەری ئەم جیاوازیانە تاچ رادەیەکە؟

**ئایا جیاوازییە یاساییەکانی لەم چەشنە بەڕاستی گرنگییان هەیە؟ بۆ وەلامدانەوە بەو پرسیارە دەبێ دووکۆمەڵ لە وڵاتانی دیکەش وەك چاودێر بانگهێشت کەین بۆ ئەم بیستو دوو وڵاتە دیموکراسیە کۆنانە. بەشێك لە ئەزمونەکانمان دەکرێ لە وڵاتە دیموکراسیە(نوێ) یەکان بێ, واتا لەو وڵاتانەی کە لەناو ئەواندا دامەزراوە دیموکراسیە بنەڕەتیەکان لە نێوان ساڵەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا سەقامگیر بوونو مانەوە. کۆمەڵی دوهەم لە مێژووی کارەساتبار, بەلام رۆشن گەری, وڵاتانێك کەلە ناو ئەواندا دامەزراوە دیموکراتیەکان لەسەردەمێکی سەدەی بیستدا دامەزران بەلام هەرەسیان هێناو لانی کەم بۆ ماوەیەکی کورت, چوونە ژێر دەستی رژێمە دەسەڵات خوازەکان.**

گەرچی ئەو سێ سەرچاوە مەزنە کە ئێمە وەك بەڵگە بەکاریان دێنین بە هیچ شێوەیەك بەتەواوی گوزارشتو شینەکراونەوە, بەلام بە بۆ چوونی من دەکرێ لەوان ئەنجامێکی گرینگ وەربگرین.

یەکەم, هەرکام لە شێوە هاوتاکانی یاسای سەرەکی کەلە لیستەی پێشوودا هێنامانەوە لانی کەم یەکێك لە دیموکراسیەجێگرو راوەستاوەکانی تێداهەبوە. لە ئاکامدا بەدروستی دەکرێ بڵێی, لە راسیتدا پێویستی مەنتقی وانیشان دەدا کە گەشەو رێکخستنەکانی یاسایی زۆرو جیاواز, لەگەڵ دامەزراوە بنەڕەتیە سیاسیەکانی دیموکراسی گشتگیرە کە لە فەسڵی 8دا باسمان گردن هاوڕەنگیان هەیە. وادێتە سیاسیەکانی دیموکراسی گشتگیر دەتوانن گەلێك شێوەی بەرینی تایبەت بە خۆیانەوە بگرن.

---

8

7

بمێننەوە بەرپرسانی بەڕێوەبەریش تاهەتایە لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. بڕواننە

Mox Farrand,The Records of Federal Convention of 1787,vo.
(1).(new Haven: Yale Universty Press, 1966), p.289, Gerry's Comment onJune 26 is atp.



**بۆ وایە؟ هێندێك بارودۆخی شاردراوە کەزۆر بۆ سەقامگیری دامەزراوە دیموکراسیە سەرەکیەکان لە بارن (و لەفەسڵی 12دا باسیان لێوەکراوە) لەگشت ئەو دیموکراسیە زۆر بەهێزو کۆنانەدا دەستی باڵایان بووە. بەلەبەر چاوگرتنی ئەو هەلو مەرجە لەبارەی فرەچەشنی یاسایی, لە چەشنی ئەوانەی کە باسم کردن کاریگەریەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر مانەوەو راوەستاویی دامەزراوە دیموکراسیە بنەڕەتیەکان. ئەگەر تەنیا بە پشتبەستن بەو هەوێنە بڕیاربدەین, ئەو فرە چەشنیەی کە لێیدوام وادێتە بەرچاو گرینگیەکی ئەوتۆی نابێ. لەبەر ئەوەی وڵاتە دیموکراتیکەکان تاڕادەیەکی زۆر لە دامەزراندنی یاسا سەرەکیەکانیان ئازاد دەبن.**

بەپێچەوانە. شوێنێك کە هەلومەرجێکی زۆر نالەباری هەبێ, پاراستنی دیموکراسی لەوێ بەهەر فێڵو تەڵەکەیەکیش بێ کارێکی بە خەیاڵ نەهاتووو نەگونجاوە. بە کەمێك زێدەڕەۆی دەکرێ ئەو دوو خاڵەی یەکەم بەو شێوەیە کورت کەیەوە. ئەگەر بوار زۆر لەبار بێ, راوەستاویو راگرتنی دیموکراسی بەهەر یاسایەك کە قەبوڵ بکرێ لە وڵاتدا دەپارێزرێ. بەلام ئەگەر بوار زۆر نالەبار بێ, هیچ یاسایەك ناتوانێ دیموکراسی بپارێزێ.

بەلام بەو حاڵەشەوە, ئەگەرێکی سێیەمیش هەیە کە سەر سوڕهێنەرە ترە! لە وڵاتێکدا کە بوار نە زۆر نالەبارەو نەزۆر لەبار بەڵکو تێکەلاویەکە لەو دوانە, بەشێوەیەك کە دامەزرانی دیموکراسی هەلی بۆ دەڕەخسێ, بەلام بە هیچ شێوەیەك نەشیاو نیە,شێوەی گەلاڵەی یاسای سەرەکی لەوانەیە گرنگ بێ. بەکورتی: ئەگەر بوار لە وڵاتێکدا تێکەلاو بێ لە بارو نالەبار, یاسایەکی سەرەکی باش دارێژراو, دەتوانێ یارمەتی دەری مانەوەی دامەزراوە دیموکراسیەکان بێت, لە حاڵێکدا یاسایەکی سەرەکی خراپ دارێژراو, دەتوانێ ببیتە هۆی هەرەسی بنەما دیموکراسیەکان.

لە ئەنجام,گەرچی مانەوەی هەوێن زۆر گرینگە, بەلام بەتەنیا هەوینیش نیە. ئەگەر ناچاربووین رێکخستنە یاساییەکان بە هەوێنەکانی دیکە هەڵسەنگێنین, ئەو رێکخستنانە تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە خاوەنی بواری زۆر لەبارن بۆ مانەوەی دیموکراسی لەوانە بوو داهاتوویەکی گرنگی بوایە. بە کردەوەش هەیەتی. ئەوانە قاڵبو شێوە دەدەن بە دامەزراوە سیاسیە راستەقینەکان لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا: واتە بە



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی, لیژنەی یاسا داڕێژ, دادگا, سیستمی ڕێکخراوەیی, حکومەتە هەرێمیەکانو شتی دیکە. شێوەی ئەو دامەزراوانەش بۆخۆی لەوانەیە داهاتوویەکی گرینگ بۆ عادلانە بوونی نوێنەرایەتی لە هێزی یاساداڕێژ, یان شایان بوونی حکومەتدا بەدی بینێ, لە ئاکامدا پێدەچێ تەنانەت ڕەوابوونی حکومەت بخاتە ژێر کاردانەوەوە. لەو وڵاتانەی کە هەلو مەرجی لەبارو نالەبار پێکەوەنو ڕوانگەی دیموکراسی زۆر مسۆگەر نەبێ, ئەو فرە چەشنیانە لەوانەیە بێ ڕادە گرنگ بن. لەراستیدا لەسەر بنەمای ئەو هۆیانەی کەلەفەسڵی دواییدا دەکەونە ژێر لێکۆڵینەوە وە ئەو مەبەستە بەتەواوی دەچەسپێ.

# فەسڵی یانزە شێوەی سێ

## حیزبەکانء سیستمەکانی هەڵبذاردن

ڕەنگە هیچ دامەزراوەیەکی سیاسی زیاتر لە سیستمی هەڵبژاردنی وڵاتێکی دیموکراتیکو ڕێکخراوە سیاسیەکانی, شێوەوقاڵب نەدەن بە ڕوانگەی سیاسی ئەو وڵاتە. هەروەها هیچ شتێکی تریش بەو ڕادەیە شێوەی جۆراو جۆری نەبێ. لە ڕاستیدا, فرە چەشنی جێی باسی ئێمە بەرادەیەك زۆرە هاوڵاتیەك کە تەنیا شارەزای گەشەو ڕێکخستنی هەڵبژاردنو سیستمی ڕێکخراوەیی وڵاتەکەی خۆیەتی پێدەچێ تێگەیشتن لە ڕوانگەی وڵاتێکی دیموکراتیکی دیکە بۆی ئاسان نەبێت, یان, ئەگەر تێشی بگات, ڕەنگە هیچ چێژێکی پی نەدا. لەڕوانگەی هاوڵاتیانی وڵاتێکەوە کە تەنیا دوو ڕێکخراوەی سەرەکی پێکەوە پێشبڕکێیانە, ڕوانگەی وڵاتێك کە چەندین ڕێکخراوەی هەیە لەوانەیە وەك پشێوی‌و شێوە ئاڵۆزیەك لێی بڕوانن. لەڕوانگەی هاوڵاتی فرە ڕێکخراوەیشەوە بوونی تەنیا دوو ڕێکخراوە لە وڵاتدا بە سنوردانان دادەندرێ. ئەگەر هەر کام لەوانە



بیانەوێ سیستمی ڕێکخراوەی ئەوی دیکەش بکاتەوە, لەوانەیە بگا بە جیاوازی سەرسوڕهێنەر تریش. چۆن دەتواندرێ ئەو فرەچەشنیە باس بکرێ؟ باشە هێندێك لە سیستمەکانی هەڵبژاردن یان ڕێکخراوەیی, دیموکراتیك ترن لە ئەوانی دیکە, یان لە بوارەکانی تردا باشترن لەوانیتر؟ ئیزن بدەن بە فرە چەشنی سەرەکی لەسیستمەکانی هەڵبژاردنەوە دەست پێ بکەین.

### سیستمەکانی هەڵبژاردن

جیاوازی سیستمەکانی هەڵبژاردن بێ سنورن. یەکێك لە هۆیەکانی جیاوازی زۆری نێوان ئەوان ئەوەیە کە هیچ سیستمێکی هەڵبژاردن ناتوانێ گشت ئەو هەوێنانە بێنێتەدی کە تۆ حەزدەکەی لەرووی لۆجیکەوە سیستمەکەی پێ هەڵسەنگێنێ. وەك ڕەوالی ئاسیایی دەتواندرێ لە پێشبڕکێی هەوێنێك لە بەرامبەر هەوێنێکی دیکەدا کەڵك وەربگیرێ. ئەگەر ئێمە یەکێك لە سیستمەکان هەڵبژێرین هێندێك بایەخ بەدەست دێنین, بەڵام بە قیمەتی لە دەستدانی بایەخەکانی دیکە.

بۆوایە؟ بۆ ئەوەی وەڵامێکی مام ناوەندیم دابێتەوە, ئیزن بدەن کۆمەڵێك ئەگەری سەرسوڕهێنەر لەدوو دەستەدا کورت کەمەوە.

نوێنەرایەتی بەرێژەی دەنگ. لەنێو دیموکراسیەکۆنەکاندا باوترین سیستمی هەڵبژاردن سیستمێکە کە بە ئانقەست وا داڕێژراوە کە بەراوردێکی زۆر ڕاست پێکدێنێ لەنێوان گشت ئەو دەنگانەی دراوە بە حزبێك لە هەڵبژاردنداو کورسیەکانی ئەو حیزبە کە لە پەرلەمان بەدەستی دێنێ. بۆ نمونە حیزبێك کە (53)لەسەدی دەنگەکانی هێناوەتەوە (53) کورسیش بۆ خۆی مسۆگەر دەکا. ئەم چەشنە گەشەو ڕێکخستنە پێی دەوترێ سیستمی نوێنەرایەتی بەشیی Proportional Representation.

یەکەم کەس کە لە سنوور تێپەڕی. هەرکاتێك سیستمە نوێنەرایەتیە ڕێژەییەکان وا دادەڕێژران کە تەنیا هەمان ئەزمونی عادلانە بوونیان بە دی دێنا, دەکرا وای بۆ بچی کە گشت وڵاتە دیموکراتیکەکان دەبوو ئەو سیستمە هەڵبژێرن. بەڵام هێندێك لە وڵاتان وایان نەکردووە, بە جێگای ئەوە سیستمەکانی هەڵبژاردنی خۆیان وا داڕشتوە ڕادەی کورسیەکانی حیزبێ کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکانی بە دەست هێناوە بە خێرایی بڕواتە سەر.. بۆ نمونە حیزبێك کە 53لەسەدی بە دەست هێناوە لەوانەیە 60 لەسەدی



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

کورسیەکانی پەرلەمان بۆ خۆی دابین بکا. شێوە جۆراو جۆرەکانی ئەو سیستمە کە لە بەریتانیاو ئەمریکا هەن, لەهەر بەشێکی هەڵبژاردن تەنیا پاڵێوراوێك هەڵدەبژێردراو ئەو پاڵێوراوەی کە دەنگی زۆرتری هێناوە هەڵدەبژێردرا. بەهۆی هاوشێوە بوونی ئەو سیستمە لەگەڵ پێشبڕکێی یاری ئەسپ سواری, پێی دەوترێ سیستمی(یەکەم کەس کە سنوری تێپەڕاند) First- Past-the- Post

***چەند خاڵێك دەربارەی وشەکان.***

**لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم ڕێکخستنو گەشەپێدانە زۆر جار پێی دەوترێ سیستمی زۆرینەی ڕێژەیی, چونکە پاڵێوراوێك کە زۆرینەی ڕێژەیی(مەرج نییە زۆرینەی دەنگەکان بێ) بەدەست هێنا بەبراوە دادەنرێ. بیرمەندانی زانستی سیاسی زۆرجاران بەو سیستمە دەڵێن(شێوە هەڵبژاردنی تاك ئەندامی لەسەر بنەمای زۆرینەی ڕێژەیی) کە ئەوە ناونیشانێکی ڕاسترە بەڵام دەستوپێی دەبەستێتەوە. ناونیشانی یەکەم کەس کە لە سنوور تێپەڕی لە بەریتانیا جێی خۆی گرتووە. لەم نوسراوەیەدا بۆ تێگەیشتنی بابەتەکە هەر لەدەستەواژەی(زۆرینەی ڕێژەیی) کەڵك وەردەگرم.**

نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە بەرامبەر سیستمی زۆرینەی ڕێژەیی. هەروەك لە پێشەوە ئاماژەم پێدا هێشتاش لەسەر ئەوەی کەچ شێوە سیستمێکی هەڵبژاردن هەردوو مەرجی ئازادو عادلانە بوونی هەڵبژاردن باشتر بە دی دێنێ, وتوویژ هەیە. بەڵام ڕەخنەگرانی سیستمی زۆرینەی ڕێژەیی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو سیستمە زۆرجاران لە ژێر ئەزمونی نوێنەرایەتی عادلانە سەربەرزانە نایەتەدەر, تەنانەت جاری وایە ئەو شکستە زۆر زەق و بەرچاویشە. بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەریتانیا لە ساڵی 1997حیزبی کرێکار 64لە سەدی کورسیەکانی بردەوە کە بەرزترین زۆرینەیە لە مێژووی سەردەمی پەرلەماندا, لە کاتێکدا ئەو سەرکەوتنە لە 44 لە سەدی دەنگەکانەوە بوو کە لە هەڵبژاردندا بە دەستیان هێنابوو. حیزبی پارێزگار لە 21لە سەدی دەنگەکانی بەدەست هێنابوو, تەنیا 25 لە سەدی کورسیەکانی پەرلەمانی بەدەست هێنا, لیبڕال دیموکراتیەکانی بێچارە تەنیا توانیان 7 لەسەدی کورسیەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن



ئەگەرچی 17 لە سەدی دەنگیان پێدرابوو! (نوێنەرانی حیزبەکانی دیکە بەگشتی 7 لە سەدی دەنگو 4 لەسەدی کورسیەکانی پەرلەمانیان پڕکردەوە.)

چۆن لە نێوان ئەو دەنگانەی کە بەفلأنە حیزب دەدرێو ژمارەی ئەو کورسیانە کە لە پەرلەمانداوەریدەگرن, جیاوازیەکانی لەم چەشنە پەیدادەبێ؟ سیستمێکی دیموکراسی بچوك کە تەنیا هەزار کەس بن لەبەر چاوبگرەو وای دابنێ ئەو هەزار کەسە بەسەر دەبەشی هەڵبژاردندا دابەشکرابنو لەهەر بەشێکی هەڵبژاردن تەنیا نوێنەرێك بچیتە پەرلەمان. هەروەها وای دابنێ لە دیموکراسی بچوکی ئێمەدا 510دەنگدەر هەیە(یان 51لەسەد) دەنگ بدەن بەحیزبی سەوز 490کەس(یان 49 لەسەد) دەنگیان بدەن بەحیزبی ئەرخەوانی. ئێستاش وای دابنێ(هەرچەند لەوانەیە ئەوە نەشێ) کە لایەنگری لە هەردوکلا لە سەرتاسەری دیموکراسی بچووکی ئێمەدا بەتەواوەتی یەك دەست بێ. هەریەك لەو دە بەشە 51دەنگ بە حیزبی سەوزو 49 دەنگیان بەحیزبی ئەرخەوانی دابیت. دەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنە چی دەبێ؟ حیزبی سەوز لە گشت بەشەکاندا دەی باتەوەو لە 100٪ کورسیەکان بۆ خۆی مسۆگەر دەکاو لە پەرلەماندا زۆرینەیەکی 10 بە سفر بەدەست دێنێ(خشتەی نموونەی1)! دەکرێ ڕادەی ئەو سیستمە تارادەیەك بەرین بکەیەوە کە وڵاتێکی تەواو لەخۆ بگرێو ژمارەی بەشەکانی هەڵبژاردن بێ‌ڕادە زۆر بکەی. دەرەنجام هەر ئەوەی پێشوو دەبێ.

خشتەی 2 وێنەی ئەگەری هەڵبژاردنی ڕێژەیی 10دە بەش هەیە, هەریەك لە بەشەکان خاوەنی 100 سەد دەنگدەرە کە لە نێوان دوو حیزبدا(سەوزو ئەرخەوانی) بە شێوەی خوارەوە دابەش کراوە.

نموونەی 1 لایەنگری لە حیزبەکان وەك یەکە.

| ئەو کورسییانەی هەر یەك لەمانە بە دەستیان هێنا | | دەنگ بەقازانجی | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەرخەوانی | سەوز | ئەرخەوانی ژمارە | سەوز ژمارە | بەشی دەنگدان |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 1 |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 2 |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 3 |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 4 |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 5 |



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 0 | 1 | 49 | 51 | 6 |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 7 |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 8 |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 9 |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 10 |
| 0 | 10 | 490 | 510 | **گشتی** |

**نمونەی دوو لایەنگری لە حیزبەکان وەك یەك نیە.**

**ئەو کورسییانەی هەر یەك لەمانە بەدەستیان هێناوە دەنگ بە قازانجی**

| ئەرخەوانی | سەوز | ئەرخەوانی ژمارە | سەوز ژمارە | بەشی هەڵبژاردن |
|---|---|---|---|---|
| 0 | 1 | 45 | 55 | 1 |
| 0 | 1 | 40 | 90 | 2 |
| 1 | 0 | 80 | 40 | 3 |
| 1 | 0 | 55 | 45 | 4 |
| 0 | 1 | 48 | 52 | 5 |
| 0 | 1 | 49 | 51 | 6 |
| 0 | 1 | 47 | 53 | 7 |
| 1 | 0 | 55 | 45 | 8 |
| 1 | 0 | 54 | 48 | 9 |
| 0 | 1 | 45 | 55 | 10 |
| 4 | 8 | 498 | 502 | **گشتی** |

بەراستی دەتوانین دڵنیا بین کە هیچ وڵاتێکی دیموکراتیك لەم بارودۆخەدا زۆرینەی ڕێژەیی ناهێنیتەدی. ئەوەی کە پێشدەگرێ بەم ئەنجامە پڕسەیرو سەمەرەو تەواو نادیموکراتیکە ئەوەیە کە, لایەنگری حیزبی لە گشت وڵاتێکدا وەك یەك نەبێ: لە هێندێك لەبەشەکانی دەنگدان سەوزەکان 65لە سەدی دەنگەکان بەدەست بینن, لە حاڵێکدا لە شوێنەکانی دیکە 40 لە سەد بن‌و ئەرغەوانیەکان 60 لەسەدی دەنگەکان کۆکەنەوە. واتا بەشە جۆراو جۆرەکانی دەنگدان لە دەوروبەری تێکڕای دەنگدەرانی وڵات ئاڵ‌و گۆڕیان بەسەر دابێت. دەتوانی وێنەی خەیاڵی لەم چەشنە لە خشتەی 2, نموونەی 2دا ببینی.



ئاساییە, بۆ ئەوەی سیستمی زۆرینەی ڕێژەیی بگاتە دەرەنجامێکی عادلانەو شیاو, لایەنگری حیزبی نابێ لەسەرتاسەری وڵاتدا لەیەك ئاستدا بێ. بەپێچەوانەوە هەرچی لایەنگری حیزبی یەك دەستتر بێ, جیاوازی نێوان کورسیەکانی پەرلەمان زۆرتر دەبێ. بەو پێیە ئەگەر جیاوازی بەشەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتێکدا کەم بێتەوە, وەك لەساڵی 1997دا لە بەریتانیا ڕوویدا, لاڕێی‌و لادان بەهۆی زۆرینەی ڕێژەییەوە زیاد دەکا.

ئێستا کە ئاوایەکەوایە بۆچی وڵاتە دیموکراسخوازەکانی خاوەن سیستمی زۆرینەی ڕێژەیی شێوازی خۆیان ناگۆڕن بۆ نوێنەرایەتی هاوشێوەیی؟ یەکێك لە هۆ گرنگەکان ئەوەیە کە ناکرێ باری قورسی مێژوویی‌و نەریتی بەگرنگ نەگیرێ, بەتایبەت وڵاتانی وەك بەریتانیاو ئەمریکا" واتا وڵاتانێك کە ئەو سیستمە هەر لەسەرەتای دەستپێکی حکومەتی نوێنەرایەتیەوە لەوێدا بەهێزو دەسەڵات بووە. ئەمریکا وێنەیەکی بەرجەستە لەم شێوەیە پیشان دەدا. سیستمی ئەمریکایی زۆرینەی ڕێژەیی دەتوانێ بە بێبەش کردنی کە مینەیەکی بەرچاو لە ئەمریکیە ئەفریقیەکان, بێتە هۆی نەبوونی نوێنەرایەتی عادلانە لە لیژنەی یاسادانان‌و پەرلەمانی نوێنەرایەتی نەتەوەیی. بۆ بە دەست هێنانی متمانە لەوەیکە, دەنگدەرانی ئەمریکیە ئەفریقاییەکان بتوانن لانی کەم چەند نوێنەریان هەبێ لە لیژنەی یاسادانان یان پەرلەماندا, یاسادانەرو وەکیل‌و قازیەکان جاری واهەیە بە ئەنقەست سنوری هەرێمەکانی دەنگدانیان وا دیاری کردووە کە بەشێکی وا پێك بێ کە زۆرینەی دەنگدەرانی ئەمریکی ئەفریقایی بن, شێوەی وەها بەشێکی دەنگدان هەندێ جار هیچ پەیوەندی بەسنوور, ئابووری, یان مێژوییەوە نیە. لەژێر سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی, ئەگەر ئەمریکیە ئەفریقیەکان بڕیاربدەن دەنگ بدەن بە پاڵێوراوانی ئەمریکیە ئەفریقیەکان, ژمارەی نوێنەرەکانیان بە ئەندازەی ژمارەی ئەوان دەبێ. لە هەرێمێك کە بۆ وێنە لەسەدا 20ی دەنگدەران ڕەشپێستن, ڕەشپێستان دەتوانن سەبارەت بەپڕکردنەوەی نزیکەی لەسەدا بیستی کورسیەکانی پەرلەمان دڵنیابن, هەڵبەت لە کاتێکدا کە خەڵکی ڕەشپێست دەنگیان بدەنێ.

بەڵام کە ئێستا ئاوایە, ئەمریکیەکان وەك ڕێگا چارە بۆچی کەڵك لە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی وەرناگرن؟ زۆرتر لەبەر ئەوەی دژایەتی لەگەڵ ئەم شێوە سیستمە ئەوەندە زۆرە کە نەیاسا دانەران‌و نە قازیان, هیچ کامیان بەشێوەی جدی ئەو سیستمە



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک

www.pertwk.com

وەك هاوتايەك لە بەرامبەر شێوازی دەست تێوەردانی بەشەكانی هەڵبژاردنی نەتەوەیی لەبەرچاو ناگرن.

## چەند خاڵێك دەربارەی دەستەواژەكان

شێوازی دەست تێوەردانی بەشەكانی هەڵبژاردن[1] (بەقازانجی لایەنێك) یا دروستكردنی بەشەكانی هەڵبژاردنی تەنیا بە مەبەستی سیاسی, لە ئەمریكا مێژوویەكی درێژی هەیە. ئەو هەوڵە ناونیشانی خۆی لە"ئەلبریج جێری" وەرگرتووە, ئەوكەسەی كەلە پێشدا ناوەكەیمان وەك نوێنەری"ئەنجومەنی یاسا داڕێژ" دیت. جێری كە فەرمانداری هەڵبژێردراوی ماسا چوست, بوو لە ساڵی 1812 نەخشەیەكی نوێی لە سنورەكانی ناوچەی هەڵبژاردنی پێشكەش بە نوێنەرانی لیژنەی یاسایی دەوڵەت كرد.كە دەبووە هۆی ئەوەی دیموكراسیەكان زۆرینەی خۆیان بپارێزن. كاتێك كە یەكێك لە هەواڵ نێران وتیان شێوەی یەكێك لەو ناوچانەی هەڵبژاردن لە مارمێلكە(salamander) دەچێ, یەكێك لەرەخنەگران لە وەڵامدا وتی شێوەی ئەو ناوچەیەی هەڵبژاردن زۆرتر لە (Gerrymander) دەچێ. لەو سەردەمەوە ئەو واژەیە هاوڕێ لەگەڵ فرمانەكەی هاتە ناو فەرهەنگی واژەی ئەمریكاوە. بەڵام بەهەر حاڵ لایەنگری كردنی مێژوویی, كەبە قازانجی زۆرینەی رێژەیی دەجوڵێتەوە كۆمەڵێك مەنتقیشی لەگەڵە. بۆچوونەكانی سیستمی زۆرینەی رێژەیی بۆ بەهێزكردنی زۆرینەی یاسایی حیزبی سەركەوتوو, لەروانگەی لایەنگرەكانیانەوە دوو داهاتووی لەباری لە دوایە.

---

[1] ئەم شێوازانە هەروەك كە لێكۆڵینەوەیەكی ناوازە نیشانی داوە(بێ رادەن) هەر ئەو لێكۆڵینەوەیە پێشنیاز دەكات كە"ئەم شێوازانە لە بنەڕەتدا دەكرێ دابەشكرێن بەنۆ سیستمی سەرەكی لەسێ بنەماڵەی بەریندا.

Andrew Regnolds and Ben Reilly,ends,
The International IDEN Handbook of Electoral System Design,nd (Stockhdm: International Institue for Democracy and Electoral Assistance,1997),p.17.

ئەم سێ بنەماڵەیە بریتیە لە زۆرینەی رێژەیی زۆرینەی شێوە هاوشێوەو زۆرینەی هاوشێوە.

بۆشیكاری زۆرتر بڕوانن پەیوەست ئەلف.



سیستمی دوو حیزبی لە بەرامبەر سیستمی چەند حیزبی. زۆرجاران رێك بەو هۆیەوە لایەنگری لە سیستمی زۆرینەی رێژەیی دەكرێ كە ئەم سیستمە حیزبی سێهەم لەمەیدان وەدردەنێ و بەوكارە سیستمێكی چەند حیزبی پێكدێنێت. كەچی لەبەرامبەردا, داهاتویەكی نوێنەرایەتی رێژەیی, سیستمێكی چەند حیزبیە. بەتایبەت لە دیموكراسیە ئینگلیزی زمانەكاندا, سیستمی دوو حیزبی زۆر جێی پەسەندەو سیستمی فرە حیزبی زۆر جێی بێزاری. كامیان باشترن؟

مشتومڕو ململانیەكی زۆر سەبارەت بەباشی سیستمەكانی دوو حیزبی و چەند حیزبی لە ئارادایە. بەهەر حاڵ باشیەكانی هەرلایەكیان ئاوێنەیەكە لە خراپیەكانی لایەنەكەی دیكە.بۆ نموونە لەلایەنە باشەكانی سیستمی دوو حیزبی ئەوەیە كە ئەم سیستمە ئەركێكی كەمتر دەخاتە سەر ئەستۆی دەنگدەران, چونكە ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن تەنیا دوانن. بەڵام بە بۆچوونی لایەنگرانی نوێنەرایەتی رێژەیی, ئەم كەمكردنەوە زۆرەی بە دیلەكان دەبێتە هۆی ئەوە كە ئازادی هەڵبژاردنی دەنگدەران بەڕاستی بەرتەسك دەكاتەوە. ئەوان دەڵێن لەوانەیە هەڵبژاردن بەتەواوی ئازادانەبێ, بەڵام لەو جێگایەوە كە مافی نوێنەرایەتی كەمینەكان پێشێل دەكرێ, بەدڵنیایی عادلانە نیە.

حكومەتی لێهاتوو و كارامە: لایەنگرانی سیستمی دوو حیزبی بەو بەڵگەو پاژەوە داكۆكی لەسەر زۆرینەی رێژەیی دەكەن كە ئەو سیستمە داهاتوویەكی دیكەشی هەیە. زۆرینەی رێژەیی لەگەڵ بەهێز كردنی زۆرینەی یاسایی حیزبی سەركەوتوو كاری حیزبی كەمینە دژوارتر دەكا بۆ پێكهێنانی رێككەوتنێكی هاوبەش تابتوانێ پێش بە داڕشتنی بەرنامەی حیزبی زۆرینە– یان وەك رێبەران دەڵێن(دەسەڵاتی خەڵكی) بگرێ. رێبەرانی حیزبی زۆرینە بەبوونی كەسی زۆریان لە هێزی یاساداڕێژدا, ئەوەندە دەنگیان پییە كە تەنانەت ئەگەر هەندێك لە ئەندامەكانیشیان دژایەتیان كردن دیسان بتوانن بەرنامەكانیان بەڕێوەبەرن. لەبەر ئەوە دەكرێ دەرەنجام وەربگرین كە سیستمی زۆرینەی رێژەیی دەبیتە هۆی كارامەیی حكومەتەكان. بەپێچەوانەوە لە هێندێك لەولاتان سیستمی نوێنەرایەتی هاوشێوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی فرە چەشنیەك لە حیزبی نەیارو دژداو یەكیەتیەكی ئەوتۆی لە پەرلەماندا دروست كردوە كە پێكهێنانی یەكانگیری هاوبەشی



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

زۆرینـەیی یـەکجار سـەختو دژوار بـووە. لـە ئەنجامـدا لێهـاتوویی حکومـەت زۆر هاتۆتـە خوارێ. زۆرجاران ئیتالیا وەك نمونەیەك لەم چەشنە حکومەتانە باس دەکرێ.

بەلاّم بەهەر حالّ، شتێك کە لایـەنگرانی زۆرینـەی ڕێـژەیی لەبەرچاوی ناگرن ئەوەیـە، لەزۆربـەی ئـەو ولاّتانـەدا کـە سیسـتمی نوێنەرایـەتی ڕێـژەیی تیایانـدا حاکمـە کۆمـەڵێك بەرنامەی چاکسازی بـەربلاّو لەلایـەن پەرلەمانـەوە کە زۆر جاران لـە ڕێککـەوتنی دوویـان چـەند حیـزب پێکهـاتووە پەسـەند کـراوە. لـە راسـتیدا ژمارەیـەکی زۆر لـە ولاّتـانی دیمـوکراتیکی خـاوەنی سیسـتمی نوێنەرایـەتی ڕێـژەیین، لەوانـە هۆڵەنـدا ولاّتـانی سکاندیناوی، ئاوێنەی بالاّنوێنی ئەو چاکسازیەن. هاوڕێ لەگەڵ کارا بوونی ئاسایش.

## هێندێك هەڵبژاردەی بنەمایی بۆ یاسا سەرەکیەکانی دیموکراتیك

ئێستا ئێمـە دەتـوانین تێبگـەین بۆچـی کـاری گەلاّڵـەو داڕشتنی یاسـایەکی سـەرەکی نـوێ، یـان خسـتنە رووی گەلاّڵەیـەکی نـوێ لـەم یاسایەی کـە هەیـە، نابـێ بـە سـادەیی وەربگیرێ. ئەو کارە بە ئەندازەی گەلاّڵەی کەشتیەکی ئاسمانی سەختو ئاڵۆزە. هەربـەم دەلیلە کە هـیچ کەسێکی ژێرکاری سـەختی گەلاّڵـەی کەشتیەکی ئاسمانی ناسپێری بە ناشـارەزایانی ئـەم ئیشـە، داڕشـتنی یاسـای سـەرەکیش پێویسـتی بـە وردبونـەوەو هاوکاری کردنی وشیارترین کەسانی ولاّتێك هەیە. بەو حاڵەشەوە پێچەوانەی ئاماژەی کەشتیە ئاسمانیەکە، ئەگەر بڕیار بێ نوێکاریە گرینگەکانی یاسایی بەردەوام بن، دەبـێ ڕەزامەنـدی خـەڵکانی ژێـر دەسـەلاّتی حکومـەت پێکبێنـی، تـا ئـەوانیش جـەختی لەسـەر بکەن.

هەڵبژاردە یاساییە گەورەکانو شێوەی جۆراو جۆری پێکهاتەیان کۆمەڵێکی مـەزن لـە هاوتاکـان دەخەنـە روو، ئێسـتا ئـیتر پێویسـت نیـە کـە مـن ئاگـادار کردنـەوەی پێشـووم سـەبارەت بـەوەی کـە هـەر هاوتایـەك(بـدیل)ی گشـتی ڕێخۆشـکەری دەیـان چەشـنە هەڵبژاردەی تایبەتە دوپات بکەمەوە.

بـەلاّم بەهـەر حـالّ، بەلەبـەر چاوگرتنی جدی بـوونی ئـەو چەمکە، ڕێگـە بـدەن چەند تێبینی گشتیم هەبێ بۆ بیرکردنەوە دەربارەی هاوتا یاساییەکان.

پێنج پۆلینی شیاو لـە سیستمەکانی هەڵبـژاردنی سـەرۆکانی هێـزی بەڕێوەبەرایـەتی خاڵێکی باشە بۆ دەستپێك.



**هەڵبـژاردەی ئـەوروپایی کێشـوەری:** حکومـەتی پەرلـەمانی بـە سیسـتمی هەڵبـژاردنی نوێنەرایـەتی ڕێژەییـەوە. حکومـەتی پەرلـەمانی هەڵبـژاردنی بـێ ئـەملاو ئـەولای دیموکراسـیە کۆنەکانـەو لـەناو دیموکراسـیەکاندا، ئـەم سیسـتمە لەسـەروو حکومـەتی سـەرۆك کۆماریەوەیـە.[1] تێکـەڵکردنی لـەباری نێـوان دیموکراسـیە کۆنینـەکان، هـەروەك دیتمان، لە چەشنی سیستمی پەرلەمانیە، کـە لـە دوایێدا نوێنـەران بـە شـێوە سیسـتمێکی ڕێژەییـەوە هەڵدەبـژێردرێن. لەبـەر ئـەوەی لـە ئـەوروپا ئـەم پۆلینـە سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـاوە، لـەوێ دیموکراسـیە نوێیـەکانیش لـەم شـێوازە ناسـراوەی ئەوروپاییـەکان کـەڵك وەردەگرن، ئەم پۆلینە ناودەێنم هەڵبژاردەی ئەوروپایی کیشوەری.

**هەڵبـژاردەی بـەریتانیایی.( یـان ویستمنیسـتری ):** حکومـەتی پەرلـەمانی بـە سیسـتمی هەڵبـژاردنی زۆرینـەی ڕێژەییـەوە. بـەهۆی سـەرهەڵدانو بلاّوبونـەوەی لـەناو دیموکراسـیەکانی ئینگلیـزی زمانـدا جگـە لـە ئـەمریکا، ئـەو هەڵبژاردەیـە نـاودەنێم هەڵبژاردەی بەریتانیی.(جاری واشە بە دەست پێشخەریو یستمنیستر ناوی هاتووە، چونکە ناوەندی دەسەلاّتدارێتی بەریتانیا لە ویستمنیست، بووە.) تەنیاچوار نموونـە لـە دیموکراسیە کۆنینەکان ئەو شێوە حکومەتەیان پاراست، هیچ سەیر نیە کە ئەو ولاّتانە بـریتین لـە بـەریتانیا، کەنـەدا، ئوسـترالیا، نیوزلانـد(بەهـەر حـالّ سـالّی 1993 وازی لێ هێنا.[2])

**هەڵبژاردەی ئەمریکایی:** حکومەتی سەرۆك کۆماری بەسیستمی هەڵبـژاردنی زۆرینـەی ڕێژەییەوە. لەبەر ئەوەی ئەمریکا لە نێو سیستمە دیموکراتیکە کۆنەکاندا تـەنیا ولاّتێکە

---

[1] لەگـەڵ ئـەوەدا، سیسـتمی ولاّت فیـدڕاڵ بـێ یـان یـەك پارچـە هـیچ کاریگەریـەکی لەسـەر هەڵبـژاردنی سیستمی پەرلەمانی یا سەرۆك کۆماری نیە. لـەنێو سیسـتمەکانی فیـدراڵی دیموکراسیەکانی کۆنتر، چوار ولاّتـی پەرلـەمانی هـەن(ئوسـتراليا، ئوتریش،کەنـەدا، ئـەڵمان) لـە حاڵێکـدا تـەنیا ئـەمریکا خـاوەنی سـەرۆك کۆماریـەو سویسـراش دوچەشـنی تایبـەت بەخۆیـەتی. بـەو پێیـە دەکـرێ فیـدرالیزم ئـیتر وەك هۆکـاری سەرەکی لایەنگری سیستمی سەرۆك کۆماریو لایەنگری سیستمی پەرلەمان دانەندرێ.

[2] لـە ریفراندۆمـەکانی 1992و 1993دا کـە لـە نیوزلەنـد کـرال خـەڵکی ئـەم ولاّتـە سیسـتمی زۆرینـەی ڕێژەییان ڕەتکردەوە. لە ریفراندۆمی 1994دا زۆربەی خەڵکی سیستمێکیان هەڵبـژارد کە هاوشێوەبوونی پێکهاتبوو لە هێندێك ئەندامی پەرلەمانو فرەحیزبی بوونی.



www.pertwk.com تایبـەتە بـە پێگـەی پەرتووک

www.pertwk.com

کە ئەم پۆلینە بەکاردێنیٚ, ئێمە ناوی دەنێین هەڵبـژاردەی ئەمریکایی. پێنج یان شەش وڵاتیش کە تازە بوونە دیموکراتیك ئەم شێوە ڕێکخستنەیان هەڵبژاردووە.

**هەڵبژاردەی ئەمریکای لاتینی : حکومەتی سەرۆك کۆماری بەسیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی.** وڵاتانی ئەمریکای لاتین, کە بە تەواوی حکومەتیسەرۆك کۆمارییان پیٚ باشترە, لەم بوارەدا هەر ئەم ڕێگایە یان هەڵبژارد کە ئەمریکا پێدا ڕۆیشتبوو. بەڵام سەبارەت بە هەڵبژاردنی سیستمەکانی هەڵبژاردن, لە نێوان ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستدا , بەزۆری لەڕێو شێوازە ئەروپاییەکان پەیڕەویان کرد. دەرەنجام لە پازدە وڵاتی ئەمریکای لاتیندا واتا ئەو شوێنانەی کە دامەزراوە دیموکراتیکەکان لە دەیەی 1990دا کەمو زۆر سەقامگیر ببون, وێنەو نموونەی سەرەکی یاسایی, تێکەڵیەك بوو لە سەرۆك کۆماریو سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی.[1] لەبەر ئەوە ئێمە دەتوانین ئەم شێوازە ناو بنێین هەڵبژاردەی ئەمریکای لاتینی. ئەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە کە هیچ کام لە وڵاتانی دیموکراتیکی کۆن- جگە لە کۆستاریکا خوازیاری شێوازێکی لەوجۆرە نەبوون. گەرچی دیموکراسیەکانی کۆنتر بەخێرایی ئامادەی وەرگرتنی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بوون, بەڵام هەروەك دیتمان شیلگیرانە حکومەتی سەرۆك کۆمارییان ڕەت کردۆتەوە. جگە لە کۆستاریکا کە تاقانەیە لەو بوارەدا لەبەر ئەوەی کۆستاریکا, بە پێچەوانەی گشت حکومەتەکانی ئەمریکای لاتین, لەساڵی 1950 بەملاوە بەردەوام سیستمی دیموکراتیکی خۆی ڕاگرتووە, من ئەو وڵاتە وەك وڵاتە دیموکراتیکە کۆنترەکان ناودێنم. بەڵام بەهەر حاڵ ئەم وڵاتە, بە پێچەوانەی وڵاتەکانی دیکە, سیستمی سەرۆك کۆماری لەگەڵ سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لێك جیاکردۆتەوە.

**هەڵبـژاردەی تێکـەڵ:** شـێوازە تێکەڵکردنـەکانی دیکـە. لـەپاڵ ئـەو شـێوازە"ناوازانـە" کۆمـەڵێك دیموکراسـی کـۆنتر, چەشـنە ڕێکخسـتنێکیان هەڵبـژاردووە کـە لـە بـوارە گرنگەکاندا جیاوازییان هەیە لەگەڵ شێوازە ناوازەکان. ئامانجی سەرەکی بۆ ئەم شێوە ڕێکخسـتنە هـەوڵێك بـووە بـۆ کـەمرەنگ کردنـەوەی داهـاتووە نالـەبارەکان لـە شـێوازە

[1] بۆ شارەزایی زۆرتر بڕوانن:
Dieter Nohlen, “Sistemas electorales y go Vernabilidad,” in Dieter Nohlen,ed., Elecciones Y Sistemas de Paridos en America Latina (San Jose, Casta Rica: Instiuto Interamericano de Derechos Humanos,1993), p.p. 391-424.
Dieter Nohlen, ed, Enciclopedia Electoral Latinoamericaca Y del Caribe (San Jose, Costa Rica: Instituto Interamericano de Derechos Humanos, 1993)



ناوازەکانـداو لـە هـەمان کاتیشـدا پاراسـتنو بردنەسـەری باشـیەکانی ئـەوان. فەرەنسـا, ئەڵمانو سویسرا نمونـە گـەلێکی زۆریشـیان لـە بـواری سـەرکەوتووی یاسـای سـەرەکیدا هێناوەتە بەرهەم.

یاسای سەرەکی کۆماری پێنجەمی فەرەنسا, هەم سەرۆك کۆمارێکی هەڵبژێردراوی لەگەڵ توانایەکی لەبەرچاو پێشبینی کردووە هەم سەرۆکی وەزیرانی پەیوەندیدار بە پەرلەمانەوە. فەرەنسا سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینەی ڕێژەیشی داخستووە. لەهەر بەشێکی هەڵبژاردندا کە هیچکام لە پاڵێوراوان نەتوانن زۆرینەی دەنگ بەدەست بێنن, هەڵبژاردن دەچیتە خولی دوهەمەوە. لەم خولەدا, تەنیا ئەو نوێنەرانەی کە لەسەتا 12/5ی دەنگی خولی یەکەمیان هێناوە دەتوانن بەشداری بکەنەوە. بەو پێیە حیزبە بچووکەکان لە خولی یەکەمدا شانسی یەك دوو کورسییان هەیە, بەڵام لەخولی دوهەمدا بەناچار دەبیٚ چارەنووسی خۆیان گریٚ بدەن بە یەکێك لە پاڵێوراوە سەرەکیەکانەوە.

لەئەڵمان نیوەی ئەندامانی پەرلـەمان Reichtagلـە هەڵبژاردنـدا بەشـێوەی زۆرینـەی ڕێـژەییو نیوەکـەی تـریش بەشـێوەی نوێنەرایـەتی هاوشـێوە هەڵدەبـژێردرێن. هێنـدێك چاکسازی لە شێوەی ڕێگا چارەی ئەڵمان لە ئیتاڵیاو نیوزلاندیش پەسەند کراون.

سویسـراییەکانیش, بـۆ ئـەوەی سیسـتمە سیاسـییەکەیان لەگـەڵ فرەچەشـنی خەڵکەکـەیان هـاوڕەنگ بکـەن. لیژنەیـەکی بەڕێوەبەرایـەتی پێکهـاتوو لـە حـەوت ئەنـدامی شـوراییان داهێنـاوە, کەلەلایـەن پەرلەمانـەوە بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ هەڵدەبـژێرردرێن.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سویسرا لەنێو دیموکراسیە کۆنەکاندا شتێکی شازو ناوازەیە.[1].

**ورد بوونەوەیەك دەربارەی یاساسەرەکیەکانی دیموکراتیك: چەند ڕێنماییەك**

بەپشت بەستن بە ئەزمونی دیموکراسیەکانی کۆنترەکان کە لەو دوو فەسڵەی پێشوودا شیم کردنەوە، ئێستا دەتوانم ئەنجامی خوارەوە ڕاگەیەنم:

–زۆربەی گیروگرفتی بنەڕەتی ولاتێك ناتواندرێ بە یارمەتی گەڵاڵەی یاسایی چارەسەر بکرێ. هیچ یاسایەك ناتوانێ دیموکراسی لە وڵاتێکدا لە هەلو مەرجی نالەبار ڕزگار بکا. وڵاتێك کە هەلو مەرجی زۆر نالەبارە بۆ دیموکراتیك، دەتوانێ دامەزراوە بنەڕەتیە دیموکراتیکەکانی لەژێر گەلێك ناوی جۆراو جۆری یاساییدا بپارێزێ. هەڵبەت داڕشتنی دروستو شارەزایانەی یاسایی دەتوانێ یارمەتیدەری دامەزراوە دیموکراتیکە بنەڕەتیەکانی ئەو وڵاتانەی، کە هەلو مەرجیان نەزۆر لەبارەو نەزۆر نالەبار.(لە فەسڵی دواییدا باسێکی زۆرتر لەم بوارە دەکرێ.)

–پاراستنی مانەوەی بنەڕەتی دیموکراسی، هەرچەند شتێکی پێویستە بەڵام تەنها فاکتەرێکی گونجاونییە بۆ یاسایەکی بنەڕەتی چاكو عادلانە بوونی نوێنەرایەتی، پاکیو، وەڵامدەرەوەییو حکومەتی لێهاتوویش گرینگن. ڕێکخستنە تایبەتیەکانی یاسایی دەتوانن داهاتوو دەرەنجامێکی لەم چەشنەیان بەدواوەبێو دەشیان بێت.

–تەواوی ڕێکخستنە یاساییەکان کەموکوڕیان هەیە" هیچ کامیان گشت پێوەر دروستو باشەکان ناهێننەدی. لەروانگەی دیموکراسیەوە، یاسای سەرەکی تەواو هەرنیە. سەرەڕای ئەوە، ئاکامی بارودۆخی یاسایەکی سەرەکی یان گۆڕانی ئەو، تاڕادەیەك نادیارە. دەرەنجام، گەڵاڵەیان چاکسازی یاسا پێویستی بە سەرنجو وردبوونەوەیە، لەبواری بازدان لە نێوان ئامانجو مەبەستەکانو مەترسیو ئەو دوو دڵییەی لە ئەنجامی گۆڕانکارییەوە پەیدا دەبێت.

–پتر لە دوو سەدەیە وادێتە بەرچاو ئەمریکیەکان شێوەیەك لە فەرهەنگو کەلە پوور، لێهاتوویی کردەوەی سیاسییان پەرەپێداوە کە سیستمی سەرۆك کۆماری–

[1] ئورۆگویەش بۆ ماوەی چەند ساڵ هێزی بەڕێوەبەرایەتیەکی چەند لایەنەی هەڵبژارد. کە ئێستا بەڕێوەی نابات.



کۆنگرێسەکەیان کە تێکەڵاویە کە لە سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینەی ڕێژەیی، فیدرالو پێداچوونەوەی وردی یاسایی–دەست ئاوەڵا دەکا بەشێوەیەکی باش بجولێتەوە. بەڵام سیتمی ئەمریکایی زۆر ئاڵۆزەو لەوانەیە نەتوانێ لە هیچ وڵاتێکی دیکە بەم باشیە کارابێ. بەهەر حاڵ، تائێستا حکومەتێکی لەبەر نەگیراوەتەوەو، لەوانەشە لە داهاتوودا لەبەری نەگیرێتەوە.

–هێندێك لە توێژکاران لەسەر ئەم بڕوایەن کە شێوازی ئەمریکای لاتینی، واتا حکومەتی سەرۆك کۆماری لەگەڵ سیستمی زۆرینەی ڕێژەیی، کاردانەوەی زۆر بووە لەسەر هەرەس هێنانی باوی کۆمارەکانی ئەمریکای ناوەڕاست.[1]هەرچەند دژوارە جوداکردنەوەی کاریگەری یاسایی لە هەلو مەرجێکی نالەباردا کە هۆیەکانی شارەوەی قەیرانو دوو جەمسەری سیاسی لێ کەوتۆتەوە، بەڵام لەهەر حاڵدا مەرجی عەقڵ ئەوەیە کە وڵاتە دیموکراتیکەکان لە هەڵبژاردەی ئەمریکای لاتینی دوورە پەرێزبن.

تۆماس جیفرسون، کە بەهۆی خۆش باوەڕیەکەیەوە سەبارەت بەشۆڕشی فەرەنساو ئەمریکا وە کەوتبوە بارێکی ئاساییەوە، کاتی خۆی وتی: ئەنجامدانی شۆڕش بۆ هەر نەوەیەك کارێکی باشە. ئەم باوەڕە ڕۆمانتیکانەیە، لەدرێژەی سەدەی بیستدا کە بەرپابوونی کۆمەڵێك شی سەرنەکەوتووی کارە ساتبارهاتن، یان خراپتر لەوە، دەرەنجام بوونە حکومەتێکی سەرەڕۆو دەسەڵات خواز، بەتەواوی لەناو چوو. بەو حاڵەوە خراپ نییە کە هەر وڵاتێکی دیموکراتیك، هەر بەبیست ساڵ جارێك، کۆمەڵێك لە یاسادانەران، ڕابەرانی سیاسیو، هاوڵاتیانی تێگەیشتوو لە دەوری یەکتر کۆبکاتەوە تا بەپێی تێگەیشتنی روولە گەشەو ئەزمونی خۆییو وڵاتانی دیموکراتیکی دیکە، چاوبگێرنەوە بەسەر یاسای سەرەکیداو بەو پێوەرانە هەڵیسەنگێننەوە.

(1) بروانە:
Juan J-Linz and Arturo Valenzuela,eds., The Failure of Presidential Democracy (Baltimore: Johns Hopkins University Press, 1999).



تایبەتە بە پێگەی پەڕتووك www.pertwk.com

www.pertwk.com

# بەشی12

## ئەو بوارانەی لە بەرژەوەندی دیموكراسیدان كامانەن؟

سەدەی بیستەم سەردەمی هەرەس هێنان و شكستی یەك لە دوای یەكی سیستەمە دیموكراتیكەكان بوو لە زیاتر لە 70 حاڵەتدا دیموكراسی تێك رمان و جێگای خۆیان دا بە رژیمە دەسەلاّتخوازەكان[1]. بەلاّم سەرەڕای ئەوەش دیموكراسی لەم رەوتە مێژووییەدا سەركەوتنێكی بەرچاوی بەخۆیەوە دیت, واتە دیموكراسی پێش ئەوەی سەدەیەك بێتە كۆتایی بەم سەركەوتنە گەیشت. پانتایی و كاریگەری جیهانی بیروبۆچوونەكان, دامەزراوەكان, كردەوە دیموكراتیەكان, ئەم سەدەیەی كردە گەشاوە ترین سەردەم بۆ سەرهەڵدانی دیموكراسی, لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

لێرە دا دوو پرسیار دێتە ئاراوە یا چاكتر وایە بڵێم, یەك پرسیار كە بە دوو شێوە خۆدەنوێنێ:

چۆن دەتوانین سەقامگیر كردن و چەسپاندنی دامەزراوە دیموكراتیكەكان لە هەموو ولاّتانی دونیا مسۆگەر بكەین؟ یا چۆن دەتوانین شكستەكانیان لێكبدەینەوە؟ گەرچی

---

[1] ئەم گرێنتیە لە تێكەلاّوی پێرستەكانی دوو توژینەوە كە پێوەندكانیان تارادەیەك جیاواز بوو, وەرمگرتووە, واتە:

Frank. Bealey , staliliti and Grisis:Fears About Threas to Democracy,"European Journal of Political Resarch 15(1987): p.p.687–715 : Afread stepan and Cindy Skach " Prasidentialism and Parvliementarism in Comparative perspective, in Juan J. Linz and Arturo Valen zuela end, The Failure of Presidental Gorernment C Baltimore: Johns Hopkins University Press 1994, pp 119–136



ولاّمدانەوەی تێر وتەسەل بەم پرسیارانە لە توانادانیە, بەلاّم بێگومان دوو هۆكاری لێك گریّ دراو, كاریگەری زۆر گرنگیان هەیە.

## شكستی ئەڵتەرناتیڤەكان

یەكەم بەدرێژایی سەدەی بیستەم ئاڵتەر ناتیڤە سەرەكیەكانی دیموكراسی لە بەرامبەر ئەم سیستمە بەرادەیەكی ئێجگار زۆر تووشی دۆڕان بوون, تەنانەت تاكۆتایی ساڵی 1915 كە شێوە نادیموكراتیكەكانی حكوومەت لە سەردەمی دەقیانووس بەم لاوە باوەڕەكان و كردەوەی بەشی هەرەزۆری مرۆڤایەتی ئەم گۆی زەویەی خستبووە ژێر دەسەلاّتی خۆی– واتە سەڵتەنەت, ئەشرافیەتی میراتی, ئۆلیگارشی– لە ناكاو بەها و هێز و توانای ئایدۆلۆژێكی خۆیان لە دەست دا. ئەگەرچی پاشان زۆر ئاڵترناتیڤی نادیموكراتیكی خەڵكی و بەربلاّوتر, لە شێوازی فاشیزم, نازیسم, لینینیزم وهێندێك بیروباوەڕو حكوومەتی دەسەلاّتخوازیتر هاتنە سەركار, بەلاّم ئەم دەوڵەتانە زوو ئاوا بوون. فاشیزم و نازیسم بەهۆی یەكیەتی و یەكانگیری نەیارانی خۆیان لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا زەبری گۆرچو بڕیان خوارد. دواتر هەر لەم سەدەیەدا, دیكتاتۆریە نیزامیەكان, بەتایبەت لە ئامریكای لاتین دا, نەیانتوانی بە هۆی شكستی ئابووری و سیاسی و تەنانەت نیزامیش(ئارژانتین) رزگاریان ببیّ. لە كۆتایی دەیەكانی سەدەی بیستەم دا دوایین و گرینگترین نەیاری گشتخوازی دیموكراسی, واتە لینینیزم بەم شێوەیە كە لە سیستمی كۆمۆنیزمی یەكیەتی سۆفیەت دا درەوشابووەوە بە هۆی گەندەڵی نێوخۆی و زەخت و گۆشاری دەرەكی بە چەشنێك تووشی قەیران و ئاڵۆزی هات كە نەیتوانی لە ژێر باری ئەم نەخۆشیە خۆ رزگار كات و تووشی داڕمان هات.

كەوایە ئایا ئێستا ئیتر لە سەراسەری دونیا دا رێگا بۆ دیموكراسی خۆشكراوە؟ ئایا هەر وەكوو سەرۆك كۆماری ئەمریكا وودرو ویلسۆن( Woodrow Wilsn ) خۆشبینانە ( بەلاّم هەر وەك دواتر دەركەوت كە هەڵەیە) لە ساڵی 1919 دوای شەڕی یەكەمی جیهانی رایگەیاند بوو سەرەنجام دونیا " بۆ دیموكراسی خۆش كرابوو؟"

**مەخابن. سەركەوتن و بەئەنجام گەیشتنی دیموكراسی هێشتا كاتی نەهاتبوو و نزیكیش نەبوو. چین كە زۆرترین خەڵكی دونیای لە خۆگرتووە و**



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

### یەکێك لە وڵاتانی زل هێزی دونیایە, هێشتا نەچووەتە ریزی وڵاتە دیموکراتیکەکان.

خەڵکی چین, بە مێژووی درەوشاوەی چوار هەزار ساڵەی شارستانیەتەوە, هیچ کات نەیانتوانیوە دیموکراسی ئەزموون بکەن. بۆیە, بۆچوونە ناو ریزی وڵاتانی دیموکراتیك لە کورت ماوەدا, ئاسۆیەکی لێڵ و نادیاریان هەیە.

لە زۆربەی شوێنە جۆربەجۆرەکانی دونیا, رژیمە نادیموکراتیکەکان, وەکوو ئەفریقا, باشووری رۆژهەلاّتی ئاسیا, رۆژهەلاّتی ناوەراست وهێندێك لە پاش ماوەکانی یەکیەتی سۆڤیەت, هێشتا هەر وا درێژە بە تەمەنی خۆیان دەدەن. لە زۆر بەی ئەم وڵاتانە دا هەل و مەرج بۆ سەقامگیر بوونی دیموکراسی بوارێکی ئەوتۆی نەبووە: لە ئاکام دا روون نەبوو کە ئایا ئەم وڵاتانە تێدەپەرن بۆ دیموکراسی یان نا, هەروەها چۆن ئەم تێپەرینە, ئەنجام دەدەن. سەرەنجام جگە لە چەن وڵات کە ئەویش لە پەنجەکانی دەست زیاترنین, لەم تێپەرینە, پەرینەوەو, دامەزراوە سیاسی دیموکراسی‌یە گشت گرەکانیان پێك هێنا, لە وڵاتانی‌تر دا ئەو بوارە لەبارە نەبوو, کە بتوانن مانەوەی هەمیشەییان بپارێزن.

بوار؟ گەلیّ جاران گوتوومە کە هێندێك بواری بەراستی لەبار لە وڵاتێك دا بۆ بەردەوام بوونی دیموکراسی هەن و لە هەر شوێنێك کە ئەم بوارانە لاواز بوون یا هەر وجوودیان نەبووبیّ, ئەگەری هەبوونی دیموکراسی لەو شوێنە دا زۆر دەگمەنە, ئەگەریش هەبیّ, رەنگە زۆر لەرزۆك بێت.

کەوایە ئێستا کاتی خۆیەتی پرسیار بکەین: **<u>ئەم هەلومەرجانە کامانەن؟</u>**

بۆ وەلاّمدانەوە دەتوانین پشت بە زۆربەی هەرەزۆری ئەزموونەکانی سەدەی بیستەم ببەستین: وڵاتانیّ کە توانیویانە لەم تێپەرینەی دیموکراسی سەرکەوتووبن, دامەزراوە دیموکراتیکەکانیان قایمتر کردووە و بە دەیان ساڵ بوونی خۆیان پاراستووە. وڵاتانێکی‌تریش هەن کە لەم تێپەرینە دا سەرکەوتوو نەبوون, و وڵاتانێکی‌تریش هیچکات نەگەیشتوونەتە ئەم ئاستە. ئەم قوناغانەی تێپەرین, خۆ قایم کردن, وشکستی دیموکراسی ئەوە دەسەلمێنن کە پێنج مەرج, ( رەنگە زیاتریش). بە چەشنێکی بەر چاو, رەنگە لە سەر بوونی دیموکراسی لە وڵاتێك دا کاریگەری دانێن. ( وێنەی 8)

وێنەی <u>8.</u> چ بارودۆخێك لە بەرژەوەندی دامەزراوە دیموکراتیکەکان دایە؟



### هەلومەرجی پێویست بۆ دیموکراسی:

1. کۆنترۆڵی هێزە نیزامی و سەربازییەکان لە لایەن کاربەدەستانی هەڵبژێردراو.
2. باوەر و فەرهەنگی سیاسی دیموکراتیك.
3. نەبوونی هیچ چەشنە کۆنترۆڵی دەرەکی نا دیموکراتیك6

مەرجی پێویست بۆ دیموکراسی:

4. هەبوونی ئابووریەکی مۆدێرن ودامەزراندنی بازار و کۆمەڵگایەکی مۆدێرن.
5. زۆر نەبوونی وردە فەرهەنگەکان.

### <u>دەست تێوەردانی بێگانە.</u>

**ئەگەری گەشەکردنی دامەزراوە دیموکراتیکەکان کەمتر لەوڵاتێکدا کە, لە ژێر هەرِەشەی دەست تێوەردانی بێگانەیەك دابیّ کە دەسەلاّتی دیموکراتیك بە دژی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەزانیّ.**

**ئەوە رەنگە وەلاّمی ئەو پرسیارە بیّ: کە بۆچی دامەزراوە دیموکراتیکەکان لە وڵاتێك دا کە هەل و مەرجێکی زۆر لەباری بۆ گەشە کردنی دیموکراسی هەیە بەلاّم نەیانتوانیوە پەرەبستێنیّ یا بەردەوام بن؟**

بۆوێنە ئەگەر "چیکوسلوفاکیا" لە شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا, یەکیەتی سۆڤیەت دەستی تێوەرنەدابا, رەنگە ئەمرۆ و لە ریزی دیموکراسی‌یە کۆنەکان دا بایە. ئەوە دەست تێوەردانی یەکیەتی سۆڤیەت بوو کە نەیهێشت دامەزراوە دیموکراتیکەکان لە پۆڵۆنیا و هەنگاریاشدا پێك بێن.

لەوە سەیرتر ئەوە بوو کە تاکۆتایی دەیەکانی سەدەی بیستەم, وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رابردوویەکی خراپی هەبوو لە بواری دەست تێوەرداندا, لە ئەمریکای لاتین.

ئەمریکا زۆر جار هەوڵی بنکوڵ کردنی بناغەی ئەو دەوڵەتە میللییانەی ئەمریکای لاتینی دەدا, بۆ پاراستنی ئیش وکاری هاولاّتیانی خۆی, یانی (وەك خۆیان دەڵێن) لە بەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو کارەی دەکرد.



تایبەتە بە پێگەی پەرتووك www.pertwk.com

www.pertwk.com

ئەگەرچی نەمامەکانی دیموکراسی لە ولاّتانی ئەمریکای لاتین کەو تبوونە بەر گەلیّك تەوژم و بەشیّوەیەکی تەواویش دیموکرات نەبوون, بەلاّم ئەگەر لە دەستیّوەردانی ئەمریکا بە دوور بایەن یان باشتر لەوەش هەر لە یەکەمین هەنگاوەکانی بەرەو دیموکراسی چوون قورس و قایم پشتیووانیان لیّ کرابا– ئەگەری گۆڕانکاری دامەزراوە دیموکراتیکەکان لە شویّنی خویّدا زۆر زیاتر بوو.

نموونەی بەرچاو بۆ ئەمە, دەست تیّوەردانی نهیّنی سازمانی جاسووسی ئەمریکا لە گواتیمالا ساڵی 1964 کە ویستی حکوومەتی چەپگەرایانەی هەڵبژیّردراوی خەڵك بە سەرکۆماری ( جاکۆپۆ اربینز Jacopo Arbenz) ی پیّ لە بەین بەریّ.

بە رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت ولاّتانی ئەورووپای ناوەراست و ناوچەی باڵتیّك, دەست بە جیّ دەستیان دایە سەقامگیر کردنی دامەزراوە دیموکراتیکەکان جگە لە ولاّتانی یەکگرتووی ئەمریکا بەگشتی کۆمەڵگای جیهانی دژایەتی خۆیان لەگەڵ دیکتاتۆریەت لە ئەمریکای لاتین و شویّنە نادیموکراتیکەکانی تر دەربڕی و لە دامەزراوە دیموکراتیکەکانی زۆر بەی شویّنەکانی دونیاش پشتیوانیان کرد.

لە میّژووی مرۆڤایەتیدا هیچ کات هیّزە نیّونەتەوەییەکان– سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی– بەم چەشنە لە دامەزراوە و ریّکخراوە دیموکراتیکەکان پشتیوانیان نەکردووە. بەم جۆرە لە کۆتایی دەیەکانی سەدەی بیستەم دا بارودۆخی سیاسی جیهان وەها کەوتە بەر شەپۆلی گۆڕانکاری, کە ئاسۆی گۆڕانکاریە دیموکراتیکەکانی زۆر گەش و روونتر کرد.

## کۆنترۆڵی هیّزە نیزامی و پاریّزەرەکان

تا هیّزە چەکدار و پاریّزەرەکانی ولاّتیّك بە تەواوی نەچنە ژیّر دەسەلاّت و کۆنترۆڵی نویّنەران و دەسەلاّت دارانی هەڵبژیّردراو, بە پیّی پیّوانە دیموکراتیکەکان, ریّی تیّناچیّ ریّکخراو و دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکان, لەم ولاّتە دا بپاریّزریّ و دەوامی هەبیّ.

رەنگە مەترسیدارترین هەڕەشەی ناوخۆیی بۆ سەر دیموکراسی لە ئاستی بەراوەرد کردنی هەڕەشەو دەست تیّوەردانی دەرەکی دا لە لایەن ریّبەرانیّکەوە بیّت, کە هیّزو کەرەسەی سەرکوتیان بەدەستەوەیە: واتە بە هیّزی چەکدار و پاریّزەر تەیارن.



www.pertwk.com تایبەتە بە پیّگەی پەڕتووک

دەسەلاّتداران و کارەبەدەستان کە بە پیّی پیّوەرە دیموکراتیکەکان هەڵبژیّردراون ئەگەر بتوانن زۆر کارامەو لیّهاتووانە هیّزە نیزامیو پاریّزەرەکان بهیّننە ژیّر رکیّفی خۆیان, ئەم هیّزانە بە تایبەت کەسانیّ لە نیّو فەرماندەکان دا, مل بە هەموو خواست و وەسیەتەکانیان دەدەن. بەجۆریّك پەیوەندییان بە ریّبەرانی هەڵبژاردەی خۆیان قووڵ دەبیّتەوە, کە وا بەهاسانی لیّك هەڵناوەشیّ.

ئەوەی کە لە هیّندیّك ولاّتدا ئەم کۆنترۆڵە بە سەر هیّزە نیزامییەکان دا مسۆگەر بووە و لە هیّندیّك ولاّتیشدا سەری نەگرتووە, لیّدوانیّکی قووڵی پیّویستە کە دەرفەتی ئەم باسە لیّرە دا نییە, بەلاّم بۆ ئەم مەبەستەی ئیّمە بابەتیّکی گرینگ کە پیّویستە ئەوەیە: بە بیّ کۆنترۆڵی ئەم بەشە ئاسۆی وەدیهاتنی سیستمیّکی دیموکراسی لیّلّ و نادیار دەبیّ. میّژووی خەماوی ئەمریکای ناوەراست چاو لیّکەن. لە 47 حکوومەتی پیّك هاتوو لە گۆاتیمالا, سالوادۆر, هیّندۆراس و نیکاراگۆا لە نیّوان ساڵەکانی 1948 و 1982 دا زیاتر لە دوو لە سیّ لەو حکومەتانە بە شیّوەی هەڵبژاردنی نائازادانەو ناعادلاّنەو, زۆربەی بە شیّوەی کودتای نیزامی بە دەسەلاّت گەیشتوون.[1]

لە بەرابەر ئەوانە دا ولاّتی کۆستاریکا لەو ناوچەیەدا, لە ساڵی 1950 بەم لاوە نموونەیەك بووە بۆ دیموکراسی. بۆچی خەڵکی کۆستاریکا توانیان دامەزراوە دیموکراتیکەکان پیّك بیّنن و بیپاریّزن, لە کاتیّکدا ولاّتانی دراوسیّیان هەموو لە گەڵ شکست رووبەروو بوون؟ بەشیّك لەم پرسیارە دەبیّ لەم بارودۆخە لەبار و گونجاوانە دا تاوتۆیّ بکریّ کە بۆیان دەستی داوە, بەلاّم تەنانەت بوونی ئەم هەل و مەرجانەش ناتوانیّ حکوومەتیّکی دیموکراتیك لە بەرامبەر ئەو چەشنە کودەتایانە کە بۆ ویّنە بە زۆری لە ولاّتانی ئەمریکای لاتین هاتووەتە ئاراوە, بپاریّزیّ. بەلاّم بە هەر حالّ لە ساڵی

1. Mork Rodenberg " Political Ob Stacles to Democracy in Central America", in James M.Malloy and Mitchell seligson, eds., Authoritarians and Democrats: Regime Thansitiom in Latin America Cpttsburgh: University of Pittsburgh Press, 1987 , pp. 193- 250.

www.pertwk.com

1950 دا ولاّتی کۆستاریکا ریشەی تەواوی ئەم هەڕەشە و گوڕەشانەی لەناو برد. سەرۆك کۆماری دیموکراتی ئەو ولاّتە لە بڕیارێکی سەربەخۆ و بوێرانە دا ئەرتەشی لە بەر یەك هەڵوەشاند. هیچ ولاّتێك وەشوێن ئەم هەنگاوەی کۆستاریکا نەکەوت و لەوەش ناچیٚ لە داهاتووشدا ولاّتێك خوازیاری ئەم چەشنە هەنگاوەبێت. سەرەرای هەموو ئەمانە هیچ شتێك ناتوانیٚ وا بە روونی نیشانی بدات کە بۆ پێك هێنانو پاراستنی کۆنترۆڵی هێزە چەکدارو پارێزەرەکان, لەلایەن کاربەدەستانی هەڵبژێردراوەوە, بیەویٚ دامەزراوە و رێکخراوە دیموکراتیکەکان سەقامگیربن, چەندە گرینگە.

## نەبوون یان لاوازی ململانێی کەلەپوورەکان

ئەگەری گەشە وسەقامگیر بوونی دامەزراوە و رێکخراوە سیاسیو دیموکراتیکەکان لە ولاّتێکدا کە لە بواری فەرهەنگییەوە هاوشێوەن زۆر زیاترە. و لە ولاّتێك کە بە توندی گیرۆدەی ململانێی وردە فەرهەنگیە کەمترە.

فەرهەنگە جیاوازەکان کە بە زۆری دژایەتیەکانیان لە دەوروبەری زمان, دین, رەگەز و ناسنامەی نەتەوەیی, ناوچەیی و هێندێك جار ئیدولۆژیکی دا, خۆ دەنوێنن, ئەندامانی هەر کۆمەڵێك لە ناسنامەیەکی هاوبەش و پەیوەندی سۆزداری پێکەوە دەژین, سنوورێکی دیاری کراویان لە نێوان " ئێمە" و" ئەوان" دا دروست کردووە, واتە ئەوانە بۆ پەیوەندی گرتنی تاکەکەسی وەك دۆستایەتی, هاوبەش بوون, ژیانی هاوبەش, دراوسیٚ بوون, هاتوچۆکردن تەنیا روو لە کەسانی هاو تیرە و هاورەگەزی خۆیان دەکەن کە بە ناو کۆمەڵە و گرووپێك دەناسرێن و هەروەها لەشایی و شیوەنی کەسانێك دا بەشداری دەکەن کە لە یەك گرووپ دا بن. لە تەواوی ئەم شێوازانە و گەلێك شێوازی تریش فەرهەنگێك رەنگە لە باری عەمەلییەوە بۆ کەسان و ئەندامانی" چەشنێك ژیان" بیٚ, واتە ولاّتیٚ لە دلّی ولاّتێك دا, نەتەوەیەك لە ناخی نەتەوەیەکدا. لەم روانگەوە کۆمەڵگا بە شێوەی ئەستوونی تۆێژ توێژ بووە.

گێرەو کێشە و ململانێی فەرهەنگی دەتوانن دەربکەون لەبواری سیاسیدا, هەروەك دەرکەوتوون: بۆ وێنە لە بواری دین, زمان, چەشنی جل و بەرگ لە قوتابخانەکان, یا دەست راگەیشتنی یەکسان بە ئیمکاناتی بار هێنان, یا هەلاّواردن لە لایەن کۆمەڵێك بە دژی کۆمەڵێکیتر. یا بەم شێوەیە کە ئایا حکوومەت دەبیٚ لە دین یا دامەزراوە دینییەکان پشتیووانی بکات یان نا؟ ئەگەر دەبیٚ بیکا, لەکام دامەزراوە و کام دین و بە چ شێوەیەك یا ئەم کردەوانەی کە کۆمەڵێك دەیکا و کۆمەڵێکیتر بەبیٚ حۆرمەتی و سووکایەتی بە خۆی دەزانیٚو دەیەویٚ پێشی پیٚ بگریٚ وەك: لە باربردنی کۆرپەڵە, کوشتنی گا, لەبەر کردنی جل و بەرگی " نالەبار" یا ئەوەی کە ئایا و چۆن دەبێت سنووری ناوچەیی و سیاسی تایبەت دیاری بکریٚ کە لەگەڵ خۆاستو مەیلی ئەم کۆمەڵەیە یەك بگرنەوە و گەلێك شتی لەم چەشنە ...

ئەم خواست و ویستانە گەلێك گیر و گرفتی تایبەتی لە سەر رێگای دیموکراسی دروست دەکەن. خاوەن فەرهەنگە تایبەتەکان بە زۆری خواست و ویستە سیاسییەکانیان لە قالّبی خواستی مەنتقی, باوەڕی قووڵی دینی, یا نیوە دینی, پاراستنی فەرهەنگ, یا پاراستنی کۆمەڵە کەیاندا دەبیننەوە.

لە ئاکام دا خواستەکانیان بەرادەیەك گرینگ و هەستیار دادەنێن کە هیچ جیگایەك بۆ رێککەوتن ناهێڵنەوە.

ئەو خواستانە جێگا و ئیمکانی لێدوان ناهێڵنەوە. بەلاّم چارەسەری کێشە و ململانێکان لە کەش وهەوایەکی دیموکراتیك و ئاشتی خوازانەدا بە گشتی جێگای باس و لێدوان و ئاشتی و رێککەوتنە. بەم پێیە سەیرنییە کە ولاّتە دیموکراتیکە کۆنترەکان یا لە بواری سیاسییەوە دامەزراوو جێگیرترن بەزۆری توانیویانە لە قووڵ کردنەوەی کێشە وململانیٚ فەرهەنگیەکان خۆ ببوێرن. تەنانەت ئەگەر ناکۆکی فەرهەنگی گرینگیش لە نێوان هاوولاّتیان دا هەبێت, دیسان ئەوان بە گشتی لە سەری پێك هاتوون کە, جیاوازیەکان, (بە زۆری لە بوارە ئابووریەکاندا) سێبەری کردووە بەسەر ژیانی سیاسییاندا.

ئایا ئەم بارودۆخە کە بە رواڵەت جێگای رەزامەندیە, هیچ هەلاّوێردنێکی تێدانییە؟ بەڵیٚ تیایەتی, بەلاّم کەم, بە تایبەت لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, سویسرا, بلژیك, هۆڵەندا و کانادا فرە فەرهەنگی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. بەلاّم ئەگەر ئەم فرە چەشنییە دەبێتە هۆی پێك هاتنی کێشە و ململانیٚی رەها, کەوایە چۆنە دامەزراوە و رێکخراوە دیموکراتیکەکان لەم ولاّتانەدا توانیویانە سەقامگیر بن؟

ئەزموونی ئەم ولاّتانە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە, ئەوە دەردەخەن, لە ولاّتێکدا کە تەواوی بارودۆخەکانیتری سەقامگیر بوونی دیموکراسی پێکهاتبیٚ داهاتووە سیاسییە زۆر نالەبارەکانی فرە فەرهەنگی دەکریٚ و دەتوانریٚ هاسانتر کۆنترۆڵ بکرێن.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

**یەکسانی دروست کردن:** ئەمە رێگا چارەیەکی ئەمریکایەکان بوو. لە دەیەی 1840 تا 1920 فەرهەنگی زاڵی ئەو وڵاتە، کە لە مەودای 2سەدە حکوومەتی داگیرکەرانە و سەربەخۆ لە لایەن دانیشتووانی سپیپێستەوە کە بە زۆری لە بریتانیاوە هاتبوون، قورس و قایم سەقامگیر ببوون. ئەم وڵاتە لەگەڵ شەپۆلێك کۆچ کردوو رووبەروو بوو کە بەریتانی نەبوون، بەڵکو لە وڵاتانی وەك (ئیرلەند، سکاندیناڤی، ئاڵمان، پۆلۆنیا، ئیتالیا و گەلێك شوێنی دیکە بوون. ئەم کۆچ کردووانە بە زۆری دەکرا بە پێی جیاوازییەکانی زمان (جگە لە ئیرلەندییەکان) دین، خواردەمەنی، جل و بەرگ، داب ونەریت، ژینگە و هێندێك تایبەتمەندی تر، لێکیان جیا کەیتەوە.

تا ساڵی 1910 لە هەر پێنچ کەسێك لە سپیپێستەکانی دانیشتووی ئەمریکا، یەکێکیان لە وڵاتێکیتر لە دایك ببوو، جگە لەوە، لە هەر چوار کەسی سپیپێست کە لە ئەمریکا هاتبووە دونیا یا دایك یا بابیان لە وڵاتی ئەمریکا لە دایك نەبوون. بەڵام بەو حاڵەشەوە یەك دوو نەسڵ کە بە سەر کۆچکردنیان دا تێپەر دەبوو، فەرهەنگیان لە گەڵ فەرهەنگی زاڵ هاوتەرازوو دەبوو، ئەو هاوتەرازوو و هاوسانیە بەرادەیەك کامڵ بوو، کە هەر چەندە بەشێکی زۆر لە ئەمریکاییەکان، ئەورۆش هێشتا بە جۆرێك پەیوەندیان بە وڵات یا فەرهەنگی باو و باپیرانیان لە دەست نەداوە و دەی پارێزن ( یا پەرەی پێ دەدەن)، بەڵام بە زۆری وەفاداری سیاسی خۆیان سەبارەت بە ئەمریکا پاراستووە و ناسنامەیان ئەمریکاییە.

سەرەرای سەرکەوتنی بەر چاوی ئەم رەوتی یەکسان کردنە، لە کەمکردنەوەی کێشە و ململانێ فەرهەنگیەکان کەلەوانە بوو  بە هۆی زۆری کۆچ کردووان بۆ ئەمریکارووبدا، ئەزموونی ئەمریکایی هێندێك لە خاڵە لاوازەکانی ئەم رێگا چارەیەش دەردەخا. یەکەم، ململانێی بە یەکسان کردن بەرادەیەکی زۆر هاسان بووە. چونکە زۆرێك لەو کۆچ کردووە گەورە ساڵانەی کە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشو بەردەوام روویان دەکردە ئەمریکا، بە تەواوی دەیانویست وەك دانیشتووانی ناو خۆی ئەمریکا چاویان لێ بکرێ، واتە "ئەمریکایەکی راستەقینە بن". تەنانەت باو باپیرانیان زیاتر لەوان خوازیار بوون. بۆیە یەکسان کردن  بە زۆری دڵخواز بوو، یا بەداب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان ( وەك شەرم کردن لە جیاواز بوون)، کە کردەوەی زۆرە ملی دەوڵەتی بە کەمترین رادەی خۆی دەگەیاند.[1]

گەرچی رەوتی یەکسان کردنی کۆمەڵێکی گەورە لە کۆچ کردووانی کۆمەڵگای ئەمریکا بەگشتی سەرکەوتنێکی گەورەی پێ بوو، بەڵام کاتێ ئەم کۆمەڵگایە لە گەڵ گێرە و کێشەی قووڵ تری جیاوازی فەرهەنگی رووبەروو بوو، بەرتەسکی رووکاری ئەم رەوتەش زۆرتر خۆی نواند. لە گێرە و کێشەی نێوان دانیشتووانی سپیپێست و خەڵکانێ کە لە کۆنەوە لەو دەورە دا دەژیان، یەکسان کردن جێی خۆی  دابوو بە ملهوڕی، نیشتەجێ بوونی ملهوری، و خۆ دوور خستنەوە لە کۆمەڵگای راستەقینە.

کۆمەڵگای ئەمریکایی سەرکەوتووبوو، لە یەکسان کردنی بەشێکی زۆر لە کۆیلەکانی نائەمریکایی بە رەگەز ئەفریقایی کە لە راستیدا ئەوانیش وەك سوور پێستەکان پێش هاتنی زۆرێك لە کۆچ کردووانیتر لەوێ نیشتەجێ بوون.

کۆسپەکانی کەمو کوڕی لە چەشنی رەگەز، کە بە زۆر داسەپێندرابوون، بە شێوەیەکی کاریگەر، پێشیان بە رەوتی یەکسان کردن گرتبوو. شکستێکی تری لەم چەشنە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا روویدا، کاتێ کە کۆچ کردووانێك لە ئاسیاوە هاتنە ئەم وڵاتە بۆ ئەوەی لە هێڵی شەمەندەفەر یا مەزراکاندا، کرێکاری بکەن. بۆشاییەکیتریش هەبوو کە یەکسان کردن نەیتوانێ پری بکاتەوە. لە سەروبەندی سەدەی نۆزدەهەم دا  وردە فەرهەنگ و ئابووری و کۆمەڵگایەك، لە سەر بنەمای کۆیلایەتی لێك جیاواز، لە وڵاتە باشوورییەکانی ئەمریکا دامەزرا.

ئەو ئەمریکاییانەی کە لە ناوچەکانی باشوور دەژیان، بە هۆی نالە باری شێوەی ژیانیان، لە هاوڵاتیانی ناوچەکانی باکوورو رۆژئاوا جیا ببوونەوە. لە کۆتایی دا دەر ئەنجامەکەی بوو بە "ململانێیەکی ئاشتی هەڵنەگر، سەرەرای هەموو هەوڵ و تەقەلایەك

[1] ئەگەر چی بە پێچەوانەی هێندێك لە بۆچوونەکان، داپڵۆسین و ئازاردان هەبوو. منداڵان لە قوتابخانەکان دەبوو بە تێکرایی بە زمانی ئینگلیزی قسان بەکەن. بە زۆری ئەو ئاڵ و گۆڕەیان زۆر زوو تێدا پێك دەهات و زمانی زگ ماکیان ( واتە زمانی باپیرانیان) لە بیر دەکرد و لە دەورەی ماڵ و لە تەواوی شوێنەکانی دەورووبەری ژیانیان، تەنیا بە زمانی ئینگلیزی قسەیان دەکرد. بێچارە ئەو کەسە بوو کە نەتوانێ هەر چەند بە کەمیش بە ئینگلیزی بدوێ یان وڵام بداتەوە.


تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

بە هیچ چەشنە پێکهاتن و دانیشتنێك چارەسەر نەکرا.[2]! شەڕی ناوخۆیی کە بەم هۆیەوە هەڵگیرسا, چوارساڵ درێژەی کێشا و گەلێکی قوربانی لیّ کەوتەوە, تەنانەت پاش شکستی باشوور و هەڵوشانەوەی سیستمی کۆیلەداری ئەم کێشە و ململانیّیە هەر کۆتایی نەهات. پاشان کەلەپوورێکی جیاوازی باشووریو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازی تری پێکهات کەلەوێدا هاووڵاتیانی ئەمریکایی بە رەگەز ئەفریقایی, بە هەڕەشە و گوڕەشە و کوشت و کوشتار بەڕێوە دەچوو.

تا کۆتایی سەدەی بیستەم هێشتا کردەوەی یەکسان کردنی ئەمریکا روون نەبوو کە ئایا دەتوانیّ کەمایەتی روو لو زیادبوونی ئیسپانی زمانان و هەروەها کەمایەتییەکانیتر سەرکەوتوانە بە دەرئەنجامێك بگەیەنیّ یا نا؟ ئایا ئەمریکا دەبێتە کۆمەڵگایەکی فرەفەرهەنگی کە لەودا کردەوەی یەکسان کردن بە پشت بەستن بە رێکخراوە دیموکراتیکەکان, چیتر نەتوانیّ گارەنتی چارەسەر کردنی ئاشتی خوازانەی ململانیّی فەرهەنگی و شارستانییەکان, بیّ؟ یا دەبێتە کۆمەڵگایەك کە لەو دا کێشە و ململانیّ شارستانییەکان, ببنە هۆی پێك هاتنی ئاستێکی بەرزتری نزیکایەتی و تێکەڵاوی, ئاسان پێکەوە ژیان, و پێکەوە سازانێکی وولایەنە.[1].

---

[2] لە باری هۆکاری شەرە ناوخۆیەکانی ئەمریکا زۆر کتێب نووسراون. دیارە من زۆر بە کورتی لە باری هۆکارەکانی ئەم گێرە و کێشەیە دواوم و پڕ بە پێست نییە.

(1) لێك دانەوەیەکی زۆر باش و هاوسەنگ کراو لەم بابەتە دەتوانن لە

Michael Walzar. On Toleration ( new Haven and London: Yale University Prees ( 1997)

بەتایبەتی بڕواننە

" Rellections on American Multicultaralism"pp. 93—1120

[1].consociational democracy



**بڕیاردان لە سەر بنەڕەتی هاوبیریی:** وردە فەرهەنگی جیاواز لە یەکتر, و زۆر دژ بە یەکتر" لە سویسرا, بلژیك, هۆلەندا بووە. ئێمە لە ئەزموونەکانی ئەم سیّ وڵاتە دیموکراتیکە دەتوانین چی فێربین؟

هەر کام لەم وڵاتانە گەلێك رێکخستنی سیاسی ئەوتۆیان هێنایە ئاراوە کەبەپێی ئەوان هەڵبژاردنی بڕیار پەسەندکردنی, لە لیژنە و دەوڵەت و پەرلەماندا, پێویستی بە هاو بیری و رەزامەندی گشتی هەموو بنەمای دەسەلاتداریەتی گشتی ( بەرادەی جیاوازەوە) بوو بە بنەمای هاوبیر بوون. بەم پێیە هەر بڕیارێکی حکوومەت کە کاریگەری گرینگی لە سەر بەرژەوەندی وردە فەرهەنگێك یا چەند وردە فەرهەنگ هەبیّ, تەنیا بەرەزامەندی راشکاوانەی نوێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە لە لیژنەی دەوڵەت و پەرلماندا بەڕێوە دەچوو. جیّ بە جیّ کردنی ئەم بڕیارە لە لایەن باشترین سیستمی نوێنەرایەتیەوە کە زامنیّ بوو بۆ بوونی عادلانەی نوێنەرانی تەواوی گروپەکان لە پەرلەماندا, ئاسان کاری بۆ دەکرا. ئەم نوێنەرانە لە لیژنەی دەوڵەتیش دا بەشدار بوون, بەم شێوەکارە ئاشتی خوازانەیەی باو لەم وڵاتانەدا, ئەندامانی لیژنەی دەوڵەتی سەر بەهەر یەك لەو فەرهەنگ جیاوازانە دەتوانیّ تەواوی ئەو سیاسەتە داریژراوانە کە پێی نادروستە لایان بەریّ( ئەم چەشنە رێکخستنانە کە توێژەرە سیاسیەکان بە "دیموکراسی هاوهەنگاوانە[1]"ی دەناسن, هێندێك شتی ورد لە خۆدەگریّ کە لەم سیّ وڵاتە دا وەك یەك نین. لێدوانی زیاتر لە پاشکۆی "ب" دا سەیربکەن).

ئاساییە کە سیستمێکی هاوکاریی لەو چەشنە ناتواندریّ پێك بیّ و سەر کەوتوانە بەکار بهێندریّ, مەگەر لە بارودۆخی زۆر تایبەت دا. ئەم هەل و مەرجە بەگشتی بریتییە لە: توانای پێکەوە سازان, ئاسانکاری زیاتر بۆ رێککەوتن, رێبەرانی متمانە پێکراو کە بتوانن بە شێوەیەك ئەو کێشەو ململانێیانە چارەسەر بکەن, کە لە بەرژەوەندی گشتی لایەنگرەکانیان دا بێت, هاوبیر و مەرام بوونی بەر بڵاو لە بواری ئامانج و بایەخە بنەرەتیەکاندا کە رێککەوتنەکان مسۆگەر کات, ناسنامەیەکی نەتەوەیی کە رێگا بە



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

جیـــایی, واتـــه خوازیـــارانی جیـــایی کامـــڵ نـــه‌دات, ده‌ر به‌ســـت بـــوون بـــه بـــواره دیموکراتیکه‌کان, که‌رەتکه‌ره‌وه‌ی ئامرازی توند و تیژی و شۆڕشه.

ئه‌م هه‌ل و مه‌رجانه زۆر نائاساییین. له هه‌ر شوێنێکیش که نه‌بن, به‌هره‌وه‌ری ڕێککه‌وتن له که‌می ده‌دا. ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر به هه‌ر شێوه‌یه‌ك ئه‌م به‌هره‌وه‌ریه سه‌قامگیر بیٚ هه‌ر وه‌ك نموونه‌که‌ی لوبنانی به سه‌ردێت, که ره‌نگه له ژێر فشارو ته‌وژمی ململانێی ورده فه‌رهه‌نگه‌کاندا هه‌ره‌س بێنیٚ.

لوبنـــان کـــه ســـه‌رده‌مێك تـــۆژه‌ره‌وه سیاســـی‌یه‌کان بـــه سیاســـه‌تی ســـه‌رکه‌وتوانه‌ی" دیموکراســی هــاو هه‌نگاوانــه" ناویــان ده‌بــرد, لــه ســاڵی 1975 دا, کــاتیٚ کــه گوشــار و ته‌وژمــه نێوخۆیــه‌کان به‌راده‌یــه‌ك گه‌یشــت ئیتر سیســتمی ڕێککــه‌وتوو لــه توانایــدا نــه‌ما لــه ناکاو شه‌ڕو هه‌ڵایه‌کی گه‌وره‌و دوورو درێژی نێوخۆیی لیٚ که‌وته‌وه.

## سیستمه‌کانی هه‌ڵبژاردن:

جیاوازی کلتوری به‌زۆری به‌هۆی ئه‌وه‌وه له سنوور ده‌رده‌چن, که سیاسه‌تزانانی دژ به یه‌ك لـه مه‌یـدانی به‌رانبـه‌رکیٚ, بۆ وه‌ده‌ست هێنـانی ده‌نگـی زیـاتر, گه‌شه بـه‌م کێشـه و ململانیٚ‌یانه ده‌ده‌ن. ڕژیمه ده‌سه‌ڵاتخوازه‌کان هێندێك جار ده‌تـوانن لـه هێـزی ملهورانـه‌ی خۆیان بۆ تێك شکاندن‌و سه‌رکوت کردنی کێشه فه‌رهه‌نگیـه‌کان کـه‌ڵك وه‌رگـرن, بـه‌ڵام ئـه‌م کێشه و ململانیٚ‌یانـه کـاتیٚ کـه بـه سـه‌قامگیربوونی سیسـتمی دیموکراسـی خوازانـه لاواز کرا له نه‌کاو به حاڵه‌تی ته‌قینه‌وه و لێك هه‌ڵوه‌شان ده‌گات.

ئه‌و سیاسه‌تمه‌دارانه‌ی که له بیری ئه‌وه‌دان له ناسنامه‌ی فه‌رهه‌نگی که‌ڵکی خێرا وه‌رگرن, ره‌نگه راسته‌وخۆ له ئه‌ندامانی گرووپی سه‌ر به فه‌رهه‌نگی خۆیان که‌ڵك وه‌رگرن‌و دوژمنایه‌تی شاراوه بکه‌نه قین و نفره‌تیٚ, که " پاکتاوکردنی فه‌رهه‌نگی" به ئه‌و په‌ری خۆی ده‌گه‌یه‌نیٚ.

بـۆ دوور بـوون لـه وه‌هـا ئـه‌نجامێك, تـۆژه‌ره‌وه سیاسـی‌یه‌کان پێشـنیاریان کـردووه سیسـتمه‌کانی هه‌ڵبـژاردن ده‌بـیٚ بـه شـێوه‌یه‌ك گه‌ڵاڵـه بکـرێن کـه هیـوا و مه‌به‌سـته‌کانی سیاسه‌تزانان بگۆڕیٚ,به‌چه‌شنێك که ئاشتی خوازی, له ململانیٚ قازانجی زیاتر بیٚ.

لـه‌م ڕێکخسـتنه پێشـنیارکراوه‌دا هـیچ هه‌ڵبژارده‌یـه‌ك نـاتوانیٚ تـه‌نیا بـه پشـتیوانی گرووپێکـی فه‌رهـه‌نگی هه‌ڵبـژێردریٚ, پاڵێوراوه‌کـان ناچارن ده‌نگـه کـانی خۆیـان لـه چـه‌ن گرووپـی گـه‌وره‌ی فه‌رهـه‌نگی‌تر وه‌رگـرن. دیـاره گـرفتی سـه‌ره‌کی ئه‌مه‌یـه کـه ڕێبـه‌رانی سیاســـی لـــه‌م ســـه‌ر و به‌نـــده‌ی ریٚ کـــه‌وتنی ره‌وتـــی دیٚمۆکراتیزاســـیۆنه دا, رازی بـــه قه‌بووڵکردنی وه‌ها ڕێکه‌وتنێك بکه‌ین.

کاتـیٚ سیسـتمێکی هه‌ڵبـژاردنی شـه‌رئه‌نگیزانه سـه‌قامگیر بـوو, ئیتر بـه‌رز بوونـه‌وه‌ی پێچاو پێچی دژایه‌تی‌یه فه‌رهه‌نگیه‌کان ڕێگای گه‌رانه‌وه ناهێڵیته‌وه.

جیاوازی. کاتیٚ که بۆشایی و که‌لێنی فه‌رهه‌نگی ئه‌وه‌نده قووڵ بووه‌وه که ئیتر هیچ کام له ڕێگا چاره‌کانی پێشوو نه‌توانیٚ پڕی کاته‌وه, ته‌نیا ڕێگا چاره ئه‌وه‌یه که گرووپه فه‌رهه‌نگی‌یه‌کان, خۆیان له کۆمه‌ڵه سیاسی‌یه جۆراوجۆره‌کاندا جیٚ بکه‌نه‌وه و له نێوئه‌وان دا به جۆرێك له سه‌ربه‌خۆیی بگه‌ن, تا بتوانن ناسنامه‌ی خۆیان بپارێزن و ئامانجه بنه‌ره‌تی‌و فه‌رهه‌نگی‌یه‌کانیان به ده‌ست بێنن, سیستمی فیٚدراڵی له هێندێك بواردا کۆمه‌ڵ‌و ناوچه, پارێزگا و کانتۆنه‌کان به‌راده‌یه‌ك تێیدا سه‌ربه‌خۆن که بتوانن گرووپه جۆراوجۆره‌کان له خۆدا جیٚ بکه‌نه‌وه, ئه‌وه ده‌توانیٚ ڕێگا چاره‌یه‌کی گونجاو بیٚ. توخمێکی گرینگ و هه‌ستیار که سوویسرییه‌کان هێناویانه‌ته

www.pertwk.com

کۆمەڵگای چەند فەرهەنگی و زۆر هاو ئاهەنگی خۆیانەوە, هەر ئەو سیستمی

فێدراڵیەیە.

زۆر بەی کانتۆنەکان لە بواری فەرهەنگی‌یەوە بە تەواوی هاوسانن بەڵام, فەرهەنگەکان تیایاندا جیاوازی گرینگیان هەیە, بۆ وێنە کانتۆنێك رەنگە زمانی فەرەنسی و کاتۆلیك بێ و ئەویتر ئەڵمانی زمان و پرۆتستانی, کانتۆنەکان بۆ بەدیهێنانی پێداویستیە فەرهەنگیەکان توانایی تەواویان هەیە.

رێگا چارە سوویسرییەکەش, وەك هەموو رێگا چارە سیاسی‌یە دیموکراتیکەکانی کێشەی فرەفەرهەنگی, پێویستی بە سەقامگیر کردنی بارودۆخێکی نائاسایی‌یە. لەم بوارە تایبەتە دا دوو مەرجمان هەیە.

یەکەم: ئەو هاوڵاتیانەی کەلەپووری جیاوازیان هەیە دەبێ پێشتر بەهۆی سنوورەکانی وڵات لێکتر جیاکرابنەوە, تائەم رێگاچارەیە نەبێتە گوشارێکی تاقەتپڕوکێن بەسەریانەوە.

دووهەم: ئەوەیە کە ئەگەرچی هاووڵاتیان بۆ مەبەست و ئامانجی تایبەت بە چەن بەشی جیاجیا دابەش بوون, بەڵام دەبێ خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئامانجی هاوبەش و بایەخ گەلێکی ئەوەندە بەهێز بن کە بتوانن یەکیەتی ئەو کۆمەڵگا فێدراڵیە بپارێزن. ئەگەر چی ئەو دوو مەرجە هەر دووکی لە سوویسرادا مسۆگەرە, بەڵام لە هیچ شوێنێکی‌تر ئەمە نەباوە و نە مسۆگەرە.

لە هەر شوێنێك یەکەم مەرج دامەزرابێ بەڵام. دووهەمی نەبێ, جیاوازیە فەرهەنگیەکان رەنگە ببنە هۆی مسۆگەر نەبوونی گەلێك خواست بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تەواو.

ئەگەر وڵاتێکی دیموکراتیك لە رێگای جیاکردنەوەی ئاشتی خوازانەوە ببێت بە دوو وڵات, ئەم رێگا چارەیە لەگەڵ پێوەرە دیموکراتیکەکاندا تەواو یەك دەگرێتەوە. نەرویج وێنەیەکی بەرچاوە, کە پاش نزیك بە سەدەیەك یەکیەتی نیوە سەربەخۆ لەگەڵ سوئێد, لە ساڵی 1905 دا بە سەربەخۆیی تەواو گەیشت.



بەڵام ئەگەر بەهۆی تێکەڵاوی گرووپە جۆربەجۆرەکان مەرجی یەکەم بە تەواوی پێك نەیەت, ئەو کات بۆ ئەو کەمایەتیانە کە لە وڵاتە نوێ کاندا دەژین, رەنگە زەخت و گوشارێکی لە رادە بەدەریان بخەنە سەر. ئەمانە رەنگە ویستەکانیان لە هەر حاڵدا چ لە بواری سەربەخۆیی دا و چ لە بواری مانەوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارەتی وڵاتەکەیاندا, بە چەشنێك پاساوی بۆ بهێنێتەوە.

ئەم گرێ کوێرەیە, چەمکی سەربەخۆیی "Quebec کیوبێك"ی لە کانادا ئاڵۆز کردووە. هاووڵاتیانی فەرانسی زمانی" کیوبێك" ئەگەر چی دەیانەوێ بە سەربەخۆیی تەواو بگەن, بەڵام ئەم پارێزگایە خەڵکانێکی بەرچاو لە خۆ دەگرێ کە زمانیان فەرەنسی نی‌یە– واتە زمانیان ئینگلیزیە, یا دانیشتووانی لە مێژینەی ئەوێن ویا کۆچ کردوون– دەیانهەوێ هاووڵاتی کەنەدا بن. گەرچی رێگا چارەیەکی ئاڵۆزی سنووری هەرێمی لە بواری تێۆرییەوە مسۆگەرە, ئەویش بەم شێوەیە: زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە باشی دەزانن لە کانادا بمێننەوە توانایی بەڕێوە بردنی ئەم کارەیان هەبێت, بەڵام لە لایەنی سیاسییەوە چەندە ئەم کارە سەربگرێ یا, نا ئەوە ئیتر زۆر روون نی‌یە, (1)

ئەوەی کە لە راستی‌دا جێی دڵخۆشی نی‌یە ئەوەیە کە تەواوی ئەو رێگا چارانە و گیروگرفتی سیستمی فرە فەرهەنگی لە وڵاتێکی دیموکراتیك دا کە من لێی دوام – پێدەچێ رێگا چارەی تریش– سەرکەوتنیان پەیوەندی هەیە بە هەل و مەرجی تایبەتەوە کە بە دەگمەن دەرەخسێن. لە بەر ئەوەی جیاوازی زۆربەی وڵاتە دیموکراتیکە کۆنەکان کەمتر بووە, ئەوان تارادەیەك توانیویانە پارێزراو بمێننەوە لە ململانێ توند وتیژە فەرهەنگیەکان.بەو حاڵەشەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا گەلێك ئاڵ و گۆڕ هاتۆتە ئاراوە کە بێ گومان, لە سەدەی21 دا, کۆتایی بەم گیروگرفتانە دێنێت.

---

(1) – سکات ج. رید( Scott J. Reid) رەوتێکی هەڵبژاردنی دوجارەکی باس دەکا کە رێگا دەدا بە زۆربەی کەسانی (کوبێك) هەرچەند نەك بە گشتیان و لە کەنەدا یان لە کوبێکی سەر بەخۆ دا بمێننەوە. ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم گەلاڵەیە و گەلاڵەکانی لەم چەشنە رەنگە بەرێوە بچن یان نەچن The Borders of an Independent Quebec: A thought Experiment", Good society 7(wenter 1997), p.p 11-15)



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

## باوەڕ و فەرهەنگی دیموکراتیك

تەواوی وڵاتان درەنگ یا زوو لە گەڵ قەیران گەلێکی قووڵی وەك قەیرانی سیاسی, ئیدئۆلۆژیکی, ئابووری و سەربازی و نێونەتەوەیی رووبەروو دەبنەوە. لە ئاکام دا ئەگەر سیستمێکی سیاسی دیموکراتیك بیەوێ درێژە بە مانی خۆی بدات دەبێت لە هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانە کە قەیران دەخولقێنن خۆ دەربازکات. بۆ پێك هێنان و سەقامگیر کردنی دیموکراسی دەبێ وەك گەمیەوانی لێزان, بزانی لە کەش و هەوای زۆر ناخۆش و گەردەلوول و بۆراندا چ بکا و خۆ لە هەموو مەترسی‌یەك بپەرێنییەوە.

لە سەردەمی قەیرانی توندو درێژ خایەندا, ئەو ئەگەرە دێتە پێش کە دیموکراسی لە لایەن رێبەرانی دەسەلأت خوازەوە لە ناو بچێ, کە بەڵێن دەدەن قەیران بە شێوەی دیکتاتۆرانە چارەسەر بکەن. لە کاتێکدا ئەم شێوەکارانە دوورن لە هەوێن و شێوەکاری دیموکراسی خوازانە. لە بەر یەك هەڵوەشانی دیموکراسی لە سەدەی بیستەم دا لەناوچوونی دیموکراسی راستی‌یەکی باو بوو. ئاماژە کردن بە حەفتا وڵاتی دیموکراسی کە هەرەسیان هێنا, ئەو راستیە دەسەلمێنێ. بەلأم سەرەرای ئەوە هێندێك لە وڵاتە دیموکراتیکەکان توانیویانە زۆر جار لە گەردە لوول و قەیرانەکان خۆ دەرباز کەن. هەروەك دیتمان زۆربەیان تەنانەت بە سەر کێشە و ململانێ فەرهەنگی‌یە قووڵەکاندا زاڵ بوون و هێندێکیان بە ئەزموونێکی زیاترەوە. بۆ درێژەی سەفەرێك کە دیموکراسی ئامانجییەتی, ئەوانەی لەم گەردەلوولە دا مانەوە ئەو وڵاتانەن کە پێیان دەڵێن دیموکراسی کۆنتر.

### دامەزراوە و رێکخراوە دیمۆکراتیکەکان بۆ چی لە هێندێك وڵاتدا توانیویانە لە قەیران و ئاڵۆزی خۆ دەرباز کەن و لە هێندێك وڵاتاندا نەیان توانیوە؟ دەبێ جگە لەو مەرجانەی باسم کرد, چەن مەرجی‌تریشی پێ زیاد کەم. روون بوونی ئاسۆی دیموکراسی هەرووڵاتێك, بەستراوەتەوە بەوەی کە هاووڵاتیان و رێبەرانی ئەو وڵاتە هەر چی قورس و قایم تر پشتیوانی لە بایەخەکان, ئەگەرو هێما و کردەوە دیموکراتیکەکان بکەن. متمانەترین پشتیوانی, کاتێ سەر دەگرێ کە ئەو چەشنە باوەڕ و مەیلانە لە فەرهەنگی ئەو وڵاتە دا چەسپابێت و بە گشتی لەم نەوەیەوە بگوێزرێتەوە بۆ نەوەیەکی



### دیکە" بە واتایەکی‌تر" ئەو وڵاتە خاوەنی فەرهەنگێکی سیاسی دیموکراتیك بێ.

فەرهەنگی سیاسی دیموکراتیك لە راهێنانی هاووڵاتیانێکدا کە باوەڕیان پێی هەیە یاریدەدەرە: دیموکراسی و یەکسانی سیاسی ئامانجێکن کە خەڵك ئاواتیانە پێی بگەن, هێزە چەکدار و پارێزەرەکان دەبێ بە تەواوی کۆنترۆڵیان لە دەستی رێبەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك دا بێ. ئەو دامەزراوە بنەڕەتیانە کە لە بەشی 8ی ئەم باسەدا لێی دواوم, دەبێ بپارێزرێن. بۆچوونە سیاسی و بیروبۆچوونە جیاوازەکانی نێوان هاووڵاتیان, دەبێ وەربگیرێ و پشتیوانی لێ بکرێ.

رای من ئەوە نی‌یە کە تەواوی دانیشتووانی وڵاتێکی دیموکراتیك دەبێ بە تەواوی مانا دیموکراسی خوازبن. بە خۆشی‌یەوە, وانی‌یە, دەنا دەکرا بە دڵنیاییەوە بڵێن کە قەت هیچ وڵاتێك رووکاری دیموکراسی بە خۆیەوە نابینێ! بەلأم تا کاتێك زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیان سیستمی دیموکراتیك و دامەزراوە سیاسی‌یەکانی, لە ژوور هەموو بەدیل‌و ئاڵتەرناتیڤە نادیموکراتیکەکانەوە نەبینن, هەروەها رێبەرانی سیاسی کە بەر پرسی بەڕێوە بردنی کردەوە دیموکراتیکەکانن پشتیووانی لەوە نەکەن, دیموکراسی زۆر محاڵە بتوانێ لە قەیران و ئاڵۆزیەکانی رزگار بێت.

لەراستیدا رەنگە کەمینەیەکی بەربلاو لە شەڕەنگێزان‌و توندڕەوان‌و دژە دیموکراتیك بۆ تێکدان‌و لەناوبردنی خۆڕاگرای پاراستنی دامەزراوە دیموکراتیکەکانی وڵاتێك بەس بێ.

چۆن خەڵکی وڵاتێك باوەڕ دەکەن بە بۆچوونە دیموکراتیکەکان؟ چۆن بڕواو هەڵس‌و کەتی دیموکراتیکانە دەبیتە بەشێك لەبنەمای کەلەپوورێك؟ هەرچەشنە وەلأم دانەوەیەك بەم پرسیارانە. ناچارمان دەکا بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی گۆڕانکارییە مێژووییەکان, هەندێکیان بە گشتی‌و هەندێکیان تایبەت بە وڵاتێکەوە. ئەوەش ئەرکێکە کە لەتاقەتی ئەم کتێبە دانیە. تەنیا رێگەبدەن ئەوە بڵێم کە, بەختەوەر ئەو وڵاتەیە کە مێژووەکەی بەرەو ئەو قۆناغە رێنوێنی کردووە!

بەلأم مێژوو هەمیشە وا بەخشندە نەبوە, بەپێچەوانە بەهێندێك لە وڵاتەکان فەرهەنگێکی وای پێشکەش کردوون کە, لەباشترین شێوەدا, تەنیا بەرادەیەکی زۆر لاواز



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

لایەنگری لە دامەزراوە دیموکراتیکەکان دەکەن‌و لە خراپترین شێوەشدا، بەتوندی لایەنگری حکومەتی دەسەلاتخوازن.

## گەشەکردنی ئابووری بەهۆی ئابووری بازاڕەوە.

لە روانگەی مێژووییەوە، پەرەسەندنی باوەڕە دیموکراتیکەکان‌و فەرهەنگی دیموکراتیک پەیوەندیەکی نزیکی هەیە لەگەڵ ئەو شتەی کە بەهاسانی پێی دەوترێ ئابووری بازاڕ. بەشێوەیەکی رۆشنتر، ئابووری بازاڕ بەدیهێنەری یەکێك لەبوارە زۆر لەبارەکانی گەشەی دامەزراوە دیموکراتیکەکانە کە لەوێدا پاشەکەوتی سەرمایەی ئابووری تاکە کەسیە، نەك دەوڵەتی، واتا زۆرتر ئابووریەکی سەرمایەدارانەیە تاسۆسیالیستی یان دەوڵەتی. بەو حاڵەشەوە پەیوەندی نزیکی نێوان دیموکراسی‌و سەرمایەداری بازاڕ جیاوازییەکی زۆری لەناوخۆیدا شاردۆتەوە: ئابووری سەرمایەداری بازاڕ بەناچاری دەبیتە هۆی لە دایك بوونی گەلێك نایەکسانی لەو سەرچاوە سیاسیەدا کەلە ژێر دەستی هاولاتیانی جۆراو جۆر دایە. لەبەرئەوە، ئابووری سەرمایەداری بازاڕ بەتوندی گورزلە یەکسانی سیاسی دەوەشێنێ: ئەو هاولاتیانەی کەلە بواری ئابووریەوە نایەکسانن زەحمەتە کە بتوانن لە بواری سیاسیدا یەکسان بن. لە ولاتێکدا کە خاوەنی ئابووری بازاڕە، دەست گەیشتن بە یەکسانییەکی سیاسی مومکین نییە. لەئاکامدا، ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان دیموکراسی‌و ئابووری بازاڕدا هەیە. ئایا جێگیرو ئەلترناتیویکی دیکە بۆ سەرمایەداری بازاڕ هەیە کە کەمتر زەرەر بەیەکسانی بگەیەنێ؟ لەو دوو فەسڵەی دواییدا چاوێك بەو پرسیارەو بەگشتی بە پەیوەندی نێوان دیموکراسی‌و سەرمایەداری بازاڕدا، دەخشێنم. بەلام سەرەڕای ئەوانە، ئێستا ناکرێ خۆت بدزیتەوە لەو ئەنجامە کە سەرمایەداری بازاڕ، کۆمەڵگایەك پێکدێنێ‌و گەشەی ئابووری کە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی پەرەپێدان‌و پاراستنی دامەزراوە دیموکراتیکەکان بەکەڵك بن.



## بەکورتی

لەوانەشە هەل‌و مەرجی دیکەی تر وەك بالادەستی یاسا، ئاشتی درێژماوەو شتی لەم بابەتە بۆ دامەزرانی دیموکراسی بەکەڵك بن. بەلام ئەو پێنج مەرجەی باسم کردن، بەبڕوای من لە رێزی گرینگترین هەل‌و مەرجەکاندان..

کورتەی باسی ئەم فەسڵە دەکرێ لەسێ تەوەری گشتی‌دا دەرببردرێ:

یەکەم:ولاتێك کە خاوەنی ئەم پێنج هەل‌و مەرجە بێت، نزیکە دڵنیابین کە بتوانێ دامەزراوە دیموکراتیکەکان پەرە پێبدات‌و بیان پارێزێ.

دووەم: ولاتێك کە ئەم هەل‌و مەرجەی تێدا نەڕەخسابێ زۆرزەحمەتە بتوانێ دامەزراوە دیموکراتیکەکان پەرەپێبدا. ئەگەر بەشێوەیەك لەم بوارەدا سەرکەوتووبێ، بێرادە دوورە کە بتوانێ بیان پارێزێ. ئەی دەربارەی ولاتێك کە هەل‌و مەرجەکەی ئاوێتەیە دەکرێ چ لێکدانەوەیەکمان هەبێ– ولاتێك کەهێندێك هەل‌و مەرجی نالەبارو هێندێك لەباری هەیە؟ وەلام بەم پرسیارەو هەروەها تەوەری گشتی سێیەم، تادوای بەسەرکردنەوەی بارودۆخی سەرسوڕهێنەری هیندستان دەهێڵمەوە.

## هیندستان: دیموکراسی ضاوةڕوان نةکراو

رەنگە ئێوەش بەر لەئێستا سەبارەت بە بارودۆخی هیندستان سەرسام مابن.ئەوە نییە، ئەم ولاتە دوورە لەهەر چەشنە هەل‌و مەرجێکی لەبار بۆ سەقامگیر بوونی دیموکراسی؟ لەم بوارەدا ئایا بەراستی بوونی دیموکراسی لەهێندستان هەموو ئەو باسانەی من رەت ناکاتەوە؟ بەتەواوی نا.

ئەوەی کە هیندستان توانیویەتی لە درێژماوەدا، گشت دامەزراوە دیموکراتیکەکان بپارێزێ، لەرواڵەتدا زۆر چاوەڕوان نەکراو دیارە. هیند لەگەڵ ئەو دانیشتووانە زۆرەدا کە لە کۆتایی سەدەی بیستدا خۆ لە یەك ملیار کەس نزیك دەکاتەوە، زۆرتر لە خەڵکی ولاتانی تری دونیا گیرۆدەی دووبەرەکایەتین. ئەو دووبەرەکایەتیانە بریتین لە: زمان،



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

کەمو کوڕی, چین, مەزهەبو سنورو ولات– هەروەها بڕوانە دابەش بوونی یەکجار ورد لەنێو هەریەك لەمانەدا[1]:

هیندستان هیچ زمانێکی نەتەوەیی نیە. یاسای سەرەکی ئەو ولاتە بەرەسمی پازدە زمان بەزمانی سەرەکی دەناسێ. بەلام تەنانەت ئەوەش گەورەیی گرفتی زمان بە شێوەیەکی تەواو وەلام ناداتەوە: لانی کەم یەك ملیۆن هندی بەهەریەك لە (35)سی و پێنج زمانە لێك جیاوازەکانی ناو هیندستان قسان دەکەن. سەرەڕای ئەوە, هیندیەکان بە نزیکەی بیستو دووهەزار شێوە زاراوەی جیا لەیەك دەدوێن.

لەگەڵ ئەوەی کە لەسەدا 80ی خەڵکی ئەم ولاتە هیندۆسن و(ئەوانی دیکە زۆربەیان موسوڵمانن, یەکێك لە هەرێمەکانی ئەوێ بەناوی کیرالا ژمارەیەکی زۆری مەسیحی تێدا دەژی.) بەلام کاریگەری یەکیەتی بەخشی هیندۆئیسم بەتوندو تۆڵی لەلایەن سیستمێکی کاستیەوە[2] کە نزیکەی 1500ساڵ پ. ز بۆ هیندیان بۆتە کارێکی رەوا, لەژێر هەڕەشەدایە. تەنانەت خودی سیستمەکەش, وەك زمان, بێ ڕادە دووبەرەکی لێ ئەکەوێتەوە, یەکەم: خەڵکێکی زۆر لەو چوار گرووپو چینە کە هەروەکو میراتی بۆ کۆمەڵگا بەڕەوا زانراوە دوورئەکرێن, ئەمانە(دەرکراوی ناوچینەکانن) واتا هەمان"ناپاکەکان" کە هەر چەشنە پەیوەندیەك لەگەڵ ئەوانە دەبێتە هۆی ئابڕوو چون. سەرەڕای ئەوانە, هەرکاستیکیش دەبیتە وردە کاست گەلێکی میراتی بێ ژمار کە ئەندامەکانی لەناو سنوورەکانی کۆمەلایەتی, شوێنی نیشتەجێ بوون زۆرجاران کارکردنیش بەتوندی بەرتەسك بوونەوە.

هیندستان یەکێکە لە هەژارترین ولاتانی دونیا. چاو لەو ژمارەیە بکەین: لەساڵی 1981وە تاساڵی 1995 نزیکەی نیوەی کۆمەڵگای ئەم ولاتە رۆژانە بە کەمتر لە

(1) ئەو نموونانەی کەلەمەو بەدوادێن زۆریان لەو سەرچاوەیە وەرگیراون:
Economist August2, 1997,5s,90; United Nations Development Programme, Human Davelopment Report(New york: oxford: University Press 1997, p. 51: India's Five Decades of Drogrss and Pain”New York Times. August 14, 1997; and shashi Tharoor, “ India's odd, Enduring Datch work”,New York Times, August 8, 1997.

(2) کاست: هیچ وشەیەکم بەدی نەکرد بۆ هاوتای کاست ناچار هەر ئەوم نووسی.(و)



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

دۆلارێکی ئەمریکایی دەژیان. لە ساڵی 1994–1993 زۆرتر لەیەك لەسەر سێی خەڵکی ئەم ولاتە واتە(زیاتر لە سێ سەد ملیۆن کەس) راستەوخۆ وەك فەقیر دەناسران“ ئەوانە بەزۆری لە گوندە بچووکەکان دەژیان و خەریکی کاری کشتوکاڵ بوون. لەساڵی 1996 لەناو حەفتاو هەشت ولاتی لە حاڵی گەشەدا, هیندستان بەهۆی بەرچاو بوونی هەژاری مرۆڤی لەئاستی چل و هەشتەمدا راوەستا, واتا لە پاڵ رواندا کە ئەویش لە ئاستی چل و هەشتەمدا بوو. سەرەڕای ئەوە, نزیکەی نیوە لەگشت ئەوانەی لەسەرووی پانزە ساڵەوەن و لەسەدا شەستی مێیینەی سەرووی شەش ساڵی ئەو ولاتە, نەخوێندەوارن.

گەرچی هیندستان سەربەخۆیی خۆی لە ساڵی 1947دا بەدەست هێنا و لە ساڵی 1950دا خەریکی داڕشتنی یاسایەکی سەرەکی دیموکراتیك بوو, بەلام بە لەبەر چاوگرتنی ئەو هەل و مەرجەی کە ئێستا باسم کرد بۆ هیچ کەس جێی گومان نەبوو کە کردەوەی سیاسی هیندستان لەبواری دیموکراتیکیەوە, خاڵی لاوازی گەورەی هەبوو. بە بەردەوامی لەوێ مافی مرۆڤەکان پێشێل کراوە.[1] بازرگانەکان, هیندستان لە ریزی دەوڵەتی گەندەڵی دونیا دادەنێن.[2] لەوە خراپتر لە ساڵی 1975, کاتێك کە ئەندیراگاندی سەرۆك وەزیری کات, بووو دەستی دایە کودەتایەك و حاڵەتی نایاسایی راگەیاند, مافی مەدەنی راگرت, و هەزاران سەرکردەی نەیاری خۆی خستە زیندانەوە, دامەزراوە دیموکراتیکەکانی هیندستان راگیران و دیکتاتۆری لەجێگەیان دانیشت.

بەو حاڵەوە زۆربەی کاتەکان خەڵکی هیند لایەنگری دامەزراوە دیموکراتیکەکان بوون. دووساڵ دوای ئەوە کە ئەندیراگاندی دەسەلاتی بەدەستەوەگرت, خەڵکی هیند لە هەڵوێستێکدا کە هەرگیز لەکەسانێك چاوەڕوان ناکرێ کە شایانی دیموکراسی نەبن. لە هەڵبژاردنێکی عادلانەدا ئەندیراگاندیان لەسەر دەسەلات هێنایەخوار. وادێتە بەرچاو نەتەنیا بلیمەتانی سیاسی بەڵکو گشت خەڵکی هیندستان زۆر حەزیان لە دامەزراوەو

(1) ئەندیراگاندی دوای شکستی هەڵبژاردنەکەی 1977 دووبارە ساڵی 1980 بووەوە بە سەرۆك وەزیر. لەساڵی 1984دا دەستووری بەهێزە چەکدارەکانی هیندستان دا هێرش بەرنەسەر پیرۆزترین پەرستگەی سیکەکان, کە لە ژێر دەستی باڵی مەزهەبی سیکدابوو. هێندێك دوایی, لەلایەن دووکەس لە سیك مەزهەبەکان تیرۆر کرا. ئەوکات هیندیەکان دەستیان دایە کوشت و کوشتارو تالان و بڕۆی سیکەکان. لەساڵی 1987دا, کوڕەکەی ئەو واتا راجیف گاندی, کەببوە سەرۆك وەزیر, بزوتنەوەی سەربەخۆ خوازانی کەمینەی هەرێمی تامیلی سەرکوت کرد. لەساڵی 1991دا ئەویش بەدەستی تامیلیەك کوژرا.

(2) Economist, August2, 1997, p. 52.

www.pertwk.com

کردەوە دیموکراتیکەکان کردوەو بەئاسانی ڕێگا نادەن کە ئەو بەشێوازی دەسەڵات خوازانە حکومەت بکا.

گەرچی ژیانی سیاسی هیندستان زۆر پڕ گێرەو کێشەو توندوتیژییە, بەڵام دامەزراوە سەرەکیە دیموکراتیکەکان, بەهەموو کەمو کوڕیەکانیانەوە, درێژەبەمان و کارکردی خۆیان دەدەن. وادێتە بەرچاو کەئەوە گشت چاوەڕوانیە مەنتقیەکانی تێك دابێت. چۆن دەتوانین ئەوە لێکبدەینەوە؟ هەر وەڵامێك کە بەمەتەڵی هیند بدرێتەوە دەبێ وەڵامێکی کاتی بێت. بەو حاڵەشەوە لەوانەیە سەیر بێتە بەرچاو, بەڵام گەلێك بواری تایبەتی هیندیش لە رونکردنەوەی هۆی مانەوەی دامەزراوە دیموکراتیکەکان لەم وڵاتەدا, یارمەتی ئێمە دەدەن.

یەکەم: کۆمەڵێك لەو بوارە لەبارانەی کە لێیان دوام بەدڵنیاییلە هیندستاندا هەن. سوپای هیند, کە لەژێر کاریگەری ئەوەدایە لەپێشدا داگیرکراوی بەریتانیا بووە, بەو هۆیە لەژێر فەرمانی رابەرە مەدەنیەکانی هەڵبژێردراو دایە. لەبەر ئەوە هیندستان وەك وڵاتانی سەردەمی گەشە لەژێر هەڕەشەی شەڕو ئاژاوەی سەرەکی دژە دیموکراتیکانە دانیە.

لەڕابردووی ئارتەشی هیندستاندا, بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمریکای لاتین, لایەنگریەکی ئەوتۆ لە دیکتاتۆری بەرچاو نەدەکەوت. هێزی چەکداری هیندستان ئەگەرچی زۆر گەندەڵە, بەڵام ناتوانێ لە کۆدەتایەکدا وەك هێزێکی سیاسی سەربەخۆ بجووڵێتەوە.

سەرەڕای ئەوە, دامەزرێنەرانی هیندستانی مۆدێرن کە ئەو وڵاتەیان بەرەو سەربەخۆیی رابەری کرد یارمەتی گەڵاڵە بوونی یاسای سەرەکی و دامەزراوە دیموکراتیکەکانیان دا, گشتیان لەو کەسانە بوون کە بڕوای تەواویان بە دیموکراتیك هەبوو. ئەو بزوتنەوە سیاسیانەی کە ئەوان رابەرییان کردن زۆربە شیلگیری پشتیوانیان لە بیرو بۆچوون و دامەزراوە دیموکراتیکەکان دەکرد. دەکرێ بڵێین دیموکراسی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی هیندستانە. هیچ ئایدۆلۆژیەکی دیکە نیە, سەرەڕای ئەوە کە لە هیندستان هەستی نەتەوایەتی کزە, بەڵام ئەو هەستە لەگەڵ بیرکردنەوەو باوەڕە دیموکراتیکەکان وەها تێکەڵی یەك بوون کە ئەو هیندیانەی خوازیاری سیستمی نادیموکراتیکانەن کەمینەیەکی کەمن.



سەرەڕای ئەوەش, گەرچی هیندستان لەبواری کەلەپوورو فەرهەنگیەوە زۆر فرە چەشنیە, تەنیا ولاتێکە لە دونیادا کە کردەوەو باوەڕە هیندۆسیەکان بەوڕادەیە تێیدا بەبڕەو بێ. بەهەر حاڵ, لەهەر دە کەس خەڵکی هیندستان هەشت کەسیان هیندۆسین. ئەگەرچی سیستمی کاستی دووبەرەکایەتی دەنێتەوە وهەروەها نەژاد پەرستانی هیندۆ مەترسیەکی تەڵەکراون بۆ موسوڵمانان, بەڵام بەدڵنیایی هیندۆس گەڕایی چەشنێك پێناسەی هاوبەشی بۆ زۆرینەی هیندۆسیەکان دروست دەکا.

بەو حاڵەوشەوە ئەگەر ئەم بارودۆخە لایەنگری لە دامەزراوە دیموکراتیکەکان بکا, دیسان هەژاری لەڕادەبەدەری هیندستان هاوڕێ لەگەڵ دابەشکردنی قووڵی فرە فەرهەنگیەکەی, چاوەڕوان دەکرێ زەویەکی بەپیت بێ بۆ گەشەی گەلێك بزوتنەوەی دژە دیموکراتیك, بزوتنەوە گەلێك, کە ئەوەندە بەهێزن دەتوانن دیموکراسی بڕوخێنن و لەجێگای ئەو دیکتاتۆری دەسەڵاتخوازانە سەقامگیرکەن. کەوایە بۆ شتێکیوا رووی نەداوە؟ لەنزیکەوە کە بڕوانین زۆر شتی سەر سوڕهێنەرمان بۆ دەردەکەوێ.

سەرەتا, هەرهێندیەك ئەندامێکە لە کەمینەیەکی فەرهەنگی کە ئەوەندە بچووکە ئەندامەکانی ناتوانن بەتەنیای بەسەر هیندستاندا دەسەڵاتدارێتی بکەن. بەکارهێنانی کۆمەڵێك بەشی جیاوازی فەرهەنگی کە هیندستان پێکدێنن, نیشانی دەدا کە هەر بەشێك چەندە بچووکە, نە تەنیا لەبواری بوونی زۆرینەوە, بەڵکو لەبواری هێزی دەسەڵاتداریەوە بەسەر نیوە کێشوەرێك دا بەوڕادەیە بەرین و بەوڕادەیە فرە چەشن. هیچ کەمینەیەکی هیندی بەبێ بەکارهێنانی هێزی مەزنی سەرکوتکەری چەکدارو پارێزگاری ناتوانێ بەسەر هیندداحکومەت بکا. بەڵام هێزە چەکدارو پارێزگارەکان, هەروەك وتمان, بۆ مەبەستێکی وەها ئامادەو تەیار نین.

دووەم: ئەندامانی کەمینەیەکی فەرهەنگی, لەگەڵ چەند هەڵاوێردنێکی کەمدا پێکەوە لە هەرێمێکدا ناژین و زۆرتر لەناوچە جیاجیاکاندا بڵاوبوونەوە. لەئاکامدا, ناتوانن هیواداربن بەوەی کە بتوانن لە دەرەوەی سنوورەکانی هیندستان وڵاتێك بۆ خۆیان دروست بکەن. زۆربەی هیندیان, بیانەوێ یان نەیانەوێ, مەحکوومن بەوەی هاوڵاتی



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

هیند بن. لەبەر ئەوەی کە لێك هەڵوەشان مومکین نییە، تەنیا ئەلتەرناتیڤی شیاو، یەکێتیە لەناو هیندستاندا.[1]

دەرەنجام لەروانگەی زۆربەی هیندیەکانەوە هیچ هاوتایەکی واقیع بینانە بۆ دیموکراسی نیە. هیچ کام لە کەمایەتیەکانی هیند، بە تەنیا، ناتوانێ دامەزراوە دیموکراتیکەکان بڕوخێنێ و لەجێگای ئەو رژێمێکی دەسەڵاتخواز بێنێتە سەرکار، بەپشتیوانی هێزی ئەو چەکدارو پارێزەرانەی کە پێویستی بۆ پاراستنی حکومەتێکی دیکتاتۆر، بەپێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ دڵی خۆشکا، یان ئایدۆلۆژیو دامەزراوەیەکی سەرنج راکێش لەبەرامبەر دیموکراسی بێنێتە ئاراوە. ئەزموونی نیشانیداوە کەهەر شێوە پێکهاتنێکی بەرچاو لە کەمایەتیەجیاوازەکان ئەوەندە گیرۆدەی پەرت و بڵاوییە کە ناتوانێ راگوێزانی حکومەت راگرێ و بەردەوامی پێ ببەخشێ، چ بگا بەوەی کە حکومەتێکی دیکتاتۆر لە خۆیدا جێبکاتەوە. وادێتە بەرچاو کە دیموکراسی تەنیا هەڵبژاردەیەکی کردەوەییە بۆ خەڵکانی هیند.

چیرۆکی درێژی دیموکراسی لە هیندستان ئاڵۆزترە لەوەی کە، هەروڵاتێك بتوانێ وەها چیرۆکێکی درێژی هەبێ. بەڵام لە کۆتایدا دەبێ لەسەر ئەو خاڵە پێدا گری بکەم کە، هیندستان پشتگیری دەکات و تەوەرە سێهەمینەی کە پێشتر بەڵێنم دابوو. لەوڵاتێکدا کە یەکێك یا زیاتر، لەو پێنج مەرجەی کە پێویستی بۆ دیموکراسی، نەبێ، هەڵبەت جگە لەو پێنج مەرجە، سەقامگیر بوونی دیموکراسی، بەرێکەوت، یان رەنگە دوریش بێ، بەڵام دوور لە روودان نیە.

## بۆچی دیموکراسی لەسەرانسەری جیهان پەرەی سەندووە؟

ئەو بەشەم بەم خاڵە دەست پێکرد: سەرەڕای ئەوەی کە لە درێژەی سەدەی بیستەمدا دیموکراسی دەیان جار توشی شکست بووە بەڵام بەو حاڵەشەوە لە کۆتایی ئەم

[1] ژمارەیەکی زۆر لەو کەمینانە هەن و بەناوبانگترینیان کشمیریەکانن، کە هەل و خەباتیان بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی، بەهۆی بەکارهێنانی هێزی چەکدار لەلایەن حکومەتی هیندیەوە، کشمیریەکان بەو خواستەیان نەگەیشتوون.



سەدەیەدا بەهەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە. ئێستا کاتی باسکردنی ئەو سەرکەوتنەیە: دەڵێ ئەو هەلومەرجەی لەسەرەوە باسم کردن لەسەرتاسەری دونیادا رەخساون.

–بەتێداچوونی ئیمپراتۆریە ئیستعماریەکان مەترسی دەستێوەردانی هێزە دەرەکیەکان هاوکات لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی کەم بووەوە، خەڵکی وڵاتە جۆراو جۆرەکان سەربەخۆییان بەدەست هێنا، گرینگترین رژێمە گشت خوازەکان هەرەسیان هێنا، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زۆربەیان پشتیوانی دەکەن لە دامەزراندنی دیموکراسی.

–کەڵکەڵەی دیکتاتۆری چەکدارانە پاشەکشەی کرد چونکە نەتەنیا بۆ خەڵکی ئاسایی بەڵکە بۆ خودی رێبەرانی چەکداریش زانیارین کە کاربەدەستانی نیزامی توانای رووبەروو بوونەوەی وتو وێژو ململانێکانی کۆمەڵگای مۆدێرنیان نیە" لەڕاستیدا، زۆر جاران ئەو راستیە سەلمێنرا کە لەم بوارەدا زۆریش بێ توانان. لەبەر ئەوە لەزۆربەی وڵاتان یەکێك لە کۆنترین و مەترسی دارترین هەڕەشەکان لەدژی دیموکراسی لەناوچوو یان زۆر لاواز بوو.

–زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە پرۆسەی دیموکراسی لەوێدا سەقامگیر بوو، ئەوەندە هاو ئاهەنگ بوون کە بتوانن لە ململانێ جدیە فەرهەنگیەکان ناڕەزایەتی دەربڕن. ئەو وڵاتانە زۆرتر وڵاتە بچووکەکان بوون، نەك کۆمەڵگایەکی زۆری فرە فەرهەنگی. لەزۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە زۆرتر لە ئەوانی دیکە تووشی ئاژاوەو جیایی هاتبوون، هەوڵ دەدرا شێوە رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی پێك بێت. لانی کەم لەوڵاتێکدا، واتا هیندستان هیچ فەرهەنگێکی کەمایەتی ئەوەندە توانایەی نەبوو کە بتوانێ بە تەنیا حکومەت بەدەستەوە بگرێ. لەبەرامبەردا، لەهەر شوێنێك کە ململانێ فەرهەنگیەکان بەئاستێکی ئەستەم دەگەیشت، وەك بڕێك شوێنی ئەفریقاو یۆگوسلافیای جاران، پرۆسەی دیموکراسی دەبوو بەکارەساتێك.

–بەتێکشکانی ئاشکرای سیستمە گشت خوازەکان، دیکتاتۆریە نیزامیەکان، هەروەها زۆربەی رژێمە دەسەڵات خوازەکانی دیکە، باوەڕو ئادیۆلۆژیە دژە دیموکراتیکەکان تام و چێژی رابردووی خۆیان دۆڕاند. لەپێشتر هەرگیز لە مێژووی مرۆڤدا خەڵك ئەوەندە لایەنگری بیرو باوەڕە دیموکراتیکەکان نەبوون.

–دامەزراوە سەرمایەداریەکانی بازاڕ لەم وڵاتەوە تەشەنەیان کرد بۆ ئەو وڵات. سەرمایەدرایی بازاڕ نەتەنیا بوو بەهۆی تێرو تەسەلی و ئابووریەکی باشتر، بەڵکە لە



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

بنەڕەتدا بە دامەزراندنی چینێکی مام ناوەندی بەرین و کارا, کە لایەنگری دامەزراوەو بیرۆکە دیموکراتیکەکانیشە, گۆڕانی بەسەر کۆمەڵگادا هێنا.

بەو هۆیە بەپێی ئەو رووداوو بەڵگانەو چەندی دیکەش, سەدەی بیستەم بوو "بە سەدەی سەرکەوتنی دیموکراسی." بەو حاڵەشەوە ئێمە دەبێ بە پارێزەوە لەم سەرکەوتنە بدوێین. چونکە, یەکەم لە زۆربەی وڵاتانی"دیموکراتیك" دامەزراوە سیاسیە سەرەکیەکان لاوازو ناسکن. لەوێنەی 1یەکدا"فەسڵی دوو2", شەستو پێنج وڵاتم وەك وڵاتانی دیموکراتیك ژماردووە. دەکرێ ئەو شەستو پێنج وڵاتە بەسەر دوو کۆمەڵدا دابەش بکەیت:35وڵاتی زۆر دیموکراتیك, وڵاتانی نزیکەو دیموکراتیك“ وڵاتانی هێندێك دیموکراتیك23دانە, (بۆ سەرچاوە بڕواننە پاشکۆی ج)بەم شێوەیە"سەرکەوتنی دیموکراسی" وەك هێندێك جار گومان دەکرا هەرگیز تەواو پێگەیشتوونە بووە.

سەرەڕای ئەوە, بەراستی دەبێ نیگەرانی ئەوەبی کە ئایا دیموکراسی لەسەدەی بیستو یەکەمدا درێژەی دەبێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە وڵاتە دیموکراتیکەکان چەندە وەڵام دەدەنەوە بەململانێ و وتووێژەکانیان. یەکێك لەو ململانێیانە, هەروەك لەپێشەوە ئاماژەم پێدا, راستەوخۆ لەپاشکەوتە دژوارەکانی سەرمایەداری بازاڕ دەکەوێتەوە: ئەم سەرمایەداریە لە هێندێك بواردا بەبەرژەوەندی دیموکراسی دەجوڵێتەوەو, لە بڕێك بواریشدا لەدژی دیموکراسی. هۆیەکەشی لەم دووبەشەی دوایدا تاوتوێ دەکەین.

# فەسڵی 13

## }سەرمایەداری بازاڕ بۆ لە بەرژەوەندی دیموکراسی دایە{؟

**دیموکراسیو سەرمایەداری وەك ژنو مێردێك وان کە گیرۆدەی ژیانێکی پڕئاژاوەو ئاڵۆز هاتبن, بەڵام هەردوگیان بەو حاڵەشەوە درێژە بە ژیانیان**



**دەدەن“ چونکە هیچیان رازی بەجودابوونەوە نین لەیەکتر ئەگەر بمانەوێ لە جیهانی گژوگیادا. وێنەی بۆ بێنمەوە دەبێ بڵێم ئەو دوانە ژیانێکی دژ بە یەك بەسەر دەبەن. گەرچی پەیوەندی نێوان ئەو دوانە یەکجار ئاڵۆزە, بەڵام پێموایە بەپێی ئەو ئەزمونە زۆرو حاڵی گەشەیەی ئێمە لە سیستمە سیاسیو ئابوریەکان هەمانە, دەکرێ پێنج ئەنجام هەڵێنجێنین. دوانیان لەم فەسڵەداو ئەوانی دیکەش لە فەسڵی دوایدا دێنە ئاراوە.**

1ـ دیموکراسی گشتگیر تەنیا لەو وڵاتانەدا گەشەی کردوە کە سیستمی سەرمایەدرایی بازاڕ لەواندا لە ئاستێکی بەرزدا بووە, هیچ کاتێکیش لە وڵاتێکدا کە ئابورییەکی بازاڕی نەبووە دیموکراسی تێدا گەشەی نەکردوە. ئەو ئەنجامە, کەمن بە دیموکراسی گشتی, سنووردارم کردووە, وەك حکومەتە خەڵکیەکانی دەوڵەت-شارییەکانی یۆنان, ئیتالیایی سەدەکانی ناوەڕاست کە فەرمانڕەواییان کردووە هەروەها کامڵ بوونی دامەزراوە نوێنەرایەتیەکانو گەشەی بەشداری هاووڵاتیانی باکوری ئەروپاش, هەر وایە. بەڵام حەزدەکەم ئەو مێژوویەی, کە لە فەسڵی دووەمدا بەهێندێك لەلایەنەکانی ئاماژەدرا, بەخێرایی لێیان تێپەرم, تاتەنیا خەریکی دیموکراسی نوێنەرایەتی مۆدێرن بم- واتا دیموکراسی گشتگیر.

لەم بوارەدا هیچ جێگای گومان نیە کە: دیموکراسی گشت گیر تەنیا لەو وڵاتانەدا هەبووە کە ئابوری سەرمایەداری بازاڕ لەواندا گەشەی بووەو هیچ کات دیموکراسی لەو وڵاتانەدا نەبینراوە کە ئابووری بازاڕ لەواندا نەبووە.(یان باشترە بڵێم تەمەنی کورت بووە.) بۆ ئاوایە؟

**2ـ بوونی ئەم پەیوەندیە رێك بەو هۆیەیە کە هێندێك لە تایبەتمەندیەکانی سەرمایەداری بازاڕ بە قازانجی دامەزراوەدیموکراسی خوازەکان دەجوڵێتەوە. بەپێچەوانەی, هێندێك لەتایبەتمەندی بنەڕەتی ئابووری دەوڵەتی بەزەرەری ناوەڕۆكو هەوێنە دیموکراتیکەکان دەجوڵێتەوە.**

**لەئابوریەکی سەرمایەدرای بازاڕدا, دەوڵەتی ئابوری یان تاکەکانی ناوکۆمەڵن یان دامەزراوەکان(وەك کۆمپانیا,کیڵگەو, شتی تری لەو بابەتە) کە خاوەنەکانیان تاکەکان یا گروپو تاقمەکانو زۆربەی ئەوانە دەوڵەت**



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

خاوەنیان نیە. ئامانجی سەرەکیئەمانە بریتییە لە دەستکەوتی ئابوری بەشێوەی حەق دەست, قازانجو بەکرێ دان.ئەوانەی کە ئەو نووسینگانە بەڕێوە دەبەن پێویستیان نییە. بە هەوڵدان بۆگەیشتن بە ئامانجی گشتیو بەرزکردنەوەی دروشمیو قەبەو تەمو مژاوی وەك ئاسایشی گشتیو بەرژەوەندی مرۆڤ, بەرژەوەندییە کەسیەکانیان دەتوانێ ڕێنیشاندەری ئەوان بێ. لەبەر ئەوەی کە بازاڕ زۆرتر زانیاری سەرەکی پێویستی خاوەن زەوی, بەڕێوەبەران, کرێکارانو کەسانی دیکە پێك دێنێ" دەتوانن بەبێ ڕێنوێنی سەرەوەی خۆیان بڕیار بدەن.(ئەم کارە بەو مانایە نیە کە ئەوان دەتوانن بێ گوێدان بە یاساو ڕێساکان بجووڵێنەوە. لە فەسڵی دواییدا دەگەڕێمەوەسەر ئەم بابەتە.)

پێچەوانەی ئەوەی کە هەستی سەرەتایی ئێمە ڕەنگە پێمان بڵێ, بازاڕ لە خزمەتی ڕێکخستنو کۆنترۆڵی بڕیارەکانی توخمی ئابووری دایە. ئەزمونی مێژوویی, بەشێوەیەکی زۆر نیشانی داوە, ئەو سیستمەی کەلەلایەن کۆمەڵێك بزوتنەوەی نەیاری سەربەخۆوە, زۆر بڕیاری تێدا دەگیرێ, و هەرکامێکیش لەم بزوێنەرانە بەپێی بەرژەوەندی بەرچاو تەنگانەی خۆیانو ئەو زانیاریەی کە لە بازاریان وەرگرتووە دەجووڵێنەوە, کەلوپەلو خزمەتگوزاریەك پێشکەش دەکەن کەلەهەر هاوتایەکی ناسراوی دیکە شایانترە. لەوەش بەرەژوورتر, ئەو کارە وەها بەڕێكو پێکی بەڕێوە دەبا کە بەراستی جێی سەر سوڕمانە.

لە ئاکامدا,سەرمایەداری بازاڕ لە درێژماوەدا دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری گەشەی ئابووریش لەبەرژوەندی دیموکراسیدایە. یەکەم گەشەیی ئابووری کە بە لەناوبردنی هەژاریو چاککردنی ژیان یارمەتی کەمبوونەوەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان دەدا سەرەرای ئەوەش, کاتێك کە کێشەی ئابووری دێتە ئاراوە, گەشەکردنی بازاڕ سەرچاوەیەکی زۆرتر لەوەی هەیە دەنێتە بەردەست لایەنی کێشەکانو دەرەنجام ئەگەری دەستکەوتی ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان هەموار دەکات. کاتێك کە گەشەیەك لە ئارادا نیە, دژایەتیە ئابووریەکان, ئەگەر بمانەوێ بەزمانیوەرزشکاران بدوێین,



دەکاتە(سەرجەم- سفر): ئەوەی کەمن بەدەستی دێنم تۆ لەدەستی دەدەی, ئەوەی کە تۆ بەدەستی دێنی من لەدەستی دەدەم. جا لەبەر ئەوە هاریکاری بێ کەڵکە.

گەشە بۆ کەسەکان, گروپو حکومەتەکان سەرچاوەیەکیدارایی زیاتر دەخاتەبەردەست کە خەرجی پەروەردە بکرێو ببێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندەواری هاووڵاتیان.

هەورەها سەرمایەداری بازاڕ بەکەڵکە بۆخەڵك لە ڕووداوەسیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوودا. ئەم سەرمایەداریە توێژێکی مامناوەندی بەرین لە پارەداران پێك دێنێ کە خوازیاری پەروەردە, سەربەخۆیی, ئازادی, تاکەکەسی, مافی خاوەنداریەتی, دەسەڵاتی یاساو بەشداری حکومەتن.

هەروەك ئەرەستو بۆ یەکەم جار وتی: چینو توێژە مامناوەندیەکان هاوپەیمانانی سروشتیی دیموکراسین. سەرەنجام, گرنگتر لەهەموو شتێك, ئابووری سەرمایەداری ئازاد, بەدابەشکردنی زۆربەی بڕیارەکان بەسەر کەسو کۆمپانیاتا رادەیەك سەربەخۆکان, خۆدوور رادەگرێ لە حکومەتێکی ناوەندی بەهێزو دەسەڵاتخواز.

ئابووریەکی نابازاڕی لەو جێگایەی کە سەرچاوەکان دەگمەننو بڕیارە ئابووریەکان کەم دیارە, دەتوانێ دەوامی هەبێ. بەڵام لەکۆمەڵگایەکی ئاڵۆزتردا, بۆ پشتگیریو خۆلادان لە گێرەو کێشەی ئابووریو لانی کەم, پێکهێنانی ئاستێکی مامناوەندی لە ژیاندا, دەبێ لەبری ئەم بەشداریو کۆنترۆڵەی کە بازاڕ بەڕێوەی دەبا جێگیرێك بدۆزرێتەوە. تەنها جێ نشینی کاراش, دەوڵەتە.لەبەر ئەوە, بڕیارەکانی پەیوەندیدار کۆمپانیا سەرمایەداریەکان لەسیستمێکی ئابووری نابازاڕیدا- جا ئێستا خاوەندارێتی یاسایی ڕەسمی ئەوان هەرشێوەیەکی هەبێ- بەکردەوە لەلایەن حکومەتەوە دەگیرێو کۆنترۆڵ دەکرێ. بێ بەشداری بازار, ئەرکی دابین کردنو دیاری کردنی سەرچاوە دەگمەنەکان دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت, واتا سەرچاوەکانی وەك سەرمایە, کار, سەیارەو ئامرازە ماشێنیەکان, زەوی, باڵەخانە, کەلو پەلی بەکارهێنان,ماڵو جێی ژیانو زۆرشتی دیکە. حکومەت



تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

بۆ بەڕێوەبردنی ئەم چەشنە کارانە، پێویستی بە گەڵاڵەیەکی ناوەندی ڕۆشنو تەسەل هەیەو بەو پێیە گەورە بەرپرسانی دەسەڵاتدار ئەرکی سەرشانیانە گەڵاڵەیەکی ئاوا ڕێكو پێك بکەنو بەڕێوەی بەرن، هەروەها چاودێری بەڕێوەبردنیشی بن. ئەو کارە ئەرکێکی زۆر گرنگە کە پێویستی بەزانیاریەکی یەکجار زۆری شیاو وجێی متمانە هەیە. بەرپرسە دەسەڵاتدارەکان، بۆ ڕەزامەندی خەڵك لە ڕێنوێنەکانیان، دەبێ ڕێوشوێنی باش بدۆزنەوەو بەکاری بێنن. ئەم ڕێوشوێنانە لە پاداشەوە دەست پێ‌دەکەن، چ پاداشی یاسای(لەوانە کرێو حەق دەست)و چ پاداشە نایاساییەکان(بۆ نموونە بەرتیل)، هەتا زۆرە ملیو تەمبێ(لەوانە بەڕێوەبردنی تەمبێی ئیعدام بۆ"تاوانە ئابووریەکان") دەگرێتە خۆی. هیچ حکومەتێك، جگە لەکاتی تایبەتو تیژ تێپەڕ، لەبەڕێوەبردنی ئەم کارە سەرکەوتوو نەبووە. بەڵام بەهەر حاڵ ئەم ناکاراییە، ئابووریەکی لە ناوەند داڕێژراو نیە کە زۆرترین زەرەر بەهەوێنی دیموکراسی دەگەیەنێ، بەڵکو ئەنجامی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەو ئابووریەیە. ئابووریەك کەلە ناوەند داڕێژرابێ هەموو سەرچاوە ئابووریەکان دەنێتە ژێر دەستی بەڕێوەبەرانی حکومەت. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو گەنجەداباریوە بەرهەمی سیاسیە پێش بینی بکەین. دەبێ ئەم دەستەواژەیە بینینەوە بیر کە"دەسەڵات دەبێتە هۆی گەندەڵ بوونو دەسەلاتی ڕەها دەبیتە هۆی گەندەڵ بوونی ڕەها" ئابوریەکی لە ناوەند داڕێژراو وەك ناردنی کارتێکی بەپەلەیە بۆ ڕابەران کەلەوێدا بەپیتی گەورە نوسرابێ: ئێوە ئازادن لەوەدا هەموو سەرچاوە ئابوریەکانی بەردەست بۆ بەهێز کردنی دەسەڵاتەکەتان بەکاربێنن! ڕابەرانی سیاسی دەبێ خاوەنی لەخۆبردوویەکی ئەوپەڕ مرۆیی بن تابتوانن لەبەرامبەر ئەو زێدە ڕۆییە خۆڕاگرن. مەخابن کە پێشینەی خەماوی مێژوو لەم بوارەدا ڕوونە: ئەو دەسەڵاتدارانەی کە دەستیان بەو سەرچاوە گەورانە ڕاگەیشتوو. بەهۆی ئابووری لە ناوەند داڕێژراو هەموویان جەخت دەکەن لەڕاست بوونی ئەم دەستەواژەیە. هەڵبەت، ڕابەران لەوانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە باش یان خراپەکانیان کەڵك لە ملهوریان وەرگرن.

www.pertwk.com

مێژوو هەردووکیانی نووسیوەتەوە. هەرچەند بەبڕوای من، کاری گەندەڵی ملهوران هەمیشە لە کردەوەی باشی ئەوان زۆرتر بووە. بەهەر حاڵ ئابووری داڕێژراوی ناوەند بەردەوام پەیوەندیەکی نزیکی هەبووە لەگەڵ ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان.

## چەند مەرج

ئەگەرچی ئەم دووئەنجامەی سەرەوە باوەڕپێکراون، بەڵام دەبێ چەند مەرجێکیشیان هەبێ.

یەکەم: گەشەی ئابووری پەیوەندی نیە بە وڵاتە دیموکراتیکەکانەوە، دابەزینی ئابووریش پەیوەندیدار نیە بەنەتەوە نادیموکراتیکەکانەوە. لەڕاستیدا، وادێتە بەرچاو پەیوەندیەك نیە لە نێوان گەشەی ئابوری لە وڵاتێکداو شێوەی حکومەت یان ڕژێمی ئەو وڵاتە.[1]

سەرەڕای ئەوە، گەرچی دیموکراسی تەنیا لەو وڵاتانەدا بووە کە خاوەنی ئابووری سەرمایەداری بازاڕ بوون، بەڵام سەرمایەداری ئازاد لە وڵاتە نادیموکراتیکەکانیشدا بووە. لەزۆربەی وڵاتاندا- بەتایبەتی تایوانو کۆریای باشوور- ئەو هۆکارانەی لەپێشەوە باسکران لەپاڵ گەشەی ئابووری بازاڕدان، بۆ خۆیان دەبنە هۆی سەقامگیر بوونی دیموکراسی. لەم دوو وڵاتەدا ڕابەرانی دەسەڵات خواز، کە سیاسەتەکانیان بۆتە هۆی پەرەئەستاندنی ئابووریەکی سەرکەوتووی بازاڕ، پیشەسازی بۆ ناردنە دەرەوە، گەشەی ئابووریو پێکهاتنی چینو توێژێکی مامناوەندی بەربڵاوی خوێندەوار،لەهەمان کاتدا نائاگایانە تۆوی لەناوچوونی خۆیان چاندووە. لەبەر ئەوە هەرچەند سەرمایەداری بازاڕو گەشەی ئابووری بەقازانجی

---

[1] بەڵگەی ڕوونی ئەم وڵاتانە دەتوانی لەم سەرچاوانەی دابیینی:

Bruce Russett, “A Neo- Kantion Perspectise Democracy, Interdepend and International Organizations in Building Security Communitience in Emanuel Adler and Michael Barnett, eds, Security Communities in Comparative and Historical Perspectise(Cambridge: Cambridge University Press, 1998).

Adom Przeworski and Fernando Limongi, “Political Rrgimes and Economic Growth” Joural of Economic Perspeotises 7,3 (summer 1993), p.p 51-70.

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک

www.pertwk.com

دیموکراسی دەجوڵێنەوە, بەڵام لە درێژماوەدا لەوانەیە قازانجێکی ئەوتۆیان بۆ رژێمە نادیموکراتیکەکان نەبێتو بەڵکو لەدژی ئەوانیش بجوڵێنەوە.
دەرەنجام پەردەی کۆتایی ئەم دراما مێژوییە لە سەدەی بیستو یەکدا دێتە سەر شانۆو روون دەبێتەوە کە ئایا رژێمی نادیموکراتیکی چین دەتوانێ لە بەرامبەر ئەو هێزە دیموکراتیکانەی کە سەرمایەداری بازاڕ پێکی هێناوە خۆڕاگری بکەن, یانا؟

بەڵام بەهەر حاڵ ئابووری سەرمایەداری بازاڕ وەنەبێ تەنیا بەشێوەی پیشەسازی یان ئەوپەڕ پیشەسازی شاریی سەدەی بیستەمیانە ببێ. ئەم ئابوریە دەتوانێ لەبواری کشتوکاڵدا خۆ دەرخا- یان لانی کەم لە رابردوودا بەم شێوەیە خۆی دەرخستووە. هەرواکە لە فەسڵی 2 دوو دا بینیتان, لەسەدەی نۆزدەدا دامەزراوە سەرەکیە دیموکراتیکەکان بێجگە لە مافی دەنگدانی ژنان, لەزۆربەی ئەو وڵاتانەدا پەرەی سەند کە لە رابردوودا ئابوورییەکی کشتوکاڵییان وەك- وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا, نیوزلاندو ئوسترالیا-. لەساڵی 1790, واتا یەکەم ساڵی بەڕێوەبردنی یاسای سەرەکی نوێ(هەروەها لە حاڵی مکبووندا) لە کۆماری ئەمریکا, لەنێو کۆمەڵێکی کەمتر لە چوار ملیۆن کەس, تەنیا لەسەدا پێنجیان لەو شوێنانە دەژیان کە ئاپۆرەی خەڵکەکەی زیاتر لەدوو هەزارو پێنج سەد کەس بوو, لە سەدا 95 کەسی دیکە لە شوێنە کشتوکاڵییەکان, زۆرتر لەمەزراو کێڵگەکان دەژیان. تاساڵی 1820,واتا کاتێك کە دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیەکانی گشتگر(سپی پێستانی پیاو) لەمەوبەر بەشێوەیەکی قایمو پتەو سەقامگیر ببوون, لەنێو کۆمەڵگایەکی دە ملیۆن کەسیدا, لەهەر دەکەس پتر لە 9کەس لە کێڵگەو گوندەکان دەژیان. لەسەرەتای شەڕی ناوخۆی 1860, کاتێك کە ئەم وڵاتە سی ملیۆن کەس بوو, لەهەر دە کەسی ئەمریکایی, هەشت کەسیان لەناوچە دێهاتیەکاندا دەژیان. ئەو ئەمریکایەی کە دوتۆکویل لە کتێبەکەیدا واتا"دیموکراسی ئەمریکا" باسی لێ کرد دێهاتی بوو, نەك پیشەسازیی.
هەڵبەت کۆمپانیا ئابووریەکانی ئەو کۆمەڵگایە زۆرتر کشتوکاڵیی بوو, کە



خاوەنداریێتیو بەڕێوەبردنیان خاوەن زەوییو جوتیاران بوون. زۆربەی ئەوانەی کە بەرهەمیان دێنا خەرجی پێداویستی تایبەتی خۆیانیان دەکرد.
بەڵام بەگشت ئەمانەوە, خاڵی گرینگ ئەوەیەکە ئابووری بەگشتی بەربڵاوو ناوەندی نەبوو,(لەراستیدا زۆرتر لەوەی کەلە بەپیشەسازی بووندا روودەدا), ئەم نا ناوەندیی بوونەی ئابووری بوو بەهۆی ئەوەکە سەرۆکانی سیاسی ئەوەندە دەستیان رانەگا بە سەرچاوە ئابووریەکان, هەروەها بوو بەهۆی دروست بوونی چینو توێژێکی مامناوەندی بەربڵاو لەجوتیارانی ئازاد. بەم شێوەیە بۆ پەرەئەستاندنی دیموکراسی زۆر بەکەڵك بوو. لەراستیدا بۆچوونی تۆماس جیفرسۆن سەبارەت بە دیموکراسی, بنەمای پێویستی خەڵك سالاری کۆمەڵگای دێهات بوو کە پێکهاتبوو لەجوتیارانی سەربەخۆ.

ئایا دەستپێکی پێش پیشەسازی لە مێژینەترین دیموکراسیەکان پەیوەندی نیە لەگەڵ وڵاتە ئەوپەڕ پیشەسازیەکانی ئێستا؟ نا. گشت ئەم ئەزموونانە مەکۆی هیوا گەلێکی گرنگن: ئابووریەکی ناناوەندی کە دەبێتە هۆی دروست بوونی نەتەوەیەك لە هاوڵاتیانی سەربەخۆ, خەباتی سەرەکی هەرچی دەبێ بابێ, بۆگەشەو پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتیکەکان زۆر بەکەڵکە.

کەمێك لەمەوبەر ئاماژەمان بە"هەلو مەرجێکی دەگمەنەو زوو تێپەڕ بوو" کرد کە حکومەتەکان لەژێر ئەم هەلو مەرجەدا بەشێوەیەکی شایان لەبەڕێوەبردنی گەلاڵەو بەرنامەی ناوەندیدا سەرکەوتوو دەبن. بابەتی جێی سەرەنج ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە دیموکراتیك بوون. ئەوانە وڵاتانی سەردەمی شەڕی بەریتانیاو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون لە درێژەی شەڕی یەکەمی جیهانیو بە جەختێکی زۆرترەوە لەناو شەڕی دووهەمی جیهانیدا. بەڵام لەم چەشنە بوارانەدا, بەرنامە دارشتنو تایبەتمەندی سەرچاوە ئاشکراکان ئامانجێکی تایبەتیان هەبوو, کە بریتیبوون لە زەمانەتو پێکهێنانی پێویستە چەکداریەکان لە پال ئەوەشدا دابین کردنی کەلو پەلو خزمەتگوزاری سەرەکی هاووڵاتیانی ئاسایی. ئامانجەکانی شەڕ



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

لەلایەن گشتەوە داکۆکی لێدەکرا. هەرچەند چەندین بازاڕی ڕەش پێکهاتن, بەڵام ئەوەندە گران نەبوون کە لێهاتووی سیستمی ناوەندی پەیوەندیدار بە سەرچاوەو کۆنترۆڵی قیمەتەکان دابەزێنن. لە ئاکامدا, دوای دامەزرانی ئاشتی ئەم سیستمە پڕ پێچو ئاڵۆز بوو. دەرەنجام, رابەرە سیاسیەکان مەجالیان نەبوو, لە زاڵ بوونی خۆیان بەسەر سەرچاوە ئابووریەکان, بۆ مەبەستی خۆیان کەڵك وەرگرن. ئەگەر ئێمە سیستمەکانی سەردەمی شەڕ لەبەرچاو نەگرین, ئابووریەکانی پەیوەندیدار بەناوەندەوە تەنیا لەووڵاتانەدا بینراون کە رابەرانیان لە بنەڕەتدا دژە دیموکرات بوون. لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین بەسانایی دەرەنجامی نادیموکراتیك بوونی سیستمی ئابووری لە دەرەنجامی نادیموکراتیك بوونی بیروڕای رابەران جیاکەینەوە. لینین‌و ستالین وا لەگەڵ دیموکراسی نەیار بوون کە چ بە ئابووری پەیوەندیدار بە ناوەندەوەو چ بێ ئەو پێشیان بە گەشەی دامەزراوە دیموکراتیکەکان دەگرت. ئابووری ژێر دەسەڵاتی ناوەندی کاری ئەوانی ئاسانتر دەکرد, چونکە سەرچاوەیەکی فرەتریان لەژێر دستدا بوو بۆ داسەپاندنی ویستەکانیان بەسەرکەسانی دیکەدا.

لەبەر ئەوە, ئەگەر بمانەوێ روونتر بدوێین, دەبێ بڵێبن ئەو ئەزموونە مێژوویيەی کە دامەزراوە دیموکراتیکەکان لەگەڵ ئابووریەکی ژێردەسەڵاتی ناوەندی سەردەمی شەڕ هاوپێکهاتە دەکا هەرگیز دەرەنجامێکی وەرنەگرتوون. بەش بە حاڵی خۆم هیوادارم هەرگیز پێك نەیەت. واپێدەچێ ئەگەری ئەنجامێکی وەها روون‌و ئاشکرایەو, داهاتوویەکی خراپی دەبێ بۆ دیموکراسی.

سەرەڕای ئەوانەش تەنانەت ئەگەر سەرمایەداری بازاڕ زۆرتر لەهەر ئابورییەکی نابازاڕی کە هەتا ئێستا بووە, بۆ دیموکراسی لەباربێت, دەبێ بڵێین کە, لە هەمان کاتدا دەرەنجامی زۆرنالەباریشی بەدواوەیە. ئەم چەشنە دەرەنجامانە لەبەشی دوایدا تاوتوێ دەکەین.



# فەسڵی 14

## بۆچی سەرمایەداری بازاڕ زەرەر لە دیموکراسی دەدات؟

هەرکاتێك ئێمە لەروانگەیەکی دیموکراتیکانەوە بڕوانینە سەرمایەداری بازاڕ, یا کاتێك لەنزیکەوە تاوتوێی بکەین, تێدەگەین کە ئەو سەرمایەداریە دوو رووی هەیە. ئەم دوو ڕوویە, وەك ژانووس, خوای, یۆنانی, هەریەکەیان رووی کردووەتە لایەك. کە رووخساری دۆستانەیە, بەرەو دیموکراسی‌یە. روویەکەی دیکە, واتا رووخساری دوژمنانە, بەرەو لایەکی تر.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

**3-ديموكراسیو سەرمايەداری بازاڕ لە ناكۆكییەكی بەردەوامدانو پەيوەندن بەيەكەوە هەركاميان ئەوی ديكەيان راست دەكاتەوەو سنوری بۆ دادەنێ.**

**تاساڵی 1840, سیستمێكی ئابووری بازاڕ لەگەڵ بازاڕەكانی خۆكۆكدا لەكارو زەویو پارە, لە بەريتانيا سەقامگير ببو. سەرمايەداری بازاڕ لە گشت بەرەكاندا دوژمنەكانی خۆی تێكشكاندبوو: نەتەنيا لەبواری تیۆریو كردەوەی ئابووريەوە, بەڵكوو لەبواری سياسەت, ياسا, بيروڕا,فەلسەفە و ئايديۆلۆژياوە. لەبەرئەوە وادێتە بەرچاو كە نەيارەكانی تەواو لەناوبران. بەو حاڵەوە لە وڵاتێكدا كە خەڵك مافی دەنگدانيان هەبێ, بەو چەشنەی بەريتانيا كە تەنانەت پێش سەقامگير بوونی ديموكراسيش هەيانبووە, سەركەوتنێكی وەها ناتوانێ بەردەوام بێ.[1] سەرمايەداری بازاڕ, وەك هەميشە, بۆ هێندێك بەهرەمەندو بۆ هێندێك زەرەرمەند بوو. هەرچەند مافی دەنگدانی گشتی زۆربەرتەسك بوو, بەڵام دامەزراوە سياسيەكانی حكومەتی نوێنەرايەتی بەشێوەيەكی بەربڵاو سەقامگير ببون. هەروەها لەسەردەمێكی بەكەڵكدا- لەساڵی 1867ودووبارە لەساڵی 1884- مافی دەنگدانی گشتی پەرەی ئەستاند, دوای 1884زۆربەی پياوان خاوەنی مافی دەنگدان بوون. بەو شێوەيە سیستمی سياسی دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا لێهاتووی خۆی لەبەرامبەر سەرمايەداری بێ سەروبەری بازاڕ نيشان بدات. ئەوانەی كە هەستيان دەكرد لەلايەن بازاڕە بێ سەروبەرەكانەوە زەربەيان بەركەوتووە لايەنگرييان لەرابەرانی سياسی دەسەڵاتداری كرد.**

**لەمەبەدواوە, نەيارانی ئابووری رەها, نارەزايەتيەكانی خۆيان لە ڕێگەی رابەرانی سياسی, بزوتنەوەكان, حيزب, بەرنامە, بيروڕا, فەلسەفە, ئايدۆلۆژيا, كتێب, بڵاوكراوەكانو گرينگتر لە هەمووی بەشێوەيەكی كارامە دەنگو هەڵبژاردنەوە دەردەبڕی. حيزبی تازە پێكهاتووی"كرێكار" توانای خۆی تەرخان كرد بۆگيروگرفتی كرێكاران.**

[1] باسی كلاسيكی ئەمە دەكرێ لەوەدا ببينين:
Karl Polanyi, the Great transformation (New York: Farrar and Rinchart,1999).



**گەرچی هێندێك لە نەياران, تەنيا دامەزرانی سیستمێكيان پێشنياز دەكرد بۆ سەرمايەداری بازاڕ, كەسانی ديكە خوازياری روخاندنی بوون. هێندێكيش ئەو دوانەيان پێكەوە لێك گرێدەدا: دەيانگووت, رێگەبدەن جارێ رێكی بخەين پاشان رەتيبكەينەوە. ئەوانەی كە خوازياری لابردنی بوون هەرگيز بەئاواتی خۆيان نەگەيشتن. بەڵام ئەوانەی خوازياری بەشداری حكومەتو رێكو پێك كردنی ئەو بوون زۆرجاران پێگەيشتن.**

**ئاڵوگۆڕی ئەورووپای رۆژئاواو وڵاتانی ئينگليزی زمانيش وەك بەريتانيا وابوو. هەر وڵاتێك دەكەوتە ژێر كاريگەری بزوتنەوەی نارەزايەتی خەڵكيەوە, سياسەتی رەهاكردنو هەوسار پساوی نەيدەتوانی خۆی رابگرێ. سەرمايەداری بازاڕ بەبێ دەستێوەردانی حكومەت لە وڵاتێكی ديموكراتيكدا بەدوو هۆ نەدەشيا.**

يەكەم: **دامەزراوە سەرەكيەكانی سەرمايەداری بازاڕ خۆی لەخۆيدا پێويستيان بەدەست تێوەردانو رێكوپێك كردنی زۆربەی حكومەتی هەيە. بازاڕەكان, خاوەنداريێتی توخمی ئابووری, وەگەڕ خستنی بڕيارنامەكان, پشتگيری لە پاوانخوازی, داكۆكی كردن لەمافی خاوەنداريێتی- ئەو بوارانەو زۆربەی بوارەكانی ديكەی سەرمايەداری بازاڕ بەتەواوی پەيوەنديان هەيە بەياسا, سياسەت دانان, ئاگاداريەكانو گەلێك چالاكی ديكە كە لەلايەن حكومەتەكانەوە بەڕێوەدەبرێ. ئابووری بازاڕ بەتەواوی بۆخۆی كۆك نيە ناشتوانێ ببێ.**

دووەم, **بێ دەست تێوەردانو رێكخستنی حكومەت, ئابووری بازاڕ زەربەی كاريگەر لە هێندێك خەڵك دەدات" ئەوانەی كە زەرەريان لێكەوتووە يان لەژێر هەڕەشەدان خوازياری دەست تێوەردانی حكومەتن. ئەوانەی رقەبەرايەتی ئابووری دەكەنو لەژێر كاريگەری بەرژەوەندی تاكەكەسيدان, مەيلێكی ئەوتۆيان نيە بۆ پاراستنی قازانجی كەسانی ديكە" بەپێچەوانەوە, ئەگەر بەقازانجی خۆيان بێ توانايەكی زۆريان هەيە بۆ پێشێل كردنی قازانجی كەسانی ديكە. ويژدانی مرۆڤ بەسانايی لەبەرامبەر ئەو پاساوەدا كە بۆ زەرەردان دەيهێننەوە هەڵدەخەڵەتێو دادەمركێ."ئەگەر من ئەو كارە**



www.pertwk.com تايبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

نەکەم, کەسانی دیکە دەیکەن. ئەگەر من پاشاوی کارگەکەم نەڕێژمە
رووبارەوەو دووکەڵەکەی لە هەوادا بڵاو نەکەمەوە, کەسانی دیکە دەیکەن.
ئەگەر من بەروبوومە ناساغەکەم نەفرۆشم, کەسانی تر دەیفرۆشن. ئەگەر من
..... نەیکەم, کەسانی تر دەیکەن." لە ئابووریەکدا کە کەم تاکورتێك ململانێ
هەیە, لەراستیدا, بەکردەوە ئەو راستیە ئاشکرایە کە کەسانی تر دەیکەن.
کاتێك کە بڕیارەکانی هەڵقوڵاو لە ململانێو بازاڕە بێ سەرو بەرەکان
دەبێتە هۆی زەرەردان, ئەو کات کۆمەڵێك پرسیار بەناچاری دێنە گۆڕێ. ئایا
دەکرێ ئەو زەرەرە لابرێ یا کەم کرێتەوە؟ کە دەکرێ, ئایا بەبێ
داسەپاندنی خەرجی زیادە بەسەر بەرژەوەندی جێمەبەستدا دەکرێ
بەڕێوەببرێ؟ کاتێك کە هێندێك زەرەرمەند دەبنو هێندێك سوودمەند,
کەسروشتیەکەشی وایە, ئێمە چۆن دەتوانین دادوەری بکەین کەچ شتێك
لەبارەو باشە؟ باشترین رێگاچارە چییە؟ یان ئەو رێگا چارەیەی کە باشترینیش
نەبێ, لانی کەم پەسەند بێ, چییە؟ ئەو بڕیارانە چۆن دەبێ بگیرێن, چ
کەسانێك بیان گرن؟ چۆنو بەچ کەرەسەیەك دەبێ ئەو بڕیارانە بەڕێوەببرێن؟
ئاساییە کە ئەو پرسیارانە تەنیا ئابووری نین. بەڵکە ئاکاریو سیاسیشن.
لەوڵاتێکی دیموکراتیکدا ئەو هاووڵاتیانەی بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەدا
دەگەڕێن, بەناچاری تێکەڵاوی سیاسەتو حکومەت دەبن. باشترین شت کە
دەتوانێ لەئابووری بازاڕدا دەستی هەبێو داهاتووی زیانباری ئەو چارەسەر
بکا تەنیا... حکومەتە. هەڵبەت ئەوەی کە هاووڵاتیانی نارازی لەم چەشنە
بوارانەدا سەرکەوتوو دەبن یان نا, پەیوەندی هەیە بە گەلێك هۆکارەوە,
لەوانە بە لێهاتووی سیاسی هێزە نەیارەکان. بەڵام بەهەر حاڵ رابردووی
مێژووی ئەو چەمکە بە تەواوی ئاشکرایە:
لەگشت وڵاتە دیموکراتیکەکان[1] زەرەرێك کە لەلایەن بازاڕە بێ
سەروبەرەکانەوە رووبەرووی هێندێك لە هاووڵاتیان بۆ تەوە, یان هەڕەشەیان

[1] لەزۆربەی ولاتە نادیموکراتیکەکانیش بارودۆخ بەم رەواڵەتەیە. بەڵام چەمکی جێی باسی ئێمە لێرەدا,
پەیوەندی نێوان دیموکراسیو سەرمایەداری بازاڕن.



لێدەکا, حکومەتی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتە کە بێ دەنگ نەبێ سەبارەت
بەوەو ئاڵوگۆڕی تێدابکا.
لەوڵاتێکدا کە سەبارەت بەبەڵێنەکانی بەسەرمایەداری بازاڕ ناوبانگی
هەیە, واتا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, شێوازی دەستێوەردانی حکومەتە
نەتەوەییەکانی هەرێمیو ناوچەیی, لە ئابووری وڵاتدا ئەوەندە زۆرە کە
ناکرێ بخرێتە لیستەوە. لێرە بەچەند نموونە رازی دەبین:
-بیمەی بێکاری,
-مانگانەی بەساڵاچوان"
-سیاسەت دانانی ئابووری بۆ رێگرتن لە ئاوسانو دابەزینی ئابووری"
-ئاسایش: خواردن, دەرمان, هێلی هەوایی, هێلی ئاسن, شارێگاو
شەقامەکان"
-تەندروستی گشتی, رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی درمو پەتاکان. کوتانی
زۆرەملێ قوتابیان"
-بیمەی تەندروستی"
-پەروەردەو ڕاهێنان"
-فرۆشتنی بەشی کۆمپانیاکان"
-ناوچە ناوچەکردن: بازرگانی, شوێنی نیشتەجێبوونو شتی تر"
-دیاری کردنی پێوەرەکانی بیناسازی"
-مسۆگەر کردنی ململانێ لەبازاڕدا, رێگرتن لە پاوانخوازیو زۆربەی ئەو
تەنگو چەڵەمانەی کە بۆ بازرگانی دێتە پێشێ"
-دانان یان کەمکردنەوەی گومرگو باج.
-دەرکردنی بڕوانامە بۆ دوکتۆران, ددان سازان, پارێزەران, ژمێریارانو
کەسانی ترو پیشەکارەکانی دیکە,
-دروستکردنو پاراستنی پارکە دەوڵەتیو گەلیەکان, ناوچەی گەشتو
سەیران, هەروەها ناوچەی تایبەتی گیانلەبەرە کێویەکان"
-رێکخستنی کۆمپانیاکانی سەرمایەدانان بۆ رێگرتنو چاککردنەوەی
زەرەرەکانی ژینگەیی.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

-ڕێکخستن‌و فرۆشتنی بەروبوومەکانی توتن بۆ کەم کردنەوەی فێربوونی جگەرەکێشان‌و تووشبوون بە, شێرپەنجەو کاریگەریە زەرەر مەندەکانی دیکەو....

بەکورتی ئەوەیە کە: لە هیچ وڵاتێکی دیموکراتیکدا, سەرمایەداری بازاڕ بەبێ ڕێکخستن‌و دەست تێوەردانی بەرینی حکومەت بۆئاڵ‌و گۆڕی کاریگەری زەرەرمەندیەکانی نیە(لەوانەشە لە درێژماوەدا هەر شتی وانەبێ.)

بەوحاڵەشەوە ئەگەر بوونی دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکان لە وڵاتێکدا کاریگەری تەواوی هەبێ لەسەر سەرمایەداری بازاڕ, بوونی سەرمایەداری بازاڕیش لە وڵاتێکدا کاریگەری گەورە دادەنێ لەسەر کردەوەی دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکان. لەبەرئەوە دەکرێ بڵێین پەیوەندیەکی دوولایەنە لە نێوانیاندا هەیە: لە سیاسەتەوە بۆ ئابووری لە ئابوورییەوە بۆ سیاسەت.

4-لەبەرئەوەی کە سەرمایەداری بازاڕ بەدڵنیایی نایەکسانی پێك دێنێ, دەرەنجام بە پێکهێنانی نایەکسانی تواناى دیموکراتیکی دیموکراسی گشتگر سنووردار ئەکا بۆ دابەش کردنی سەرچاوەی سیاسی.

چەند خاڵێك دەربارەی هەندێ لە دەستەواژەکان.

سەرچاوەی سیاسی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەبەردەستی کەسێك یا گرووپێك دان‌و ئەو کەسە یا ئەو گرووپە دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ بۆ کارتێکردنی ڕاستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەشەڕ هەڵسوکەوت‌و کردارنی کەسانی تر. بڕێکی زۆر لە بوارو لایەنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەکات‌و شوێنی تایبەتدا دەتوانی بگۆڕی بەهۆی سەرچاوەی سیاسییەوە هێزی لەشی مرۆڤو چەك‌و چۆڵ, پارەو پوول, سەروەت‌و سامان, کەل‌و پەل‌و خزمەتگوزاری, سەرچاوە بەرهەم هێنەرەکان, بەروبووم, شکۆ, شەرەف, ڕێز, سۆزداری, ژیرێتی, ئابڕوو, زانیاری, ڕێزداری, پەروەردە, پەیوەندی, کەرەسەی پەیوەندی گشتی, دامەزراوەکان, پلەو پایە, جێگاو شوێنی یاسا, کۆنتڕۆڵی بنەماو باوەڕەکان, دەنگ‌و زۆربەی شتەکانی دیکەش. لە

لەلایەکەوە ئەو بیرو باوەڕە هەیە کە سەرچاوەیەکی سیاسی دەبێ بەشێوەی یەکسان دابەش بکرێ. هەروەك چۆن دەنگەکان لەوڵاتێکی دیموکراتیکدا یەکسان دابەش دەکرێن. لەلایەکی تریشەوە, بۆچوونێکی دیکە هەیە کە لەسەر ئەو بڕوایەیە سەرچاوەیەکی سیاسی دەبێ لەدەستی کەسێك یان چەند کەسانێك کۆببێتەوە. هەروەها زۆر پێکهاتەی تریش لە نێوان دابەشکردنی یەکسان‌و کۆکردنەوەدا هەن.

زوربەی ئەو سەرچاوانەی کە ئێستا ژماردمن, لە گشت جێیەك بە شێوەیەکی زۆر نایەکسان بڵاوبوونەوە. هەرچەند سەرمایەداری بازاڕ تەنیا هۆی ئەو چەشنە نایەکسانییە نییە بەڵام لەدابەشکردنی نایەکسانی زۆریك لەسەرچاوەکان دەوری گرنگی هەیە, لەوانە: سامان, داهات, شکۆ, ئابڕوو, زانیاری, دامەزراوە, پەروەردە, ڕێزداریو............

بەهۆی بوونی نایەکسانی لەسەرچاوە سیاسیەکاندا, هێندێك لە هاووڵاتیان دەتوانن زۆرتر لە ئەوانیتر کاریگەریان هەبێ لەسەر بڕیاردانەکان, سیاسەتدانان‌و کارایی حکومەت.

بەداخەوە, ئەم چەشنە کەم‌و کوڕیانەش کەم نین. لەئاکامدا, هاووڵاتیان لە بواری سیاسیدا پێکەوە هاوسان نین- بەهیچ شێوەیەك یەکسان نین- لەبەرئەوە بنەمای ئاکاریی دیموکراسی, واتا یەکسانی سیاسی هاووڵاتیان پێشێل کراوە.

5- سەرمایەداری بازاڕ چالاکانە بەقازانجی دیموکراسی دەجوڵێتەوە تا ئەو جێگایەی کە ئەم دیموکراسیە دێتە ئاستی دیموکراسی گشتگیر. بەڵام بەو هۆیەی کەئەم دیموکراسیە زەرەرمەندە بۆ داهاتووی یەکسانی, کاردانەوەکەی لە داهاتووی ئەو ئاستەدا بەزەرەری بڵاوبوونەوەی دیموکراسیە.

بەو چەند هۆیەی لەپێشەوە ووتم, سەرمایەداری بازاڕ یەکێکە لە مادەی بەهێزی قاڵبووی ڕژێمەکانی دەسەڵات خواز. هەر کات سەرمایەداری, کۆمەڵگا لەبارودۆخی دەرەبەگایەتییەوە, بەرەو بارودۆخی خاوەن کار, کارمەندو کرێکار, ڕێنوێنی دەکا" لەبارودۆخی دێهاتیانەو نەخوێندەوارەوە,-

تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

که بەسەختی درێژە بەژیان دەدەنو جاروایە لەونیعمەتەش بێبەشن- بەرەو ولاٌتێکی خوێندەوار, ئاسوودەو شارستانی, لە پاوان بوونی هەموو سەرچاوەکان لەلایەن تاقمێکی بچووکەوە, ئۆلگاریشیان, یان توێژی دەسەڵاتدارەوە" بەرەو دابەشکردنی بەربلاٌوی سەرچاوەکان, لە سیستمێکەوە کە زۆرینەی خەڵك ناتوانن کارێکی ئەوتۆ بکەن بۆ راگرتنی دەسەڵاتدارێتی تاقمێکی بچووك رێنوێنی دەکات, بەرەو سیستمێك, کە زۆرینە دەتوانن سەرچاوەکانیان (بەتایبەتی دەنگەکانیان) پێکەوە تێکەڵ کەنو لەو رێگەیەوە حکومەت ناچار بکەن لە بەرژەوەندی ئەواندا بجوڵێتەوە. هەروەها سەرەنجام, هەرکات کە ئەم سەرمایەداریە یارمەتی ئەو گۆڕانکاریانە بدات, دەکرێ وەك کەرەسەیەك بۆ شۆڕشی کۆمەڵگاو سیاسەت بەکاربرێ.

کاتێك کە حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان لە ولاٌتە نیوە مۆدێرنەکان ئەرکی ئابووری ئازادو ئاشکرا دەگرنە ئەستۆ, ئەوە لە راستیدا خەریکن تۆوی تێداچوونی خۆیان دەچێنن. بەلاٌم کاتێك کە کۆمەڵگاو سیاسەت لەریگەی سەرمایەداری بازاڕەوە گۆڕانی بەسەردادێتو دامەزراوە دیموکراتیکەکان تییاندا سەقامگیر دەبن, ئەو روانگەیە لە بنەڕەتدا ئاڵو گۆڕی بەسەردادێ. ئیستا ئیتر نایەکسانی ناو سەرچاوەکان, کەبەهۆی نایەکسانی سەرمایەداری بازاڕ پێکهاتوون دەبنە هۆی نایەکسانی سیاسی لەناو هاووڵاتیاندا.

ئەوەش کە چۆن دەکرێ دیموکراسی گشتگیرو سەرمایەدرای بازاڕ بۆ سەقامگیری هەرچی باشتری دیموکراسی بەربلاٌو بەکاربێنی, پرسیارێکی یەکجار سەختە کە وەلاٌمەکانی نە ئاسانەو نەشیاو. پەیوەندی نێوان سیستمی سیاسی دیموکراتیکی ولاٌتێكو سیستمی ئابووری نادیموکراتیکی ئەو ململانێو کێشە بەردەوامە بە درێژای سەدەی بیستەم لەسەر رێگای ئامانجو کردەوەکانی دیموکراسی خوازی بووە. ئەم کێشەو ململانێیە بەدڵنیایی لەسەدەی بیستو یەکیشدا درێژەی دەبێ.



# فەسڵی پازدە

## سەفەری ناتەواو

ئەوەی کە لە بەردەمدایە چیە؟ هەروەك دیتمان, سەدەی بیستەم سەردەمێك بوو زۆر کەس پێیان وابوو رەنگە بۆ دیموکراسی ببێتە سەردەمێکی رەشو ژاناوی, بە پێچەوانەوە, بوو بە سەدەیەکی بێ وێنەو چاوەڕوان نەکراو بۆ گەشەی دیموکراسی. رەنگە هەست کردن بەو بڕوایەش بۆ ئێمە جێگای دڵخۆشی بێت کە سەدەی بیستو یەکەمیش وەك سەدەی بیستەم پڕبێ لە دیموکراسی, و بۆ ئێمە ئارامی بەخش بێت, بەلاٌم دیموکراسی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەند چرکەی دەگمەنی پێکهیناوە.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

**ئایا ڕێی تێدەچێ جارێکی دیکە دەسەڵاتدارانی نادیموکراتیك بە جێگای دیموکراسی دەسەڵات بگرنە دەست؟ سیستمگەلێك کە ئەم جارە لەوانەیە بەشێوازی سەدەی بیستو یەکەمی سەرپەرشتیاری توێژە سیاسیو دیوانیەکان، خۆ دەرخەن. یان بە پێچەوانە ئەو سیستمە هەروا تەشەنە دەکا بە دونیادا؟ یان دووبارە بە گۆڕان بە جۆرێکی تر، لەوانەیە ئەوەی ئەمڕۆ ناوی "دیموکراسی"یە پانتاییەکەی بەرینتر بەڵام قوڵاییەکەی کەمتر بێت، واتە لە وڵاتانێکی زۆرتر دیموکراسی دەسەڵاتداربێ، بەڵام ناوەڕۆکەکەی دابەزێتە سەر ئاستێکی نزمتر؟**

**من لام وایە، داهاتوو هێند نارۆشنەکە ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بدەینەوە ئێستا کە تارادەیەك لێکۆڵینەوەمان لەسەر پرسیارەکانی فەسڵی سێ کرد، دەتوانین بە تەواوی نەخشەکانمان دابڕێژین. دونیای ناسراو کە نەخشەکەی بەپێی ئەزموون داڕێژراوە، جێگای خۆی لەگەڵ داهاتوویەکدا بگۆڕیتەوە کە خەریتەکانی، لە باشترین شێوەدا، جێگای متمانە نین- ئەوانە کۆمەڵێك نەخشەن کە داڕێژەرەکانیان بەبێ ئەوەی زانیارییان هەبێ سەبارەت بە وڵاتە دوورەکان دایان ڕشتوون. بەڵام بەبڕوای من، دەتوانین بەو پەڕی متمانەوە بڵێین هێندێك لەو گیروگرفتانەی کە وڵاتە دیموکراتیکەکان لە گەڵیان بەرەو روون وەك خۆیان دەمێننەوە، تەنانەت بارودۆخ لەوەی کە هەیە خراپتریش دەبێ.**

لە بەشی کۆتایی ئەم باسەدا تیشك دەخەمە سەر ئەو کۆسپانەی کە لە داهاتوودا دێنە سەرڕێ. تیشك دەخەمە سەر ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسی مێژوویەکی کۆنتری تیاندا هەیە. بەم شێوازە، ئاسانتر دەتوانم تاوتویی کارەکەم بکەم هەروەها لام وایە درەنگ یا زوو– ڕەنگە زوو– ئەو وڵاتانەی کە تازە دیموکراسی تیاندا سەقامگیر بووە یا ئەگەری تێپەڕین بەرەو دیموکراسیان لێ دەکرێ لەگەڵ ئەو گیروگرفتانە بەرەو ڕووببنەوە کە هەنووکە دیموکراسیە کۆنەکان لەگەڵیان. ڕووبەڕوون.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕووداوانەی کە لەرابردوودا ڕوویانداوە، هیچ کام لەو کۆسپو تەگەرانەی لییان دەدوێم نابنە جێی سەرسوڕمان. بەدڵنیاییەوە گەلێك گیرو گرفتی دیکە هەن کە، بەداخەوە لێرەدا ناتوانم زۆر هیوادارانە ڕێگاچارەیان بۆ پێشنیاز بکەم. ئەو



کارە پێویستی بە کتێب، یان واباشترە بڵێم بە گەلێك کتێب هەیە. بەڵام بەهەر حاڵ، دەکرێ لە شتێك دڵنیا بیت: ناوەڕۆكو چۆنیەتی دیموکراسی زۆرتر گریدراوە بەوەی کە هاووڵاتیانو رابەرەدیموکراتەکان چۆن لەگەڵ ئەو ململانیانە هەڵسوکەوت دەکەن کە ئێستا دەمەوێ شییان بکەمەوە:

## ململانێی 1 سیستمی ئابووری

ڕەنگە لە ولاتە دیموکراتیکەکاندا نەکرێ هیچ ئەلترناتیڤێك بدۆزرێتەوە کە جێگەی سەرمایەرداری بازاڕ پڕبکاتەوە. دەرەنجام ئەو ژیانە ناکۆکەی ئەوان کەلە فەسڵی 14و 13 باسکرا بەناچاری بە جۆرێك لە جۆرەکانی هەر بەردەوام دەبێت.

هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز کە بتوانێ جێگەی ئابووری بازاڕ پڕکاتەوە لە هیچ کوێ بەدی ناکرێت. لەم گۆرانە کوتو پڕەی بەرچاومان، واتا ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا پێك هاتووە، زۆر کەمن ئەو هاووڵاتیانەی کەلەوڵاتە دیموکراتیکەکاندا دەژینو بڕوایان بە دۆزینەوەو ناساندنی سیستمێك هەبێ، کە بتوانێ جێگەی سیستمی ئابووری بازاڕ بگرێتەوەو لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ دیموکراسیو یەکسانی سیاسی سوودمەندتر بێت بەم جۆرە لە بەرهەمهێنانی کەلو پەلو خزمەتگوزاریدا کاریگەر بێت، بەو رادەیەش لەلایەن هاووڵاتیانەوە قەبووڵ بکرێ. لە ماوەی دووسەدەی رابردوودا، سوسیالیستەکان، بەرنامە داڕێژان، خاوەن هونەرو پیشەسازیو زۆر کەسانی دیکە گەلێك گومانو ئەگەریان خستەڕوو کە تیایاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەردەوام رەوتێکی دیکە بخەنە جێی رەوتی بازاڕ، پڕۆسەیەك کە ئەوان لایان وابوو، لە بڕیار دەرکردنە ئابووریەکاندا سەبارەت بە بەرهەم هێنان، نرخ دانان، دابەشکردنی کەلو پەلو خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی رێكوپێك تر، بە بەرنامەیەکی باشترەوەو عادلانە تر بێت. دەکرێ بڵێین ئەو ئەگەرانە ئیتر لە بیر چوونەوە. ئەو ئابووریەی کە لەسەر بناغەی ئابووری بازاڕ داڕێژراوە سەرەڕای هەموو کەمو کوڕیەکانی، وادیارە تەنیا هەڵبژاردەی وڵاتە دیموکراتیکەکان بێت لە سەدەی نوێدا.

ئەوەی کە ئایا سیستمی ئابووری بازاڕ پێویست بەوە دەکا کە خاوەنداریێتیو کۆنترۆڵی کۆمپانیا ئابوورییەکان هەروەك شێوەی ئاسایی سەرمایەداری بەرەو پێشەوە



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

بچێ یان نا, یا پێچەوانەکەی, بەراستی شتێکی ئاشکرا نیە. شێوازی کارکردنی کۆمپانیا سەرمایەداریەکان خۆی لە خۆیدا نادیموکراتیکە: زۆر جار تەنانەت دیکتاتۆریەتی ئیداری بەسەر کۆمپانیاکاندا زاڵ دەبێت. جگە لەوەش , خاوەنداریێتی کۆمپانیاکانو بەرهەمو سوودێك کە لە خاوەنداریێتی بەدەست دێت, بە چەشنێکی نایەکسان دابەش کراون. ئەو نایەکسانیەی کە لە خاوەنداریێتیو کۆنترۆڵی کۆمپانیا ئابووریەکاندا هەیە لە کاتی خۆیدا بە بەربڵاوی یارمەتی دەدا بە نایەکسانی کردنی سەرچاوە سیاسیەکان- کە لەبەشی 14 دا شی کرانەوە- هەروەها دەبێ بەهۆی پێشێلکردنی بەربڵاوی یەکسانی سیاسی نێوان هاووڵاتیان لە سیستمی دیموکراتیك دا.

بەپێچەوانەی هەموو ئەم رەخنانە, تاکۆتایی سەدەی بیستەم, هەموو ئالتەرناتیڤە مێژوییەکانی هاوتای خاوەنداریێتیو کۆنترۆڵی سەرمایەداری, زۆرینەی لایەنگرانی خۆیانیان لەدەس دابوو. حزبە کرێکاریەکان, سۆسیالیستەکان, سۆسیال دیموکراتەکان لە مێژبوو بەگەل کردنی پیشەسازیان وەکو ئامانجێك, لە بەرنامەی خۆیاندا رەها کردبوو.لەو ولاتانەدا کە ئەم پارتانە دەسەڵات داربوون, یا لانی کەم وەك شەریکێکی هۆگر چاویان لەم پارتانە دەکرد, زۆربەی بەپەلە دەستیان کرد بە, تایبەتمەندکردنی کۆمپانیا دەوڵەتیەکان. تەنیا ئەزموونێك کە زۆر بەرچاو بێتو بتوانین وەك ئەزموونی ئابووری ئازادی سۆسیالیستی ناوی لێببەین, لەوێدا ئەو کۆمپانیایانەی کە خاوەنی" خاوەنداریەتی جەماوەری بوون, وەك بازاڕێك دەجووڵانەوەو لەناوەوەو لەلایەن نوێنەری کرێکارانەوە بەرێوە دەچوون, (لانی کەم لە ناوەڕۆکدا), بەرووخانی یۆگسلافیاو دەسەڵاتداریەتی کۆمۆنیست, تێیدا بەدڵنیاییەوە لەو ولاتانەدا کە دیموکراسی مێژوێکی کۆنی هەیە زۆر کۆمپانیای پڕ رەونەق هەن کە خاوەنداریەتی ئەو کۆمپانیانە کرێکارانو کارمەندانی ئەو کۆمپانیایەن, بەم جۆرەش بزوتنەوە سەندیکاییەکان, رێکخراوە کرێکاریەکانو سەرجەم کرێکاران, زۆر سوورنین لەسەر پشتیوانی کردن لە سیستمی ئابووریەك کە لەوێدا کۆمپانیا گەلێك بەشداری تیا بکەن کە خاوەنداریەتی کۆمپانیا کان کرێکارانو کارمەندانی ئەو کۆمپانیانە بن.

بۆیە, پێموایە شەڕو ناکۆکی نێوان ئامانجە دیموکراتیکەکانو ئابووری سەرمایەداری بازاڕ بەو پەڕی متمانەوە تاکۆتایی جیهان هەر درێژەی هەیە. ئایا رێگە چارەیەکی باشتر بۆ هێشتنەوەی سوودی سەرمایەداری بازاڕ هەیە کە بتوانێ لەهەمان کاتدا بەهێنانە



خوارەوەی خەرجیو سەرمایەکی کەم, یەکسانی سیاسی مسۆگەر بکات؟ئەو وەڵامانەی کە هاوڵاتیانو رێبەران لە وڵاتە دیموکراتیکەکاندا داویانەتەوە بەزۆری شێوەو بیچمو چۆنایەتیو ناوەڕۆکی دیموکراسی لە سەدەی داهاتوو دا نیشان دەدات.

## مملانێی 2دوو

پێشتر زانیمان کە بۆچی بەنێو نەتەوەیی بوون, رەنگە ببێ بەهۆی ئەوەی کە ئاسۆی بڕیاردانی هەڵکەوتووانی سیاسیو ئیداری, بەقیمەتی کەم بوونەوەی کۆنترۆڵی دیموکراتیك فراوانتر دەبێت. وەك ئەوەی کە لە بەشی 9دا باسم لێکرد, لەروانگەی دیموکراتیکەوە, ئەو ململانێیەی کە بەهۆی نێو نەتەوەیی بوونەوە دێتە ئاراوە ئەوەیە, کە دەبێ بەوپەڕی متمانەوە ئاگاداری ئەو خەرجیانەش بین کە نێونەتەوەیی بوونی بڕیارەکان, بۆ دیموکراسی دێنێتە پێش. کارێك بکەین کە هەڵکەوتووانی سیاسیو ئیداری بتوانن لە ئاست رادەربڕیی خۆیاندا بەر پرس بن. ئەوەی کە تاچەندە ئەم چاوەڕوانیانە بەدی دێنو چۆن, باسێکە, بەداخەوە, روون نەبوەتەوە

## ململانێی 3 سێ: فرەچەشنی فەرهەنگی.

وەك ئەوەی کەلە بەشی 12 دا باسم لێکرد, ئەو ئاستە مامناوەندیەی یەکسان کردن, بە قازانجی پەرەپێدانو سەقامگیر بوونی دیموکراسی, لە زۆرێك لەو وڵاتانەدا بووە کە دیموکراسی تەمەنێکی کۆنی تیایاندا بووە. بەڵام بەهەر حاڵ, لەم چەن دەیەی رابردووی سەدەی بیستەمدا, دوو گۆڕانکاری لەم چەشنە وڵاتانەدا پاڵ پشتێك بوو بۆ زۆر بوونی فرە فەرهەنگی, هەردوك ئەم گۆڕانکاریە وادیارە لە سەدەی بیستو یەکیشدا هەر بەردەوام دەبن.

یەکەم: بەشێك لەو هاووڵاتیانەی کەلە شوێنی نیشتەجێی خۆیان دوور دەخرانەوە بەهاریکاری, و هاووڵاتیانی هاو دەردی خۆیان بزوتنەوەیەکی فەرهەنگیان پێك هێنا تا لەمافو بەرژەوەندیەکانی خۆیان پارێزگاری بکەن. ئەم چەشنە بزوتنەوانە زۆرتر لەناو رەنگین پێستو رەش پێستەکان, ژنان, هاوجنس بازان, کەمایەتیە زمانیەکان, کۆمەڵە رەگەز پەرستەکان کە لە شوێنی ژیانی مێژویی خۆیان دەژیان, وەك سکۆتلەندیەکانو دانیشتوانی وێلز کە لە بریتانیای گەورە دەژین, یان ئەو کەسانەی کە بەزمانی فەرەنسی دەدوێنو دانیشتووی"کبك"ن, سەری هەڵدا.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

دووەم: فرە فەرهەنگی لە ولاتە دیموکراتیکە کۆنەکاندا بەزیاد بوونی پەنابەران کە زۆر جار بەهۆی جیاوازیە رەگەزی، زمانی، مەزهەبی و فەرهەنگییەوە خۆیان لە دانیشتووە رەسەنەکانی ئەو ولاتە جیا دەکردەوە، روولە زیاد بوون بوو. کۆچکردن، بەهۆکاری جۆراو جۆر، چ یاسایی و چ نایاسایی، رەنگە بەجۆرێکی بەربلاو ببێ بەهۆی زیادبوونی فرە فەرهەنگی لەناو ولاتە دیموکراتیکە دەوڵەمەندەکان و ولاتە هەژارەکاندا، دانیشتوانی ئەم ولاتانەیان هیوادار دەکرد کە بە کۆچکردن بۆ ولاتە دەوڵەمەندەکان دەتوانن لە دەست هەژاری و نەداری رزگاریان بێ. کەسانێکی تر تەنها بەمەبەستی ئەوەی کە ئاستی چۆنیەتی ژیانیان، بەکۆچ کردن بۆ ولاتە دەوڵەمەندەکان و خاوەن هەل و مەرجی باشتر، بەرنەسەر. ژمارەی کەسانێك کە کۆچیان دەکرد بۆ ولاتە دیموکراسیە کۆنەکان لە دوایین ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا روو لە زیاد بوون بوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەپەنابەرانی ترساو ناهومێدانە تێدەکۆشان لەدەست توندو تیژی، سەرکوتکردن، کوشتاری بەکۆمەڵ، "پاکتاو کردنی رەگەزی"، قات و قڕی، و زۆر بەدبەختی تر کە لە نیشتمانی خۆیاندا ژیانیانی خستبووە مەترسیەوە، پەنایان بردەبەر ئەو ولاتانە. ئەم ولاتانەش جگە لە گوشاری دەرەکی ناوخۆیشیان لە سەرەو روو لە گەشەیە. خاوەن کارەکان لە ولاتە دەوڵەمەندەکانا هیوادار بوون پەنابەرەکان بەکرێ و هەل و مەرجێك لە کارخانەکانیاندا دامەزرێنن کە هاوولاتیەکانی خۆیان ئامادە نەبوون بەو کرێ و مەرجانە کاربکەن. لەم ساڵانەی دواییدا پەنابەرەکان پێیان خۆش بووە کە کەس و کاریشیان کۆچ بکەن و بڕۆنە لایان. هاولاتیانێك کەلە ژێر کاریگەری مرۆڤ دۆستی و عەدالەت خوازیدابوون، نەیان دەویست کۆچ کردووەکان بۆ هەتا هەتایە نیشتەجێی ئۆردوگاکان بن یا ناچاربن لەگەڵ هەژاری، ترس، و رەنگە مەرگی چاوەڕوان کراو" کەلە ولاتەکەیاندا چاوەڕوانیان دەکرد، رووبەڕوو ببنەوە.

ولاتە دیموکراتیکەکان کەلە ناوخۆو دەرەوە لە ژێر گوشاردابوون، هەر زوو زانییان کە کۆنتڕۆڵی سنوورەکانیان کارێکی سەختە، سەختتر لەوەی کە ئەوان بیریان دەکردەوە، وادیاربوو بەهیچ شێوەیەك ناتوانن پێش بگرن بە سنوور بەزاندنی پەنابەرانی نایاسایی لە رێگای زەریا و وشکیەوە، مەگەر ئەوەی کە خەرجێکی یەکجار زۆر بۆ کۆنتڕۆڵی سنورەکان بەفیڕۆ بدەن، ئەویش لەو رێگایانەوە کە، جگە لە خەرجی زۆر، لە روانگەی زۆربەی هاولاتیانیشەوە قیزەون و نامرۆڤانەیە.



من لام وانیە کە فرە فەرهەنگی و ئەو ململانێیەی کەلەم هۆیەوە دێتە پێش، لەسەدەی داهاتووشدا کەم بێتەوە. تەنیا شتێ کەمن دەیزانم ئەوەیە ئەم فرە فەرهەنگیە رۆژ لەگەڵ رۆژ پەرە دەستێنێ.

ئەگەر لە رابردوودا، ولاتە دیموکراتیکەکان بەوشێوە کارو کردەوەیەی کە لەگەڵ بایەخ و کاردانەوەی دیموکراتیکدا دێتەوە، هەلس و کەوتیان لەگەڵ فرە فەرهەنگی‌دا نەکردووە، ئایا لە داهاتوودا دەتوانن هەڵس‌وکەوتێکی باشتریان بێت؟ ئایا قسەکانیان لەگەڵ کرداریاندا دێتەوە؟ ئەو رێکخستنە جۆراو جۆرانەی کەلە بەشی 12و پاشکۆی"ب"دا باسیان لێ کراوە گەلێك رێگە چارە دەخەنە روو کە لە سەریکەوە بە یەکسانی دەست پێدەکا و لە سەرێکی ترەوە بە سەربەخۆیی کۆتایی دێت.رەنگە زۆر رێگە چارەی تریش بن. بەلام بەهەر حاڵ، لێرەدا بنەما و چۆنیەتی دیموکراسی پەیوەندی زۆری بەوەوە هەیە کە ولاتە دیموکراتیکەکان بۆ بەرەو روو بوونەوە لەگەڵ فرە فەرهەنگی خەڵکەکەیان چ رێکخستن و هەڵس و کەوتێك لەبەر چاودەگرن.

## ململانێ 4 پەروەردەو فێرکردنی هاوولاتیان.

هەرچەند لە لاپەڕەکانی پێشتر باسمان لە پەروەردەی هاوولاتیان نەکردوە،بەلام رەنگە لەبیرتان بێ کە یەکێ لە هەوێنە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی دیموکراتیك، مسۆگەر کردنی روانگەی تێگەیشتنی رۆشنە:- بەلەبەرچاو گرتنی کات، هەموو ئەندامێك"هاولاتیەك" دەبێ هەلی یەکسان و شایانی هەبێ بۆ فێربوونی هەر بابەتێکی پەیوەندی دار بەو سیاسەتی ئەلتەرناتیڤانەو هەروەها ئەو رووداوانەی کە ئەگەری سەرهەڵدانیان هەیە.

لە کردەوەدا، هاوولاتیان چۆن دەیانەوێ پەروەردەی هاولاتی خۆیان بگەن؟ لەو ولاتانەدا کە دیموکراسی مێژوویەکی کۆنی هەیە زۆر رێگە چارەیان بۆ گەیشتن بە هوشیاری سیاسی داهێناوە. بۆ سەرەتا، زۆریەك لەهاوولاتیان لە ئاستێکی پەروەردەیی رەسمی بەهرەمەند دەبن کە بۆ خوێندەوار بوونیان بەکەڵکە. هوشیاری سیاسی ئەوان بەوەدەست هێنانی زانیاری پێویست گەشەدەکا، ئەویش بەکەمترین خەرج و لەڕێی راگەیاندنەکانەوە، بە چەشنێکی بەربلاو کە لە بەردەستیاندایە. ململانێی سیاسی نێوان خوازیارانی دەسەلات کەلەناو حیزبە سیاسیەکاندا رێك خراون، دەبێتە هۆی ئەوەی کە



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

بواری زانیاری زیاتر گەشە بکات, چونکە حیزبو پاڵێوراوەکان بە خواستی خۆیان گەلێك زانیاری"کەهەندێ جار هەڵەشی تێدایە" سەبارەت بەڕابردو و ئامانجەکانیان دەخەنە بەردەس دەنگدەران. بەهۆی بوونی حیزبە سیاسیەکانو ڕێکخراوە خاوەن بەرژەوەندیەکان, رادەی ئەو زانیاریەی کە هاوولاتیان پێویستیانە بۆ ئەوەی بەپێی پێویست تێگەیشتووانەو چالاکانە بەشداری لە کێشە سیاسیەکاندا بکەنو لە بواری سیاسیەوە لێهاتوو بن, بەکردەوە تائاستێك دادەبەزێ کە گەیشتن بەو زانیاریانە کارێکی ئاسانە. هەر حیزبێکی سیاسی خاوەنی مێژوویەکە, کە مێژووی ئەو حیزبە بۆ دەنگدەران روونو ئاشکرایە: هەڵوێستی ئێستای حیزب درێژەی هەڵوێستی رابردوویەتی, داهاتوویەك کە تارادەیەك دەتوانی پێش بینی بکەی. بۆیە, پێویست ناکات دەنگدەران لە هەموو چەمكو بوارەکانی حکومەتیدا شارەزاییان هەبێ. بەپێچەوانە, تەنیا دەنگ بدەنە پاڵێوراوی حیزبێ کە هۆگریان پێی هەیەو دڵنیا بن لەوەی ئەگەر ئەو پاڵێوراوانە هەڵبژێرن, سیاسەتێك دەگرێتەبەر کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەواندا دێتەوە. گەلێك لە هاوولاتیان ئەندامی ئەنجومەن گەلێکن, لە جۆری کۆمەڵە خاوەن بەرژەوەندیەکان, ڕێکخراوە دەسەلاتدارەکان, گرووپەکانی گوشار, کە بۆ بردنە سەری هێندێك حەزو داخوازی تایبەت ڕێکخراون. سەرچاوەکان, زانیاری سیاسی زانستی ئەزموونی لەبەر دەست ئەو گروپانەدایە کە بەرژەوندیان بە بەرژەوەندی حیزبەوە بەستراوەو بۆ هاولاتیان جۆرێك نوێنەرایەتی لەژیانی سیاسیاندا پێك دێنێت کە زۆرجار زۆر شایانن.

بەهۆی ململانێی حیزبیەوە, کاریگەری ڕێکخراوە خاوەن بەرژەوەندیەکانو پێشبڕکێی نەیارانەی هەڵبژاردن, ڕێبەرە سیاسیەکان زۆربەیان دەزانن کە سەرەنجام دەبێ لەپێناو ئەنجامدان, یان لانی کەم لە هەوڵدا بن بۆ ئەنجامدانی بەرنامەکانی حیزبیو دروشمەکانی هەڵبژاردن وەلامدەرەوەبن. لە ولاتانی دیموکراتیکدا کە مێژوویێکی کۆنی دیموکراسیش هەیە هەرچەندە بەشێکی زۆر لە جەماوەری خەڵك بە پێچەوانەی ئەمە بیر دەکەنەوە, بەلام لە کردەوەدا ئەم کەسە سیاسیانە هەر ئەو پەیوەندیەیان لەگەڵ حیزبەکەیاندا هەیە.[1]

دەرەنجام, بڕیارە گرینگەکانی حکومەت, تاڕادەیەك لەگەڵ گۆڕانکارییەکی لەسەرخۆدا هاوتەریبن, نەك بە هەنگاونان بەرەو, شوێنە نەناسراوەکان. ئاڵوگۆڕێك کە بەرە بەرە روو ئەدات, لەبەر ئەوەی کە هەنگاو بەهەنگاو دەچێتە پێشەوە, لە بەلاو مەترسی زۆر سەختو نالەبار دوورە. هاولاتیان, پسپۆڕان, و ڕێبەرەکان لە هەڵەکانیان دەرس وەردەگرن, تێدەگەن لەوەی کە دەبێ دەستێك بەسەر بەرنامەو سیاسەتەکانیاندا بێنن, ڕێبازو بۆ چوونیان ڕێكو پێك دەکەن, وهتد. ئەگەر پێویست بێت ئەم کارە چەند جار دووپات دەبێتەوە. هەرچەند هەر هەنگاوێك ڕەنگە نائومێدانە کەموکورت بێتە بەرچاو, بەلام لە بەردەوام بووندا ئەم هەنگاوە کورتانە دەتوانن ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی, تەنانەت دەکرێ بڵێین شۆڕشێك پێك بهێنن. وەها بن بەجێی متمانەی جەماوەر کەلە کردەوەدا داخوازیەکانیان بەسەر کۆمەڵگاو حکومەت دا بسەپێنن. هەرچەند بەبڕوای, هەندێ لە چاودێران ئەم چەشنە سەرکەوتنە بەهەڵکەوتانە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ شێوەی ئاڵوگۆڕی هەنگاو بە هەنگاو بە شێوەیەك نائومێدانەو دوور لە عەقڵ دەنوێنێ, بەلام دوای لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە روون دەبێتەوە کە ئەم کارە لە دونیایەکدا کە تا ئەو رادەیە نەشیاوە بۆ لێکدانەوە, کارێکە تارادەیەك ئاقلانە دێتە بەرچاو[1]

---

[1] ئەم کارە لەبنەڕەتدا بەرهەمی گەلێك سەرنجو لێکۆڵینەوەی وردە کەلە سێزدە ولاتی دیموکرتیدا بەهۆی هەوڵی

Hen,- Dieter Ligemamn, Richard I. Hofferbert, and Lan Budge et al., Porties Policies and Democracy (Boulder. Westiew. 1994)

پێکەوە هەڵسەنگێنن. بەڵکو لێکۆڵینەوەیەك بەڕێوە چووە سەبارەت بە سیو هەشت حکومەت لە دوازدە ولاتیشدا بەراوردێکی بەرچاوی لە نێوان روانگەی هاولاتیانو ڕێبەری سیاسیەکاندا دۆزیوەتەوە, هەرچەند– ئەم بەراوردە لەو ولاتانە کە سیستمەکانی هەڵبژاردنی زۆرینەی هاوشێوە بەڕێوە دەچن زۆرتر بەرەچاوە تائەو ولاتانەی کە سیستمەکانی زۆرینەی ڕێژەکەی دەسەلاتداران

Johnp, Huber and G. Bingham Powell, Dr., congruence Between Citizens and Policy makers in Tub visions of liberal Democracy, World Politics 4t, 03(April 1994), pp. 29 ff

[1] کارلز ئەی ليند بلۆم(Charles E. Lind Blom) عەقلانیەت(گەشەی کوتو پڕی) بە پشت بەست بەشێوەی ئاڵوگۆڕی       هەنگاوەهەنگاوی لە وتارێکی کاریگەدا لەژێر ناوی:

تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

کارەساتبارترین بڕیارەکانی سەدەی بیستەم ئەو بڕیارانە بوون کە لەلایەن رابەرە دەسەلاتخوازە رەها کانەوە دراون. لەکاتێکدا دیموکراسیەکان درێژەیان دەدا بە پێشڕەوی کردنە لەسەر خۆکانی خۆیان، رابەرانی دیکتاتۆر لەناوداوی بەرچاو تەنگانەی خۆیاندا کوێرانە بەدوای سیاسەتە کاولکارییەکانیاندا دەرۆیشتن.

لەبەر ئەوە،. ئەم رێگا چارە پەسەندە بۆ خوازیاری رادەی پێویستی لێهاتووی هاولاتی بوون، بەگشت کەموکوڕیەکانیەوە، زۆر شیاوی پشتیوانیە.[2] بەلام مەخابن ئەو رێگە چارەیە لە داهاتوودا بایەخی خۆی لە دەست ئەدات.

“The science of uadding Through”, public Administartion Review 19(1959) pp78-88

نیشان دا. هەروەها سەیری ئەمەش بکەن

Lindblom, stilr Mouddling, Not Yet throaght

لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی

Democracy and Market Sy stem(oslo, Norvegian university Prees, 1988) pp 237-262

"ليند بلۆم" هەروەها دەستەواژەی ئالوگۆڕی هەنگاوو پێچراوی"بەکارهێناو سەبارەت بەو دەستەواژەیە گەلێك وتاری بلاوکردەوە.هەروەها بڕوانە ئەو کتێبەی ئەو لە ژێر ناوی

The Lntelligence of (democracy. Decision Making Throug Mvtual Adisustment(New York, Free Press, 1965)

(2) بۆ وێنە بنیامین"ئای پیج"

(Benjamin I Page) لە (Choices and Echos in Presidental Election: Rational Man and Electoral Denocracy(chicago: Uniresity of Chicago Press 1978)

دەگاتە رادەیەکی دروست و بەجێ سەبارەت بە دەنگدەرانی ئەمریکایی. بەلام ئەو دەرەنجامێك کە"مایکل ئێکس دل کارینی"(Michael X. Deiiicorpini) و"اسکات کلیر"(Scott Keeler) دەهێننە دەس ئەمە یەکە: (یەکی بە دۆزینەوە تەوەرەیەکان) زۆر مەترسی داری لێکۆلینەوەی ئێمە کەلەبەری قولی شعووری نێوان ئەو کۆمەلانەی کە لە بواری ئابووریەوەو لە بواری کۆمەلایەتیەوە بیبەشن و بێ بەشی نین لەم بوارانە.

What Americans khonw About Politics And Why zt matters(New Hover and London: Lahe University Prees, 1989), p. 287

رەخنەیەکی توندتر، لەگەل چەند رێنمای بۆ ناساندنی ئەو دامەزراوانەی کە بۆ سەرکەوتن بەسەر کەموکوڕیەکانی تێگەیشتن، لەلایەن جیمز منیش کینەوە لە

James Fishkin, the voice of the People, Public opinionn and Democracy(new Hoven and London: Yale University Press, 1995)



بەبڕوای من سێ گۆڕانکاری پەیوەندیدار بەیەکەوە لەوانەیە ببنە هۆی ئەوە کە ئەم رێگا چارە تۆکمەیە بەتەواوی بەس نەبێ.

ئالوگۆڕی پێوەرەکان: بەهۆی بەنێو نەتەوەیی بوونەوە، بە بەردەوامی ئەو ململانێیەی کە کاریگەری گرینگ لەسەر ژیانی هاولاتیان دادەنێن هەر رۆژە مەودایان بەرینتر دەبێتەوەو مرۆڤ گەلێکی زۆرتر دەکێشێتە ژێر دەسەلاتی خۆی.

ئالۆزی: گەرچی ئاستی مام ناوەندی پەروەردەی رەسمی لە ولاتە دیموکراتیکەکان بەرزبووتەوە، لەوانەشە زیاتریش بەرز ببێتەوە، بەلام گیروگرفتی خەلکیش بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان پەرەی ستاندووە لەوانەیە بەرزتریش بوو بێتەوە لە ئاستی بەرزی پەروەردەی ئێستا. لەماوەی نیوسەدەی رابردوودا ژمارەی باس و تەوەری جیاواز سەبارەت بە سیاسەت، حکومەت و دەولەت لە هەموو ولاتانی دیموکراتیك زیادی کردووە. تەنانەت هیچ کەس ناتوانێ لە گشت ئەو بوارانەدا یان– تەنیا لە چەند دانەیاندا– ببێتە پسپۆڕ. سەرەنجام، داوەری کردن دەربارەی داڕشتنی سیاسەت نەتەنیا پڕە لە گومان و وەهەم بەلکو پێویستی بە گەلێك داوەری سەخت هەیە دەربارەی سەرەڕۆییەکان.

پەیوەندی: لە درێژەی سەدەی بیست دا چوار چێوەی کۆمەلایەتی و خەتی پەیوەندی مرۆڤایەتی لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا ئالوگۆڕێکی سەرسامهێنەری بەسەر داهات: تەلەفۆن، رادیۆ، تەلەفزیۆن، فاکس، تەلەفزیۆنی هێل بەستراو، ئەنتەرنێت، ئەو بۆچوون و تاقیکەرەوە گشتیەی کە هاوکات لەگەل رووداوی بەکاردەبردرێ، دامەزراندنی گەلێك کۆمەلی موتالاو شتی دیکە. بەهۆی خەرجی کەمی پەیوەندی و زانیاری، رادەی زانیاری بەردەست لەبواری کێشە سیاسیەکان، لەگشت ئاستەکانی ئالۆزیدا، بێ رادە گەشەی کردووە.[1] بەهەر حال ئەم دەست پێ راگەیشتنە بەزانیاری لەوانەیە نەبێتە هۆی لێهاتووی و تێگەیشتوویی بەرزتری هاولاتیان: پێوەر، ئالۆزی و بارستایی بەرینی

ناویان هاتووە.

(1) لەسالی 1930 خەرجی دەقەیەك قسەکردن لە نێوان واشنتۆن و لەندەن سێ سەد دۆلار بوو(بەپێی دۆلار 1996)، لە سالی 1996دا ئەو خەرجە تەنیا یەك دۆلار بوو

Economist, october 18,1997 p. 89).



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

زانیاری هەر رۆژە پێویستی گەلێکی بەهێزتر دەخاتە ئەستۆی شیاو بوونی هاوڵاتی بوون.

لەئاکامدا، یەکێك لە پێویستیەکانی بێ ئەملاو ئەولای وڵاتە دیموکراتیکەکان چاکسازی کردنە لە شیاو بوونی هاوڵاتی بووندا بۆ بەرەو رووبەڕوو بوونەوەی وشیارانە لە ژیانی سیاسیدا. ناڵێم چاوپۆشی بکەین لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی سەدەی نۆزدەو بیست بۆ پەروەردەی هاوڵاتیان. بەڵام باوەڕی لێبراوانەم ئەوەیە کە ئەم چەشنە دامەزراوە کۆنانە دەبێ لەبواری پەروەردەی هاوڵاتیان، بۆ بەشداری سیاسی، راگوێزانی زانیاری، بیرکردنەوە لە دوارۆژو داهاتوودا خۆمان بەکەرەسە نوێیەکان تەیارکەین. ئێمە تازە خەریکین دەربارەی ئەو کەرەسانە بیردەکەینەوە، هێشتاش ئەوانەمان لەئاستی ئەزموونە وردەکاندا تاقی نەکردۆتەوە.

ئایا وڵاتە دیموکراتیکەکان، چ کۆن، چ نوێ، چ لەسەردەمی تێپەڕیندا دەتوانن لە بەرامبەر ئەو کێشەو ململانێیانەی کە بەدڵنیایی دێتە پێشیان، خۆڕاگرن. ئەگەر لە ئاکامدا تێکبشکێن، کەلەبەری نێوان ئامانج و راستەقینەکانی دیموکراتیك کە ئێستاش ئەو کەلەبەرە بەرینە، لەوەش بەرینتر دەبن سەردەمی سەرکەوتنی دیموکراسی جێی خۆی دەدا بەسەردەمی تاریك و هەرەسی ئەو.

لەسەرتاسەری سەدەی بیستەمدا، وڵاتە دیموکراتیکەکان هەرگیز خاڵی نەبوە لەو رەخنەگرانەی کە دەیانگوت دیموکراسی کەوتووەتە گێژاوێکی توندەوەو تەنانەت مەترسی لەناوچونیشی هەیە هەڵبەتە، دوور نیە کەلە زۆر سەردەمدا دیموکراسی مەترسی سەخت هەڕەشەی لێکردبێ، بەڵام مەحکوم بەنەمان نەبووە. رەشبینەکان گشتیان ئامادەی وەرگرتنی دیموکراسی بوون. ئەزموون، نیشانیدا کە پێشبینیەکانی ئەوان وەراست نەگەڕاو رۆشنیشی کردەوە کە هەرکات دامەزراوە دیموکراتیکەکان بەشێوەی توندو پتەو سەقامگیربن لە ولاتێکدا، بەدڵنیایی زۆر بەهێزو ریشەدار دەبن. دیموکراسیەکان لێهاتوویەکی بێ رادە باشیان لە خۆیان نیشاندا لەبەرامبەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی بەرەو روویان بوونەوە لێهاتوویەك کە هەرچەند زۆر شازو ناوازە نەبوو، بەڵام بەهەر حاڵ بەس بوو بۆ ئەوە.

ئەگەر دیموکراسیەکۆنترەکان لەگەڵ کێشەو ململانێکانیان بەرەو ڕووببنەوە لە سەدەی بیست و یەك داو بەسەریاندا زاڵ بن، لەو کاتەدایە کە دەتوانن، سەرەنجام،



www.pertwk.com

بەراستی خۆیان بگەیەننە دیموکراسیە پێشکەوتووەکان، سەرکەوتنی دیموکراسیە پێشکەوتووەکان ئەو دەم دەبێتە چرایەکی رووناك بۆ گشت ئەو کەسانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا، باوەڕیان بەڕەوابوونی ئەو سیستەمە هەیە.

**پاشکۆی ئەلف**

**سەبارەت بەسیستمەکانی هەڵبژاردن**

**ئەگەر دەتانەوێ دەربارەی سیستەمەکانی هەڵبژاردن زانیاریەکی زۆرتر بەدەست بهێنن. بۆ سەرەتا باشتر وایە کە کتێبی(رێنمای نێو نەتەوەیی دارشتنی سیستەمەکانی هەڵبژاردن) بخوێننەوە لە بڵاوکراوەکانی(ئەنجوومەنی جیهانی دیموکراسیو هاریکاری هەڵبژاردن) (ستۆکهۆڵم 1997) بە ئیدیتۆری" ئەندریو ریفۆڵد و بێن ریڵی.**

THE INTERNATINAL LDEA HAND BOOK OF ELECTORAL SYSTEM DESING EDITED BY ANDREW REYNOLDS AND BENREILLY.

ئەم کتێبە" جیهانی سیستەمەکانی هەڵبژاردن" بەسێ کۆمەڵی سەرەکی دابەش دەکات: سیستەمەکانی"زۆرینەی رێژەیی–زۆرینە" (Plurality- Mojority)



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

سیستمەکانی "نوێنەرایەتی هاوشێوە "(PR) سیستمەکانی"لە شێوەیPR" ( Semi-OPR). سیستمی "زۆرینەی ڕێژەیی"(FPTP کەلە بەشی11دا لەگەڵ سیستمی PR بەراوردم کرد) ئەو شێوەیەش تەنیا شێوەیەکە لە چوار شێوەی سیستمەکانی(زۆرینەی ڕێژەیی– زۆرینە). شێوەکانی تری ئەو سیستمە ئەوانەن: "دەنگدانی بەدیل" (AV)(Alternative Vote), کە بە (دەنگدانی بەباش زانین) (Preferential) یش بەناوبانگە وسیستمی"دوو جارەکی" کە لە فەرەنسادا بەڕێوەدەچێت.

ئەگەرچی سیستمی( دەنگی بەدیل) تەنها لە ئوستралیا و بەشێوەیەکی دەستکاری کراو لە هەرێمی نائورو(Nauru) هەڵکەوتوو لە دورگەیەکی ئۆقیانۆسی ئارام) بەڕێوەدەچێ. بەڵام زۆر کەس لە زانایانی سیاسی پشتیوانی لەم چەشنە سیستمە دەکەن. بەپێی ئەم سیستمە, پاڵێوراوان لە بەشەکانی تاك ئەندامی, هەروەك سیستمی زۆرینەی ڕێژەیی هەڵدەبژێردرێن, بەڵام بە پێچەوانەی سیستمی زۆرینەی ڕێژەیی دەنگدەران پاڵێوراوان پۆلێن دەکەن بەم شێوەیە یەك, بۆ هەڵبژاردەی یەکەمیان, دوو بۆ هەڵبژاردەی دووهەمیان, سێ بۆ هەڵبژاردەی سێهەمیان و هتد...

ئەگەر هیچ خوازیارێکی هەڵبژاردن زۆرینەی دەنگەکان بەدەست نەهێنێت, نوێنەرێك کەکەمتر لە کەسانی تر دەنگی هێناوە, لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکە لادەچێ و دەنگە زیادەکانی دووهەم خوازیار دەژمێردرێن. ئەم کارە درێژەی دەبێ تاکو ئەوەی کە پاڵێوراوێك 50٪ دەنگەکان بەدەست دەهێنێ.

سیستمی(دوو خولی فەرنسای) (French Two Round) وا دارێژراوە کە ئاکامەکەی وەك یەك بێت. ئەم دوانە نارازین لەو کەمو کوڕیانەی کە لە سیستمی"زۆرینەی ڕێژەیی دایە: ئەگەر زۆرتر لە دوو پاڵێوراو کێبەرکێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی کورسیەك, ئەو کورسیە ڕەنگە کەسێ ببێ بەخاوەنی کە زۆرینەی ئەوکەسانەی لە دەنگداندا بەشداریان کردووە, ئەگەر مافی هەڵبژاردنیان بوایە, نەیاندەهێشت ئەو لە هەڵبژاردندا سەرکەوێ. لە ئاکامدا دەبێ بڵێم سیستمی دەنگدانی بەدیل ئەم چەشنەهەڵو مەرجەی ڕەخساندووە بۆ دەنگدەران. نیزامەکانی سیستمی نوێنەرایەتی هاوشێوە بەسێ بەش دابەش دەکرێن: ئەوەی کە زیاتر لە هەموان لە ولاتەکاندا بەڕێوەدەچێ سیستەمی(لیست)یە (List). کە بەپێی ئەم سیستمە خاوەن دەنگەکان, خوازیارانی لە ڕووی ئەو لیستەوە کە حیزبە سیاسیەکان بڵاوی دەکەنەوە,



هەڵدەبژێرن. ژمارەی پاڵێوراوانی هەڵبژێردراو گرێ دراوە بە ڕێژەی دەنگەکانی ئەو حیزبەوە کە ئەوی پالاوتووە. بەپێی سیستەمی"هاوشێوەی ئەندامانی تێکەڵ" ( Mixed Member Proportional) کەلە ئەڵمان و ئیتاڵیا و لەم دوایانەش لە نیوزلەند بەڕێوەدەچێ. چەند کەس لەو کەسانەی کە خۆیان پالاوتووە, بۆ وێنە نیوەی ئەو کەسانەی کە خۆیان پالاوتووە, لەڕووی لیستەیەکی سیستەمی نوێنەرایەتی هاوشێوەی گەلی و نیوەکەی تر لە ڕووی بەشەکانی هەڵبژاردنی تاك ئەندامیەوە هەڵبژێردرێن. بەم شێوە لایەنگرانی ئەم سیستەمە لەسەر ئەو باوەڕەن, سیستەمی "لیستەیی" بەشێك لە هاو دەنگی ئێستا لە سیستەمی نوێنەرایەتی هاوشێوە پێك دەهێنێ بەڵام, وەك سیستەمی نوێنەرایەتی زۆرینەی ڕێژەیی, زیاتر لە سیستەمێکی شازی نوێنەرایەتی هاوشێوە ئەگەری بەدەست هێنانی زۆرینەی پەرلەمان مسۆگەر دەکات.

جۆرێك سیستەمی نوێنەرایەتی هاوشێوە کە زۆرجار لەلایەن پسپۆڕانی بەشی سیاسەتەوە دێتە گۆڕێ, بەڵام زۆر بەکەمی کەڵکی لێ وەرگیراوە (جگە لە ولاتی ئیرلەندا کەلەساڵی 1921 بەم لاوە, ئەم سیستەمە لەم ولاتە بەکارهێنراوە) ئەویش بریتیە لە: سیستەمی"تاك دەنگی شیاوی راگوێزان" (STV) (single fransferablevote). لەم لیستەدا وەك سیستەمی(دەنگی ئەلتەرناتیڤ) کە لە چەند دێری پێشوودا ئاماژەم پێکرد, دەنگدەران پاڵێوراوەکان پۆلێن دەکەن. بەڵام ئەم سیستمە بەپێچەوانەی سیستەمی(دەنگی جێگر) تەنیا لەو بەشانەدا دەچێتە ڕێوە, کە چەند نوێنەرێك هەیە. ئەم شێوە بەکەڵك وەرگرتنی لە ژماردنی دەنگەکان– کە ئاڵۆزتر لەوەیە ئێستا لێرەدا باسی لێبکرێت–, دەبێ بەهۆی ئەوەی کە کورسیەکانی ئەو بەشانەی کەچەند نوێنەریان هەیە ئەو پاڵێوراوانە بن بە خاوەنی کە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە. دەتوانم بڵێم کورسیەکان بەشێوەیەکی هاوشێوە لە نێوان حیزبە سیاسیەکاندا دابەش دەکرێت. هەرچەند خاوەن دەنگە ئێرلەندیەکان لەم شێوەیە رازین, بەڵام وادیارە ئاڵۆزی ئەم شێوەیە بووە بەهۆی ئەوەی کە لە شوێنەکانی تردا زۆر پشتیوانی لێنەکریت.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

ئەم کتێبەی کە لەبەردەستاندایە نۆ سیستەمو دەرەنجامەکانی شی دەکاتەوە. جگە لەمانەش, ئامۆژگاری زۆر ژیرانەی تێدایە "بۆ داڕێژەرانی سیستەمی هەڵبژاردن".

هەندێك لە دەستورەکانی"کە باسێکیشیان لەگەڵە" بریتین لە:

–هەڵبژاردنەکان سادە بەڕێوە بەرن.
–لە نوێخوازی مەترسن.
–هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ئەم هەڵبژاردنانە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە.
–بیر لەشیاویو وەرگرتنی یەکە یەکەی کەسە سەرەکیەکان بکەنەوە
–هەوڵ بدەن کاریگەری دەنگدەران بەئەو پەڕی خۆی بگەیەنن.
–بەڵام ئەم کاریگەریە بە هاندانی حیزبە سیاسیە بەتواناکان بەبەشداری کردن هاوسەنگ بکەن.

ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە سیستمەکانی هەڵبژاردنی بەدیل ئێستا بەڕێوەدەچێ روونکەرەوەی سێ راستیە کە بەدی دەکرێن.

یەکەم:ئەوەیە کە, ئەگەر لە وڵاتێك سیستەمی هەڵبژاردنێك بەڕێوەبچێ بەڵام ئەو سیستەمە وەڵام دەرەوەی نیازەکانی جەماوەر نەبێت, ئەو وڵاتە پێویستە سیستەمێکی تر جێگریی ئەو سیستەمە بکاتو ئەو سیستەمە بگۆڕێت.

دووەم: ئەوەی کە, سیستەمی هەڵبژاردنی هەر وڵاتێك دەبێ لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی ئەو وڵاتە, واتا تایبەتمەندیەکانی مێژوویی, کەلتووری, فەرهەنگیو هتد, داڕێژرێت.

سێیەم: ئەوەی کە, پێش لەوەی وڵاتێك سیستەمێکی نوێ هەڵبژێرێ(یا بیەوێت ئەو سیستەمەی کە هەیە هەروەك خۆی بمێنێتەوە), دەبێ بە هاریکاری کارناسانی پسپۆڕ جێگیرەکانی ئەو سیستەمە زۆر بەوردبینیەوە هەڵبژێرن.

## پاشکۆی- ب-

## رێککەوتنی سیاسی لەم وڵاتانەدا کە بە فرە فەرهەنگیو فرە نەتەوەیی دابەش بوون

ئەو رێکخستنانەی کە لە وڵاتانی دیموکراتیکدا بۆ پێکهێنانی رێکەوتنی سیاسی نێوان وردە فەرهەنگە جیاوازەکان بەرادەیەکی باش داڕێژراون, بە دوو کۆمەڵ دابەش دەبن, "دیموکراتیکی هاوهەنگاوانە"و هەڵبژاردنی.

دیموکراسیە هاوهەنگاوەکان ئاکامی پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی رێبەرە سیاسیەکانی دوای هەڵبژاردنە, واتا سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی هاوشێوە, کە کورسیەکان هاوشێوەن لەگەڵ ژمارەی دەنگدەرانی هەر وردە فەرهەنگێك کە هێزی بەڕیوەبەرایەتی خستوویەتیە بەردەستیان. پێشەنگی ئەم چەمکە بەدەست"ئارێند لیژفێرد"ە[1] کەلە کتێبی دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکی فرە چەشنی: لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی خستۆتە روو.

سیستمەکانی دیموکراسی هاوهەنگاوانە لە سویسرا, بەلجیکاو هۆڵەندا لە ساڵی 1917تا دەیەی 1970, لە نەمسا لە ساڵی 1945 وە تا 1966 هەبووە. وێناکانی وردە فەرهەنگیو رێکخستنە سیاسیەکان بۆ بەدەست هێنانی یەکیەتی بۆچوون لە هەر وڵاتێکدا جیاوازە(یان جیاوازی بووە). سویسرییەکان سەبارەت بە زمانە جیاوازەکانی

---

1. Arend LijphartP Democracy in Plural Societies A Comparative Exploration(New Haven and London: Yale University Press, 1977, chap. 3, pp. 53-103.

تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

هەریّمی کە پیّی دەدویّن(ئەڵمانی, فەرەنسی, ئیتاڵیای, ورۆمانی), مەزهەب (پرۆتستان, کاتۆلیك)و کانتۆن لەگەڵ یەك جیاوازیان هەیە. جیاوازیەکانی نیّوان زمان‌و مەزهەب تارادەیەك لەگەڵ یەك پەیوەندیان هەیە. بەڵام نەك بە تەواوەتی: هیّندیّك لە ئەڵمانی زمانەکان پرۆتستان‌و هیّندیّکیان کاتۆلیکن, لە حاڵیّکدا کە هیّندیّك لە فەرەنسەیی زمانەکانیش پرۆتستان‌و هیّندیّکیشیان کاتۆلیکن. هەرئەم جیاوازیە لابرانە بوونە هۆی نەمان‌و هیّور بوونەوەی ململانیّی زمانی‌و مەزهەبی سویسرا, بەشیّوەیەك کە لەو سەردەمانەی دوایدا ئیتر ئەم ململانیّینە هیچ رووی نەداوە. بەڵام بەهەر حاڵ, کانتۆنە بچووکەکان, خۆیان لەخۆیاندا تارادەیەك هەم لەبواری زمانەوەو هەم لەبواری مەزهەبیەوە هاوشیّوەن. ئەم هاوشیّوەییە هەم هۆکاری میّژوویی‌و هەم هۆکاری دروست دارِشتنی گەلاڵەی هەیە. ئەگەرچی ریّکخستنە سیاسیەکانی پەیوەندیدار بە ریّکەوتنی بۆچوون لە سویسرا زۆربەیان لەلایەن کۆنفیدراسیۆنی سویسراوە دارِیّژراون, بەڵام وا پیّدەچیّ کە بە قایمی لەلایەن فەرهەنگی سیاسی‌و شیّوەی بۆچوونی سویسراییەکانیشەوە جەختی لەسەر کراوە.



بلژیکیەکان لەبواری زمان(فەرەنسایی یا فلمیش), مەزهەب(پرۆتستان یان کاتۆلیك)و هـەریّم جیاوازیـان هەیـە. دوو پاریّزگـای ئـەویّ تارادەیـەك لـە یـەك ئەچـن. یـەکیان کـە هاوسـای فەرەنسـایە,.زۆربـەی دانیشـتوانی فەرەنسـی زمـان‌و پرۆتسـتان یـان نـەزانراوە چین, ئەوانی دیکە, لـە هاوسـای هۆڵەنـدان, دانیشـتوانی فلمـیش‌و کـاتۆلیکن, لەناوەنـدی ئـەم وڵاتـە برۆکسـل هەڵکـەوتووە کـە دانیشـتووەکانی تیّکـەڵاون. سیسـتمی سیاسـی پەیوەندیدار بە یەکیەتی بۆچوون لەو وڵاتەدا پیّکهاتووە لە کابینە چەند فەرهەنگیەکان‌و حکومەتەکانی ریّککەوتووە. کە لەخۆیاندا نویّنەرانی بەشی پرۆتستانی فەرنسەی زمان‌و بەشەکاتۆلیکە فلمیش زمانەکانیش دەگریّتە خۆی.

هۆڵەندیـەکان لـە چـەندین نـەوەی پیّشـو بەچوار بناغـەی لیّك جیاواز دابـەش بـوون کاتۆلیـك, پرۆتسـتان, سۆسیالیسـت‌و لیـبراڵ. ئـەو جیاوازیانـە راسـتەوخۆ لـە گشـت پەیوەندی‌و کردەوەکاندا, لە سیاسەتەوە بگرە تا ژن‌و میّردایەتی, هاوسایەتی, یانـەکان, یەکیەتی‌و رۆژنامـەکان‌و شـتی تـریش هـەروا سـەقامگیرتربوون. ئـەو کیّشـەو هەڵایـەی کـە لەسەر پەروەردەی مەزهەبی لە قوتابخانەکاندا هەڵگیرساوەو تیّك هەڵچوونی نویّنەرایەنی دوو بنەمای مەزهەبی‌و دووبنەمای نامەزهەبی گەیشتە جیّگایـەکی ئەوەنـدە ناسـك کـە بۆ مانەوەی دیموکراسی لە هۆڵەندا مەترسی دروست کـرد. هەرئـەوە بـوو بـەهۆی ئـەوەی کـە لە ساڵی 1917دا سیستمیّکی"هاوهەنگاوانـە" دابمـەزریّ لەسـەر ئـەو بناغـەیە هـەر چوار کۆمەڵ لە ناولیژنەی دەوڵەتدا نویّنەریان هەبیّ‌و هەموو بریارەکان پیّکهیّنەری رەزامەندی هەر چوار کۆمەڵەکە بیّ.[1]

لەگــەڵ ئەوەشــدا, ریّگاچــارەی هۆڵەنــدایی بــۆ کۆتــایی هیّنــان بــە ململانــیّ لــە قوتابخانەکاندا بریتی بوو لە دامەزراندنی لایـەنگری دەوڵـەت لەهـەر مەکتـەبیّك بیّجگـە لـە چوار "بناغە" کە. کاتیّك کە لەدەیەی 1970دا کیّشەکان کۆتابوون, پیّویستی بە بەرەی نیّـوان ئـەو چـوار حیزبـەش کـەم بـووەوە. بـەڵام بەهـەر حـاڵ سیسـتمی چـەند حیزبـی‌و نویّنەرایـەتی هاوشـیّوە راسـتەوخۆ بـوو بـەهۆی ئـەوەی کـە حکومەتـەکان لـە هۆڵەنـدا دریّژەبدەن بەریّکەوتنی بەرەی چەند حیزبی خۆیان.

(1) بروانە:
.Arend Lijphart: The Politics of Accommodation: Pluralism and Democracy In The Netherlands, Berkeley: University1 of California Press 1968



تایبەتە بە پێگەی پەڕتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

ژماەری دیموكراسی هاوهەنگاوانە كەمە, بێ گومان ئەوەش بەو هۆیەوەیە كە هەل‌و مەرجی پێكهێنەری ئەم چەشنە دیموكراسیە بەسەختی دەڕەخسێ.(لیج فارت لە كتێبی "دیموكراسی لە كۆمەڵگای فرە چەشنیدا", نۆ مەرج لەو مەرجە لە بارانە باس دەكا.) لەباربوونی ڕێگاچارەی هاوهانگاوانە لە وڵاتە فرە فەرهەنگیەكاندا بەهۆی جۆراو جۆر پێی نارازین: یەك, لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی كە خاوەنی دابەش بوونی فەرهەنگین هەل‌و مەرجی لەبار(تەنانەت پێویست) بۆ سەركەوتنی ئەم ڕێگاچارەیە زۆر سەختەو یا هەر ئەو هەل‌و مەرجانە نین" دوو, ڕێكخستنە هاوهەنگاوەكان كاریگەری لایەنی نەیار لە حكومەتی دیموكراتیكدا زۆر دێنێتە خوارێ.[1] سێ, هێندێك لە ڕەخنەگران نیگەرانی ئەوەن كە ڤیتۆ Vetoكانی دوولایەنەو پێویست بوونی یەكێەتی بۆچوون بگاتە بن بەست.

هێندێك لە سیاسەت زانان لەسەر ئەو بڕوایەن كە بەدیل‌و جێگرێكی شیاو بریتیە لە ڕێكخستنەكانی هەڵبژاردن بە شێوەیەك كە بتوانێ پێكهێنەری ئەو شەوق‌و خواستە بێ لە رابەرانی سیاسیدا, بۆ پێكهێنانی بەرەی یەكگرتووی هەڵبژاردن, لە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان یان سەرۆك كۆماری‌و هەروەها لە كاتی ئەودا.[2] بەڵام ئەوەی كە ئەو كارە چۆن بەباشترین شێواز بەڕێوەدەچێ هیچ دیارنیە. هەڵبەت شێوازی زۆرینەی ڕێژەیی نالەبارترین سیستمە. چونكە لەوانەیە ڕێگابدا بە كۆمەلێك كە زۆرینەیەكی ئەوەندە زۆر لە كورسیەكان بەدەست بێنێ كە دانیشتن, ڕێككەوتن, و پێكهنانی بەرەیەكی یەكگرتوو پێویست نەكا. هێندێك لە چاودێرانی سیستمی"دەنگی بەدیل"كە لە پاشكۆی ئەلف باسكران بەباش دەزانن. پێویستیەكانی فرەچەشنی فەرهەنگی دابەشكراو لەوانەیە خوازیارانی بەدەست هێنانی پۆستی سەرۆك كۆماری ناچاربكا لانی كەمی بەشێك لە

(2)بۆ نموونە ئەو ڕەخنانە دەتوانن لەو كتێبانەی خوارەوە بدۆزینەوە:

Courtney Jung and Jan Shaoiro(South Africa's Negotiated Transition: Democracy, Opposition, and The New Consituyional Order) in Shapiro, Democracy's Place, ithaca: Cornell University Press, 1996, p.p. 175- 219.

2.Donald L. Horowitz, Ethnic Grops in Confict, Berkeley: University of California Press, 1985, A Democratic South Afica? Constitutional Engineering in a Divided Society, Berkeley:University of California Press 1991.



دەنگەكانی زۆرتر لە وردە فەرهەنگێك یا كۆمەڵێكی قەومی گەورە بەدەست بێنێ(بەڵام بەهە رحاڵ, لە وڵاتی كینیا, سەرەڕای ئەو پێویستیە كە "خوازیارێكی سەرۆك كۆماری بۆ بەدەست هێنانی ئەوپۆستە دەبێ لانی كەم لەسەتا 100٪ سەت بیست‌و پێنج دەنگ‌و هەروەها لانی كەم لە هەشت پارێزگا ئەو ڕێژەیە لە پێنج پارێزگادا بەدەست بێنێ ... بەڵام لەساڵی 1992یەكان گیر نەبوونی لایەنە نەیارەكان بوو بەهۆی ئەوەی دانیل ئەرەپ مووئا Danielarapmoiتەنیا بە هێنانەوەی سی‌و پێنج لەسەدی هەموو دەنگەكان, ببێ بە سەرۆك كۆماری كینیا)[1]

هەروەها پێویستیەكانی فرەچەشنی فەرهەنگی, لەوانەیە وابخوازێ كە پۆستە گرینگەكانی حكومەت لە نێوان كۆمەڵە قەومیە گەورەكان بەپێی پێكهاتەیەك كە گشتی لەسەری كۆكن دابەش دەكرێ. بەڵام بەهەر حاڵ هیچ كام لەوانە زامنی كۆتایی پێهێنانی كێشەو ململانێ فەرهەنگیە دووبەرەكایەتیەكان نین. ئەو ڕێكخستنە وشیارانەیەی كە سەردەمێك بوو بە هۆی سەقامگیری حكومەت لە لوبنان, نایجیریاو سریلانكا گشتیان لە ژێر گوشاری ململانێ‌و كێشە فەرهەنگیە نەتەوەییەكاندا هەرەسیان هێناو بوونە هۆی شەڕی ناوخۆیی‌و دامەزرانی حكومەتی دەسەڵاتخوازانە.

ئەنجامێك كە وا دیارە ناتوانرێ خۆتی لێ بەدووربگرێت دێتە بەرچاو: هیچ ڕێگاچارەیەكی گشتگیر نیە بۆ گیروگرفتی ئەو وڵاتانەی كە لە بواری فەرهەنگیەوە گیرۆدەی دووبەرەكایەتین. هەرڕێگا چارەیەك دەبێ بە پێی تایبەتمەندیەكانی ئەم وڵاتە ڕێك‌و پێك بكرێ.

## پاشكۆی -ج -

## ژماردنی وڵاتە دیموكراتیكەكان

لە دونیادا چەند وڵاتی دیموكراتیك هەیە؟ وڵاتێكی تایبەت, بۆ نمونە وڵاتی تۆ(خوێنەری ئەم كتێبە), لە كوێوەی پۆلین بەندی نێوان"دیموكراسی)و "ملهوڕی" هەڵكەتووە؟

1.{The Intemational IDEA Handbook of Electooral System Design edited by Andrew Reynolds and Ben Reilly(Stockhlm: International Institute for Democracy and Electoral Assistance, 1997) 1090}.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووك

www.pertwk.com

گەرچی ژمارەیەکی کەم لە خوێنەرانی ئەم کتێبە، لەوانەیە، هەست بکەن بە ژماردنی وردی، بنـەڕەتی و ڕۆژانـەی وڵاتـە دیموکراتیکـەکانی دونیـا، بـەڵام کەسـانێك هـەن کـە دەیانـەوێ وەڵامــی پرسـیاری دووەم بـزانن. بـەڵام وەڵام بەپرسـیاری دووەم لەوانەیـە پێویستی بە تێگەیشتن لە وەڵامی پرسیاری یەکەم بێ.

هەروەها ئەو وەڵامە ئاسان نیە. چونکە دەربڕینی ئەو بابەتە کە وڵاتێکی دیموکراتیك دەبێ خاوەنی هەموودامەزراوە دیموکراتیکە گشتگیرەکانی باسکراو لە فەسڵی 8دا بێ شتێکەو، دادوەری لەو بوارەوە کە ئایا ئەو دامەزراوانە لە وڵاتێکی تایبەتدا هەن یان نا، شتێکی دیکەیە. دەرەنجام وەرگرتن لەو بارەیەوە کە وڵاتێك دیموکراتیکە، بەو مانایەی خاوەنی دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکانە، لانی کەم پێویستی بە تێگەیشتنی دوو شت هەیە. یەکەم ئەوەی کە ئەو دامەزراوانە بەکردەوە لەو وڵاتەدا هەن یا نین؟ دووهەم ئـەوەی کـە بـەرزترە لـەو ئاسـتەی کـە ئێمـە لـەوە نـزمتر بـە نـادیموکراتیکی دەزانـین؟ زانیاریەکی زۆر سەبارەت بە وڵاتانی دونیا لەلایەن چاودێرانی سەربەخۆ کۆکراوەتەوە کە پێدەچێ بۆ وەڵام دانەوە بە پرسیاری سەرەتامان زۆر یارمەتی دەربێ. پرسیاری دووهەم گران‌و ئاڵۆزترو، تارادەیەکیش داخوازانەیە ڕێگاچارەیەك ئەوەیە کە وای دابنێین ئاست، ئەو ئاستەیە کە لە وڵاتانی ئەوروپایی یان ئینگلیزی زمان– واتا دیموکراسیە کۆنەکان– دیاری کراوە. تەنیا وڵاتێك دەکرێ بە"دیموکراتیك" دابنرێ، کە دامەزراوە سیاسیە گرنگە دیموکراتیکەکان لەوێدا لە ئاستێکدا بێت هاو تەراز لەگەڵ وڵاتە ئەوروپاییەکان.

**لەو ساڵانەی دواییدا لێکۆڵەران‌و ڕێکخراوەکانی لێکۆڵەر هەوڵیان داوە دەربارەی ئەو وڵاتانەی کە هەوێنە دیموکراتیکەکان بەشێوەیەکی باش دەهێننەدی یان نا بگەنە دەستوورو ئەنجامێکی نزیکەو هاوتەراز. بۆ ئەنجامی ئەو کارە، زۆر جار هەوێنە هاوشێوەکانیان بەکارهێناوە نەك هاوسانەکان. بەختەوەرانە، دەرەنجامی بەدەست هاتوو لە یەکەوە نزیکن، گەرچی دیاری کردنی سنووری نێوان"دیموکراتیك" بوون‌و "نادیموکراتیك" تارادەیەك دڵخوازانەیە.**



سێ دانـە لـەو هەوڵانـە،بـۆ باشـتر ڕوون بوونـەوەی بابەتەکـە، شـی دەکەمـەوە. ئـەو خشتەی کە لە کتێبەکەی مندا لە ژێر ناوی، "دیموکراسی و ڕەخنەگرەکانی"[1] خرایە ڕوو گەشـەی ژمـارەی ئـەو دیموکراسـیە گشـتگیرانەی لـە سـاڵی 1850 تـا 1975 کردویانـە نیشان دەدا. من لە وێنەیەکی ئەو کتێبەدا کەڵکم لەو خشتەیە وەرگرتووە. خشتەیەکی‌تر لەو کتێبە دایە (خشتەی 3–17، لاپەڕە241)، لە نێوان ساڵەکانی 1981–1985، سەدو شەست‌و هەشت وڵات، بە حەوت چین، لە دیموکراسیە گشتگیرەکان پۆلین دەکا، کە چوار دامـەزراوەی گـەورە لـە دامـەزراوە سیاسـیە دیموکراتیکـەکان لـەخۆدەگرن، لـەو شـێوە دیموکراسیانەوە بگرە تا ڕژێمە بێ ڕادە دیکتاتۆرەکان کە هیچ دامەزراوەیـەکی گـەورەیان تێدانیـــە، پلـــە بەنـــدییان دەکـــا. ئـــەم دوو خشـــتەیە بـــەپێی لێکۆڵینـــەوەی"میخایـــل کۆپج و"لفگانگ ڕاینیك" ڕێکخراون کە باشترین زانیـاری بەدەسـتەوە دەدەن بـۆ دادەوەری دەربارەی ئاستی ڕێژەیی هەرکام لـە چوار دامـەزراوە دیموکراتیکـەکان لـە وڵاتێکدا: واتـا دەربارەی هەڵبژاردنی ئـازادو دادپەروەرانـە، ئـازادی ڕادەربڕین، سـەرچاوەی سـەربەخۆی ڕاگەیانـــدن، هـــەروەها ڕێکخـــراوە ســـەربەخۆکان. ئـــەو لێکۆڵینەوەکـــەی خـــۆی لـــە وتاری"ئەندازەگرتنی دیموکراسی گشتگیر"دا[1] شـی دەکاتـەوە" ئـەم شـێوازە زامنـی زۆر لێکۆڵینـەوەی شـازو شـایانی وردەو ئـیتر دوپـات نەبۆتـەوە.(هەڵبـەت کوپج بـە سنوورو پاوانـەوە ئـەو پێوانەیـە بـاس دەکـا و لـە وتـارێکی دیکـەدا بەسـەرکەوتووی لـەو بـوارە بەرجەسـتانە دەدوێ کـە نـاوی وتارەکـەی ئەوەیـە:" نـوێ کردنـەوەو ئاسـتەکانی دیموکراسی: گەواهی ڕێگایەکی هاوبەش".[2]

سەرچـاوەیەکی بەکـەڵکی دیکـە کـە بەسـانایی لەبەردەسـتایەو برەویشـی هەیـە گۆڤـارێکی سـاڵانەیە کـە لەلایـەن ڕێکخـراوەی بـێ لایـەنی" مـاڵی ئـازادی" لـە ژێـر

---

1. Democracy and Its Critics(New Haven and London: Yale University Prss 1989).
1. Michael Coppedge and Wolfgang Rinicke, “Measuiring Polyarchy”, in Studies in Comparative Intemational Development 25, 1 (Spring 1990): pp. 51-72.
2. Michael Coppedge “Modernization and Thresholds of Democracy: Evidence for a Common Path”, in Inquality, Democracy, and Economic Development, edited by Manusi Midlarsky(Cambridge: Cambridge Univeersity Prss, 1997), pp.177-201



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

ناونیشانی"ئازادی لە دونیادا: لێکۆڵینەوەی ساڵانەی مافی سیاسی و ئازادیە مەدەنیەکان"[1] بڵاو دەبێتەوە. ئەگەر ئێوە دەستان بە ئەنتەرنێت رابگا دەتوانن لە رێگەی ئەم ناونیشانەوە ئەوانە بەدەست بینن http:// www. Freedom house. Org/ political frtad.lel. htm.

بەپێی سەرژمێری"ماڵی ئازادی" وڵاتەکان بەو دوو کێشانە پۆلین دەکرێن: هەر کام لەو پۆلین کردنانە لە وڵاتانێکەوە کە زۆرترین ئازادییان هەیە دەست پێدەکاو تاوڵاتێك کە کەمترین ئازادی هەیە(7) درێژەی دەبێ, یەکێك لەو پێوەرانە"مافی سەرەکی" پیشان دەداو ئەویتریان"ئازادیە مەدەنیەکان". کاتێك ئەو وڵاتانەم ژمارد کە لەبواری مافی سیاسی لە پلەی یەکەم دان, واتا ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین ئازادییان هەیەو, لە بواری"ئازادیە مەدەنییەکان" لە پلە 2,1 یا3 دان, تێگەیشتم کە 56 وڵات هەردووك پێوەرەکان بەدی دێنن" بەبڕوای من, گشتیان, لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنە دێنەوە کە سەبارەت بە دامەزراوە دیموکراتیکەکان لەم وڵاتانەدا کراوە. بەهەر حاڵ نە هیندستان, نە برازیل, نە روسیە نەگەیشتوونە ئەو ئاستە:"ماڵی ئازادی" "لەبواری مافی سیاسی" هیندستانی لە پلەی2و لە بواری "ئازادیە مەدەنیەکان" لە پلەی 4داناوەو لە بواری"مافی سیاسی"روسیەی لە پلەی 3و لەبواری"ئازادیە مەدەنیەکان" لە پلەی 4دا داناوە. ئەگەر بمان ویستبا ئەوانیش لە لیستەکەماندا جێ بکەینەوە گشت کۆمەڵە کە دەبوو بە 58 وڵات. سەرچاوەیەکی دیکە لێکدانەوەیە کە, کە لە ساڵی 1994 لە زانکۆی کەلورادو.Colorado لە 157 وڵات کراوە, لەژێر ناونیشانی III Polity لە ئەنتەرنێتیشدا ئەوەسایتەکەیەتی. http:// isere. Colorado. Edu/pub/ datasets/ polity 3.

ئەم 157 وڵاتە لە پێوەرێکی دیموکراسی دەپلەییدا(0=10کەم,10=زۆر) هەروەها پێوانەیەکی ملهوری(0=کەم,10=زۆر)پلە بەندی کراون. لەناو ئەواندا, 65 وڵات پلەی دیکتاتۆریان سفرو پلەی دیموکراسیان 9,8یان 10 یە. هەر کۆمەڵەیەك کە لە وێنەی یەکدا بۆ ساڵی 1995 پیشان دراوە. سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانین هەر هەموو ئەو وڵاتانە بە"دیموکرات" ناوبێنین, بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین پلەی

1. Freedom in the World: The Annual Survey of Polifical Rights and Liberties, 1996-1997.



جیاوازی"دیموکرات" بوونیشیان دیاری بکەین. ئەو سی و پێنج وڵاتەی کەلە پێوانەی دیموکراسیدا پلەیان 10یە"دیموکراسیترین", ئەو حەوت وڵاتەش کە پلەی 9یان هەیە" تارادەیەك دیموکرات", هەورەها بیست وسێ وڵاتەکەی تر کە پلەیان 8"کەمێك دیموکرات", ناودێر دەبرێن.

بەڵام بەهەر حاڵ III Polity زۆربەی وڵاتە بچووکەکانی لە شێوەی سان مارینۆ[1](24000کەس) یان دورگە بچووکەکانی دەریای ئوقیانووسی ئارام لە شێوەی باربادۆس[2](256000کەس)و میکروتریا(12300کەس) دەخاتە لاوە. ئەم سێ وڵاتە زۆر بچووکە بە پێی پێوانەی"ماڵی ئازادی" چ لەبواری "مافی سیاسی"وچ لە بواری" ئازادی مەدەنی" هەرسێکیان لە ریزی سەرەوەدان, جالەبەر ئەوە شایانی ئەوە هەن کە لە رێزەی "دیموکراتترین" وڵاتان دابن.

بەگشتی: گەرچی ژماردنی تەواو, دڵنیاکەرو هەنووکەیی گشت وڵاتە دیموکراتیەکانی دونیا, لە توانانییە, بەڵام دوو سەرچاوەی گرینگ هەن کە گەلێك مەزندەی باش بەدەستەوە دەدەن. رەنگە بۆ زۆربەی خوێنەرانی ئەم کتێبە ئەو بابەتە گرنگترین بێ کە, ئەم دوو سەرچاوەیە چۆن ئەو توانابییە بەوان دەبەخشێ ببینن کارناسانی سەربەخۆ, وڵاتێکی تایبەت بەپێی ئەو پلە بەندیانەی کە راستەوخۆ پەیوەندیان بە دیموکراسیەوە هەیە, پۆلین دەکەن.

1. San Marino
2. Barbados



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

## بۆ موتالاَی زۆرتر

ژمارەی ئەو کتێبو وتارانەی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ پەیوەندیان بە چەمکی دیموکراسیەوە هەیە زۆرن. مێژووی نووسینی ئەوانە دەسپێکیان دەگەرێتەوە بۆ سەدەیچواری پ. ز کە بە ئاسەواری ئەرەستۆو ئەیفلاتوون دەست پێ دەکاو تا ساڵی رابردوو کە, بە گومانی من, لەو بوارەدا سەدان کتێب چاپ کراوە, درێژەی بووە. لەو رووەوە ئاساییەکە ئەو لیستەی ئێستا ناکامڵەو هەڵبژاردنیان بەپێی دڵخوازبووە. بەلاّم ئەگەر بتانەوێ ئەو باسە زۆرتر لەوەی کەمن شیمکردەوە درێژەبدەن یان لەڕوانگە گەلێکی جیاوازەوە بیدەنە بەر سەرنج, ئەو کتێبانە یارمەتیی ئێوە دەدەن. ناوی هەندێ لەو کتێبانە لە پێشەوەو لە پەراوێزەکاندا هاتوون:

### 1- سەرچاوەو گەشەی دیموکراسی

*1 Adcock, F.E  Roman Political Ideas and Practice. Ann Arbor:*



تایبەتە بە پێگەی پەرتووک www.pertwk.com

www.pertwk.com

University of Michigan Press 1950.
Agard, Walter R.What Democracy Meant to the Greeks. Madison: University of Wisconsin Press, 1965.
Hansen, Mogens Herman.The Athenian democracy in the Age of Demosthenes: Structure, Principles, and Ideology. Translated By J.A. Cook. Oxford: Blackwell,1991.
Huntington, Samuel P. The Third Wave: Democratization in the Late Twentieth Century. Norman: University of Oklahoma Press, 1991.
Jones, A H. M. Athenian Democracy. Oxford: Blackwell, 1957.
Taylor, Lily R.Roman Voting Assemblies from the Hannibalic war to the Dictatorship of Caesar. Ann Arbor: University of Michigan Press, 1966.
Vanhanen, Tatu.The Process of Democratization: A Comparative Study of 147. States, 1980-88.New York: Crane Russak, 1990.

### 2-ئاما نجەکان, ئارەزوو باشیەکانی دیموکراسی

Barber, Benjamin R.Strong Democracy.Participatory Politics for a New Age.Berkeley: University of California Press,1984.
Bobbio, Norberto. The future of Democracy: A Defence of the Rules of the Game.
Translated by Roger Griffin. Edited and introduced by Richard Bellamy.
Cambridge: Polity press, 1987.Originally published as ll futuro Della democrazia. Turin Giulio Editore, 1984.
Christophersen, Jens A. the Meaning of "Democracy" as Used in European Ideologies from the French to the Russian Revolution. Oslo: Universitetsforlaget, 1968.
Fishkin, James.Democracy and Deliberation: New Directions for Democratic Reform. New Haven and London: Yale University press, 1991.
Gutmann, Amy. Liberal Equality.Cambridge: Cambridge University press, 1980.



Held, David.Models of Democracy, 2d ed. Stanford: Stanford University press,1996.
Mansbridge, Jane J.Beyond Adversarial Democracy. New York: Basic Books,1980.
Mill, John.Stuart.Considerations on Representative Government.{1861}New york: Liberal Arts press,1958.
Pateman, Carole. Participation and Democratic Theory. Cambridge: Cambridge University Press, 1970.
Rousseau, Jean.Jacques.Du Contrat Social, ou Principes de droit Politique. {1762}
Paris Editions Garnier Freres, 1962.
__On the Social Contract, with Geneva Manuscript and Political Economy.
Edited by Roger D. Masters and translated by Judith R.Masters. New York: St. Martin's press, 1978.
Sartori, Giovanni. The Theory of Democracy Revisited.Chatham, N.J: Chatham House, 1987.
Sen, Amartya. "Freedoms and Needs." New Republic,January 10and 17, 1994,31-38.
Shapiro, Ian.Democracy's Placc.Ithaca: Cornell University press, 1996.
__ Democratic Justice. New Haven and London: Yale University presses, forthcoming.

### 3-بوونی دیموکراسی : دامەزراوەو کردەوەکان

3- Diamond.Larry, et al., eds Consolidating the Third Wave Democracies. Baltimore: Johns Hopkins University press, 1997.
Klingemann, Hans-Dieter, Richard I.Hofferbert, and Ian, et al.parties,
Policies and Democracy.Boulder: Westview Press, 1994.
Lijphart, Arend. Democracies: Patterns of Majoritarian and Conesnsus
Government in Twenty-one Countries. New Haven and London: Yale University Press.1984.



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

*Lindblom, Charles E. Democracy and Market System. Oslo: Norwegian University press, 1988.*
*__The Intelligence of Democracy: Decision-Making Through Mutual Adjustment. New York: Free press,1965.*
*__Politics and Markets: The World's Political Economic Systems. New York: Basic Books, 1977.*
*Linz, Juan J., and Alfred Stepan. Problems of Democratic Transition and Consolidation: Southern Europe, South America, and Post –Communist Europe.*
*Baltimore: Johns Hopkins University press,1996.*
*Polanyi, Karl. The Great Transformation. New York: Farrar and Rinehart, 1944.*
*Przeworski, Adam. Democracy and the Market: Political and Economic Reforms in Eastern Europe and Latin America. Cambridge: Cambridge University press, 1991.*
*Putnam, Robert D. Making Democracy Work: Civic Traditions in Modern Italy. Princeton: Princeton University press, 1993.*
*Sen, Amartya. Inequality Reexamined. New York: Russell Sage Foundation, and Cambridge: Harvard University press, 1992.*
*Walzer, Michael. On Toleration. New Haven and London: Yale University press, 1997.*

### 5-ململانێ و روانگەکان

*Budge, Ian.The New Challenge of Direct Democracy. Cambridge: Polity press, 1996.*
*Burnheim, John. Is Democracy Possible? The Alternative to Electoral Politics. Berkeley: University of California press, 1985.*
*Fishkin, James S. the Voice of the People: Public Opinion and Democracy. New Haven: Yale University press, 1997.*
*Gutmann, Amy. Democratic Education. Princeton: Princeton University press, 1987.*
*Hirst, Paul. Associative Democracy: New Forms of Social and Economic Governance. Cambridge: Polity Press,1994.*
*Schweickart, David.Capitalism or worker Control? Ethical and*
*__Democracy in Plural Societies: A Comparative Exploration. New Haven and London: Yale University Press, 1977.*
*Lijphart, Arend, ed. Parliamentary versus Presidential Government. Oxford: Oxford University Press, 1992.*
*Linz, Juan J., and Arturo Valenzuela, Eds. The Failure of Presidential Democracy.*
*Baltimore: Johns Hopkins University Press, 1994.*
*Rae, Douglas W. The political Consecuences of Electoral Laws. New Haven: Yale University Press, 1967.*
*Sartori, Giovanni.Comparative Costitutional Engineering: An Inquirty into Structures,Incentives,and Outcomes.London :Macmillan,1994.*
*Shugart, Matthew Soberg, and John M.Carey.Presidents and Assemblies: Constitutional Design and Electoral Dynamics .New York: Cambridge University Press, 1992.*
*Ware, Alan.Citizens, parties, and the state: A Reappraisal.Princeton: University Press, 1988.*

### 4-هەلومەرجی لەبارو نالەبار

*Archibugi, Daniele, and David Held, Eds. Cosmopolitan Democracy: An Agenda for a New World Order. Cambridge: Polity Press, 1995.*
*Gutmann, Amy, and Dennis Thompson. Democracy and Disagreement.*
*Cambridge: Belknap press of Harvard University press, 1996.*
*HAYEK, FRIEDRICH A .VON. THE ROAD TO SERFDOM. CHICAGO: UNIVERSITY OF CHICAGO PRESS, 1976.*
*Held, David, ed. prospects for Democracy, North, South, East, West. Stanford: Stanford University press, 1993.*
*Inglehart, Ronald. Culture Shift in Advanced Industrial Society. Princeton: Princeton University press, 1990.*
*__ Modernization and Postmodernization Cultural, Economic, and Political Change in Forty-three Societies. Princeton: Princeton University press, 1997.*

www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک

www.pertwk.com

*Economic Apprasial. New York: Praeger, 1980.*

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان

| ژ | ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شائیسماعیلی یەکەم و جەنگی چاڵدێران | فارسی | هاشم حیجازی فەڕ | مێژوویی | 1999 | کەمال رەشید |
| 2 | رێکخراوە نێو دەوڵەتی و هەرێمییەکان | عەرەبی | ئەحمەد موسەوی | سیاسی | 1998 | عەلی قادر عوبێد |
| 3 | بنەماکانی داڕشتن لە میدیاکاندا | فارسی | ئومێد مەسعودی | راگەیاندن | 1999 | مەجید ساڵح |
| 4 | *A Brief History of Kordistan* | کوردی | فوئاد تاهیر سادق | مێژوو | 2002 | فوئاد تاهیر سادق |
| 5 | کاریگەری نەست | عەرەبی | د.عەلی وەردی | دەروونناسی | 1995 | سەمەد زەنگەنە |
| 6 | دیموکراسی | فارسی | ئانتونی ئاربلاستەر | دیموکراسی | 2000 | رێباز مستەفا |
| 7 | شمشێری دیمەلکیس | عەرەبی | نازم حیکمەت | شانۆنامە | 1974 | عەزیز گەردی |
| 8 | بەڵگەنامەکانی ئینگلیز | ئینگلیزی | ئا/بلال ن.شمشیر | سیاسی | 1991 | سەلمان عەلی |
| 9 | چۆن لەگەڵ منداڵەکەمدا رەفتار بکەم؟ | فارسی | د.گاربر | پەروەردەیی | 2000 | شەیدا سەلاح |
| 10 | شەترەنج | ئەڵمانی | ستیڤان سڤایك | نۆڤلیت | 2000 | عەبدولموئمین دەشتی |
| 11 | سەرمایەداریی هاوبەشی | عەرەبی | ئالان مینك | سیاسی/ ئابووری | 2001 | دلێر میرزا |
| 12 | جیهانێکی لێکترازاو | عەرەبی | ئەنتۆنی گیدنز | سیاسی | 2000 | عەبدوڵلا قەرەداغی |
| 13 | ناسنامە بکوژەکان | عەرەبی | ئەمین مەعلوف | سیاسی | 1999 | کەژاڵ ئەحمەد |
| 14 | جريمة العراق في الابادة الجماعية | الانجليزية | منظمة حقوق الانسان | وثائقي | 2001 | جمال میرزا عزیز |
| 15 | دیموکراسی چییە | فارسي | دیڤید بیتهام | سیاسي | 2000 | شۆڕش جوانڕۆیی |



www.pertwk.com تایبەتە بە پێگەی پەرتووک